**خاوەنی ئیمتیاز**
**د. دڵشاد عەبدولڕەحمان محەمەد**

**سەرنووسەر**
**ئەحمەد محەمەد قەرەنی**

**ناونیشان**
هەولێر ـ وەزارەتی پەروەردە
تەلەفۆن:
سەرنووسەر : 2230135
بەدالە: 2233084
2233085
فاکس: 2230471
ئیمێل:
**moe@web-sat.com**

# پەروەردە و فێرکردن

**گۆڤارێکی پەروەردەیی وەرزییە وەزارەتی پەروەردەی**
**حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات**
**ژمارە**( 2 ) **ساڵی** 2008

## تێبینی بۆ نووسەرانی بەڕێز ....

ئـەو تۆژینـەوەو لێکۆڵینەوانـەی ڕەوانـەی ئەم گۆڤارە دەکرێن پێویستە ئـەم خاڵانـەیان ڕەچاو کرابێت:

- بە خەتێکی جوان و شاش لەسەر ڕووی یەك لاپـەڕە نووسـرابێت، ئەگـەر کۆمپیووتـەر کرابێت پێویستە (سیدی) لەگەڵ بێت.
- ئەگەر وەرگێڕان بێت پێویستە دەقی بابەتە ئەسـڵییەکەی لەگـەڵ بێـت و ئامـاژە بـە سەرچاوە کرابێت.
- ڕێنووسـی کـوردی تێـدا ڕەچـاو کرابێـت ئەگینـە گۆڤارەکـە ڕێنووسـەکەی یـەك دەخات.
- نـاوو ناونیـشانی تـەواوی نووسـەری لەسـەر نووسرابێت.

**پەروەردە و فێرکردن**

# لــەم ژمــارەیـــەدا

* لە وانەوتنەوەی زمان ............................................ و: هەوران عەبدوڵلا سەعید 5
* ڕێبەر لە سستمی دیموکـراتیدا ........................................ هۆمەر قەرەداغی 11
* ڕۆڵی کتێب و کتێبخانــەکان ..................................ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی ژێرو 20
* ئامرازی پێوەندی (ــە ) لە چەند ئاڵۆزییەکی ڕێزمانیـــدا .................د. شێرکۆ بابان 35
* خۆفێرکردن ....................................................... و: پەروەردەو فێرکردن 45
* ئەرك و مافەکانی مامۆستا ................................. و: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی 53
* شانۆی منداڵان ( ماڵی هاوبەش ) ..................................... و: شاهین نەجمەدین 71
* پێداچوونەوەیەك بە پرۆسەی دامەزراندنی ................ ئا: بورهان عەبدوڵلا ئەرگوشی 81
* پرۆسەی پێوانە و هەڵسەنگاندنــی ..............................ئا: ئازاد عەزیز سلێمان 118
* وانەوتنەوەی سەرکەوتــوو ........................... و: د.هیمداد عەبدولقەهار محەمەد 129
* جیهانگیری و پەروەردە ............................................ و: پەروەردەو فێرکردن 133
* کاریگەری سرکەی سێـو ................................. ئەسکەندەر مستەفا عبدولڕەحمان 146
* ڕابەرێ هاریکار بۆ مامۆستایێن زمانێ ئینگلیـزی ....................... ئا: ڕەشید تەیب 157
* شێواز و ڕێگەکانی وانەگوتنەوە ..................................... و: پەروەردە و فێرکردن 168
* کارامەیی لە بیرکردنــەوەدا ....................................... و: پەروەردەو فێرکردن 176
* دووبارە بنیاتنانەوەی سستمی پەروەردەیی............................... ن: والتەر ئیگنەر 180
* تاقیکردنەوەی باش .................................... ن: ئەحمەد محەمەد بنولحوسێن 183
* گەڕان بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانە ................................ و: پەروەردەو فێرکردن 191
* پرۆسەی فێرکردنی نائاسایی...........................................وشیار حەمەد حاجی 196
* بنەماو ڕێنمایی تایبەت بەتاقیکردنەوەکان ............................. ئا: ئەزموونەکان 203

ئەو بەرهەمانەی کە لەم ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە ، وەزارەت لێیان بەرپرسیار نییە

# وتەی ژمارە....

ڕیزبەندی بابەتەکانی ئـەم ژمارەیـەی گۆڤارەکـەتان (پـەروەردە و فێرکـردن) لـە چـوار تەوەردا کۆکراونەتەوە:

تەوەری یەکەم، پرۆسە نوێیەکانی فێربوون و فێرکردنن کە لایـەنی تیـۆری و کارامـەیی پراکتیزەکردنی ئەزموونی گـەلانی دیکـەن و، وەکـو سەرچـاوە ئامـادەکراون و خراونەتـە بەردەستی خوێنەران، کە لەدوای سەرنجدان و لێ وردبوونەوەی جدییـەوە، هەسـت بـەوە دەکرێـت کـە زۆربـەی ئـەو ئەزموونانـە لەگـەڵ گۆڕانکارییـە تازەکـانی سـستمی پەروەردەییمان یەك دەگرنەوەو لەگەڵێك شوێنیشدا ئاوێتەی یەك مەبەست دەبن.

تـەوەری دووەمـیش، چـەند بابـەتێك لـەبارەی هەڵـسەنگاندنی ئـەو هـەنگاوە پەروەردەییانـەن، کـە لـەقۆناغی ئەزموونگەریـدا تێدەپـەڕن و لەلایـەن پـسپۆڕانی پەروەردەییـەوە ئامـادەکراون و، بەڕاشـکاوی پەنجـە دەخەنـە سـەر خاڵـە لاوازەکـان و ڕێگەچـارەی گونجاویـشیان بـۆ دەستنیـشان دەکـەن، هـەروەها خاڵـە بـەهێزەکانیش دەخەنە بەر پێوەری پێداچوونەوە، لەپێناوی چاکسازی و بـرەودان بـەرەو باشـترکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەهەرێمدا.

لەتـەوەری سێیەمیـشدا، بەشـێك لـە ڕێنماییـە تـازە پەسـەندکراوەکانی وەزارەتـی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی 2008ـ2009 بڵاوکراونەتەوە، بۆئەوەی هـەموو ئەوانـەی پێوەنـدییان بـە پرۆسـەی پـەروەردەو فێرکردنـەوە هەیـە لەنزیکـەوە ئاگـەداری گۆڕانکارییـەکان و بەرنامەڕێـژی نـوێی وەزارەتـی پـەروەردە بـبن و، لەجێبـەجێکردنی ئەرکەکانیانـدا پـشت بـە لێکدانەوەیـەکی زانـستی ببەسـتن، کـە جگـە لەخوێندنـەوەو تێگەیـشتنی خـاڵ و چـاپتەر و بەنـدەکان، دەرفـەتی دیراسـەتکردنی پێوەندییـەکانی نێوانیشیان بۆ بڕەخسێت، بۆ ئەوەی وەکو حاڵـەتێکی زینـدووی گشتگیر مامەڵـە لەگـەڵ وردەکارییەکانی سستمە تازەکەدا بکرێت.

تـەوەری چـوارەمیش، جـەخت لەسـەر تێکـست دەکـات، تێکـستی پـەروەردەیی، کـە دەکرێت ببێتە تەواوکاری پرۆگرامەکان و لەچەندین قۆناغی خوێندندا سوود بـە مامۆسـتا

بــەڕێزەکان و قوتــابی و خوێنــدکارە ئازیزەکــان بگەیــەنێت. مەبەســتی ســەرەکیش لەبڵاوکردنــەوەی تێکستە پەروەردەییــەکان ئەوەیــە کــە ســەکۆیەکی ئــازاد دابمــەزرێت و دەرگەی داهێنانیش بۆ هەموو بەهرەمەند و پسپۆرانی پــەروەردەیی هەمیــشە واڵابێــت و، بەڕادەی چەندێتی فرەوانبوونی ئاسۆیی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و پەل هاوێــشتنی لــق و پــۆپی ســەنتەرەکانی خوێنــدن، جــۆری هەڵبــژاردەو ئاســتی ئەســتوونی پلــە نایابــەکانیش هەڵکێشانێکی بەرچاو و دڵخۆشــکەر بــەرەو ئایندەیــەکی گــەش لــەبزافێکی بەردەوامدا بێت.

لەکۆتاییــدا داوا لەمامۆســتا و پــسپۆرە پەروەردەییــەکان و هــەموو ئەوانــەی خــۆ بەخــەمخۆری ئــەم لایەنــە مــەعریفی و پەروەردەییــەوە دەزانــن، بەشــداری لــەژمارەکانی داهاتوودا بکەن و ئەو تەوەرانەی سەرەوە بە بابەتــە بــەپێزەکانیان دەوڵەمــەنتر بکــەن و هەوڵ بۆ دۆزینەوەی بنەما زانستییەکانی تەوەری نوێتر بدەن.

**سەرنووسەر**

# لە وانەوتنەوەی زمان، ئایا کامەیان گرنگترە: زمان یان شێوازی وتنەوە؟

**نووسینی: پێنی یور**
**و:لە ئینگلیزییەوە( هەوران عەبدوڵڵا سەعید )**((*))

زمانەوانی، بەزمانەوانی کارەکەیشەوە، بەسەرچاوەیەکی ئەکادیمی بابەتی لێکۆڵینەوەی وتنەوەی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی بێگانە دادەنرێت. زمانەوانی تەنیا لە بابەتەکانی وتنەوەی وانەی زمان ناکۆڵێتەوە کە بریتین لە گۆکردن, ڕێزمان, واتاسازی و پێکهاتەی ئاخاوتن و چەندین بابەتی تریش، بەڵکو لە بابەتەکانی چۆنیەتی فێربوون و بەکارهێنانی زمانیش. لەلایەکی دیکەوە، پێداگۆگی(Pedagogy) واتە (زانستی چۆنیەتی وانەوتنەوە) باس لە سروشتی وانەوتنەوەی کاریگەر لە هۆڵی خوێندندا دەکات (نەك تەنیا ئینگلیزی وەك زمانێکی بیانی): بۆنموونە چ جۆرە شتێك منداڵان درکی پێ دەکەن، تێیدەگەن, باشتر بە بیریان دێتەوە و لە چ بارودۆخێکدا. هەروەها ئاخۆ مامۆستایان دەتوانن چی بکەن بۆ زیاتر هاندانی فێربوون بۆ هەڵسوراندن و کۆنترۆڵکردنی

هۆبەكان، پێوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا و چەندان شتی تریش.

هەروەك ڕوون و ئاشكرایە هەردوو بواری لێكۆڵینەوە لە زمان (زمانەوانی) و چۆنیەتی وانەوتنەوە (پێداگۆگی) گرنگن بۆ مامۆستای ئینگلیزی وەك زمانێكی بیانی.
بەڵام ئەگەر هەردووكیان گرنگن بۆچی ئێمە پێویست دەكات خۆمان بەم پرسیارەوە سەرقاڵ بكەین كە ئایا كامەیان گرنگترە؟
پێموایە وەڵامەكە ئەوەیە كە لە كردەی پرۆفێشناڵیدا زۆرجاران ناسازییەكی ئاشكرا لە نێوان ئەم دووەدا هەیە كە بە ئاسانی چارەسەرناكرێت و ئەمەش فشار دەخاتە سەر مامۆستاكە بۆ ئەوەی بڕیار بدات ئاخۆ كامەیان گرنگترە ، جا مامۆستاكە هەستی پێ بكات یان نا.

بۆنموونە وا دابنێ من پرۆگرامی خوێندنی ساڵی یەكەم بۆ فێرخوازانی تەمەن دە ساڵان دادەنێم، كە دەیانەوێ فێری زمانی ئینگلیزی بن. لێكۆڵینەوەكانی تایبەت بە (زۆری بەكارهێنان و دووبارەبوونەوە (frequency) ئاماژە بەوە دەكەن كە وشەی وەكو(تیمساحcrocodile , فیل elephant و پەپوولەbutterfly) زۆر كەمتر بەكاردێن لە وشەكانی وەكو (مەكینە machine, ویل wheelو جێ یان كورسی seat).

ئەگەر ئێمە پرۆگرامەكەمان بەگوێرەی لێكۆڵینەوەی زمانەوانی دابڕێژین ئەوە ئێمە بەشێوەیەكی سروشتی بە باشی دەزانین لە دەستپێكدا پتر وشە باوەكان بلێینەوە، بەڵام وشەی وەكو تیمساح و هی دیكەیش سەرنجی منداڵان ڕادەكێشن ئەمەش بەهۆی ماناكەیانەوە، چونكە ئەم وشانە بۆ گوتن خۆشن و ئاسان دێنە سەرزار (لەبەرئەوە هەوڵ دەدەن بیڵێن) هەروەها یەكێك لە بنەماكانی كردەی فێركاریی بەهێز ئەوەیە كە هەردەم منداڵان ئەو وشانەی لایان

سەرنجراکێشە زووتر فێری دەبن. وەکو مامۆستایەك بایەخ بەمە دەدەم، کە قوتابییەکانم هەست بەخۆشی دەکەن و خێرا وشەی نوێ فێردەبن بەمەش دەتوانن زۆر سوود لەم وشانە وەربگرن و بۆ دەربرینی شتەکان بەکاریان بهێنن بۆیە من ئەو وشانەی کەمتر باون دەیانخەمە سەرووی لیستی کارکردنمەوە.

ئەمجارەیان نموونەیەکی دیکە لەسەر میتۆدۆلۆژی دەهێنینەوە، هەندێك بەڵگەی تا ڕادەیەك بەهێز هەن ئەوە دەردەخەن کە ئەو منداڵانەی فێری زمانێکی دیکە دەبن لە بارودۆخێکی ئاسایی زۆر بیرکردنەوەدان بەر لەوەی قسە بکەن بە (ماوەی بێ دەنگی silent period) درێژ تێپەڕ دەبن. بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە لە هۆڵی خوێندندا پێویستە ئەم مامۆستایە بەلایەنی کەمەوە هەفتەکانی سەرەتایی تەرخان بکات بۆ قسەکردن لەگەڵ خۆیدا یان پێویست ناکات چاوەڕوانی کاردانەوە بکات لە قوتابییەکان کە قسە بکەن. بەڵام وانەوتنەوە لە پۆل و فێربوون لە بارودۆخی ئاساییدا دوو شتی تەواو جیاوازن. ئێمە هەفتەی چوار وانەمان هەیە لەبری ئەوەی فێرخواز گشت کاتەکەی بۆ ئەم کارە تەرخان بکات هەروەها ناتوانین پێشبینی بکەین کە پرۆسەکە بەسروشتی خۆی بڕوات، بەڵکو پێویستە شتەکان خێراتر بکەین، ئەمەش بەوەی وا لە فێرخواز بکەین چەندی بتوانێت زووتر قسە بکات. هەروەها کردەی چالاك و کاریگەرانەی فێرخوازان وامان لێ دەکات کاردانەوەی باشمان هەبێت بەرانبەر بەم کارەیان کە ئەمەش پرۆسەی فێربوون بەهێزتر دەکات و پتر ئاستی پاڵنەر و هاندەر بەرزدەکاتەوە، کە ئەمە دیسان تایبەتە بە بنەماکانی چۆنیەتی وانەوتنەوە.

لەم نموونانەدا تاڕادەیەك ڕوونم کردەوە کە من چۆنیەتی وانەوتنەوە بە گرنگتر دەزانم، بەڵام بۆچی ؟ لێرەدا سێیەم نموونە دەخەمە ڕوو بەڵام ئەم جارەیان دژ بە بۆچوونەکەی خۆمە. هەم

دیسان لێکۆڵینەوەکان لەبارەی زۆر بەکارهێنان و دووبارە بوونەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە دەمی ڕانەبوردووی بەردەوام لە زمانی ئینگلیزیدا کەمتر دەردەکەوێت بە بەراورد لەگەڵ ڕانەبوردووی سادەدا (دەتوانی خۆت ئەمە تاقی بکەیتەوە ئەویش بە وەرگرتنی چەند دەقێکی نووسراوو ئاخاوتن بەشێوەیەکی ڕەمەکی ئینجا بیانژمێرە بزانە چەند کەمتر کاتی ڕانەبوردووی بەردەوام هەیە).

بەڵام ڕانەبوردووی بەردەوام زۆر زووتر فێری دەبێت، پێکهاتەکەی پێویستی بەهەردوو فرمانی یاریدەدەری "do/does" نییە لە هەردوو شێوەی پرسیارو نەرێدا هەروەها ماناکەشی لە ناو پۆلدا بە ئاسانی دەردەکەوێ و زۆر بۆ ڕوونکردنەوە لە ڕێگەی هێما و ئیماژی جەستەیی لە ناو پۆل و ڕاهێنانی وێنەییدا گونجاوە.

بەم پێیە وا دەردەکەوێت کە وتنەوەی ڕانەبوردووی بەردەوام یەکەم جار بوترێتەوە باشترە و کاتێکی پتری پێ ببەخشرێت بەڵام دەبێ ئەم کارە ئەنجام نەدەین و بەرگەی ئەمە بگرین.

بەواتایەکی دیکە، کاتێك بڕیار دەدەم چی بڵێمەوە و چۆن پەیامەکە بگەیەنم و تێیان بگەیەنم ئەوە پێویستە ڕەچاوی هەردوو بواری زمانەوانی و پێداگۆگی بکەم واتە پێویستە لە هەردوو لایەن بکۆڵمەوە پاشان بڕیار بدەم کامەیان گرنگترە یان چۆن بەیەکیان ببەستمەوە و چۆن پێوەندییەك لە نێوانیاندا دروست بکەم. لەکاتی بڕیارداندا پێویستە گشت ئەو زانیارییانەی وتنەوەی ئینگلیزی وەك زمانێکی بیانی لە میانەی کۆرس، ئەزموون، خوێندنەوە، گفتوگۆ و زۆر بیرکردنەوەدا دەست کەوتوون بەکاریان بهێنم.

ئەو مامۆستایانەی لە کۆرسەکانی وتنەوەی ئینگلیزی وەك زمانێکی بیانی یان زمانەوانی پرەکتیکی وانە دەڵێنەوە وەك خۆئامادەکردنێك بۆ ئەم کارە لەوانەیە زۆر جاران هەست بەوە بکەن کە ئەوان تاوەکو ئێستا وا فێربوونە کە تەواو پشت بە زمانەوانی ببەستن وەك بناغەیەك بۆ

وانەوتنەوە. زۆربەی کۆرسە تیۆرییەکانیان و خوێندنەوەیان لەسەر بابەتی زمانەوانی بووە بەڕادەیەکی کەمیش لەسەر چۆنیەتی وانەوتنەوەیە.

ئەو بەشەی کە لەکۆرسەکە بۆ ئەزموونی وانەوتنەوە تەرخانکراوە پێویستە بە پێداگۆگی ببەسترێتەوە بەڵام لە ئاستێکی تەواو پراکتیکیدا: تەکنیکەکانی ناو پۆل و چۆنیەتی وتنەوە. ئەمە بۆئەوەی بەشداربووانی کۆرسەکان زانیارییەکی زۆر لەسەر زمانەوانی تیۆری وەربگرن, بەڵام بیرۆکەی کەم سەبارەت بە چۆنیەتی تێکهەڵکێشکردنی لەگەڵ چۆنیەتی وانەوتنەوە لەناو پۆلدا بەشێوەیەکی کرداری. بۆنموونە لەوانەیە زانیارییەکی تەواویان لەبارەی فۆنۆلۆژی لە زمانی ئینگلیزیدا هەبێت بەڵام هیچ بیرۆکەیەکیان لەبارەی چۆنیەتی وتنەوەی گۆکردن نییە.

لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە خەڵکانێك بیرۆکەی باشیان لەسەر چۆنیەتی وانەوتنەوە هەبێت بەڵام شارەزاییەکی کەمیان لەسەر بنەماکانی چۆنیەتی وانەوتنەوە هەیە یان چۆن زمانەوانی بتوانرێ زۆرترین سوودی لێ وەربگیرێ. بۆنموونە, لەوانەیە وا فێرکرابن کە سستەمی بەگرووپ کارکردن زۆر باشە کەچی لەوانەیە نەزانێت چۆن ئەو هەڵویست و شوێنانە لێك جیابکاتەوە کە تێیدا بە گرووپ کارکردن سوودبەخش دەبێت لەگەڵ ئەو هەڵوێست و بارودۆخانەی کە سوود ناگەیەنن. یان ڕەنگە هەر زانیاری لەبارەی ڕۆڵی بە گرووپ کارکردن یان بەجووت کارکردن لە ستراتیژی گەشەسەندنی کردەی پێوەندی کردندا نەبێت.

وەك زۆرجار لەپۆلدا دەبینین مامۆستایانی مەشق پێکراوی ئینگلیزی وەك زمانێکی بیانی لەسەرەتادا، سەرەڕای زەحمەتی، بەڵام هەوڵ دەدەن هەندێك لەو زانیارییانەی زمانەوانی پراکتیکی کارەکی جێبەجێ بکەن کە بە هۆی لێکۆڵینەوە دەستکەوتوون کەچی هەرزوو وازی لێدەهێنن و دەست

بەجێبەجێکردنی ئەو تەکنیکانەی وانەوتنەوە دەکەن لە ڕێگەی بینینی خودی و پراکتیزەکردنی ڕاستەقینەوە بەدەستیان هێناوە. بەم شێوەیە وانەوتنەوە بەڕادەیەکی زۆر شتێکی بێ بنەما و هەڵ قۆستنەوەیە (ئەو شێوازە کاریگەرە بۆیە بەکاری دەهێنم هیچ پێوەندیم بە شتە تیۆرییەکانەوە نییە), ئەمە بەداخەوە زۆر جاران لە ئەدەبیاتی ئەم بابەتەدا ڕەنگی داوەتەوە.

لەلایەکەوە تۆ ئەو وتارانەی ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەبەخشن بە بێ هیچ بەڵگەیەکی ماقووڵ کە لەگەڵیاندا بگونجێت, لەلایەکی دیکەوە وەسفی ئەو توێژینەوانەی تاڕادەیەك یان بەتەواوی دەوەستنە سەر لێکۆڵینەوەی تیۆری لەگەڵ تەنیا بوونی پێوەندی ئێجگار نادیار لەگەڵ کاری پرۆفێشناڵدا.

## کەواتە مەبەستم چییە؟

یەکەم شت خۆزگە دەخوازم لە کۆرسەکانی ڕاهێناندا کاتی پتر تەرخان بکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بنەماکانی چۆنیەتی وانەوتنەوە بەشێوەیەکی

باش, ئێمە پێویستیمان بە کۆرسی پتر هەیە لە بارەی بابەتەکانی وەکو کەشوهەوا و هاندانی ناو پۆل, نەخشەی وانەکان, نەخشەی چالاکییەکان و هەڵسووڕاندنی پۆل, هەروەها زیانبەخش نییە ئەگەر زانیاری و بیرۆکەکانی وانەوتنەوەی بابەتەکانی تر وەکو زانست, مێژوو, هونەر وەربگرین.

دووەم خۆزگە دەخوازم تێکهەڵکێشی پتر هەبوایە لەنێوان تیۆری و کرداریی. کارە تیۆرییەکانی کۆرس کاریگەری خۆی لە پرۆسەی فێربوونی بنەماکانی هەردوو بواری چۆنیەتی وانەوتنەوە و زمانەوانی هەیە, بەڵام ئەم بنەمایانە لەکردەی مرۆڤ سەرچاوە دەگرن، بۆیە بە دڵنیاییەوە هەر دەبێت بەم شێوەیە فێری بن. بنەماکانی پێوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا یان کارلێککردن لە ناو پۆلدا بۆ نموونە ئەمانە خۆیان لەکاتی تێکەڵاوبوون لەناو پۆلدا دەردەکەون و پێویستە ئەمانە بە شێوەیەکی سەرەکی فێربن، ئەمەش لە ڕێگەی بیرلێ کردنەوەی قووڵ و شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە چۆنیەتی کارلێککردنی مەشق پێکراوان لەگەڵ قوتابییان لەکاتی فێرکردنیان و

وانەوتنەوەدا, ئەم سەرنج و تێبینییانە بەدڵنیاییەوە دەوڵەمەنتر دەکرێن لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی لە پەرتووك و وانەکان دەست دەکەون. نموونەیەکی ئاشکراو بە بەڵگە لەسەر ئەمە ئەوەیە وانەوتنەوەی کرداری دەبێتە بەشێکی گرنگ و سەرەکی لە کۆرسی میتۆدۆلۆژی نەك بەشێکی سەربەخۆ.

سێیەم شت خۆزگە دەخوازم تێك هەڵکێشی پتر لە نێوان زمانەوانی و زانستی وانەوتنەوە واتە پێداگۆگیٚ هەبوایە. کۆرسێکی میتۆدۆلۆژی پێویستە زانیاری پیشەگەرانە بگرێتەخۆ لەبارەی چۆنیەتی کارکردن بە پشت بەستن بە زانیاری لەسەر هەردوو لایەنی زمانەوانی و زانستی چۆنیەتی وانەوتنەوە. کۆرسی لەم جۆرە لەوانەیە زۆر پێویستە ڕێك بخرێت.

مەبەستی سەرەکی لە کۆرسی لەم جۆرە ئەوەیە وا لە مەشق پێکراوان بکات بە تەواوی لە کردەی وتنەوەی زمان تێبگەن کە ئەمەش وایان لێدەکات بتوانن بە دڵنیاییەوە بەهۆی زانیارییەکانیان و بە ئاگاییەوە ئەو بنەمایانە هەڵبژێرن کە کێشە و ناکۆکییان لەسەرە.

((*))ئەندامی ناوەندی لاس بۆ کاروباری زمان و وەرگێڕان - هەولێر

- ئەم بابەتە لە ئینتەرنێتەوە لەم سایتە وەرگیراوە:

www.tttjournal.co.uk
The Teacher Trainer

# ڕێبەر لە سستمی دیموکراتیدا

**هۆمەر قەرەداغی***

## پێشخان

پرسی پاشەڕۆژی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگترو ئاڵۆزتر دەبێت. لەلایەك ویست و ئارەزووی خەڵکی کوردستان و لەلایەك هێزی دژایەتی دوژمنانی سەربەخۆیی خاکەکەی وەك دوو هێزی دژ بە یەك بەرانبەر یەك وەستاون.

لەم بارە ئاڵۆزو چارەنووسسازەدا، ڕێبەرانی کوردستان ڕۆڵی گەورەو یەکلاکەرەوەیان هەیە.

ئەم نووسینەم هەوڵێکە بۆ کردنەوەی دەرگەیەك لەسەر پرسی ڕێبەر بەشێوەیەکی گشتی، بەو هیوایەی کە دەیان دەرگەی تر لە سەر ئەم باسە گرنگە بکرێتەوە، چونکە بەداخەوە کتێبخانەی کوردی لەم بابەتەدا زۆر هەژارە.

## ڕێبەری دیموکرات گوێ لە بێدەنگیش دەگرێت

چارەنووس و دواڕۆژی هەر نەتەوەیەك بە تواناو دیدی ئەو ڕێبەرانەی کە بەرهەمیان دەهێنێت، بەندە. ڕێبەرو دەستەی ڕێبەرایەتی دەبنە داڕێژەری ستراتیژی دوور و نزیك, دانانی ئاسۆی ڕووناك و ئاوات و ئامانجی ڕۆشن. ڕێبەری دیموکرات لەسستمی دیموکراتیدا, لە هەر پلەیەکدا بێت, حکوومی, حزبی یان کەرتی تایبەت، دەبێت کۆمەڵێك خەسڵەت و توانای تایبەتی تێدا بێت کە بتوانێت بەڕێوەبەرایەتی حکوومەتەکەی، حزبەکەی یان کۆمپانیا تایبەتییەکەی پێبکات و لە لایەك کارەکانی ڕۆژانە بەڕێوە ببات و لەلایەکی دیکەوە تازەگەری و پێشکەوتن لە کارەکاندا بکات.

سەرکەوتن و ژێرکەوتنی ڕێبەر لە سستمی دیموکراتیدا, بەشێوەی بەڕێوەبەرایەتی بۆ کارەکان, پێوانە دەکرێت. هەموو ڕێبەرێك شێوازو خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە. زۆر

ڕێبەر بە توانایە لەوەی کە بتوانێت کار دابەش بکات بەسەر ئەوانەی کە لە نزیکەوە کار دەکەن و بەو شێوەش کاتەکەی خۆی بە کاردەهێنێت بۆ دانانی پلانی ستراتیژی تازەگەری و پێشکەوتن. ڕێبەری تر هەیە کە هەموو کارەکان لای خۆی دەهێڵێتەوەو کارێکی زۆری خۆی بە وردەکارییەکانییەوە بەسەر دەبات. بەو شێوەیەش وردەکاری جێگە بە کاری ستراتیژی لێژ دەکات.

لە هەمان کاتدا ئەگەر ڕێبەر هەر خەریکی کاری ستراتیژی و درێژ خایەن بێت, ئەوە لە وردەکارییەکان دوور دەکەوێتەوەو مرۆڤی ئاسایی نابینێت.

ڕێبەری سەرکەوتوو ئەو ڕێبەرەیە کە بتوانێت هاوسەنگی لەنێوان قوڵبوونەوە لە وردەکارییەکان و ئاسۆو ئامانجە دوورەکاندا دروست بکات.

بۆنموونە ڕێبەری قوتابخانەیەك دەبێت بزانێت ژمارەی پۆل و مامۆستاو قوتابییەکانی چەندە, دەبێت مامۆستاکان بناسێت و شارەزای لایەنەکانی توانا و لاوازییان بێت. بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت شارەزایی لەسەر سستمی دیموکراتی و پرنسیپە دیموکراتییەکان, کە کۆمەڵ بەڕێوە دەبات, هەبێت. دەبێت شارەزایی تەواوی لە بەها بنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتیدا هەبێت, لەوانە بەرز ڕاگرتنی بەهای مرۆڤ, سەربەستی تاکە کەس, یەکسانی ژن و پیاو، بەرابەری مرۆڤەکان و سۆلیدارێتی لە گەڵ ئەو قوتابییانەی پێویستیان بە یارمەتی هەیە. ئەو هاوسەنگییە دەبێتە هۆی بوونی دیدێکی هەمەلایەنەو سەرکەوتنی لەلایەك لە کاری ڕۆژانەو لەلایەك نوێخوازی و ڕیفۆرمدا.

ڕێبەری دیموکراتی هەموو کارەکانی لە ژێر دەستی خۆیدا ناهێڵێتەوە, بەڵکو دەبێت بڕوای بە سستمی دامودەزگەیی هەبێت. دەبێت باوەڕی وابێت کە دامودەزگەکان کاری خۆیان دەکەن و سستمەکە ڕێگە لە هەموو کارێکی لابەلا و گەندەڵی دەگرێت. ئەم بڕوایە لە سستمی پەرلەمانی

و دامودەزگەییدا هەیە, ئەگەر نا, ئەوە بە دامودەزگەیی كردنی سستمەكە یەكێكە لە كارە هەرە گرنگەكانی ڕێبەرو دەستەی ڕێبەرایەتی.

توانای بڕیاردان, سەربەخۆیی و سەركەوتوویی سەرۆك و ڕێبەر دەردەخات. بزربوونی پرس و ڕاكردن و نەبوونی گوێگرتن, لە پتەو بنەمای بڕیارەكە كەم دەكاتەوە. ڕێبەری باش گوێگرێكی باشە. توانای هەیە گوێ لە بێدەنگی بگرێت, وشە نەنووسراوەكان ببینێت, دێڕە نەنووسراوەكانی نێو دێڕە نووسراوەكان بخوێنێتەوە. پێش بڕیاردان گرنگە ڕێبەر گفتوگۆی هەمەلایەنە لەگەڵ دەوروبەریدا بكات و تەنیا گوێ لەوانە نەگرێت كە بەڵێ وتەنن. بەڵێ وتەنەكان زەرەرمەنترین گرووپن لەبەردەم بڕیاری هەمەلایەنەی ڕێبەردا. نموونەی ئەو ڕێبەرانە زۆرن كە تەنیا بەڵی وتەنییەكان لە دەوری خۆیان كۆدەكەنەوە. لەبەردەم سەدام حسەین و هیتلەرو ستالیندا تەنیا بەڵێ وتەنییەكان دەبینران و جێیان دەبووەوە. هەر ئەوانیش دەیان بڕیاری هەڵەیان دا كە زەرەرێكی ماڵ وێرانكەربوو بۆ وڵاتەكانیان. هەڵبژاردنی كەسی گونجاو بۆ جێگەی گونجاو ئەركی گەورەی ڕێبەری دیموكراتە.

كۆكردنەوەی هاوڕێ و ناسیاو لە دەوروبەری ڕێبەر كارەكان سست دەكات و نوێخوازی بوونی نامێنێت. توانای دەستپێشخەری و پێشكەوتن كەم دەبێتەوەو پێوەندی جێگەی پرۆفیشۆناڵ و بەتوانایی دەگرێتەوە.

چۆنیەتی چارەسەركرنی ململانێ و بیروبۆچوونی جیاواز لە ڕێكخراوێكدا تواناو هێزی ڕێبەر دەردەخات، ڕێگە نەدان بەبیرو بۆچوونی جیاوازی ڕێكخراوەكە لە دیموكراتییەت و شەفافییەت دوور دەخاتەوە, لە هەمان كاتدا ڕێگەدان بە گەورەبوونی ململانێ و پشت گوێ خستنی گیروگرفت, كێشەكان گەورەترو قووڵتر دەكاتەوە.

ڕێبەری دیموکرات دەبێت توانای چارەسەر کردن و دۆزینەوەی هاوسەنگی هەبێت. ترسان لە بەرەو ڕووبوونەوەی بۆچوونی جیاواز، یان چارەسەرکردنی بەبەکارهێنانی هێز, ڕێکخراوەکە، یان دەزگەکە سست و لاواز دەکات و هەموو نوێخوازی و پێشکەوتنێك دەکاتە قوربانی بێدەنگی و زاڵبوونی ترس لەناو تاکەکاندا.

ڕێبەر دەبێت توانای هەبێت و وزەو توانای نوێ بخاتە ناو شوێنی کارەکەیەوە. دەبێت تاکەکان هان بدات بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن بۆ ئامانجە سەرەکییەکان و هەموو کات ئاسۆ خواست بن. ئاسۆی ڕێبەر, ئاسۆی ڕێکخراوەکەیەتی. ڕوونی ئاسۆ لە ناو ڕێکخراوێکدا هەنگاوێکی گەورەیە بۆ دۆزینەوەی ستراتیژی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکان. لە قوتابخانەیەکدا گرنگە کە هەموو مامۆستاکان زانیارییان دەربارەی ئاسۆی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە هەبێت. لەڕێکخراوێکی سیاسیدا دەبێت ئەندامان شارەزایی ئامانجی دوورئاسۆی سەرۆك بن. لەتیپێکی تۆپتۆپێندا دەبێت یاریزانان بە وردی لە تاکتیکی داڕێژراوی ڕاهێنەر تێگەیشتبن, وتەکانی ڕاهێنەر ببێتە بزوێنەری هەموو تیپەکە. کەسایەتی ڕێبەرو قورسایی ڕێنماییەکان دەبێت هێڵێکی سوور بێت و بەهەموو ڕێکخراوەکەدا بچێتە خوارەوە. ئەو ڕێبەرەی کە خاوەنی کەسایەتییەکی لاوازە تەمەنی ڕێبەرایەتییەکەی لە سستمێکی دیموکراتیدا کورت دەبێت. کەسایەتی بەهێز لەبەکارهێنانی هێزو زەبرو زەنگەوە دوورە. بەپێچەوانەوە, بەکارهێنانی زەبرو زەنگ نیشانەی لاوازی کەسایەتییە، هەر بۆیە تۆتالیترین سەرۆك لەکاتی دەست بەسەرکردن و گرتن و شکستیدا لاوازو ترسنۆك و خۆپەرستن، دادگەیی کردنەکانی ئەنفال و دوجەیل

لاوازی و بێ هێزی ڕێبەرە تۆتالیتەرەکانی ئێراقی دەرخست. ئەو ڕێبەرانە بە درێژایی بەشداربوونیان لە بەڕێوەبردنی ئێراقدا هێزیان بە کاردەهێنا, ئەنجامەکەشی ولاتێکی کەلاوە ئاساو میللەتێکی برسی لێکەوتەوە.

## بڕیاردان

لە بڕیارداندا دەبێت ڕێبەر هەنگاوێك لە پێش ئەوانەوە بێت کە ڕێبەرایەتییان دەکات, بۆنموونە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك دەبێت بیرو بۆچوون و دیدی گشتبینی لە پێش مامۆستاکانی قوتابخانەکەیەوە بێت, ئەو پێویستییەکانی بڕیاردان ئاسان دەکات. ڕێبەر کاتێك ڕێبەرایەتی دەکات کە ئاوڕی دایەوە لە دوایەوە خەڵك هەبێت. لە ڕێبەرایەتی کردنیدا ئاوات و ئامانجی ڕوون و ئاشکرای هەبێت. لێڵی و نادیاری ئامانجەکان دوو دڵی و بێ باوەڕی دروست دەکات بەتایبەتی ئەگەر ڕێبەرایەتی ڕێکخراوێکی سیاسی بێت.

لەسەرخۆیی و هێمنی ڕێبەر لەکاتی ڕوودانی کارەساتی گەورەدا مەرجە بۆ بڕیاردانی بڕیاری ڕاست و چارەنووسساز. سەر لێشێواوی ڕێبەر لە کاتی هەڵکردنی گێژەڵووکەی ماڵ وێرانکەردا کارەساتی لێدەکەوێتەوە کە لەوانەیە چارەسەرکردنی لەپاشەڕۆژدا ئاست تەنگ بێت.

هەموو بڕیارێکی گرنگ دەبێت ڕێبەر پێش کات بیر لە لایەنی لاوازو لایەنی بەهێزی بکاتەوە. هیچ بڕیارێکی گرنگ نییە کە تەنیا لایەنی باشەی هەبێت. بەڵکو هەموو بڕیارێکی گەورە ئازاری لاوەکی لەگەڵ خۆی دەهێنێت, زۆر جار بڕیاری ڕاست لەئاییندەیەکی نزیکدا لایەنە گەشەکانی دەرناکەوێت، بەڵکو زیاتر گرفتە تەمەن کورتەکان دەبینرێت. خۆڕاگری بەڕیوەبەر, ڕێبەر یان سەرۆك لەو کاتانەدا مەرجی سەرکەوتنی بڕیارەکەیە.

هەموو بڕیارێك بەدواداچوونی گەرەکە. هەڵنەسەنگاندنی بڕیار لە کاتی خۆیدا یان بڕیاڕی خراپی بە دوادا دێت یان گشتبینی ون دەکات. بڕیاری ستراتیژی تەنیا لەلایەن سەرۆك, ڕێبەرو پێشەوای بیر فراوان و ئازاوە دەدرێت.مرۆڤی گەورە کار لەگەڵ پرسی گەورەدا دەکات, مرۆڤی بچووك بڕیاری ستراتیژی پێ نادرێت.

ڕوانین گەلی و گشت بینی مەرجی سەرەکی بۆ بڕیاردانی ستراتیژی ڕێبەری بە توانا هەمە لایەن بینە. بەبێ ئەو دیدە بڕیارەکان کاڵ و کرچ و ناتەواو دەبن. ئـامانجەکان دوور دەخەنەوەو ئاواتەکان کاڵ دەکەنەوە.

وردبینی و بیرکردنەوە خەسڵەتی گرنگی ڕێبەری باشن. بەڕێوەبەری کارگەیەك یان کۆمپانیایەك, بۆ ئەوەی بڕیارەکانی سوودبەخش بن ,دەبێت وردبین بێت, لەماوەیەکی کەمدا سوودو زیانی پرۆژەیەك ببینێت. ئەگەر نا، ئاساییە کە ڕاوەستان لە بیرکردنەوەو دڵەڕاوکێ لەبڕیارداندا لە شەمەندەفەری سوود بەخشـــی پرۆژەیەکی گەورەی بەجێ بهێڵێت.

ڕاوێژکردن بەدەستـــــەی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك, ڕێکـــخـــراوێك یـــــان کۆمەڵەیەك زامنی بڕیاردانێکی باش و جێبەجێ کردنێکی سەرکەوتووە.

هەموو بـــــڕیارێکی تاکەکەس و دیکتاتۆرییانە لە ئاییندەدا ئەنجامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە. ڕێبەری ئازاو وردبین خاوەنی توانایەکی گەورەی ڕاوێژ کردن و گوێگرتنە.

ڕاوێـــژکــــــــردن تا کاتی بڕیـــــاردان مەرجـــــن بۆ پەیداکردنی پشتیوان بۆ بڕیارەکان و ئاسانی جێبەجێ کردنیان. لەهەمان کاتدا, چەند ڕاوێژ کردن و گوێگرتن گرنگە، ئەوەندەش گرنگە کە کاتـــی بڕیـــاردان هـــات, ســـــەرۆك بەرپرسیـــارەتی وەربگـــرێت و ببێتە خاوەنی دەنگ و بڕیار.

وەستان و دڵەڕاوکێ کاتێکی بەنرخ لە دەست دەدات. ڕێبەری وردبین دەزانێت کەی کاتی ڕاوێژکـــردنــــەو کـــەی کاتـــی بڕیاردان. دۆزینەوەو بینینـــی کاتـــی گـــونجـــاو لە خـەسڵـــەتـــــە پێویستییەکـــانی ڕێبەری گەورەن. ڕوونکـــردنـــەوەو شیکـــردنەوەی بناغەی بڕیار لە ئەرکەکانـــی ڕێبـــەری دیموکـــراتە. ڕێبەری گەورە پێداگۆکێکی بەتوانایە.

خاوەنی بەهـــرەیەکی تایبەتە لە شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی بارودۆخی سوبێکتیڤی و ئۆبێکتیڤیـــــە. شیتەڵ کردنەوەی هێمنانەی هۆکارە خۆییەکان و دەرەکییەکان لە پێش بڕیارداندا, لە ڕێزی بڕیارەکـــــە

لەنــــاو دەستـــــەی بەڕێوەبەرایەتیدا زیاد دەکات.

## ڕێبەری بە توانا

بەشێوەیەکی گشتی ڕێبەر خاوەنی زانیـــــــاری پتـرە لەدەستـــــــــەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی.

بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك زانیارییەکی زۆری بۆ دێـــــت لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوە. شێوەی بە کارهێنانی ئەو زانیارییانە دڵفرەوانـــی یان بـەرچـــــاو تەسکی ئەو بەڕێوەبەرە دەردەخات، بەکارهێنان و شاردنەوەی زانیارییەکان وەك چەك بۆ ڕێبەرایەتی لە خەسڵەتی ڕێبەری گەورەدا نییە.

دڵفرەوانی و دابەشکردنی زانیاری لەناو دەستــــــــەی بەڕێوەبەرایەتی و مامـــــۆستایاندا بەرچــــــاو ڕوونـــــی مامۆستایان و گەورەیی بەڕێوەبەرەکە بەرهەمەکەیەتی. خۆبەزلزانینی ڕێبەر, لە گـــەورەیی ڕێبەر کەم دەکاتەوە. ڕێبـــەری دیموکــــــرات لە سـستـمــــی دیموکراتیدا پێویستی بە خۆ گەورەکردن و لووت بەرزی نییە, بەڵکو مرۆڤی بەرچاو ڕۆشن و ئاسا ڕەفتارن لەناو کۆمەڵدا. ئولۆف پاڵمەی ســـــەرۆك وەزیرانی کۆنی سوید لەناو خەڵکدا خۆش قسەو ئاسا ڕەوشت بوو.

لەیەکێك لە وتار خوێندنەوەکانیدا منداڵێك چـــووە بەردەمــــــی, تا لە وتارەکەی بووەوە دەستی لە ناو دەستی منداڵەکەدا بــــوو. چەند بەلایـــــەوە وتارەکەی گرنگ بوو, ئەوەندەش دەست گرتن و گرنگــــی پێدانی منداڵەکەی بەلاوە گرنگ بوو. ڕێز گرتنی ئولۆف پاڵمە لەو منداڵە, ڕێز گرتن بوو لە خۆی. لەناو میللەتی سویدیشدا ئێستاش بەڕێزەوە باس لەو ڕووداوە دەکرێت و وەك نموونـــــەی گەورەیی پاڵمە سەیر دەکرێت. سەرۆك دەبێـــت خاوەنـــی هەســـت و هۆشیارییەکـــی گــــــــەورە بێت, بەئـــاســانــــــی بتـــوانێـــت خـــۆی بخـــاتـــە جێگـــەی خەڵکەکەیەوەو هەســـــت بە ئـــــازارو پێویستییان بکات. ئەگەر سەرۆك منداڵێکـــــی کۆمەڵەکـــــەی نەبینێت و ئێمپاتی بۆ ئەشکەنجەکانی نەبێت ناتوانێت ببێتە سەرۆکێکی خاوەن بەهابەرز. ئەو کۆمەڵـــــــەی کــە منداڵەکانی خاوەن تەندروستن , خاوەنی سەرۆکێکی ڕەفتار بەرزو بە هەستن. ڕێبەری دیموکرات خاوەنی توانای لێبوردنە, لە دڵڕەقی و پەنگ خواردنەوە دوورە. بە

مێشکێکـــــــی کراوەوە ڕەفتار لەگەڵ ڕابووردوو و داهاتوودا دەکات. توانـــــــای هەیە لاپەڕەی تازە هەڵبداتەوەو لێبوردنی هەبێت. لێبوردن و لەبیرچوون دوو شتی جیاوازن لە یەکتر. سەرۆکی بە تـــوانا لێبوردنی هەیە بەڵام لە بیرچوونی نییە. بە لە بیرچوونـــەوە وانــــەو پەنــدە مێژووییەکان ون دەبن.

## شێوازە جیاوازەکانی ڕێبەرایەتی

ڕێبەر جـــــۆری زۆرە, لێـــرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکــــــەم پەنا دەبەمە بەر نموونەیەکی دیار: ئەگەر ڕێبەرێك لەگەڵ کـــۆمەڵێـــك لە خەڵکەکەیدا بەناو دارستانێکدا بڕوات, شێوەی هەڵسوکەوتــــی ڕێبەرەکە بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگە, تـــواناو وردبینی ڕێبەرەکە دەردەخات. ڕێبەر هەیە لە دارستانەکەدا پێش هەمووان دەکەوێت, ڕێگە بۆ ئەوانـــەی دواوەی خـــۆش دەکات. ئەم جۆرە ڕێبەرانە لەخۆبردو خۆشەویستن، بەڵام سەختە بتوانن هەموو ڕێگەچارەکان بدۆزنەوە. ئاساییە لە وردەکارییەکاندا ون بن و ڕێگەکان ون بکەن. ئەم ڕێبەرانە ڕیسك وەردەگرن و ژیانیان بۆ کۆمەڵەکەیان, بۆ گەلەکەیان دەخەنـــە سەردەستیان بەڵام گشتبینی ون دەکـــەن و کاریان دەبێت بە فیداکاری و خـــۆ بەخشی لە بری دۆزینەوەی چارەسەری ستراتیژی و وردبینی. ڕێبـــەر هەیە لەدارستانەکەدا لە دوای هەمووانەوە دەڕوات و سەیری ڕاست و چەپی خۆی دەکات, هاوار دەکات بۆ لای ڕاست بڕۆن, بوەستن, بۆ لای چەپ. ئەم ڕێبەرانە وردبینن بەڵام ئامانجی ستراتیژییان نییە, بەڵکو تەنیا ئامانجی تاکتیکی و کورتیان هەیە. ڕێبـــەر هەیە لە دارستانەکـــــەدا, هەموویان ڕادەگرێت و خۆی دەچێتە ســـــەر دارێکی بـــەرز, بە چواردەوری خۆیدا سەیر دەکات, ئاسۆ دەدۆزێتەوە, ڕێگەکان دیاری دەکات, گشتبینـــــە. پلان دادەنێت و پاشـــــان خەڵکەکەی بەرەو ئاسۆو ئـــاوات و ئامانجەکان, دەخاتە جووڵە. دەکرێت زۆر زیاتر لەسەر ئەو نموونەیەی سەرەوە قسە بکـــــرێت و زیاتر لە باسەکــــــەدا قووڵبینەوە، چونکە دەبینرێت شێوەی ڕەفتـــاری ڕێبـــــەر, لەبارودۆخێکی نائاساییدا کاریگەری گەورەی لە سەر ژیان و مـــان و نەمانـــی میللەتێك دەبێت. ســـــەرۆك, ڕیبـــــەر,

وەزیر، بەڕێوەبەری قوتابخانە یان بەڕێوەبەری کارگەیەك هــــەموو کــات لە چەکی کارەساتەکاندا دەبینرێت. هـــــەموو جـــووڵانـــەوەیەکـــی جـــێگـــــەی سەرنجە. مرۆڤێکی ئاسایی نییە کە بە ئاسانی لەنـــاو ماسەدا (کۆمەڵانی خەڵکدا) ون بێت. ڕێبەری دیموکرات هەموو وردەکارییەکان لە ژێر دەستی خۆیدا ناهێڵێتەوە. توانای هەیە زۆر لە کارەکان دابەش بکات و خـــۆی سەرپەرشتی بکات. ئەو ڕێبـــــەرەی باوەڕی بە دەورو بەرەکەی نەبێت و هەموو کارەکان لای خۆی بهێڵێتەوە، چۆنیەتی کارەکانی باش نابێت. لە هەمان کاتدا ڕێبەری گەورە لە کاتی گەردەلوولدا تەنیایە. دەبێت بێ ترس بەرپرسیارەتی بخاتە سەر شانی خۆی و بڕیار بدات. ڕێبەری دیموکرات کەللە ڕەق نییە، دەنگ بەرز ناکاتەوە، تووڕە نییە قین لە دڵ نییە. هێمن و ڕوو خۆش و خـــــاوەن تـــــوانایەکی کـــۆمەڵایەتی بەرزە. ڕێبەر گاندی لە ژیانیدا لە کەس تووڕە نەبووە، ماندێلا قین لە دڵ نییە. لە هەمان کاتدا لە زۆر ڕێبەری جیهان زیاتر گوێیان لێ گیراوە. ڕێبەری دیموکرات خاوەنی هەست و توانایەکی تایبەتە بۆ ئەوەی مرۆڤی بە تواناو ڕەوشت بەرز لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. هەر ڕێبەریکی نادیموکرات توندوتیژی بەرانبەر گەنجی وڵاتەکەی بەکار بهێنێت، ڕیسکی(مەترسی) ئەوە هەیە کە لە دوارۆژدا دە ئەوەندە لە ڕێگەی توندو تیژییەوە کۆتایی بە ژیانی بێت. کۆتایی هێنان بە ژیانی سەدام حسەین و کوڕەکانی بەو توندو تیژییە، ئەنجامـــــی بەکارهێنانـــــی توندوتیژی بـــوو لەلایەن ڕژێمە خوێناوییەکەیانەوە. کـــــۆتایی هێنان بە ژیانی هیتلەرو مۆسۆلینی لەسەر هەمان یاساو ڕێسا بەڕێوەچـــــوون. کـــولتووری وڵاتێکـــی دیموکراســـــی بەهای بەرزی مرۆڤاییەتـــــــی بە دانیشتوانەکەی دەدات. بەها بنەماییە بەرزەکانی وەك یەکسانی، بەرابەری ژن و پیاو، بەرز ڕاگرتنی ژیان و یارمەتی، دڵفرەوانــــــی و لێبوردن لە وڵاتێکی دیموکراتی وەك سویدا ڕەنگ دانەوەی لە شێوەی ژیانی خەڵکەکەدا هەیە.

خوێندنەوەی کتێب موراڵی بەرز بە خوێنەر دەدات ئەو کەسانەی کە زۆر کتێب دەخوینەوە خاوەن مــــوراڵ و

ویژدانێکی باڵان. بۆ نموونە زۆربەی ئەو تورکانەی کە زۆر دەخوێننەوە باوەڕیان وایە کە نەتەوەی کورد مافی بڕیاری چارەنووسی خۆی هەیە. ئەو تورکانەی کە نەخوێندەوارن یان ناخوێننەوە دوژمنی سەرسەختی نەتەوەی کوردن. ڕێبەری دیموکرات هاندەری خەڵکەکەیەتی کە بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی ببنە خاوەن مۆراڵێکی بەرزو بڵند.

**کۆتایی:**

لە کوردستاندا, بە هۆی ئەو ستەمە مێژووییە گەورەیەی بەرانبەر گەلی کوردستان, بە هەموو نەتەوەو ئاین و مەزهەب و توێژە کۆمەڵایەتییەکانییەوە کراوە, بارودۆخێکی هیوا ئامێزو لە هەمان کاتدا ترسناك دروست بووە, ئەم کاتە مێژووییە چارەنووسسازە کارێکی وای کردووە کە بە جیاوازی ڕێکخراوو ئایدۆلۆژی و مەزهەبەوە یەك ئاسۆو ئاوات کوردستانیانی کۆکردووەتەوە, ئەویش دابینکردنی دوارۆژێکی ڕووناك و گەشەدارە بۆنەوەی نوێی خاکەکەمان. لە پرسی ئەم پرۆسەیەدا, وردبینی ڕێبەرایەتیکردنی گۆڕانکارییەکان و هەڵبژاردنی ڕێگەو ستراتیژ لەلایەك و بەشداری دڵسۆزانەو دروستکەرانەی هەموان لەلایەکی دیکەوە تەنیا چارەسەرە بۆ بە هەمیشە شەکاوەیی ئاڵای پیرۆزی کوردستانی دیموکرات.

***بەڕێوەبەری پەروەردە**
**ستۆکهۆلم ـ سوید**

# ڕۆڵی کتێب و کتێبخانەکان

# لەدەڤەری بیتوێن و پشدەر

ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی ژێرو*

## پێناسەی کتێبخانە

أ ـ وەك زانست: بریتییە لەزانست و هونەرو ڕێکخستن و پۆلینکـــــــــردن و بەڕێوەبردن. هەروەها کـــــۆنگـــــرەی پەیمانگـــەی جۆرجیـــــا ساڵی(1961-1962) زانــستی کتێبخانەکـــــان و زانیارییەکانی بەم شێوە پێنـــــاســـــە کردووە:

بریتییە لەو زانستــــــــەی کە لە سیفـــــات و گــــــــــۆڕانکارییەکانـــــــی زانیارییەکـــان دەکۆڵێتەوە، هەروەها لەبنەمـــــاو کۆڵەکەکانـــــی دەســــــت بەسەرداگرتنـــــی گـــــەشەسەنـــدن و هەڵچوونی ئـــــەو زانیارییانــــــەو، هۆو هۆکارەکانی هێنان و دەوڵەمەندکردن و ئاسانکاری بۆ سوودوەرگرتــــــن لێیان دەکۆڵێتەوە.

ب ـ وەك کتێبخانەو ناوەندی کتێب و زانیارییەکـــــان: بریتییە لە چـــــــەق و نـــاوەندی پەخشکـــردنـــی شەبەنگــــــی تیشکـــــــــی زانســــــت و ڕۆشنبیری و زانیــــــاریـــــــە مرۆڤایەتییەکـــــان بە شێوەیەکی گشتـــــــی واتـــە ناوەنــــــدی هۆشیارکردنــــــەوەو زانستکـــــردن و ڕۆشنبیرکــــردنـــــی گشــــــت چین و توێژەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی[1].

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە کتێبخانەکان

کـــــتێـــــب و کـــــتێبخـــانـــــەکـــــان هەمیشـــــــە ڕۆڵی خــــــۆیـــان لەڕەوتی کاروانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بینیــــــوە. لەبەرچــــــاو ڕۆشــــــــن کـــردنـــــــەوەو

هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردن و وریاکردنەوەی مرۆڤ، لەتێڕامان و تێڕوانین لە ژیارو شارستانیەت و ئاوەدانکردنەوەی سەر ڕووی زەوی و سەرکەوتن بەسەر هەموو ئاستەنگ و کەندو قۆرت و کۆسپ و تەنگژەو کێشە تاڵەکانی ژیان و ململانێ و زۆرانبازی لەگەڵ کەندو قۆرت و کۆسپ و ناحەزەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و دانانی چارەسەر بۆیان.

بەڵێ، کتێب و کتێبخانەو زانیارییەکان لەناو کۆمەڵدا، لە ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەو وریاکردنەوەی مرۆڤ جێ پەنجەی خۆی وەك مانگی چوارده دیارەو دەدرەوشێتەوەو هەر لەسەرەتای مێژووەوە تا ئەمڕۆ. ئیدی بەپێی لێ حاڵی بوون و تێگەیشتنی و بەپێی پێداویستییەکانی سەردەم و چەرخ و قۆناغەکانی مێژوو کتێبخانەش قۆناغ بە قۆناغ ڕۆڵی چالاکانەی خۆی بینیوە هەر لە ئاشووری و سۆمەرییەکانەوە تا دەگاتە نووسین لەسەر گەڵای (بەردی) و گەڵای دارخورماو لەسەر پێست و چەرم و دواتریش لەسەر کاغەزو ئەم جار تۆمارکردن لەسەر کاسێت و دیسك و کۆمپیوتەرو تۆڕەکانی ئینتەرنێت(2).

مێژووی کتێب و کتێبخانەکان و گشت مەڵبەندو سەنتەرە زانیارییەکان لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ لایەکی گرنگی لە زانستی کتێبخانەکاندا گرتووەتەوە، چونکە ئەم مێژووە لەسەرەتای دروستبوونی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤاتییەوە دەست پێ دەکات و بنکەیەکی فرەوانی هەیەو لەگەڵ ڕەوتی ناوەندەکانی ئەم ڕەوتە شارستانیەتەدا هەنگاو بەرەو پێش هەڵدێنێ و لەگەڵیدا هەنگاوەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردن دەگوێزێتەوە. چەندە ئەو ناوەندە شارستانییەتە پێش بکەوێت ئەویش لەگەڵیدا پێش

دەکـــــەوێت، چونکە بەشێکە لەوو لێیشی جیا نابێتەوە.

هــــــەربۆیەشە هەروا بەئاسانی و سادەو ســـانا ناتوانین ســــەرەتـــای ســـەرهەڵدان و شوێنی ســــەرهەڵدانی کتێب و کتێبخانەکان دەستنیشــــــان بکەین.

وەلێ، ئەوەی کە تاکــــو ئێستا پشتی پـــێ دەبەستین ئەو هەمــــوو دۆزینەوە مێژووییانەی مـــرۆڤایەتییە کـــە لەئەنجامـــــی هـــــەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکــــان و لەلایـــەن زانا ئـــەنتـــرۆپۆلۆژییەکـــانــــــەوە دڵنیا کـراوەتەوە، کە یەکەمین کتێبخانە لە مێژوودا ســــەری هەڵدابێت لە وڵاتی نێوان دوو ڕووباران و دۆڵی نیل (مابین النهرین ووادی النیل)دا بووە. کە لەڕاستیدا ئەگەر سەیــــــری مێژوو بکەین ناوجەرگەی دەسەڵاتی باب و باپیرانی کورد دەگرێتـــــەوە کە بریتی بوون لە گۆتی و لۆلۆیی و کاشی و میتانییەکان.

ئەگەر بە مێژوودا ڕۆچینە خوارەوە دەبینین کۆنتریـــن کـتێبخانـــــە لە کـــــــولتوورو شـــــارستانییـــەتـــی کورددا لەشاری نــــووزی بووە لە گاورباغی کە لە شاری کەرکووکــــی ئێستایـــــەو پـــڕی بووە لەتابلـــۆ قوڕینەکان و نووسراوە بەردینیەکان و کـــــەرەستە لەسەر نووسراوەکانــــی دیکـــە کـــە مێژوویان بـــۆ دووەمین هــــــەزارەی پێش لەدایـــك بـــوون دەگەڕێتەوەو بـــەکتێبخانەی نـــــووزی بەناوبانگ بــــووە.

چەنـــــدان تابلــــۆو بەڵگەنامـــەی مێژوویـــــی کۆمــــــــەڵایەتـــی و بازرگـــانـــی و سیــــــــاســــــی و دادوەری تێدایە....تد.

یەکێك لەو تابلۆیانەی کە لەناو ئەو کتێبخانەیە هەبووە تابلۆیەك بوو کە نەخشەی شاری کەرکووکی ئەو کاتی تێدابوو. هەروەها دەتوانین بڵێین ئـــەو شــــارەی کـــە لـــە شوێنەوارەکانی گردی شــــمشارەی نـــــاوچەی بیتوێن دۆزراوەتەوە, ڕەنگـــــە ئەو هەموو تابلۆو کەرەستە شوێنەوارییانەی لەوێ دۆزراونـــەتــــەوە

شـــوێنێکـــــــــــی تایبەتیان هـــــــەبووبێـــت کـــــە تێیدا پارێزرابن، کە ئێمە ئێستا پێی دەڵێین کتێبخانەو لەفەرهەنگـــــــی ئاڤێستــــــــادا بەو شوێنــــە دەگوترا (دژنبشت) واتە کتێبخانە.

هــــــەروەها جێگەکەی ئەو هەموو تابلۆیانەی کە لە کێلەشینــــــی ناوچـــــــەی سەردەشت دۆزراونەوە یەکیکی دیکە بێت لەو کتێبخانە کۆنینانەی ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کـــــــوردو کوردستان. یان پەرستگاکـــــــەی دەربەندی بازیان کە کتێبخانەیەکی گـــــــــەورەی هەبووە کە پڕی لەجۆرەها تابلۆی بەنرخـــــی پـــــڕ لە زانســـت و زانیارییەکانی ئەو کاتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بازرگانییەکان و سیاسییەکان بووە.

هەروەها هەمــــــوو ئەو شارو گوندو لادێیانەی پێش زایین لە ناوچـــــــە جۆربەجۆرەکانی کوردستان بە گشتی و ناوچەی بیتوێن و پشدەر بێ گومانە لەپـــــاڵ کـــــۆشـــك و ســـــــــەرای دەسەڵاتــداران و پەرستـــــــگەکانـــــدا دژنبشتیش هەبووە، بەڵام لامان ڕوون نییە.

چەمـــــــك و دەلالەتــی مێـــــژووی کتێبخانەکـــان بە گوێـــــرەی جیاوازی قۆناغەکانی مێـــــژوو دەگۆڕێت، بۆ؟ چونکە ئەو کتێب و کتێبخانانـــــــەی سەرەتاکانــــــــی مێژوو لەو کتێب و کتێبخانانە زۆر جیاوازبــــــوون کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمانــدا دەیانبینین، چ لەڕووی ناوەرۆکەکەی و چەندایەتی و چـــۆنایەتــــــی و چ لەڕووی شێـــوەو ڕێگەکانی ڕێکخستن و پۆلین کردن و ئـــــەو خـــزمەتانەی کـــــە بـــــە خوێنــــەرانی پێشکـــــەش دەکات.

ئـــــــەوەتـــــە سۆمـــــەرییەکـــان بەخانەی تابلۆ گەورەکانیان ناو بردووە، چـــونکە ئەو خانانە پڕ لە تابلـــــۆی قوڕینە بەڵگە مێژووییەکان بوون، بەڵام فیرعەونەکان پێیان دەگـــــوت: هۆڵی نووسراوە میسرییەکان یان جێگـــــەی بووژانـــەوەی گیان. کوردیش ئەو کات و لە ئاڤێستادا بە (دژنبشـــت) واتە کتێبخانە ناویان بردووە.

ئەگەر بۆ لای گریکەکان بگەڕێینەوە، دەبینین ئەوان بە کتێبخانەیان دەگوت (Bibliotheca): کە بەو شوێنەیان دەگوت کە کتێب و چاپکراوو زانیارییەکانیان تێدا هەڵدەگرت و تێیدا دەپارێزرێن.

ئەم زاراوەیە هەتاکو ئێستاش لەو وڵاتانەی کە بەشێوەی لاتینی قسەدەکەن بەتایبەتیش لەفەرەنسا، بۆ کتێبخانە بەکاردەهێنرێت، بەڵام ڕۆمانەکان وشەی(Libran) یان بەکارهێنا کە واتای کتێب دەبەخشێت.

پاشان ئەم زاراوەیە گەشەی سەندو زاراوەی(Library) لێکەوتەوە کە واتای کتێبخانە شوێنی خوێندنەوەو توێژینەوە دەبەخشێت(3).

## کتێبخانەکانی ناوچەکە

*کتێبخانەی مەلا ساڵحی بێژوێ

*کتێبخانەی مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی

*کتێبخانەی مەرگە کە خاوەنەکەی مەلا سەمەدی مەرگە بوو

*کتێبخانەی مەلا ڕەسووڵی سەرگەڵوێ

*کتێبخانەی تەکیەی دێلێژە

*کتێبخانەی مەلا محەمەدی خۆشاوی

*کتێبخانەی مەلا نەبی ئەستریلان

*کتێبخانەی بنەماڵەی مەلا عیسای هەرتەلی یان بنەماڵەی مامۆستایان.

هەرتەل گوندێکی خنجیلانەی خۆش و دڵگیرو دڵڕفێنە، دەکەوێتە نێوان دوو توێی دۆڵ و شێوێکی پڕ لە باخ و باخات و دارو درەخت و سەوزاییەکی دڵگیر لەدامێنی زنجیرە چیای ماکۆك و لەدرێژەی بەشی ڕۆژئاوای ئەو زنجیرە چیایە. هەرتەل خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژو پڕبایەخە.

گوندی هەرتەل خاوەنی چەند بنەماڵەیەکی مەلازادەیەو هەر بنەماڵەیەك لەو بنەماڵانە ڕۆڵی گرنگی خۆیان

هەبووە لەبڵاوکردنەوەی زانست و زانیارییە ئایینی و زانستە جۆربەجۆرەکانی دیکەو لەبواری رۆشنبیریدا مەڵبەندو ناوەندێکی کاریگەر بوون لەپەخش و تیشکدانەوەی زانست و رۆشنبیری.

هەرتەل لەرووی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتییەوە سەر بە شارەدێ بێتواتەیەوە پێشتریش لەسەردەمی عوسمانییەکان مەخفەرو بنکەی پۆلیسی لێ بووە. ئەو گوندە ناوبانگییەکی باش و دووورودرێژی هەبوو کە خوێندنگەو قوتابخانەی ئایینی لێ بووە مەلاو وانەبێژی شارەزاو بلیمەت و پسپۆرو لێهاتووی لە بواری زانستی شەریعەت و فیقھ و زمانی عەرەبی لە (قەواعدو نەحوو صەرف) هەبووەو زانای زۆر بەتوانای لێ هەڵکەوتووە، مەڵبەندی دەرچوونی مامۆستایانی ئایینی بووە.

بۆخۆی زانکۆیەك بووە کە بەسەدان مەلاو فەقێی لێ دەرچوون. بۆدەرچوەن و وەرگرتنی مۆڵەتی هەر فەقێ و مەلایەك ئاهەنگ و رێ و رەسمی خۆشی بۆ گێڕراوە، سالانە چەند مەلایەك لەسەر دەستی ئەو مەلایانەی کەلەم گوندەدا هەبوون بڕوانامەی مەلایەتییان وەردەگرت. زۆربەی زۆری پێداویستییەکانی ئەو ئاهەنگ و رێ و رەسمانە لەلایەن خەڵکی ئەو ئاواییەوە دابین دەکرا.

ئەم بنەماڵەیە بە بنەماڵەی مامۆستایان یان بەبنەماڵەی مەلا عیسا ناسراون. یەکەم مەلای ئەم بنەماڵەیەمان دەست نەکەوت، هەرچەندە لە مامۆستا عەبدولحەمید عەبدوڵلا محەمەد یەکێك لەنەوەکانی ئەم بنەماڵەیەم پرسی دیار بوو ئەویش نەیدەزانی. ئەم بنەماڵەیە وەك بنەماڵە مەلا زادەکانی دیکە رۆڵێکی باش و بەرچاویان لەپێگەیاندنی مەلاو فەقێ و بڵاوکردنەوەی زانست و رۆشنبیرییە جۆربەجۆرەکاندا هەبووەو پشتاوپشتیان پیشەیان مەلایەتی بووەو رۆڵێکی کاریگەریان

لەچارەسەرکـــــــردنـــــــی کـــــێشـــــە کۆمەڵایەتیەکـــــانـــــی دەڤــــــەرەکەی خۆیاندا هەبــــــووە. ئەوەی زانراوە تا نۆ پشتیان لەسەر ڕێڕەوی مەلایەتی ڕۆیشتوون و دواتر وردە وردە لە هێڵی مەلایەتی لایان داوەو ڕووەو عەلمانیەت ملیان ناوە.

ئەم بنەماڵەیە هەندێك جاریش (ماڵی مـەلا برایـــی ڕەشـــانی)یان پێ گوتـــراوە، یەکێـــك لەو مـــەلا بەناوبانگانەی کـــە لەنـــاو ئـــەو بنەماڵەیە هەڵکەوتووە نـــاوی (مەلا سمایل) بووە، گۆڕەکەی لە گۆڕستانی گوندی هەرتەل لە(سەرسیانکان)ە، کە کۆنترین گۆڕستانە لە هەرتەل. زنجیرەی مەلایەتی ئەو ڕەچەڵەکە نەپچڕاوەو هەر بەردەوامە یەکێك لەو مەلایانـــــە مامۆستا مەلا (ئیسماعیل ئیبراهیم محـــەمـــەد عیســـا)یە، هەروەها مەلا(عەبدوڵلا محـــەمـــەد عەبدوڵلا محەمەد) کـــە ئەویش دانیشتـــووی کۆمەڵگەی شکارتەیە.

هەندێك لە مەلاکانی ئەم بنەماڵەیە کە لەژیاندا نەماون ئەمانەی خوارەوە بوون:

مەلا عیســـا حاجی محەمەد، مەلا عیسا، مەلا ئیبراهیم، مەلا محەمەد، مەلا عیسا، مەلا محەمـــــەد، مەلا سمایــــل. هەر لەو بنەماڵەیــــــەدا زانایەکی بەرزیان تێدا هەڵکەوتووە کە نـــاوی (مــــەلا ســــەعید) بووە. لە سەفەربەلگ تورکەکـــــان گرتوویانەو بردوویانە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بێ سەرو شوێنە. ئەو مامۆستا بەڕێزە پاسەپۆرتی هەبـــووە سەردانـــــی فەرەنســـای کـــردووە. شارەزایـــی تەواوی لە زمـــــانی تورکـــــی و عەرەبیـــــدا هـــــەبـــــووە. هـــــەروەکـــــو مامــــۆستـــــا عەبدولحەمید عەبـــــدوڵلا دەڵێت: گوندی هەرتەل تاپۆی ڕەشی بە دەستی بنەماڵەی مامۆستایانـــــەوە بـــووەو ئەو بنەماڵەیە خاوەنی گوندی هەرتەل بوونە.

هەرتەل لەکۆندا شوێنی پاشاو دەسەڵاتداران بووەو هاوینەهەوارو ئاوی سازگارو میوەی زۆری هەیە. یەکێك لەمەلا بەناوبانگەکانی ئەو بنەماڵەیە لەسەدەی (18) هەژدە لە هەرتەل ژیاوەو مەلایەکی زۆر بەتواناو زیرەك بووەو شاگردی موفتی زەهاوی بووەو لەبەردەستی ئەو دەرچووەو بڕوانامەی مەلایەتی لەو وەرگرتووەو موفتی کچەکەی خۆی پێداوە، بەڵام ئەو نەیویستووەو گوتوویەتی من هەر دەبێت بچمەوە هەرتەل و ئەو کچەش لەو دورەدەستە بەخۆمەوە گرفتار ناکەم. موفتی زەهاوی زۆری حەز کردووە مەلا عیسا لە بەغدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەو ئەمەی قبوڵ نەکردووەو گەڕاوەتەوە هەرتەل.

ئەو بنەماڵەیە کتێبخانەیەکی باش و خنجیلانەیان هەبووەو زۆربەی زۆری کتێب و سەرچاوەکانی دەربارەی ئایین و فیقهی ئیسلامی و زمانی عەرەبی بوون. دیارە شوێنێك ئەوەندە مەلاو زانای بەرزو زیرەکی هەبن بۆ دەرس خوێندن و وانە گوتنەوە پێویستیشی بە کتێب و سەرچاوە دەبێت. لەبەر ئەوەی ئەو کاتە وەك ئێستا چاپ و چاپەمەنی نەبووە، بۆیە دەبوو کتێب و سەرچاوەکان بەدەست و بەنووکی پەڕەمووچ و خامەی دارو قامیش بنووسرێنەوەو ئەو جار شوێنێکیش هەبێت کە ئەو هەموو کتێب و سەرچاوانەی تێدا هەڵ بگیرێن بۆ ئەم مەبەستەیش لەپاڵ مزگەوتدا کتێبخانەیەکیان دەکردەوە. ئەم بنەماڵەی مەلازادانەش بۆیە خاوەنی کتێبخانەی تایبەتی خۆیان بوون ئێستا ئەو کتێب و سەرچاوانە لەلای کوڕەکانی (مەلا عیسا حاجی محەمەد مەلا عیسا)ن کە تا ماوەیەکی زۆر مامۆستای قوتابخانە بووەو ساڵی (1988) کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی هەرتەل بە ناوی گۆڕستانی (دێمی) بە خاك سپێرراوە. دەڵێن مەلا عیسا کتێبی دەستنووسی هەبووەو ئێستا لەکتێبخانەی ئەوقافی سلێمانین.

ئەو مەلاو زانایانەی کە لە سەرەوە ناومان هێنان هەریەکیان کتێبخانەیەکی

باشیـــان هەبـــووەو کـــۆمەڵێکـــــی باش کتـــێب و دەستنووسیان هەبووە، باشتر بڵێین کتێبخانـــەکـــەی بنـەمـــاڵـــەی مامۆستایانی هەرتەلی پشتاوپشت بۆ نەوەکانی دوارۆژیان گوێزراوەتەوە تا ئەوکاتەی بەڕاستـــی لەسەر ڕێڕەوی مەلایەتـــی ڕۆیشتوون.

بۆیە ئـــەو هەمـــوو کتێب و دەستنووسانەش هـــەم بەهـــۆی ئەم هۆکارەو هەم بەهۆی بارودۆخـــــی ناهەمواری کوردستان و بەهـــــۆی دوژمـــنایـــــەتـــی کـــــردن و قەڵاچۆکردنی گەلی کوردو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە وێڕای سەروماڵ و ســـامان، هەمـــوو ئەو کتێب و دەستنووس و کتێبخـــانەی ئـــەو بنەماڵەیـــە وەك کتێبخانەکـــــانی دیکەی بنەماڵـــەی مەلازادەکانـــی کوردستان سووتـــاون و نەمـــــاون. هەروەکو نەوەکانی ئەو بنەماڵەیە بۆیان نووسیوین و دەڵێـــــن هۆی سـەرەکی تێداچوونی کتێبخــــــانە گەورەکەی بنەماڵەی مەلاعیسای هەرتەلی لە بەکۆمەڵکوژی و کاول کردن و تێکدانی گوندی هەرتەل بوو.

کە ئەو ساڵەی هەرتەلییەکــــــان (علمــــی بـــــەگ)یان کـــــوشت و بەئەتککـــراوی فڕێیان دایـــە بـــن ئاوەدەستەکانی هەرتەل، علمی بەگ سەرکردەیەکی تورکان بوو لەسەر بێ ئەندازەی ستەم و ستەمکاری و بێ ڕەوشتی ئەو بەرپرسە تورکە لە خەڵکی ناوچەی هەرتەل.لـێیان قبوڵ نەکردو کوشتیان و بەو دەردەیان برد. بۆیە تورکە عوسمانییەکان بڕیاری کاول کردن و وێران کـــــردن و سووتاندنی ئەو گوندەیان داو بڕیاریان دا کە نابێ تا حەوت ساڵی دیکە ئەو گوندە ئاوەدان بکرێتەوە.

لە دەرەنجامی ئەمەدا دانیشتوانی ئەو گوندە پەرتەوازە بوون و هــــــەر کەسە بەلایەکداو کەمتر خـــەڵکـــــی گەڕاونەوەنەتەوە گوندەکەو ڕەنگـــــە کەسانێك هەبن

تاکو ئێستاش نەگەڕابوونەوە.
لەدەرەنجامی ئەمەشدا کتێبخانە گەورەکەی ئەم بنەماڵەیەش سەد مەخابن چارەنووسی لەچارەنووسی خەڵکەکە ڕوونتر نەبوو کەوتە بەر سووتان و لەناوچوون. ئەو کتێبخانە گەورەو پڕبایەخەمان لەکیس چوو. کتێبەکانیش کە نزیکەی (1500) کتێب دەبوون لەگەڵ ماڵەکاندا سووتان، لەو کتێبانە (جمع الجامع، الرسالة الحسابية والفلكية و صفوة التفاسير) و چەندین کتێبی جۆراوجۆری دیکە.

ئیدی بەم جۆرە بەهاتنی ڕۆژو مانگ و ساڵ وردە وردە ئەم دەستنووس و کتێبانە ئەو دانە گەوهەرانەی کولتوورو ئەرشیفی کوردەواریمان تێیداچوون و چوونە تاریکایی بنی گۆمی مەندی لەناوچوون و کەمتەرخەمییەوە.

ئەمەش بەهۆی نەبوونی خەمخۆری و دەستەڵات و قەوارەیەکی خۆماڵی کوردی و بوونی بێگانەو داگیرکەرانەوە، لەدوای ڕاپەڕینەوە بەهەزاران دەستنووس و پارچە شوێنەوارو پەیکەرو تابلۆی قوڕینی لەسەر نووسراوی خەتی بزماری و تەرمی مۆمیاکراوی بەنرخ نەماون.

هەروەها کاك عەبدولڕەحمان ڕەسوول دەربارەی کتێبخانەکەی ئەستریلان دەڵێت: باب و باپیرانی ئێمە، مەلاو زانا بەرزەکانمان هەردەم تەدریس و فەقێ و قوتابییان هەبوون و سەدان مەلاو زانایان پێ گەیاندووە، کتێب و دەستنووسێکی زۆریان هەبووە. ئەو کتێبانەی مەلاو فەقێ دەیانخوێند.

## کتێبخانەی وەجاغی
## (مەلا ئەحمەد و مەلا حاجی)
## لەسەرچیای گوندی حاجی قەڵا

هەروەك مامۆستا مەلا ئەحمەدی حاجی قەڵا یەکێکە لەنەوەکانی ئەو بنەماڵەیە دەڵێت: بنەماڵەکەمان کتێبخانەیەکی گەورەیان هەبووە کە پڕی لە کتێب و دەستنووسی بەهادارو سوود بەخش بووە کە لە

مزگەوتی سەرچیای گوندی حاجی قەڵادا بووە، کە ئێستا ئەو مزگەوتە تەنیا شوێنەواری ماوەو تەنیا چەند دەلاقەیەکی تێدا ماوە کە کاتی خـــــۆی کتێبەکـــــانـــــی تێـــدا پارێزراوە. ئـــــەم کـــــتێبخانەیــــــە لەسەردەمی عوسمانییەکـــــان و تا کۆتایی ئەو سەردەمە ماوەتەوە، دواتر هـــــەروەکو دەگێـــــــڕنەوە بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە کە لەوانەیە تاعوون بووبێت خەڵکێکـــــــی زۆر لەناوچوون و ناچار ئەو گوندەیان بەجێ هێشتووەو ئەنجام گوندەکە وێران بووەو پەرتەوازە بوون و لە دەرئەنجامی ئەمەدا مزگـــــەوت و کتێبخانەکەش وێـــــران بـــوون و لەناوچوون و هەروەکو گوتمان ئێستا شوێنـــــەواری مزگـــــەوت و خانووە ڕووخاوەکـــــان لەســـــەر چیاکـــــــە ماونەتەوە. تەنیـــــا کتێبێك کە لەو بنەماڵەیە ماوەتـــــەوە دەستنـــــووسی (خزینة الأسرار)ەو بەرگەکەی کەوڵەو پەڕی کۆن و زەردن. ئێستا ئەو دەستنووسە نایابە لای مەلا ئەحمەدی ناوبراوە کە ئێستا لە گوندی (حاجی قەڵایە سەربە قەزای کۆیە)یە.

کتێبخانـــەکانی میرنـــشیـــن و دەســـەڵاتدارانی کـــورد لەهەمـــوو کوردســـتانی گـــەورە ئەمانـــە بـەکتێبخانـــــەی تایبــــەت ناودەبرێن. لێرەدا باسیان ناکـــەم و هیچ زانیاریەکیشم لـە بارەیانـــەوە نییە.

## کتێبخانەی مزگەوتەکان

لەکوردستاندا بەگشتی و لەناوچەی بیتوێن و پشدەر بەتایبەتی مزگەوت نەبووە کە کتێبخانەیەکی تایبەتی نەبووبێت، جا ئـــەو کتێبخانـــەیە لەلایەن مامۆستاو ئیمام و وتاربێژو وانەبێژی ئەو مزگەوتـــەوە کتێب و دەستنووسەکانی بۆ دابین کرابێت، یان لەلایەن دەوڵەمەندان و خەڵکی ئەو شارو گوندو لادێیانەوە کڕابن بۆدەرس تێدا خوێندنی فەقێ و میرزاو قوتابیان و فێرخـــوازانی ناوچەکە یان لەلایەن حکـــومـــەت و دەســـــەڵاتـــدارانی ســـــەردەمـــە جـــۆربەجۆرەکانەوە، گرنگ ئەوەیە هەرگیز پەکی نەکەوتووە لە کتێب و

سەرچاوە زانســــت و زانیارییەکان. وەك قوتابخانە ئایینییەکەی گەناوێ و مزگەوتی گـــەناو کە لە هەمــــــوو لایەکەوە وەك فەقێ و خوێندکارو چ وەك خوێنەرو خوازەر لەهەر چوار لاوە لە ئێران و لە تورکیاوە بۆی هاتوون و سوودیان لەو کتێبخانە و قوتابخانـــە ئایینییە وەرگرتووە.

بە قســـەو گـــوتەی زانایانـــی ئایینی و ڕۆشنبیرانی ناوچەکە کە بە بنار ناودارە، لەڕابوردوودا بەبەلاَتان ناوداربووە کە گـــوندی گـــەناوێ لەناوەندی ناوچەکەدا بووەو لەهەموو گوندەکانی دیکە ناودارتر بـــووەو چـــەندیـــن ســـەدە لەمـــەوبەر قوتابخانەیەکی ئایینـــی بەناوبانـــگـــی لێ بـــووەو بـــەردەوام لـــە 50 فەقێ و میرزای کەمتر نەبووە.

هەمیشــــە وەك زانکۆ وا بووە لە (10) پۆل پتریشی هەبووەو. ئەو فێرخوازو خـــوێندکارانـــەی کە پلەی یەکەمیان دەهێناو زیرەك بوون بۆ شوێنەکانی دیکـــــەی بەرزتـــــری کوردستان بۆ خـــــوێندن دەنێرران و ئەوانەی پلەی نزمتریان هەبوو بۆ شوێنی دیکە دەنێرران، بە گوتـــــەی (مامۆستا مەلا محەمەد دەڵگەیی) ئەم قوتابخانەیە لەلایەن (مەلا زەینەدین کوردی بەلاَتی)یەوە کە بەرزترین زانای سەردەمی خۆی بووە هەڵسووڕێنراوەو بە شێوەیەکی باش گەشەی کردووە. ئەم زانا پایەبەرزە خەڵکی گوندی گەناو بووە، هەروەها مەلا دەڵگەیی پێی وایە کە بۆ یەکەم جار مـــــۆڵەت پێدانی مەلایەتی لەسەردەستـــــی ئەو لە کـــوردستانـــدا دراوە واتـــە( مەلا زەینەدین بەلاَتی) دایهێناوە.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە گوندی گەناو تاکـــــو ساڵەکانـــــی حەفتاکانیش خاوەنی گەورەتـــــرین کتێبخانە بـــووە. ناوەرۆکـــــی ئەم کتێبخانەیە پڕ بووە لە کتێبی ئایینی و کتێب و سەرچاوەی جۆر بە جۆر کە خزمەتێکی بێ پایانی بەخوێنـــەران و خـــوازەرانی خۆی کردووە، زۆربـــەی کتـــێب و ســـەرچاوەکانیشـــی

دەستنووســـــی زاناو مەلا بەڕێزە بلیمــــەتەکانی ئەو سەردەمە بوون، بەڵام بەداخـــــــەوە کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیە وردە وردە بەم لاو بەولادا پــەرت و بــڵاو بوونەو چارەنووسی کتێبخانەکەمان لا ڕوون نییە.

دوای (زەینەدین بەڵاتـــی کـوردی) کـتێبخانەکە بۆ بنەماڵەیەکی دیکە گوێزراوەتەوە بەناوی (غەزایی) کە ئێستـا نەوەکـــانیان لەگونـدەکانـــی (دەژوان و ڕاژان) مـــــــاون لـــە (مـــەلا غـــەزای گـــــەورە)وە، ئەو بنەماڵەیە چەند ســــەدەیەك ئەو قوتابخانەیان بەڕێوە بردووە.

ئەم قوتابخانەیە تا ســـاڵی 1960 (مامۆستا مەلا ساڵحی بێژوێ) وانەی تێدا گوتووەتەوەو گرمەی هاتووە ، بەڵام بەداخەوە لەو مێژووە بەدواوە گلۆڵەی کەوتووەتە لێژی و بەرەو کزی ڕۆیشتووە(4). هــەروەهـــــا وێـــڕای کتێبخانەکەی گەناو ئەم کتێبخانانەش لەدەڤەرەکەدا هەبوون:

کتێبخانەی مەلا پیرۆتی چنارنێ، کتێبخانەی بنـــــــەماڵـــەی مەلا ڕەســــــوڵی مەرزەوان، کتێبخانەی مـــــــەلای دەشـــتـــیوێ، مامۆستا مەلاحسین پشـــــــدەری، کتێبخانەی بێناسێ. ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی 1978 بەهۆی بـــاری ناهەمواری کوردستانەوە لەناو چووە. کتێبخانەی شێخ بیلالی هێرۆ، کتێبخانەی مەلا دەڵگەیی ـ مەلای باڵەکی ـ مەلا دەڵگەیی، کتێبخانەی مەلا سلێمانی دوگۆمان، کتێبخانەی مەلا شیم حەمەدی شەروە، کتێبخانەی موفتی گەورەی قەڵادزێ ـ مـــەلا عەلی کـــەرسۆنان. کــــتێبخانەی مــــەلا محەمەدی نوورەدینی.

### کتێبخانەی بنەماڵەی دەوژان

لێرەدا زۆر پێویستە ئاماژە بەو شاڵاوە ترسناکەی مـــــافیاکانـــــی کۆنینەو کەلەپـــــوورو شوێنـــەوارو ئەرشیفدز بدەم کە لە ســـــاڵانی (1975-1976) کــــــردییانــــــە سەردەستنــــووس و کۆنینەکانمان و بڕێکی زۆریان لێرەو لەوێ لە کەسانی

سادەو ساویلکەو نەدار بەپارەیەکی زۆرکەم لە دەســـــت دەرهێنـــــــــان و بەپارەیەکی زۆری خەیاڵی بەوڵاتانی دەرەوەو بەبێگانەکان فرۆشتیان کە هەموو کات پارەی گرانبەها بۆ گەل و نەتەوە پەیدا دەکات، یەکێك لەوانە ئەو کتێبە دەستنووسەیە کە لەســـالّـــی (1975-1976) لە هێـــــــــرۆ لە مەلاکـــەی بە(15)دینار دەکرِن و خۆیشیان بە(700) دیناری چاپی سویسری ئەوکات دەیفــــرۆشنــــەوە، مێژووی ئەو دستنووســـە بەنـــرخە بۆ(1050) ســـاڵ لەمــــەوبــــەر دەگەڕێتەوە[5]، هەروەها ئەو کۆمەڵە کتێب و دەستنووســــەی کە لەهەمان ساڵانەدا لەبن دەستـــی یەکێك لە بنەماڵەی مەلا نەبی ئەستریلانی کە ناوی مەلا ئەحمەد بووە دەردێنن، کە پڕی یەك (تەلیس) گونیەی گەورە بوون و بەبێگانەکان بە پارەیەکی زۆرخەیاڵی لەچاو ئەو پارە کە لەخاوەنەکەیـــان کڕیوە فرۆشتووەتەوە.

هەروها لەدوای دروستکردنـــــی مزگەوتی قەڵاچوالان لەساڵی 1784 کتێنخانەیەکیشی لە تەنیـــشتــــەوە دروست کرا کە بابانییەکان دروستیان کردبوو، کاتێك شـــــاری سلێمانـــی دروست کرا ئەو کتێبخانەیە بۆ سلێمانی گـــوێزرایەوە، ئێستـــــــا ئـــەو کتێبخانەیە گەورەتـــــرین کتێبخانەی ئەوقافـــە لەسلێمانـــــی بگــــرە لە کوردستاندا تاکە. ئەحمەد کوڕی سلێمان کۆتا ئەمیری بابانییەکان بوو کاتێك لە ولآت بۆ ئەستەمبوڵ دوور خرایەوە دواتر لە ولآتانی جیاجیا فەرمانی پێ سپێرراوەو بۆ نموونە لە یەمەن لەوێوە کتێبی باش باش و نایاب و بەنرخی بۆ ئەو کتێبخانەیە دەناردەوە، کە لە پارەی خۆی بۆی دەکڕین[6] .

## کتێبخانە گشتییەکان

کتێبخانـــەی گـــــشتـــــی هەر لەناوەکەیەوە دیارە کە شوێنێکــــــی گــــشتییە بۆ خــــــوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردن

و سوودوەگرتن، کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بێ جیاوازی دەتوانن سوود لەو جۆرە کتێبخانانە وەربگرن.

لە کوردستان هەر لە دێر زەمانەوە بایەخیان بە ڕۆشنبیری و خوێندنەوەو خۆڕۆشنبیرکردن داوەو بۆ ئەم مەبەستەش کتێبخانەیان دامەزراندووە بەتایبەتی کتێبخانەی گشتی لە هەموو کوردستاندا هەیە وەك: کتێبخانەی گشتی هەولێرو زۆربەی شارۆچکەو شارە دێیەکانی و، کتێبخانەی گشتی سلێمانی و زۆربەی شارۆچکەو شارەدێیەکانی ، کتێبخانەی گشتی کەرکوك و زۆربەی شارۆچکەو شارە دێیەکانی و، کتێبخانەی گشتی دهۆك و زۆربەی شارۆچکەو شارە دێیەکانی. سەبارەت بە ناوچەی بیتوێن و پشدەر:

لەڕانیە لەساڵی 1977 کتێبخانە کراوەتەوە و تاکوئێستا ئەم بەڕێزانە بەڕێوەیان بردووە:

*عوسمان مستەفا عوسمان
لە 1977-12/ 6/1980

*ئەحمەد محەمەد مەمەند
لە 2000/9/2 -1980/6/12

*محەمەد ئەمین عارف
لە 3 /2000/9- 2005/6/15

*عەلی حەمەد ئیبراهیم لە 6/16/ 2005- 2006/ 3/ 30

*سەباح محەمەد حەسەن
لە 14 /2005/11

دوای ئەوەی کتێبخانەی گشتی ڕانیە بوو بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان لە (2005/11/14)و دوای ئەوەی ئیسێوە بوو بە شارەدێ لەڕۆژی 2001/5/10 لەلایەن کۆمەڵە کەسێکی ڕۆشنبیرو کتێب دۆست و زانست دۆست خۆبەخشانە ئەم کتێبخانەیان بەناوی کتێبخانەی (بنار) کردووەتەوەو خزمەتیان بە خوێنەران و ڕۆشنبیران خوێندکاران و قوتابیانی دەڤەرەکەی خۆیان کردووە، تا ئەنجام لەڕۆژی 2003/3/19 بەفەرمی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کراوەتەوەو بەفەرمی ناسێنراوەو لە شارەدێی چوارقورنەش 2006/11/14 کتێبخانە بە فەرمی کراوەتەوە.

لەشارەدێی حاجیاواش لە ساڵی 2004 کراوەتەوەو

لەقـــــەڵادزێ لەساڵی 1969 کراوەتـــــەوە ئـــــەم بەڕێزانەی خـــــوارەوە بەڕێوەبـــەربوو: (عەلی سەبری کە خەڵکی سلێمانــــی بوو، محەمەد حەسەن خدر).

لەگونـــــدی ســــــورەدێ لەساڵـــــی 2005وە بڕێکی باشی کتێب و سەرچاوەی بۆ چووەو پێشکەش کراوە وەك کتێبخانە لەناوچەکەدا ناســـــراوە، بــــەڵام لەڕۆژی 2006 /5/18 کراوەتەوەو بەفەرمی ناسێنراوە! پێم وابێت بڕیاری دروستکردنی تەلاری تایبەتیشی بۆدەرچووە. لە شارەدێی سەنگەسەر لەڕۆژی 28/4/ 2006 کتێبخانەی گشتی کراوەتەوە.

لەشاری کۆیە کتێبخانەی گشتـــی لەڕۆژی 1957/12/1 کـــــراوەتەوە لەسەردەمی قایمقامی کۆیــــە (هادی چاوشلی). لەلایەن چەند کەسێکی ڕۆشنبیرو ئەدیب و نووسەرێکـــــەوە کۆمەڵە کتێبێکیان پێشکەش بەم کتێبخانەیە کردووە کە ئەمانــــەی خوارەوە بوون:

(مەسعوود محەمــــەد، ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا مەعسووم، کاکە زیاد، مەلا حـــــەوێز، کاکـــەی حاجـی مەحموود، سەعیـــد قـــەزاز، عەلی کەمال، زەکـــی ئەحمـــــەد هەنــــاری، فاتح ڕەســـووڵ، محەمەد حەیدەری، شەفیق سابیر، دکتۆر فەخـــری دەباغ ) لەسەرەتاوە تاکو ئێستا ئەم بەڕێزانە بـــــەڕێوەبەری کتێبخانەکە بوون:

(زەکی ئەحمـــــەد هەناری، عـــــەبدوڵڵا کاکە، سەمەد حاجی تاهیر، کازم قادر کە خەڵکی هەولێر بوو، سەباح عەونی، نەجـــات عەبدوول، کازم قــــــادر، مەمەند تاها، نیشتمـــــان حەمـــە ئەحمەد[7].

## کتێبخانەی قوتابخانەو خوێندنگەکان

هەرلەکـــاتـــی دامـــــەزرانــــدنـــــی قوتابخانەو خوێندنگە و پەیمانگـــــــەو زانکـــۆو کۆلێژەکانـــــەوە

بیرلەوەش کراوەتەوە کە کتێبخانەش لەپاڵیاندا بکرێتەوە بۆ هاریکاری و یارمەتی دانی پرۆسەی خوێندن خوێندنەوەو ڕۆشنبیر کردن و زانست و زانیاریەکان لەو مەڵبەندو ناوەندە خوێندن و فێرکارییانەدا. دیارە وەزارەتی پەروەردە ئەوەندەی توانیویەتی دریغی نەکردووەو لەخوێندنگەو قوتابخانەکاندا کتێبخانەی خوێندنگەو قوتابخانەکانی کردوونەوە، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا لەئاستی پێویست و بەرجەستەدا نەبوون و ئەوتۆ نەبوون کە شایەنی باسکردن بن و بۆشاییە پێویستییەکانیان پڕنەکردووەتەوە.

لەقوتابخانەو خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و دەڤەری بیتوێن و پشدەر بەتایبەتی کتێبخانەی خوێندنگەو قوتابخانەکان وەك پێویست نین و ئەوەی هەش بێت لەچەند کتێبێك پتر نین و لەدۆلابێکی بچووکدان و تاکو ئێستا خوێندکارو قوتابیان و مامۆستایانیش سوودیان لێ وەرنەگرتوون.

***بەڕێوەبەری کتێبخانەکانی**

**بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی ڕانیە**

# ئامرازی پێوەندی (ــە)
# لە چەند ئاڵۆزییەکی ڕێزمانیدا

د. شێرکۆ بابان*

## 1ـ دەسپێك

ڕۆڵی ئامرازی (ــە) لەڕێزمانی کوردیدا، زۆر لە ئەوە گرنکتر و ڕەنگینترە، کە بە (نووسین) ێك، یان بە چەند بەسەرکردنەوەیەك یەکلایی بکرێتەوە. لەلایەنی ئێمەوە، ئێمە هەر لەسەرەتاوە، ئەم ئامرازەمان کردووە بە نیشانەیەکی پرسیار و لەبەر چاوی خۆمان دامان ناوە. هەر لەبەر ئەوە، لەئاخاوتنی خەڵکی و لە خوێندنەوەی دەقە نووسراوەکان، کەڵکمان وەرگرتووە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە پەیژەی ڕێزمانەکەیدا سەر کەوتووین و ئێستاش هەر بەردەوامین لەسەر کەوتن. ئەوەش لەیاد نەکەین کە ڕێزمانی ئامرازی (ــە) بریتییە لە گەمەیەکی زۆر زۆر هورد و ئاڵۆز، بەڵام بەتەواوی سفت و خنج و بنەمادار. زاراوەی (سفت) واتای ئەوە دەگەیەنێت کە لە ریزێکی ڕێك و پێکدایە و جێی ئەندازیارییانەی خۆی هەیە و ئەگەر لە جێی خۆیدا نەبێت، بە سفتی داناخەوێت. زاراوەی (خنج) بە واتای ئەوە هاتووە، کە هەل و مەرجەکەی زۆر وردە و ڕوخسارەکەی لەیەك بزوێنی نەگۆڕ (ــە) پێکهاتووە. زاراوەی (بنەمادار)یش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێزمانی ئامرازی (ــە) ناڕێکی پەسەند ناکات. واتە، ڕێزمانەکەی تەواوە و ئەوەی لەبەر چاوی ئێمە بە (ناڕێك) و بە (ناتەواو) دەبینرێت، ئەوە هێشتا تێنەگەیشتوون و لە بڕیارداندا پەلە دەکەین.

لە دوو توێژی ئەم نووسینەدا، جارێکی دیکە و بەشێوەیەکی کاریگەرتر و بە بۆچوونێکی وردتر، ڕوو دەکەین لە ئەو ڕووبەرانەی کە (گێژەن)ێکی ڕێزمانی

ئاڵۆزیان دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەزانین کە ئەمە کۆتـایی ڕێگاکـە نییـە، بـەڵام بریتییە لە چەند هەنگاوێکی هورد و کاریگەر بەرەو ڕێزمانی ئامرازی (ــە).

## 2- ڕوخسار و ئەرکی ئامرازی (ــە):

لە ڕووی ڕوخسارەوە، ئامرازی پێوەندی (ــە) لە یەك (بزوێن) پێکهاتووە و ئەو بزوێنەش سادەیە و هیچ دەنگێکی (خپ) هەڵ ناگرێت. کەواتە، ئەگـەر دەنگێکـی (نامۆ) کەوتە نێو ئەو ڕیزەوە کە ئامرازی (ــە)ی تێدا هەیـە، ئـەوە ئـەو دەنگـە نامۆیە دەگەڕێتەوە بۆ جێیەکی دیکە، هەرچەند کە ئامرازی (ــە) بووبێت بە هۆی دەرخستنی. هەر بۆ نموونە، دەگوترێت:

**نامەکە کەوتووەت(ــە ) سەر زەوی**

لەئەم ڕستەیەدا، دەنگی (ت) نامۆیە لە ڕیزەکەدا و لەهـەمان کاتـدا بـە هـۆی ئامرازی (ــە)ەوە هاتووەتە نێو ڕیزەکە. لەڕاستیدا، ئەو دەنگە نامۆیە (ت) بریتییە لە دەنگێکی (خپ) لە قەوارەی مۆرفیمی ئێستاییدا، وەك:

**نامەکە کەوتوو (ە )**

لەجۆرە هەلومەرجی ئاوهادا، سەری بزوێنی (ــە) لە کلکی مۆرفیمی ئێـستایی (ــە) خشاوە لە ئەو دەنگە خپــە و زینـدووی کردووەتــەوە و بەبڕگـەی (تــە) دەری خستووە. کەواتە، ئامرازی پێوەنـدی (ە) لـە ڕووی ڕوخـسارەوە سـادەیە و ئەگـەر بـووبێتیش بــە هــۆی دەرخـستنی دەنگێکـی (نـامۆ)، ئــەوە ئـەو دەنگــە لــە کەرەستەیەکەوە پەیدا بووە کە کەوتووەتە پێشەوەی.

لەڕووی ئەرکــەوە، ئـامرازی پێوەنـدی (ـــە) بـاڵێکی نـوێ پەیـدا دەکـات لــە میکانیزمی ڕووداوی کارەکەدا. ئەرکی ئەو باڵـەش ئەوەیـە کـە ڕووداوی کارەکـە بەرەو ئاوەڵکارێك بگوێزرێتەوە، وەك:

**پێنووسەکە کەوت (ــە ) ژێر مێزەکە**

لە ئەم ڕستەیەدا، چەند توخمێکی ڕێزمانی هەیە، وەك:

**یەکەم:** توخمی ئاراستەداری هەیە و جۆری ڕووداوی کەوتنەکەی دیاری کردووە.

**دووەم:** توخمی ڕاگوێزی تێدایە و ڕووداوی کاری (کەوتن) ڕاگوێز بـووە بـۆ (ژێـر مێزەکە).

**سێیەم:** بەپێی ئەوەی گوترا، کاتێك کـە وشـەی (پێنووسـەکە) کەوتووەتـە بـەر ڕووداوی کاری (کەوتن)، ڕاگواستنێکی (ئاراستەدار) هاتووە بەسەریدا و ئاوەڵکاری (ژێر) بریتییە لە دوا پێگەی ئەو ڕاگوێزییە ئاراستەدارە.

**چوارەم:** سەرەرای ئەرکی (ڕاگواستن)ی ڕووداوی کارەکە، زۆر جار ئامرازی (ـــە) دەبێـت بـە (واتـا گـۆڕ)، بـە تایبـەتی لـە ئـەو بارانـەدا کـە دەکەوێتـــە پـێش (ئاوەڵکارێکی ڕووت)، وەك دەکرێت:

**- چوون (ـە ) سەر**

وەك دەگوترێت:

**بۆت ناچێتە سەر**

**- دان (ـە ) ناو**

وەك دەگوترێت:

**پۆلیسەکان دزەکان دایـ(ـە ) ناو**

**- دان (ـە ) بەر**

وەك دەگوترێت:

**شیلان ئیشەکەی داوەت (ـە ) بەر**

هەر بۆ نموونە، واتای چاوگی (چوونەسەر) زۆر جیاوازە و گۆڕاوە لە بنجەکەی، کە بریتیە لە (چوونە سەر چشتێك).

## 3- ئامرازی (ـە ) و هەل و مەرجەکانی:

ئامرازی (ـە)، کاتێك کە بریتی بێت لە ئـامرازی پێوەنـدی، ئـەوە لـە قـەوارەی (کار)ێك دایە و لەئەو قەوارەیـەدا، ئـەرکی ڕاگواسـتنێکی ئاراسـتەدار جێبـەجێ دەکات. بەواتایەکی دیکە، ئامرازی (ـە) هەر لە قەوارەی (کار)دا هەیە، نەك لـە قەوارەی (ناو)دا، یان لە قـەوارەی (ئاوەڵنـاو) و (ئـاوەڵگوزارە)دا. لەگـەڵ گـشت ئەوانەشدا، ئەم ئامرازە هەل و مەرجی خۆی هەیە و ئـەو هـەل و مەرجـە بەسـەر قەوارەی (کار) دەچەسپێت، وەك:

**یەکەم:** گشت کاتێك ئامرازی (ـە) دەکەوێـتە دوای کار، نەك پێشی کار، وەك:

**ئێمە چووین (ـە ) ناو ئاوەکە**

لەئەم نموونەیەدا، ناتوانین ئامرازی (ـە) بگوێزینەوە بـۆ پـێش کـاری (چـوون)، مەگەر بە (بزرکاندن).

**دووەم:** ئامرازی (ـە) بریتییە لە پردی پێوەنـدی لـە نێـو ڕووداوی (کـار)ەکـەو (ئاوەڵکارێکی شوێن)دا. لە نموونەی پێشوودا، ئـامرازی (ـــە) پردێکـی دروسـت کردووە لە نێوان ڕووداوی کاری (چوون) و ئاەوڵکاری (نـاو)دا. کەواتـە، هـەبوونی (ئاوەڵکارێکی شوێن) بریتییە لە (بەردی بناغە) لە قەوارەی ئامرازی (ـە)دا و لە ئارایشتی ڕستەی ڕێزمانیدا.

**سێیەم:** وەك ئامرازی (ـە) پردێك لـە نێـوان ڕووداوی (کـار) و (ئاوەڵکـارێکی شوێن)دا دروسـت دەکـات، لەسـەر ئـەو پـردی پێوەندییـە، ڕاگواسـتنێکی (تـاك ئاراستە) هەیە و ڕووداوی کارە یەك ئاراسـتە دەگرێـت، کـە لەسـەر ئاوەڵکارەکـە تەواو دەبێت.

**چوارەم:** وەك ئامرازی (ـە) چووە سەر قەوارەی کارێك، ئەوە دەشێت بـچێتە سـەر گشت ڕێژەکانی، تەنانەت دەچێتە سەر ئەو چاوگەی کە دەبێت بە کۆکەرەوەی گشت ڕێژەکان، وەك:

**چوون (ـە ) ناو .....**

**چوون (ـە ) ژێر .....**

**چوون (ـە ) بەر .....**

**چوون (ـە ) سەر ....**

یان، دەشێت ئاوەڵکارەکە بە (ناوی ئاوەڵکاو) بگۆڕین ، وەك:

**چوون (ـە ) ناوەوە**

**چوون (ـە ) ژێرەوە**

**چوون (ـە ) بەرەوە**

**چوون (ـە ) سەرەوە**

لەهەمان کاتدا، دەشێت ئاوەڵکارەکە بەڕاستەوخۆیی تەواو بکەین، وەك:

**چوون (ـە ) ناو ئاو**

**چوون (ــە ) ژێر ئاو**

**چوون (ــە ) بەر کار**

**چوون (ــە ) سەر کورسی**

## 4- ئامرازی (ــە ) بە پەنامەکی:

زۆر جار ئامرازی (ــە) دەکەوێتــە نێــو ڕیــزەوە و بەدیاردەیــەکی دەنگــسازیانە دادەپۆشرێت. ئەم داپۆشــینەش تــەنیا هــەر ڕوخــسارەکەی دەگرێتــەوە، ئەگــەرنا، واتاکــەی لــە ڕیزەکــەدا هــەر بــە بەرجەســتەیی دەمێنێتــەوەو کاریگــەری خــۆی دەردەخات، وەك:

**پێنووسەکە بخە سەر مێزەکە**

**پێنووسەکە کەوتەوە ژێر مێزەکە**

بەپێی ڕێسای ئامرازی (ــە)کە بریتییە لە ریزبوونی لەجێی ئەم رەگەزانە:

**(کار)، پاشان، (ئامرازی (ـە))، پاشان، (ئاوەڵکار)**

دەشێت ئامرازی (ــە) لەڕیزەکەدا بێت، چونکە ئاوەڵکاری (سەر) و (ژێر) بــەڕیزە کەوتوونەتە پاش کارەکانی (خستن) و (کــەوتن). لــە هــەمان کاتــدا، واتادانــەوەی هەبوونی ئامرازی (ــە) لە پەڕیزی هەر دوو کارەکــەدا زۆر بــەجوانی هەســتی پــێ دەکرێت. سەبارەت بە سەلماندنی ئەو ڕاستییە، دەتوانین ڕستەکان بەچەشــنێك هــەڵ بسووڕێنین، کە ئامرازەکە دەربکەوێت، وەك:

**یەکەم:** لەڕستەی یەکەمدا، ئامرازی (ــە) بە جێناوی فەرمانی ڕاستەوخۆ (ــە) بۆ دووەمین کەسی تاك تێکەڵ بووە. ئەم جێناوەش دەنگێکی (خپ) هەڵ دەگرێت لــە چەشنی (ر)، واتە لە ڕەسەندا بریتییە لە (ەر)، وەك:

**پێنووسەکە بخـ (ــەر) ە سەر مێزەکە**

لەڕاستیدا، ئەگەر خۆ لەگێلی نەدەین و ڕێچکەی زمانی نووسینی ڕێزماندار بەر نەدەین، ئەوە دەبێت دەنگــی خپــی (ر) ونــدا نەکــەین و نــەهێڵین ئــامرازی (ـــە) دابپۆشرێت. بێ گومان، لەجۆرە کردەوەی ئاوهــادا، دوو کــەڵکی کاریگــەر هــەن،

یەکـەمیان بریتییـە لـە دۆزینـەوەی دەنگـی خـپـی (ڕ)، لـە جێنـاوی فـەرمانی ڕاستەوخۆدا. هـەروەها، کـەڵکی دووەم بریتییـە لـە دەرخـستنی ئامرازەکـە لـە (وندابوون) لە ڕیزی ڕەگەزە ڕێزمانییەکاندا.
**دووەم:** لەڕستەی دووەمدا، کە بریتییە لە:

**پێنووسەکە کەوتەوە ژێر مێزەکە**

ئامرازی (ـە) ئاوێتە بووە لەگەڵ (ـــە)، کـە بریتییـە لـە دەنگـی سـێیەم لـە پاشگری دووپاتی (ەوە)دا، لە ئەم هەل و مەرجەدا، ڕێزمانەکە ڕێ نـادات و هـیچ دیاردەیەکی ڕێزمانی ئاوها نییە، کە بتوانێت ئـامرازی (ـــە) لـە پاشـگری (ەوە) جودا بکاتەوە. هەر لەبەر ئەوە، دەشێت پاشگری دووپاتی (ەوە) لاببەین و واتـای ڕستەکە بگۆڕین، تا بە چاوی خۆمان ئامرازەکە لە ڕیزەکەدا ببینین ، وەك:
**پێنووسەکە کەوتـ (ـە ) ژێر مێزەکە**

## 5- هەل و مەرجەکانی خستنەبری:

لەگشت نووسینەکاندا، هەوڵمان داوە کە نەهێڵین ئامرازی پێوەندی (ـە) بخرێتـە بری ئامرازی دیکە. زۆر جاریش نەمان هێشتووە، کە لە دەقـی نووسینەکانیـشدا، ئەو جۆرە پەرپووتییە دەربکەوێت، بەڵام بەهۆی چاپکردنەوە و بە هەڵەی کەسـانی دیکەوە، ئەو دیاردەیە ڕووی داوە. لە ئێرەشدا، دەمانەوێت جارێکی دیکە کێشەکە بە جۆرێکی دیکە گەمارۆ بدەینەوە و ئـەو هـەل و مەرجانـە دیـاری بکـەین کـە دیاردەی خستنە بەری تێدا ڕوودەدات:

**یەکەم:** وەك لەگشت نووسینەکاندا گوتوومانە، ئامرازی پێوەندی تـەنیا و تـەنیا هەر لە (قەوارەی کار)دا هەیە، ناشێت و نابێت لە قەوارەی ئاوەڵگوزارەدا یـان لـە قەوارەی ناودا هەبێت. واتە، ئامرازی (ـە)، ئەگەر بە (ناڕێزمان) بخرێتە جێیـەك، ئەوە دەخرێتە جێی ئەو ئامرازانەی کە لـە قـەوارەی کـاردان، نـەك لـە قـەوارەی بابەتەکانی دیکەدا.
**دووەم:** ئەگەر بیر بکۆشـین لەئاسـتی خـاڵی سـەرەوە، تـێ دەگـەین کـە دیـاری (خستنەبری) لە ئامرازی (ـە)دا، تەنیا لە ئەو کارانەدا هەیـە کـە (ئـامرازدار)ن.

کەواتە، وەك ئامرازی (ــە) لـە قـەوارەی کاردایـە، دەشـێت بـچێتە جێـی ئـەو ئامرازانەی کە ئەرکی چێ کردنی کاری (ئامرازدار) یان هەیە.

**سێیەم:** بە پێی ئەو دوو خاڵەی پێشەوە، دەشێت ئامرازی (ــە) وەك (ئەنـدازە) بەکار بهێنین بۆ دانانی (هێڵی سوور)، لە نێوان دوو جـۆر لـە ئـامرازی پێوەنـدی. یەکەم جـۆر بریتییـە لـە ئـەو ئامرازانـەی کـە لـە (قـەوارەی کـار) دان و کـاری (ئامرازدار) یان چێ کردووە و دووەم جـۆر بریتییـە لـە ئـەو ئامرازانـەی کـە لـە (قەوارەی ئاوەڵگوزارە) دان و لە قەوارەی (کار)دا نین.

**چـوارەم:** ئـامرازی پێوەنـدی (بـە) لەبـەر ئـەوەی بـە تـوخمی (گواسـتنەوە) و (ئاوەڵکار)ەوە ئاڵوودە و ئاوێتەیە، دەشێت بە شێوازێکی ئاسانتر بە ئامرازی (ــە) بگۆڕرێت.

**تۆ گەیشتیت ( بە ) هەولێر: تۆ گەیشتیتە هەولێر**

**تۆ گەیشتیت ( بە ) شیلان: تۆ گەیشتیتە شیلان**

بەسەرنجێکی ورد و زرنگ، دەتوانین (ئاوەڵکار)یش ڕیز بکەین، وەك:

**تۆ گەیشتیتە هەولێر : تۆ گەیشتیتە نێو هەولێر**

**تۆ گەیشتیتە شیلان: تۆ گەیشتیتە لای شیلان**

**پێنجەم:** بە پێی ئەوەی گوترا، تەنیا هەر ئامرازەکانی (کاری ئامرازدار) دەتـوانن بن بە ئامرازی (ــە). لە ئەم ڕووەوە، دەتوانین ڕوو بکەین لە چەند جۆرێکی دیکـە لە ئامرازی (بە) کە بە هیچ جۆرێك ناشێت و نابێت بە ئامرازی (ــە) بگـۆڕرێن، وەك:

1- ئاوەڵگوزارەی دەستەبەرەی ڕووداو:

**شیلان ( بەدەست ) نان دەخوات**

2- ئاوەڵگوزارەی شێوازگری ڕووداو:

**شیلان ( بەجوانی ) ئیشەکەی کرد**

3- ئاوەڵگوزارەی نرخ و بایی:

**شیلان ( بە دوو دینار ) کراسەکەی فرۆشت**

4- ئامرازی تێ پەڕاندن (دووجار تێپەڕ):

**من ئەو کراسەم ( بە شیلان ) کڕی**

5- تێپەڕاندن بەکاری (دان):

**من ئەو کراسەم ( بەکرد ) داوە**

بێ گومان لە ئەو نموونانەدا، ئامرازی (بە) لە چەند بابەتێکدا دەرکەوتووە و ئەو بابەتانە بە هیچ جۆرێك لە (قەوارەی کار)دا نین. هەر لەبەر ئەوەیە کە ناتوانین هیچ ئامرازێك لە ئەو نموونانە بگۆڕین بە ئـامرازی (ــە). بـە واتایـەکی دیکـە، ئـەو ئامرازانەی سەرەوە، ئەو توخمانە هەڵناگرن کـە لـە ئـامرازی (ــە)دا هەیـە، وەك (توخمی گواستنەوە، توخمی ئاراستە، توخمی ئاوەڵکار). بەڵام لە نموونەیەکدا، وەك:

**کراسەکەم دا ( بە ) شیلان:**

**کراسەکە( م ) دای(ــە ) دەست شیلان**

هەرسێ توخم هەیە لە هەردوو ئامرازەکەدا، هەر لەبەر ئەوە دیاردەی (خـستنە بری) بەڕادەیەکی باش ڕووی داوە.

**شەشەم:** لەئاستی ئامرازی پێوەندی (بۆ) بابەتەکە نەختێك ئـاڵۆزە، چـونکە دوو توخمی تێدا هەیە لە چەشنی (توخمی گواستنەوە و توخمی ئاراستە). واتە، (توخمی ئاوەڵکار)ی تێ دا نییە. لە نموونەیەکدا وەك:

**ناردی ( بۆ ) هەولێر: نارد ی(ــە ) هەولێر**

دەشێت وشەی (هەولێر) جێی ئاوەڵکارەکە بگرێتەوە. هەر لەبەر ئـەوە دەشـێت کە ئامرازی (بۆ) بگۆڕین بۆ ئامرازی (ــە). لە نموونەیەکی دیکەدا، وەك:

**تۆ ناردت ( بۆ ) شیلان**

ناتوانین ئامرازی (ــە) بخەینە بری ئامرازی (بۆ) چونکە وشەی (شیلان) تـوخمی ئاوەڵکاری تێدا نییە. هەر بۆ نموونە دەشێت (ئاوەڵکار) ێك بکەینە سەربار، وەك:

**تۆ ناردت (بۆ) بۆ شیلان : تۆ ناردتـ (ــە ) لای شیلان**

لەئێرەدا، دەبینین کە ئاوەڵکاری (لا) بەواتای (کن، دەف) کێشەکەی چارەسەر کردووە. هەر لەبەر ئەوە، دەتوانیین بڵێین، (خستنەبەری) لەنێوان ئامرازی (بۆ) و ئامرازی (ـە)دا بە (خێچی) و بە (لەنگی) پیادە دەکرێت، چونکە هەردوو ئامرازەکە لە (توخمی واتایی)دا لەیەکدی جیاوازن.

بەکورتی و بە کوردی، دیاردەی خستنە بری، تەنیا و تەنیا ئەگەر هەبێت لە ئاستی (کاری ئامراز)دا هەیە و ئەو دیاردەیە لە نێو (قەوارەی کار) دایە، نەك هیچ قەوارەیەکی دیکە. لەگەڵ ئەوەشدا، خستنە بری تەواو کاتێك بەتەواوی ڕوو دەدات کە توخمە واتاییەکانی هەر دوو ئامرازەکە بە سفتی و بە هوردی بەرانبەر بەیەکدی بن.

**پوختەکاری:**

*ئامرازی پێوەندی ڕوخسارێکی پەتی و سادەی هەیە و لە بزوێنی (ـــە) پێك هاتووە. واتە، ئامرازی (ـە) هیچ دەنگێکی خپ (silent) لە ناخی خۆیدا هەڵناگرێت.

*ئامرازی پێوەندی (ـە) لە پەرێزی (ڕێزمانی کار) دایە و لە هەرجێیەکی دیکەدا دەربکەوێت، ئەوە بەهەڵە لێك دراوەتەوە.

*ئامرازی پێوەندی (ـە) لە نووکەوە دەلکێت بە دوا کۆلکەی کارەوە و لە کلکەوە بارگەیەك هەڵ دەگرێت، لە چەشنی (ئاوەڵکار).

*بەپێی خاڵی پێشوو، ئامرازی (ـە) دەبێت بە (گۆنجێنەر) بۆ گواستنەوەی (ڕووداوی کار) بۆ سەر ئاوەڵکاری شوێن.

*زۆر جار ئامرازی (ـە) وندا دەبێت لـە (شـەڕەبزوێن)دا، بـەڵام دەبێـت چـاوی ڕێزمانی بیدۆزێتەوە.

*نارێکترین کردەوە لە ئاستی ئامرازی پێوەندی (ـە) بریتییە لە (خـستنەبەری) ئەم ئامرازە لەجێی ئامرازەکانی دیکە. بێ گومان، نزیکترین ئامرازی پێوەندی لە ئامرازی (ـە) بریتیە لە ئـامرازی (بـە)، بەتایبـەتی لـە ئـەو بەکارهێنانـەدا کـە (ئاراستەداری) دیاری بکات.

*ئێمە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەو کردەوەیەدا نـین کـە پـەرێزی ئـامرازی (ــە) تێکەڵ و پێکەڵ بکرێت لەگەڵ ئامرازەکانی دیکە، چونکە هەر ئامرازێك ئەرك و بەکارهێنانی خۆی هەیە.

**سەرچاوە:**

*د. شێرکۆ بابان، هەندێك لە نووسینە بلاوکراوەکانی خۆمان لەمـەڕ (ئـامرازی پێوەندی).

*مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا 1976.

*نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی 1960.

***پرۆفیسۆری هاریکار**

# خۆفێرکردن

و: پەروەردە و فێرکردن

## پێناسەی خۆفێرکردن

ئەو چالاکییە فێربوونەیە کە فێرخواز بەخۆی ئەنجامی دەدات و ئارەزوویەکی خۆیی پاڵی پێوە دەنێت بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناو ئامادەگییەکانی خۆی بە مەبەستی بەرسڤدانەوەی ئارەزوو و بایەخ پێدانەکانی خۆی، بە شێوەیەك پەرە بە کەسایەتی خۆی بدات و بیگەیەنێتە ئاستی بەرز و سەرکەوتووانە، تا تێکەڵاوی کۆمەڵ ببێت، ئەویش لە ڕێگەی پشت بە خۆبەستن و بڕوابوون بە توانای خۆی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا، بەو شێوەیەیش فێرخواز فێردەکەین چۆن فێر ببێت و لە کۆیوە سەرچاوەکانی فێربوون دەسەتەبەر بکات.

## بایەخی خۆفێرکردن

1ـ خۆفێرکردن ئەوساو ئێستەیش لەلایەن دەروونناسان و پەروەردەکارانەوە بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت، بەوەی کە باشترین شێوەی فێربوونە، لەبەر ئەوەی فێربوونێکی باش بۆ هەر فێرخوازێك دەستەبەر دەکات لەگەڵ تواناو خێرایی شت فێربوونیدا دەگونجێت و پشت بەو ئارەزوو و نیازەی دەبەستێت کە بەرانبەر بە فێربوون هەیەتی.

2ـ فێرخواز ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانەو چالاك لە فێربووندا وەردەگرێت.

3ـ خۆفێرکردن وا لە فێرخواز دەکات شارەزایی بنەڕەتی پێویست فێر ببێت بۆ ئەوەی درێژە بە پرۆسەی

خۆفێرکردنەکە بدات و بە درێژایـــــــی ژیانی لەگەڵیدا بەردەوام بێت.

4ـ ئامادەکردنی ڕۆڵەکانی خۆی بۆ ئایندە و وایان ڕابهێنێت کە بە خۆیان پشت بەخۆیان ببەستن.

5ـ ڕاهێنانـــــی قوتابیان لەسەر چارەسەرکردنی کێشـــــــەکان و، دروستکردنی ژینگەیەکی بەپیت بۆ داهێنان.

6ـ لەڕووی زانیارییەوە جیهان تەقینەوەیەکی پەرەئەستێن بەخۆوە دەبینێت کــە سستم و شێوازەکانی فێرکردن نـــاتوانـن پێیانڕا بگــــــەن، ئەمەیش پێویست بە ستراتیژییەتێك دەکات وا لە فێرخواز بکات فێـــــری کارامەییەکانی خۆفێرکــــردن ببێت و لە دەرەوەی فێرگەو بە درێژایی ژیان لەگەڵیدا بەردەوام بێت.

## ئامانجەکانی خۆفێرکردن

1ـ دەستەبەرکردنی شارەزایی و نەریتـــــی فێربونـــــــی بــەردەوام بۆ درێژەدان بە پرۆسەی خۆفێرکردن بە خودی خۆی.

2ـ تاك بــــەخۆی بەرپرسیاریەتی خۆفێرکـــــردنی خۆی لە ئـــەستــــۆ دەگرێت.

3ـ بەشـــــداریکردن لە پرۆســـــەی خۆنۆژەنکردنەوەی کۆمەڵ.

4ـ دروستکـــــردنی کـــــۆمەڵێکی بەردەوام عەبداڵی فێربوون.

5ـ بەدیهێنانـــــی پــــــــەروەردەی بەردەوام بە درێژایی ژیان.

## کارامەییەکانی خۆفێرکرن

پێویستــە فێرخواز شـــــارەزایـــــی پێویستی بۆ خۆفێرکردن پێ بدرێت واتە فێری ئەو شێوازە بکرێت کە چۆن فێر دەبێت.

لەو شارەزاییانەیش:

1ـ کارامەییەکانی بەشداری کردن لە ڕادەربڕین.

2ـ کـارامــــەییـــــــەکانـــی خۆهەڵسەنگانـــدن.

3ـ ڕێزگرتن لە هاریکاری.

4ـ ســــــوودوەرگرتـــــن لـــەو ئاسانکارییانـــــەی لـــە ژینگـــــەی خۆجێیەتیدا هەیە.

5ـ ئامادەیی بۆ فێربوون.

## جۆرەکانی خۆفێرکردن

### یەکەم: خۆفێرکردنی پرۆگرام بۆ دانراو

بەبێ یارمەتی مامۆستا ئەنجام دەدرێت و فێرخواز بەخۆی بڕێك لەو زانیاری و شارەزایی و ئاراستەو نەریتانە فێر دەبێت کە ئەو بەرنامە دەستنیشانیان دەکات کە لەبەر دەستیدایە، ئەویش بە هۆی هۆکارو ئامێرو ئامرازەکانی فێرکردنەوە (بابەتی چاپکراوی فێرکردن یان بەرنامەی ناو کۆمپیووتەر یان سەر کاسێتی دەنگی یان بینراو لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو یان کەرەستەیەك یان بەشێك لە بابەتێك)، ئەم بەرنامانە هەل لەبەردەم هەر فێرخوازێکدا دەرەخسێنن بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندنی خۆی بدات بەپێی خێرایی خۆی لەگەڵ هەبوونی فیدباکی بەردەوام و پێشکەشکردنی پتەوکردنی گونجاو بۆ زیادکردنی هاندەرەکان. پتر لە یەك شێواز بۆ بەرنامەداڕێژی بابەتەکانی خوێندن هەیە:

**أ- پرۆگرامدانانی هێڵیانە:**

ئەم پرۆگرامە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی بابەتی خوێندن بۆ چەند بەشێك دامەزراوە هەر یەکەیان بە چوارچێوە ناو دەبرێت و بە هێڵێکی ڕاست یەك بە دوای یەکدا دێن و پرسیارەکان بە شێوەیك دەخرێنە ڕوو فێرخواز بیر دەکاتەوەو وەڵامەکەی دەنووسێت، دوایی دەچێتە سەر چوارچێوەکەی دیکە کە لەوێ وەڵامی دروست دەبینێت و ئیدی بەو شێوەیە درێژەی پێ دەدات.

**ب ـ پرۆگرامی لق و پۆدار:**

لێرەدا چوارچێوەکان بە چواچێوەی لق و پۆدارەوە پەیوەستن کە پتر لە یەك هزر لەخۆ دەگرن و، پرسیاریش لە شێوەی هەڵبژاردن دەبێت لە چەند وەڵامێك، فێرخواز وەڵامەکە هەڵدەبژێرێت ئەگەر وەڵامەکەی دروست بوو دەچێتە چوارچێوەی دواتری سەرەکی، ئەگەر وەڵامەکە دروست نەبوو، لە نێو چوارچێوە لق و پۆدارەکاندا

ئەو چوارچێوەیە دەگرێت کە هەڵەکەی بۆ ڕاست دەکاتەوە پاشان بۆ هەڵبژاردنی وەڵامی دروست بەرەو چوارچێوەی دیکەی کار ئاراستە دەبێت، دوای ئەوەی بە چوارچێوەی چارەسەریدا تێدەپەڕێت بۆ چوارچێوەی سەرەکی دەگەڕێتەوەو درێژەی پێ دەدات.

**ئەو گلەییانەی لەم شێوازە دەکرێن:**

1ـ بابەتی فێربوونەکە بە گۆکردن کۆنترۆڵ کراوە.

2ـ تێکەڵبوونی تاک لەگەڵ گرووپ هەڵدەوەشێنێتەوە.

3ـ تەنیا یەك شارەزایی پێشکەش دەکات و نوێ کردنەوەو داهێنان لای فێرخوازان بەخۆوە نابینێت.

**دووەم: خۆفێرکردن بە کۆمپیووتەر**

کۆمپیووتەر بە فاکتەرێکی نموونەیی خۆفێرکردن دادەنرێت، جیاوازی تاك و خێرایی خۆیی فێرخواز ڕەچاو دەکات و زۆر بەرنامەی تایبەت بە ڕێ پیشاندانی فێرخوازو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لە بواری پسپۆری و بواری یارییەکاندا هەن (زانیاری و کارامەیی جۆراوجۆر) لە ئاستی جیاجیادا کاتێك ئاستی یەکەم فێربێت دەچێتە ئاستی دووەم.

**ئەو گلەییانەی لەم شێوازە دەکرێن:**

1ـ گرانی نرخ و تێچووی ئامێرو بەرنامەکان.

2ـ پشت گوێ خستنی لایەنی مرۆیی.

3ـ تێکەڵاوبوونی نێوان فێرخوازو ئامێرەکە.

## سێیەم: خۆفێرکردن بە هەگبەو ڕوزمەی فێرکردن

هەگبەی فێرکردن بەرنامەیەکە بە شێوەیەکی پوخت و مکوم ڕێك خراوە، پێشنیازی کۆمەڵێك چالاکی و ئەڵتەرناتیڤی فێرکردن دەکات کە یارمەتی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو دەدات و، پشت بە پرەنسیپەکانی خۆفێرکردن دەبەستێت کە پاڵ بە فێرخوازەوە دەنێت تێکەڵاوی بابەتەکە ببێت بە پێی توانای پێڕەوکردنی ڕێبازێکی دیاریکراوی فێربوون، ئەم بەرنامەیە

بابەتی ڕێك و پێك و پێکەوەبەندی چاپکراو یان وێنەگیراوی فێرکردن لە خۆدەگرێت، هەگبەکە لە چەند ئۆرگانێك پێکدێت.

## چوارەم: بەرنامەی یەکە بچووکەکان

ئەم بەرنامانە لە یەکەی دیاریکراو پێکدێت کە بەشێوەیەکی یەك بە دوای یەکدا ڕێکخراون، فێرخواز ئازادە بە پێی خێرایی خۆی بەرەو پێشەوە بڕوات و فێر ببێت، بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەیش ناوەڕۆکەکە بەسەر چەند یەکەیەکی بچووکدا دابەش کراوەو هەر یەکەش لە ڕووی ڕەفتارەوە ئامانجی دیاریکراوی هەیە، بۆ دەستنیشانکردنی خاڵی گونجاوی دەست پێکردنیش پێویست بە تێپەڕاندنی چەندین تاقیکردنەوە دەکات، پاش تەواوکردنی فێربوونی یەکەکە فێرخواز تاقیکردنەیەکی هەڵسەنگاندانەی بۆ دەکرێت تا ئاستی ئامادەیی بۆ ڕۆیشتنە نێو یەکەی دواترەوە بزانرێت، ئەگەر تاقیکردنەوەکە کاریگەرانە نەبوو، ئەو کات فێربوونی یەکەکە دووبارە دەکاتەوە تا بە تەواوەتی فێر دەبێت.

## پێنجەم: بەرنامەی پەروەردەی ئاراستەکراوی تاك

پرۆگرامەکانی هەر بابەتێك لەم بەرنامانەدا بەسەر چوار ئاستدا دابەش کراون ( أ ـ ب ـ ج ـ د) بۆیە فێرخواز پاش فێربوونی ئاستی پێشووی هەر بابەتێك دەچێتە ئاستی دواترەوە، ئەویش بە پێی خێرایی خۆی و بەو شێوازەی کە ئارەزووی دەکات و لەگەڵ تایبەتمەندی و تواناکانیدا دەگونجێت، لێرەدا مامۆستاو فێرخواز لە دەستنیشانکردنی ئامانج و چالاکی و هەڵسەنگاندندا بەشداری دەکەن.

## شەشەم: شێوازی فێربوون

## بۆ باشتر زانین

ئەم فێربوونە بە پێی سێ قۆناغی بنەڕەتی ئەنجام دەگرێت:

**1ـ قۆناغی ئامادەکردن:** بریتی دەبێت لە دابەشکردنی ناوەڕۆك بەسەر چەند یەکەی بچووکدا کە هەر یەکەیان لە ڕووی ڕەفتارو هەڵس و کەوتەوە ئامانجی هەیە لەگەڵ ئامادەکردنی ڕێبەرێك بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ پتر لە نموونەیەك بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی و، هەڵسەنگاندنی دەستنیشانکردن و تاقیکردنەوەکانی لەوەپێش بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی هەر فێرخوازێك و خاڵی سەرەتا لە هەر پرۆسەیەکی فێربووندا.

**2ـ قۆناغی فێربوونی پرەکتیکی:** ئەم قۆناغە لێکۆڵینەوەی بابەتە زانستییەکەی هەر یەکەیەك و تەواو فێربوونی لەلایەن فێرخوازەوە لەخۆ دەگرێت، نابێت فێرخواز لە یەکەیەکەوە بچێتە یەکەیەکی دیکە تا یەکەی پێشتر بە باشی فێر نەبێت.

**3ـ قۆناغی دڵنیابوون لە باش فێربوون:**

مەبەستی دڵنیابوونە لە بەدیهاتنی هەموو ئامانجە دیاریکراوەکانی هەر یەکەیەکی فێربوون یان ئەوەی بڕیارە فێری ببێت ئەویش بە ئاستێکی باش، هەروەها هەڵسەنگاندنی کۆتایی هەر یەکەیەکی فێربوون لەخۆ دەگرێت و، یەکسەریش تاقیکردنەوەکە ڕاست دەکرێتەوەو فێرخواز لە ئاکامی فێربوونەکە ئاگەدار دەکرێتەوە، ئەگەر سەرکەوتووانە تاقیکردنەوەکەی تێپەڕاند ئەو کات دەچێتە یەکەی دواترەوە تا لە خوێندن و فێربوونی هەموو یەکەکانی بەرنامەکە دەبێتەوە کە بڕیاریان لەسەر دراوە، ئەم قۆناغە بەکارهێنانی فێربوونی چارەسەریانە لەخۆ دەگرێت، چونکە ئەو فێرخوازەی لە تاقیکردنەوەی

کۆتایی یەکەکە سەرنەوکەوتووە دوو ڕێگەچارەی بۆ دەستنیشان دەکرێت، یان دەبێت یەکەکە دووبارە بکاتەوە یان زانیاری ئەڵتەرناتیڤی پێ دەدرێت وەك بینینی فیلمی فێرکردن یان موحازەرەیەکی دیاریکراو، هەروەها هەڵسەنگاندێکی کۆتایی هەموو یەکە بڕیار لەسەر دراوەکان لەخۆ دەگرێت و فێرخوازان لە ئاکامەکانیان ئاگەدار دەکرێنەوە، ئەگەر فێرخواز گەیشتە ئەو ئاستەی خوازراوە ئەو کات لە بابەتە بڕیار لەسەر دراوەکە سەردەکەوێت. بەڵام ئەگەر ئاستی خوازراو بەدەست نەهێنێت ئەوە ڕادەسپێررێت جارێکی دیکە بابەتە بڕیار لەسەر دراوەکان دووبارە بکاتەوە یان ڕادەسپێررێت چالاکی چارەسەریانە ئەنجام بدات.

## حەوتەم: بنکەکانی فێرکردن لە پۆلدا

ژینگەیەکی تایبەت بە فێرخوازو ئامرازی جۆراوجۆرو چالاکی جۆراجۆر لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت ئەم بنکانە لە ژووری پۆل یان دەرەوەی پۆل ئەنجام بدرێن، بە باشتریش دەزانرێت کە بنکەی فێربوونەکە نیوەچڵی داخراو بێت ئەویش بە دانانی ناوبڕ لە نێوان هەر شوێنی دانیشتنیکدا (کورسی) بۆ ئەوەی هەر یەکەیان ئەوی دیکە نەبینێت، ئەم بنکانە بۆ بەکارهێنانی پێشکەشکردنی زانیاری نوێ بە شێوەیەك تاك یان ئەنجامدانی ڕاهێنان بۆ چەسپاندن و پتەوترکردنی فێربوونێکی پێشتر بەکار دەهێنرێن، هەروەها دەکرێت وەك بنکەیەکی چارەسەرکردن بۆ یارمەتیدانی ئەو فێرخوازانە بەکار بهێنرێن کە لە هەندێك بواردا پێویستیان بە بەهێزکردن هەیە، ئەمەیش نمونەی ئەو بنکانەن:

### 1ـ گۆشەی فێربوون:

کە بریتییە لە گۆشەیەك لە ژووری پۆلدا کۆمەڵێکی جۆراوجۆری چالاکی و بابەت لەخۆدەگرێت کە فێرخوازان بە شێوەی تاك ئەنجامیان دەدەن ئەویش لە پێناوی چەند

ئامانجێکی دیاریکراوی فێرکردنـــــدا کە ئەم خەسڵەتانەیان هەیە:

*لەڕووی ئاستـــــــی گـــرانییەوە، چالاکییەکـــــان پلە بە پلە بـــــە دوای یەکدا دێن.

*چەند برگــــــە هەڵبژاردنێك لەخۆ دەگرێت و کتێبی خوێندن و گۆڤاری بۆ ئاستە جیاجیاکانی خوێندنەوە تێدایە، لەگــــــەڵ یاری پەروەردەیی، کاسێتـــی ڤیدیۆیی و کاسێتی دەنگ و شتـــــی دیکە.

*شێوازی تۆمارکردنی بەڵگەیی ئەو چالاکییانە لەخۆ دەگرێت کە تــــــەواو دەکرێن.

*ڕێنوێنـــــــی لەبـــــــارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنـــــی چالاکــــی و شێوازی هەڵسەنگاندن لەخۆ دەگرێت.

*پێویست ناکات مامۆستـــــا لەو گۆشەیە ئامادە بێت.

## 2ـ بنکەی بایەخ پێ دانەکان:

مەبەستی ئەم بنکـــــــەیە ئەوەیـــە ئارەزووی فێـــــرخـــــوازان بدۆزێتەوەو پەرەیان پێ بدات وەك :

+ وێنە لەبارەی ژینگەوە

+ ئەو کێشانەی پێویستیـــــــان بە چارەسەرکردنە هەنگاوی کارکردن بـــــۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستییانە.

## 3ـ گرووپی خۆفێرکردن:

بریتییە لە پێنج تا هەشت فێرخواز بەبێ یارمەتی مامۆستـــــا هاریکاری یەکدی دەکەن بۆ ئـــــەوەی یەکدی فێر بکەن..

کێشەیەك یان ئەرکێك یان پرسێك بە گـــــرووپەکــــــە دەدرێت لە نێـــو خۆیانـــــدا لێــــــــی دەکۆڵنـــــــەوەو، هــــەر گـــرووپێـــك بڕیاردەرێکی هەیە بیرو ڕاکانیان تۆمار دەکات، لە کۆتایی تاوتوێ کردنەکــــــەدا بــــــڕیاردەر ئەو ئەنجامانـــــە دەخاتـــــە ڕوو کە پێیان گەیشتوون.

## ڕۆڵی مامۆستا لە خۆفێرکردندا

ڕۆڵــــی مــــــامۆستا لــەسایـــــەی ستراتیژیەتــــی خۆفێرکردنـــدا لە ڕۆڵی ئاسایی خـــــــۆی کە گواستنەوەی زانیاری و فێرکردنی قوتابییانە دوور دەکەوێتەوەو، ڕۆڵــــی ئاراستـــــەکارو ئامۆژگاریکـــــاری قوتابیـــــان لەخۆ دەگرێت، ئەو ڕۆڵەیش بەم شێـــــوەی خوارەوە دەردەکەوێت:

1ـ زانینی توانـــــــای فێرخوازان و ئارەزوو و ڕێڕەویان ئەویش لە ئاکامی تێـــــبینـــــی ڕاستـــــەوخـــــۆو تاقیکردنەوەی هـــــەڵســـــەنگاندنی بنیاتنانی و کـــۆتایی و دەستنیشـــان کردن و پێشکەشکـــــردنی یارمەتی پێویست بە فێرخواز بۆ پەرەپێدانـــــی تواناو ئارەزوو و ڕێڕەوەکانی.

2ـ ئامـــــادەکردنی بابەتەکـــــانی فێرکردن وەك ڕوزمەی فێرکـــــردن و، سەرچاوەی فێربوون و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نویَ وەك تەلەفزیۆن و فیلـــم و کۆمپیووتـــەر لە کاتـــــی خۆفێرکردندا.

3ـ ئاراستەکردنی فێرخـــوازان بۆ ئـــــەوەی ئامانجەلێك هەڵبژێرن لەگەڵ خاڵی دەستـــپێکدا بگونجێـــــن کە تاقیکردنەوەی دەستـــــنیشانکـــــردن دیاری کردووە.

4ـ ڕاهێنانی فێرخوازان لەســــەر کارامەیی نووسینگەیی کە بریتین لە: کارامەیی گەیشتن بە زانیــــاری و سەرچاوەکانی فێربوون و کارامەیـــــی بەکارهێنانی زانستییـــــانــــــەی سەرچاوەکان و کارامەیـــــی یاریدەرە پەروەردەییەکان کە لــــە کتێبخانەی قوتابخانە یان لە دەرەوە دەستەبـــەر کراون.

5ـ دانانی پـــلانی چارەسەرکردن کە وا لە فێرخـــواز دەکات کەلێنـــەکـــان پـــڕ بکـــاتـــەوەو شــــــارەزاییە پێویستییەکانیشی تەواو بکات.

6ـ ڕۆڵی ڕاوێژکاری هاریکار لەگەڵ فێرخوازاندا دەگێڕێت لە هەمـــــوو قۆناغەکانی فێربوونـــدا لە پلاندانـــان و جـــێبـــەجـــێکـــــردن و هەڵسەنگاندنــــدا.

**سەرچاوە:**

www.almualem.net

# ئەرك و مافەكانی مامۆستا

# ( نموونەی بەریتانیا )

ن: كنیت ئایرلاند
و: موكەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

**ئەمە دووەمین بەشی كتێبی ( ئەرك و مافەكانی مامۆستا )یە، لەنووسینی (كنیت ئایرلاند) كە (د. محەمەد شەحات ئەلخەتیب) كردوویەتی بە عەرەبی و ئێمەیش بە پێویستمان زانی بیخەینە بەردەستی خوێنەرو پەروەردەكاران بۆئەوەی سوودی لێ وەربگیرێت و یەكەمین بەشی ئەم كتێبە لە ژمارە ( 1 )ی ئەم گۆڤارەدا بڵاوبووەتەوە.**

(2)
پاژی دووەم

## دەركردن و ڕاگرتن و خانەنشین كردن

### یەكەم: دەركردن

شتێكی ئەوەندە دژوار نییە دەستەڵات مامۆستا لەسەر كار دەربكات، بەڵام زۆر پێویستە ئەوە لەبەر هۆیەكی مەترسیدار بێت و پێش ئەوەی بڕیاری دەركردنەكە جێبەجێ بێت بە بەڵگە بسەلمێنرێت. ئەگەر پێویست بوو ژمارەی كارمەندان لە قوتابخانە كەم بكرێتەوە، ئەوە دەستەڵات ناچارەو هیچ ئەلتەرناتیڤێكی لەبەردەمدا نامێنێتەوە ئەوە نەبێت ژمارەیەك لە كارمەندان دەربكات، بەردەوامیش ڕاوێژكاری لەگەڵ كۆمەڵە پیشەییەكاندا دەكرێت ئەگەر

هات و کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندەکان زۆر پێویست بوو، زۆر جاریش ئەو هەنگاوانە وەردەگیرێـــن کـــــە دەبـــنـــــە هــــۆی کەمـــکـــردنەوەی کاریگەری دەست لێ هەڵگرتنی ئەو کارمەندانە.

دەکرێت هـــەر یەك لە هەردوو لا گرێبەستی مـــامۆستا کۆتایی پێ بهێنن بە مەرجێك لە کاتی گونجاودا ئەو کارە ڕابگەیەنرێت، هەروەها خاوەند کار مافی ئەوەی هەیە بڕیاری دەرکـــــردن بـــــە مـــامـــــۆســـــتا ڕابگەیەنێت وەك چۆن مامۆستایش دەتوانێت، لێ لە حاڵەتی خاوەند کاردا پێویستە مەرجەکانی یاسای پارێزگاری کردن لە دامـــــەزراندنی کارمەندان ڕەچـــــاو بکـــــرێت.

لەســـەر ئـــاستـــــی نەتەوەیـــــی لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە دەکرێت گرێبەستی مامۆستا کۆتایی پێ بهێنرێت دوای دوو مانـــگ پـــاش ئـــەوەی پێی ڕادەگەیەنرێت کـــــە گـــرێبەستەکەی کۆتایـــــی پـــــێ دەهێنرێت ئەویش لە 31ی دێسەمبەر یان 30 ئەپریل یان لە ماوەی سێ مانگدا کە لە 31ی ئاب کۆتایی دێـــت.

پێـــویـــســـــتـــــە دەســـــــت لەکـــارکێشـــانـــەوە یـــان ڕاگەیەنـــراوی دەرکردنی مامۆستایانی یاریدەدەر لە 31ی ئوکتۆبەر یان پێش ئەو کاتە پێشکەش بکرێت، لە کاتـــــی کۆتایی هاتنی قۆناغی خـــوێندن لە پاییز، یان لە دوایەمین ڕۆژی مانگی فبرایەر لە کۆتایی قۆناغی یەکەمی خوێندن لە بەهارداو، لە 31ی مایۆ لەکۆتایی قـــــۆناغی هاوینەی خـــوێندن گرێبەستی بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕێ بەوە دەدات بە سێ مانگ یان چوار مانـــگ پێش دەرکردن بـــڕیاری دەرکـــــردنەکـــەی پێ ڕابگەیەنرێت ئەگەر هات و ئەو بە خۆی نیازی دەست لەکارکێشانەوەی هـــەبوو ئەویش لە 31ی ئاب.

### 1/1 تاقیکردنەوە

هەموو مامۆســـتا نوێیەکان بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ لە حاڵەتـــــی تاقیکردنەوەدا دەبن. بەڵام ئەگەر مامۆستاکە دەرچوویەك بوو لە

بابەتێکدا خولی نەدیبێت کە ژمارەی مامۆستایانی ئەو بابەتە کەم بێت ئەوە ماوەی تاقیکردنەوەکە دوو ساڵ دەخایەنێت، ئەگەر تاقیکردنەوەیش جێی پەسەند نەبوو دەشێت دامەزراندنەکە هەڵوەشێنرێتەوە یان ماوەکە شەش مانگی دیکە درێژ بکرێتەوە. پێشبینی دەکرێت کاربەدەستانی ناوچەیی بواری فێرکردن گرەنتی ئەوە بدەن ئەو مامۆستایانەی تاقیکردنەوەیان بۆ دەکرێت بارودۆخی گونجاوی کارکردنیان بۆ دەستەبەر بکرێت، لەگەڵ بوونی هەلی ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کردن و یارمەتیدان لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانە یان مامۆستاکانی دیکەی بە ئەزموونەوە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە نابێت ئەو مامۆستایە دامەزرێنرێت کە تاقیکردنەوەی بۆ دەکرێت و لە جۆری کارمەندە سەربەخۆکان یان جۆری پۆلی چارەسەرکردنە.لە کۆتایی ماوەی تاقیکردنەوەکەدا کە ئەو ماوەیە مامۆستا دەکەوێتە ژێر تێبینی دەستەڵاتی خۆجێییەتی بواری فێرکردنەوە، بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕاپۆرتێك بۆ دەستەڵاتی خۆجێییەتی دەنووسێت و ئاماژە بەوە دەکات کە ماوەی تاقیکردنەوەکە جێی پەسەند بووە، یان پێویستە ماوەی تاقیکردنەوەکە درێژ بکرێتەوە (ڕەنگە لە قوتابخانەیەکی دیکەدا)، یان ماوەی تاقیکردنەوەکە هەرگیز جێی پەسەند نەبووە، دوای ئەوە دەستەڵاتی خۆجێییەتی بە نووسراو ناوچەی فێرکردن ئاگەدار دەکاتەوە.

پێویستە دەستەڵاتی خۆجێییەتی بواری فێرکردن، مامۆستاکە لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە تایبەتەکەی بەو ئاگەدار بکاتەوە، ئەگەر ڕاسپاردنەکە بۆ درێژکردنەوەی ماوەی تاقیکردنەوەکە یان کۆتایی پێ هێنانی گرێبەستی مامۆستا بوو ئەو کات وەزیری دەوڵەت بۆ پەروەردەو زانستەکان ڕێ بە مامۆستاکە دەدات ڕوونکردنەوەی خۆی پێشکەش بکات بەر لەوەی بگەنە بڕیاری کۆتایی. بڕیاری وەزیریش بڕیارێکی کۆتایی دەبێت. لێ

مامۆستاکە بەپێی یاسای پارێزکاری کردن لە دامەزراندن دەتوانێت لە دادگە سکاڵانامەیەك تۆمار بکات.

تا ئەم سەردەمەیش تەنیا یەك کێشەی لەم جۆرە لە دادگە وروژێنراوە. ئەویش دوای ئەوەی مامۆستایەك پاش ماوەیەك تاقیکردنەوە لەسەر کار دەرکرا چونکە لێهاتوو نەبووە. ئەو بنەمایەی مامۆستاکە پشتی پێ بەستبوو ئەوەبوو کە لە ماوەی تاقیکردنەوەکەدا یارمەتی و ئامۆژگاری پێویستی لە لایەن سەرۆکی بەش و بەڕێوەبەری قوتابخانەکەوە پێشکەش نەکراوە. سکاڵاکەی سەری نەگرت چونکە سەلمێنرا کە ڕادەیەکی باش یارمەتی و ئامۆژگاری پێشکەش کراوەو ئەو سوودی لێ وەرنەگرتوون.

ماوەی تاقیکردنەوەکە دوای ئەوە دەست پێ دەکات کە مامۆستاکە لە کەرتی فێرکردنی پێوەندیدار دادەمەزرێت. لەلایەکی دیکەوە سەبارەت ئەو مامۆستایەی ئەزموون و شارەزایی هەیە لە قوتابخانەیەکی سەربەخۆ یان لە دەرەوەی بەریتانیا وانەی گوتووەتەوە، ئەوە دەستەڵاتی خۆجێیەتی ڕەنگە ماوەی تاقیکردنەوەکە کەم بکاتەوە بەشێوەیەك ڕەنگە هەر لە بنەڕەتدا ماوەی تاقیکردنەوەکە نەبێت ئەگەر ئەو شتە بە گونجاو بزانرێت.

سەبارەت بەو مامۆستایانەی کە بە ستەمی بەشێکی کات کار دەکەن ئەوە وەزارەتی فێرکردن و زانیارییەکان بڕیاری ماوەی تاقیکردنەوەکە دەدات، ڕەنگە ئەو ماوەیە بە لایەنی زۆرەوە بگاتە چوار ساڵ.

### 2/1 لەسەر کار دەرکردنی مامۆستایانی لێهاتوو

مامۆستا لێهاتووەکان کە بەشێوەیەکی پەسەند ماوەی تاقیکردنەوەیان

تێپـــــەڕانـــــدووە سەبارەت بە پرۆسەی دەرکردن خۆیان لە هەڵویستێکی بەهێزدا دەبیننەوە، ئەویش پاش ئەوەی بۆ ماوەی بیست و شـــەش هەفتە مامـــۆستایان لێ دادەمەزرێنرێت. لـــە کـــاتێکـــدا گرێبەستەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەنگە پێویست بێت مامۆستاکە بەر لەوە بە دوو یان سێ مانگ یان ماوەکە هەرچەند بێت مامۆستاکە لە کۆتایی پێ هێنانی گرێبەستەکە ئاگەدار بکرێتەوە بەڵام بە پرەکتیکی دژوارە خاوەند کار بتوانێت ئەو کارە بکات.

پێویستە هەنگاوەکانی یاســای پارێزگاری کردن لە دامەزراندن زۆر بە وردی بەڕێوە بچن و، پێویستە بەر لە دەرکردنەکـــــە دوو ئاگەدارکردنـــەوە پێشکەش بکرێت، ئەگەر خاوەن کار بنەمایەکی بۆ سکـــالآکردنەکە بە دەستـــــەوە نـــــەبێت، ئەو کات ئاگەدارکردنەکان هیچ بایەخێکیان نابێت.

ئەگەر هەر بنـــــەمایەکی پێشبینی کراو بۆ ســــــکالآیەکی یاسایی لە ئارادا هەبێت کە دەستەڵات بیکات، ئەوە پێویستە مامۆستا پێوەندی بە سەندیکای پیشەیی خۆیەوە بکات بۆ ئەوەی ڕێنمایی وەربگرێت. زۆر جاریش ڕێ و شوێنی دیدارێك دەگیرێتە بەر، تێیدا بە وردی ئاگەداری ناوەرۆکی سکالآکە دەبێت، لەو چاوپێکەوتنەدا مامۆستاکە نوێنەرێکی سەندیکاکەی لەگەڵ دەبێت.

### پێشێلکردنی گـــــەلآڵەنامەکانـــــی

دەستەڵاتـــــی خـــــۆجێیەتی بواری فێرکردن بە پێـــــشیلکـــــردنی یاسا دەژمێررێت و، بە بنـــەمای دەرکردن دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەیشـــــدا ئەگەر دەستەڵاتی خۆجێیەتـــــی نەیتوانی هەنگاوی بەرایی بهاوێت کە یاسا بە کارێکی جەوهەری دادەنێت بەر لەوەی مامۆستاکە لەسەر کار دەربکرێت، ئەوە ناتوانێت لەسەر کاری دەربکات (جگە لە هەڵس و کەوتی خراپ یان هەر هۆیەکی لەناکاو نەبێت).

دەکرێت مامۆستا بە هۆی لاوازی بەڕێوەبردنـــــی پۆل (چاودێری ڕێك و پێکی ناو پۆل) دەربکرێت (پرسی Weddell دژ بە کۆمپانیـــــای

نیو کاسل ساڵـــــــی 1973 ئەمـــــــــــە دەسەلمێنێت) لێ شتێکی دژوارە ئەوە بسەلمێنرێت کە مـــــــــامۆستـــــــا لە کۆنترۆڵکردنی پۆلدا لاوازە.

دەکرێت مامۆستا لەســــــەر کار دەربکــــــرێت ئەگــــــەر هات و لە ڕەچاوکـــــردنی کات ورد نەبوو یان بە شێوەیەکی بەردەوام ڕەچـــاوی کاتـــی نـــەکــــرد (ئـــــــەویـــــش دوای ئاگـــەدارکـــــردنـــــەوەی).

دەشێت گـــــوێ ڕایەڵ نەبوون بە ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە بە ئەنقەست ببێتە بنەمایەك بۆ لەسەرکار دەرکردنی مامۆستا.

ئەگەر مامۆستا ئەو ڕێنماییانە جێبەجـــــێ نەکات کە ســـــەرۆکی بەشەکەی یان جـــێگرەکـــــەی دەریان دەکات ئەوە دەشێت سەرۆکی بەشی لێ ئاگەدار بکرێتەوە.

ئەگەر مامۆستا دوای ئەوە لە گوێ ڕایەڵ بوون بـــــــە ڕێنماییە یاساییە ماقووڵەکـــــان کە پێـــــــوەندییان بە کارەکەیەوە هەیە لە قوتابخانەدا سەر نەکەوت ئـــــەوە بە یاخیبوونێکـــــی بە ئەنقەست دەژمێررێت و، دەشێت لەو بارەوە هەنگاوێك هەڵبگیرێت.

دەبێت بەڵگەیەکی تەواو سەلمێنراو لەمـــــــەڕ گـــــوێ ڕایەڵ نەبـــــوون بە ڕێنماییەکان هەبێت، ئەگەر جێگری سەرۆکی بەش ڕێنماییەکانی سەرۆکی بـــەش جێبەجــــێ نەکـــــات، دەبێت بەڵگەیەك بە دەستەوە هەبێت ئەوە بسەلمێنێت. لێرەدا دەبێت سەرۆکی بەش ڕێنوێنییەکانی دواتر بە نووسراوی پێشکەش بکات و داوا لە جێگرەکەی دەکات ئیمزای بکات بۆ ئـــــەوەی بیسەلمێنێت کە ئاگەی لێیەتی. ئەو کات سەرۆکی بەش دەتوانێت گـــوێ ڕایەڵ نـــەبـــوون بە جـــێبەجێکـــــردنی ڕێنوێنیـــیەکان بسەلمێنێت ئەگەرچـــی یاساین و ڕێیان تێ دەچێت و لە بەرژەوەندی قوتابخانەکەدان.

ئەگەر جێگـــــــر ئیمزاکــــــردن ڕەت بکاتەوە ئــــــەو کـــــات زۆر دژوارە یاخـــیبـــــوونەکــــــە بسەلمێنرێت.

تۆمەتبارکردن بە تاوانێکی کەتن بنەمایەکی باش دەبێت بۆ لەسەرکار دەرکردن، بەپێی یاساکانی ساڵی 1959ی قـــوتابخانەکـــان ئەگەر مامۆستایەك لەسەر کار دەرکرا یان

لەبەر ئەم هۆیە یان هۆی دیکەی پێوەندیدار بە هەڵەیەکی گەورەی پەیوەست بە ڕەشت و ڕەفتارەوە ئەوە پێویستە وەزیری دەوڵەت بۆ پەروەردەو زانستەکان لە ڕاستییەکان ئاگەدار بکرێتەوە، کە ئەویش لەلای خۆیەوە ڕەنگە نەشیاوی ئەو مامۆستایە بۆ دامەزراندن لە ئاییندەدا بە پیشەی مامۆستایەتی ڕابگەیەنێت, پێویستە مامۆستا هەموو هەلە گونجاوەکان دەستەبەر بکات بۆ ئەوەی ئەو تاوانە ڕەت بکاتەوە، لە کاتێکدا بڕیاری وەزیری دەوڵەت بۆ پەروەردەو زانستەکان دوا بڕیار دەبێت بەڵام مامۆستا دەتوانێت داوا بکات لەو بڕیارە پاشگەز ببێتەوە.

ئەو مامۆستایانەی بە سستمی بەشێك لە کات کاردەکەن لەگەڵ ئەو مامۆستایانەدا کە بە سستمی کاتی تەواو کاردەکەن لە ڕووی پرۆسەی دەرکردن و ڕاگرتنەوە یەکسانن.

**دووەم: ڕاگرتن**

بەڕێوەبەری قوتابخانە دەتوانێت لەبەر ڕەفتار نزمی یان هەر هۆیەکتی لەناکاوی دیکە مامۆستا لەکار ڕابگرێت بەمەرجێك پێویستە بە نووسراوێك دەست بەجێ دەستەڵاتی خۆجێیەتی فێرکردن و سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەمیندارانی قوتابخانەکان ئاگەدار بکاتەوە. ڕەنگە ڕەفتاری نزم بۆ نموونە وەك: دروستکردنی پێوەندییەکی سێکسی لەگەڵ قوتابییەکدا لەناو تەلاری قوتابخانە، یان هێرشی جەستەیی بۆ سەر سەرۆکی بەش یان یەکێك لە ئەندامانی دەستەی فێرکردن یان ئەنجامدانی کارێکی ناپەسەند، یان دەستگیرکردنی لەکاتی دزی کردندا. قوتابخانە تایبەتە سەربەخۆکان دەتوانن مەرجی ڕاگرتنی تایبەت بە خۆیان دانێن، بە دەست نیشانکردنی ئەو چالاکییانەشەوە کە دەبنە هۆی دەست بەجێ ڕاگرتن بە مەرجێك ئەو مەرجانە بە پێچەوانەی یاساوە نەبن (یاسای گرێبەستەکانی دامەزراندن سالی 1972)، هەروەها ئەمیندارانی قوتابخانەکان دەتوانن فەرمانی ڕاگرتنی

ئەندامێکی دەستەی فێرکردن یان سەرۆکی بەش بدەن لەسەر بنەمای تۆمەتێك یان پێشکەشکردنی سکالانامەیك یان ڕاپۆرتێك کە کار دەکاتە سەر هەڵس و کەوت یان توانای ئەم مامۆستایە، بەلام پێویستە دەست بەجێ بەڕێوەبەری فێرکردن لە دەستەلاتی خۆجێیەتی فێرکردن ئاگەدار بکاتەوە.

هەرچۆنێك بێت پێویستە لە هەموو بارێکدا بە نووسراو ڕوونکردنەوەیەکی ورد لەمەڕ تۆمەتەکە یان سکالانامەکە یان ڕاپۆرتی دژ بە مامۆستا پێوەندیدارەکە بخرێتە ڕوو. لەگەڵ پێشکەشکردنی ئاگەدارییەکی نووسراو کە شوێن و کاتی لێکۆڵینەوەی پتر دەستنیشان دەکات بە لایەنی کەمەوە بە چواردە ڕۆژ بەر لە کاتی دەستنیشانکراو. مامۆستای پێوەندیدار ئەگەر ئارەزووی لێ بوو دەتوانێت لەگەڵ برادەرێکیدا کە بە خۆی هەڵی دەبژێرێت ئامادەی دانیشتنی گوێ لێ گرتنەکە ببێت، دەتوانێت بەڵگەیش لەبارەی خۆیەوە یان ئەو بەڵگەیەی پێی دراوە پێشکەش بکات، ئەگەر مامۆستایش ڕاگیرا پێویستە دەست بەجێ سەندیکا پیشەییەکەی ئاگەدار بکرێتەوە، دەشکرێت ئەو برادەرەی لەگەڵ مامۆستاکەدا ئامادە دەبێت نوێنەری دەستەی پیشەیی بێت،یان پارێزەر بێت، یان پارێزەری تایبەتی مامۆستاکە بێت (ئەگەر ئەندامی دەستەی پیشەیی نەبێت).

بەدەگمەن لە کاتی ڕاگرتندا مووچە دەبڕرێت، بەلام لە چەند حاڵەتێکی کەمدا مووچەیش دەبڕرێت، لەگەڵ پێدانی مووچە نەدراوەکان ئەگەر بێت و ڕاگرتنەکە لا ببرێت. ڕەنگە ئەمیندارانی قوتابخانەکان نەتوانن مامۆستا لەسەر کار دەربکەن، بەلام دەتوانن پێشنیازی دەرکردنی پێشکەش بکەن. بەپێچەوانەوە ئەگەر سکالانامەکەی مامۆستا لەدادگە گوێی لێ

گیراو گوێ لە سکاڵانامەی ئەمینــــــدارانی قوتابخانەکان گیراو ڕەت کرایەوە ئەو کات دەستەڵاتی خۆجێیەتی فێرکردن مافـــی ئەوەی نامێنێت مامۆستاکە لەســـەر کار دەربکات.

لەو پـــرسە ڕاستەقینانەیش ئەوەیە کە سەرۆك بەشێك بەوە تۆمەتبار کرا کە بە شێوازێکی نادروست نەیهێشتووە قوتابیان ئامادەی خوێندن بن، بەڵام هەنووکە پرەنسیپەکە وای لێهاتووەو، بۆ جێبەجێ کردنیشـــی مامۆستای ئەوتۆ هەن پشتگیری لێ دەکەن.

نابێت مامۆستا لەســـەر کار دەربکرێت یان ڕابگیرێت تەنیا لەبـــەر ئەوەی بنەماکانی ڕەفتاری پیشەیی پێشێل کردووە کە کۆڕبەندی پیشەیی دیاریکراو دایانناون، لەبەر ئـــەوەی ئەنجوومەنێکی نیشتمانی نییـــە بە تەواوەتی بڕیار بدات کە جۆری پێوەرە پیشەییەکان چین. ئاکام ئەم بنەمایانە تەنیا ئەندامانی ئەو کـــۆڕبەندە پیشەییانە دەگرێتەوەو ئەو سزایانەیش کـــە ئـــەو کـــۆڕبـــەنـــدانە دەتـــوانـــن بـــیانســـەپێنن لـــە ئاگـــەدارکردنەوە یان ســـەرزەنشتی یان سزای پارە ، یان ڕاگرتـــن یان دەرکردن لە ئەندامیەتی تێناپەڕێت.

ئەگەر ئەندامـــی ئـــەو کۆڕبەندە پیشەییە سزاکەی ڕەت کـــردەوە ئەو کات دەتوانێت دەست لە ئەندامیەتی بکێشێتەوە، بەمەیش کارەکە کۆتایی پێ دێت.

## 1/2 زیاد لەپێویستی کار (بێکاری نیوەچڵ)

ئەگەر مامۆستا لە پێویستـــی کار زیاد بوو، ئەوە دەســـتەڵات هـــەوڵ دەدات ســـەر لەنـــوێ بەســـەر قوتابخانەیەکی دیکەیـــدا دابـــەش بکات.

ڕەنگە لەکاتـــی ســـــەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی قوتابخانەکاندا هەمان هەڵویست دووبارە ببێتەوە. ئامانج لە هەردوو حـــاڵەتدا ئەوەیە کارێك بۆ مامۆستا بدۆزرێتەوە نـــزیك بێت لەو کارەی کە بە پێویست نەزانرا. بەڵام ئەگەر مامۆستا بە پێی ئارەزووی خۆی بۆ یارمەتیدانـــی دەستـــەڵات لەو کێشانەی ڕوو بە ڕووی دەبنەوە دابەش بکرێت ئەو کـــات پێویستـــە ئەو مامۆستایە کارێکی هاوچەشنـــی ئەو کارەی خۆی قبووڵ بکات بە

هەمـــــان مووچەی لەکارەکەی دیکـــــە وەری دەگرت، ئەگەر بێت ئەو تەنیا کارەی هەیە مووچەکـــــەی کەمتــــر بێت، ئەوە دەستەڵاتی پێوەندیدار پـــێ لەسەر کەمکردنەوەی مووچەکە دادەگرێت.

ئەگـــــەر پێویست بـــوو مامۆستا ئارەزوومەندانە بگوێزرێتەوە ئەو کات هەڵویستەکە ئاڵۆزتر دەبێت. لەکاتی سەرلەنوێ رێکخستەنەوەدا قوتابخانە داناخرێت و، وەك قەوارەیەکی یاسایی بەردەوام دەبێت لەکار بۆ کۆتایی پێ هێنانی گرێبەستی کارمەندەکانی دەکرێت. ژمارەیەکی زۆر کـــــەمی دەستەڵاتـــــەکـــــان ئـــــەو جـــۆرە پـــرۆســـــەی ســـــەرلەنـــــوێ رێکخستنەوەیەیان بەو شێوازە ئەنجام داوە. کـــە مامۆستایان بە گشتی زیانمەند بوون کاتێك گرێبەستەکانیان یەکجارەکی کۆتایـــــی پـــێ هێنرا. سەرلەنوێ رێکخستنەوەی یەکێك لە بەشەکانی نـــاوچـــــەی ســـــاندویڵ (Sandwell) لە ســـاڵی 1974دا یەکێکە لەو نمـــــوونانە، ئەوەبـــــوو دەرگەی هەمـــــوو کـــــارەکان لەو قوتابخانانەی کـــــاری سەرلەنـــــوێ رێکخستنەوەیان تێدا ئەنجام دەدرێت لەبەردەم داواکـــــاری دامەزراندن لە یەکێك لەقوتابخانەکانی ناوچەکـــــەدا کرایەوە، ئەوەیش چەند دامەزراندنێکی تایبەتـــــــی لێ کەوتەوە.

هەنگاوی ئاسایـــــی پێویست بەوە دەکات کە مامـــــۆستاکان لە قوتابخانەکانی خۆیانـــــدا بمێننەوە لە هەمان ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن ئەگەر بێت و ئارەزوو بکەن و ئەوەند لێهاتوو بن و بتوانن ئەنجامی بدەن. زۆر جار لەکاتی تێکەڵکردنی قوتابخانەکاندا ئاڵـــــۆزی دروست دەبێت.

چـــــونکە هەلی ئەوە دەرەخسێت دوو بەڕێوەبەری قوتابخانە دوو سەرۆکی هەمان بەش هەبێت. ئاکام پێویستە لەبری کارەکانیان کاری دیکـــــە بۆ کارمەندەکان دەستەبەر بکرێت کە لە تێکەڵ کردنەکە زیانمەنـــــد بـــــوونە لەگـــــەڵ پـــــاراستـــــنـــــی مـــــووچەکانیان.

بەشێـــــوەیەکی ببڕای ببڕ دەڵێین

نابێت ماوەی پاراستنی مووچەکان لە سێ ساڵ پتر بێت بەڵام لە ڕاستیدا ماوەکە والایەو پاراستنی مووچەکانیش بەردەوامە.

پرۆسەی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی قوتابخانەکانی ناوچەی (Kent) ساڵی 1968 بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی بەرکەوت و ئەو کارەی بۆی پێشنیاز کرا ببێتە مامۆستا لە یەکەی دەستەبەرکردن، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە دەشێت بۆ کارکردن لە هەر قوتابخانەیەك و بە هەر پانتاییەك بێت بانگ بکرێت، کاتێك ژمارەی مامۆستایەکان کەم بێت. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ئەو پێشنیازەی ڕەت کردەوەو، داواکارییەکی قەرەبووکردنەوەی بێکاری پێشکەش کرد لەسەر ئەو بنەمایەی کە بۆ ماوەی دە ساڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە بووەو ئەو کارە ئەڵتەرناتیڤەی پێشنیاز کراوە گونجاو نەبووە. ئەگەرچی دادگەی پیشەسازی ئەوەی ڕەت کردەوە، کەچی سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاران لە دادگەی پێداچوونەوە پاڵپشتی لە داواکە کردو گوتی:(پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە بەڕێوەبەری قوتابخانە بەو شارەزاییەی وای بۆ دەچێت کە ئەو کارەی بۆی پێشنیارکراوە لە پلەو پایەی کەم دەکاتەوە، ئەگەرچی هەمان مووچەی بۆ دابین دەکات، بۆیە پێشنیازەکە هەرگیز گونجاو نییە).

ئەو کارانەی پاڵپشتی لە داواکردنی یارمەتی بێکاری ناکەن ئەوەیە کە خاوەن کار کارێکی ئەڵتەرناتیڤی گونجاو پێشنیاز بکات و فەرمانبەر بەبێ هۆیەکی دروست ڕەتی دەکاتەوە. شتێکی ڕوونە کە پێویستە کارە ئەڵتەرناتیڤەکە بێ هیچ گومان لێ کردنێك گونجاو بێت، ناشێت کارمەند داوای یارمەتی بێکاری بکات کاتێك کارێکی ئەڵتەرناتیڤی قبووڵ کردبێت. یارمەتی نیوەچڵی بێکاری کە پێشکەش بە پیاوان لە خوارووی شەست و پێنج ساڵی و ئافرەتان لە خوارووی شەست ساڵییەوە دەکرێت، بە ساڵی تەمەن و درێژی ماوەی کارکردن و مووچەو

خزمەتکردنی کارمەندەوە پەیوەستە.

هەر مامۆستایەك هەفتەی شەست کاتژمێر لەقوتابخانە یان هەر دەزگەیەکی فێرکردنی دیکەدا بەسەر ببات و بە زیاد لە پێویستی کارکردن دابنرێت، ئەوە یارمەتی بێکاری دەدرێتێ.

یارمەتی بێکاری نیوەچڵی پشت بەوە دەبەستێت کە خاوەندکار کەسانێکی کەمتری دەوێت بۆ ئەوەی کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدەن.

ئەگەر مامۆستایەك بەهۆی کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانەوە لەسەر کار دەرکراو کارێکی دیکەی بۆ دەستەبەر نەکرا ئەگەر تەنانەت مامۆستاکەیش بە سستمی هەندێك کات بۆ شەست سەعات لە هەفتەیەکدا کار بکات، ئەوە دەتوانێت داوای یارمەتی دارایی بکات، ئەگەر ئەو کارە بکات، ئەوە پارەکە وەردەگرێت.

بڕیاری ساڵی 1983ی حکوومەت ڕێ بە حسێب کردنی ساڵانی خزمەت لەگەڵ دەستەڵاتە جیاوازەکاندا دەدات کاتێك حسێبی یارمەتی بێکاری دەدرێت، ئەویش لەبری حسێب کردنی خزمەت لەم دەستەڵاتەی هەنووکەدا، ئەمەیش تەنیا وەك چۆن پێشتر وابوو بەر لەکارپێکردنی بڕیاری حکوومەت.

وێڕای ئەوەیش ئەو مامۆستایانەی پێویست بە خزمەتەکانیان ناکرێت دەتوانن یارمەتی نیوەچڵی بێکاری وەربگرن لەگەڵ وانەگوتنەوە لەگەڵ دەستەڵاتی جۆراوجۆری فێرکردن مادامەکی ماوەیەك دەکەوێتە نێوان هەردوو کارەکەوە کە لە یەك هەفتە کەمتر نییە. پرسێکی بەناوودەنگ هەیە کاریگەرییەکی بەرفرەوانی هەیە لە ڕووی یارمەتییەکانی بێکارییەوە لێرەدا دەیخەینەڕوو.

ئەوەبوو مامۆستایەکی ئافرەت لەوانەی بە سستمی بەشێکی کات کاری دەکرد لەسەر کار دەرکراو،

دادگەی پیشەسازی بڕیاری دا یارمەتی بێکاری وەربگرێت ئەگەرچی گرێبەستەکەی لە ئاستی خوارەوەی ژمارەی کاتژمێرە پێویستەکانی کارکردنکەمتربوو، بەڵام ئامادەکردنی وانەکان و چاککردنەوەی کتێبەکان وای لێ کردبوو ئاستی خوارەوەی کاتژمێرە پێویستەکانی کارکردن تێپەڕێنێت کە لە یاساکەدا ئاماژەی پێ کراوە.

دەستەڵاتی خۆجێیەتی فێرکردن پێداچوونەوەی بۆ بڕیارەکە کردو پێداچوونەوەکەیش پەسەند کرا. دادگەی پێداچوونەوە ڕایگەیاند کە شتێکی دژوارە داوا لە مامۆستا بکەین لە دەرەوەی کاتژمێرەکانی ئاماژە پێکراوی ناو گرێبەستەکە کار بکات. پێشبینی دەکرێت مامۆستا ئەو کارە بکات، گرێمانەی ئەوەیش هەیە ناچار بێت ئەو کارە بکات کاتێك وانەکان ئامادە دەکات، بەڵام دادگە بەڵگەیەکی وا نابینێت کە داوا لە مامۆستا کرابێت ئەو کارە زیادەیە ئەنجام بدات. ئاکام ئەو کارەیش کارێکی بێ کرێیە.

بە تایبەتی ئەگەر هات و گرێبەستی مامۆستایان بە پێی مەرجە نیشتمانییەکانی دامەزراندن نەگۆڕابوون. ئەوە هەر کارێك مامۆستا لە دەرەوەی کاری قوتابخانەدا ئەنجامی دەدات مۆرکی ئارەزوومەندانە وەردەگرێت و شایەنی قەرەبووکردنەوە نییە، ئەم حوکمەیش گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

## 2/2 پێشکەشە کردنی سکاڵا

مامۆستا دەتوانێت لە هەر کاتێکدا بێت سکاڵانامەیك بەرز بکاتەوە، مەرج نییە لە کاتی ڕاگرتن یان دەرکردنیدا بێت.

پێویستە هەر خاوەند کارێك ڕوونکردنەوەیەك پێشکەش بە هەموو ئەوانە بکات لای کار دەکەن تێیدا ڕوونی بکاتەوە کەی و لە کوێ دەتوانن سکاڵانامەی خۆیان پێشکەش بکەن و ئەو سکاڵانامەیە چی تێدا بنووسن (وردەکارییەکان لە خاوەند کارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێن).

ئەگـــەر سکاڵانامـــــەکە دژ بە دەستەڵاتی خۆجێیەتی فێرکردن بوو پێویستە پەنا بۆ بەڕێوەبەری گشتی فێرکردن یان سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەمیندارانی قوتابخانەکان ببرێت، ئەگەر هات و سکاڵانامەکـــــە دژ بە کەسایەتییەکی پلەداری ناو هەمان دەزگەی فێرکردن بێت ئەوە پێویستە سکاڵانامەکە بۆ خۆی بەرز بکرێتەوە. ئەمە شێوازی نافەرمییە. ئەگەر ئەو کارە سەری نەگرت ئەو کات هەنگاوی دواتر شێوازی فەرمی دەبێت، ئەویش پێشکەشکردنی ســـــکاڵانامەیەکـــــی نووسراوە بۆ هەمان کەس، لەگەڵ هــــــەڵگرتنی دوو کۆپیکراوی ئـــەو ســــکـــــــــاڵانامـــــــەیــــــــە وەك سەرچاوەو پێشکەشکردنی یەکێکیان بۆ هەر دەستەیەکی پیشەیی کە ڕەنگە خــــــۆی لــــــە پــــــرســـــــــەکە تێهەڵقورتێنێت.

لە ڕاستیدا باشتر وایە زووتر کـــــۆڕبەنـــدی پیشـــــــــــەیـــــی ئاگـــــــەدار بکــــــــرێتــــــــەوە، بەشێـــــــوەیەك بکرێت پێداچوونەوە ئەنجام بدرێت (یەکیەتی یان کۆڕبەندی ڕاستەوخـــــــۆ پێـــــــــوەنـــــدی بە دەستـــــــەڵاتی خـــــــۆجێییەتییەوە دەکات بۆ ئەوەی یارمەتی پێشکەش بـــــــــکات). مامۆستا دەتوانێت برادەرێکی خۆی لەگەڵ خۆی بۆ هەر دیدارێك ببات پاش پێشکەشکردنی سکاڵای فەرمی و دەشێت بەڵگـــــەیش پێشکـــــەش بکرێت.

(زۆر جار کارەکە بەلایەنی کەمەوە دە ڕۆژ دەخایەنێت لە نێـــــــوان پێشکەشکـــــــردنی سکــــــــاڵانامــە فــــــەرمــــییەکــــــەو دیـــــــاری کـــــــــــردنی دیدارەکە).

ئەگەر چارسەرێك بۆ ئەم پرسە نەدۆزرایەوە پێویستە مـــــــافی پێداچوونە ـ بۆ هەردوو لا ـ هەبێت بۆ هــــــەر دەستەیـــــــەکـــــــی شارەزاو پێوەندیدار بە پێـــــــی ڕێککـــــەوتنی خۆجێیەتی نێوان

دەستەڵات و ڕێکخراوەکانی مامۆستایان لە ناوچەکەدا.

**سێیەم : خانەنشین کردن:**

هەموو مامۆستایان دوای ئەوەی تەمەنیان دەگاتە شەست و پێنج ساڵ لە کۆتایی وەرزی خوێندن لە هاویندا خانەنشین دەکرێن، بەڵام بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەردوو لا دەکرێت خزمەتی مامۆستا درێژ بکرێتەوە، ئەویش ئەو کاتەی کە گرێبەستی ئاسایی ڕێگەی خۆی دەگرێت و دەشێت لە کۆتایی ئەو ماوەیەدا کە هەردوو لا لەسەری ڕێککەوتوون کۆتایی پێ بهێنرێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا خاوەند کار هیچ ناچار ناکرێت تا خزمەتی مامۆستا درێژ بکاتەوە، شتێکی دەگمەنیشە کە دەستەڵاتی خۆجێیەتی فێرکردن ڕێ بە مامۆستا بدات پاش خانەنشین کردن لە پلەی خۆیدا بمێنێتەوە، ڕەنگە بە پلەو پایەیەکی کەمتر بەکاری بهێنێت. ئەگەر مامۆستا لە وانەگوتنەوە بەردەوام بێت، ئەو کات لە خزمەتی بەشداری کردندا تا تەمەنی حەفتا ساڵی دەمێنێتەوە، چونکە ناشێت ماوەیەکی لەوە زۆرتر لە ماوەی بەشداری کردندا بمێنێتەوە دوای ئەوەی کە خانەنشین دەکرێت، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە مامۆستا گەیشتە ئەو تەمەنە ئیدی ناتوانێت وانە بڵێتەوە.

دەشێت مامۆستا لەتەمەنی شەست یان پەنجاو چوار ساڵی خانەنشین ببێت ئەگەر بیەوێت زووتر خۆی خانەنشین بکات.

لەگەڵ ئەوەیشدا دەستەڵاتی خۆجێیەتی فێرکردن پاڵپشتی ساڵی خانەنشینی پرەکتیکی دەکات ئەویش لەبەر چەند فاکتەرێك کە پێوەندییان بە حسێب کردنی ئەو خانەنشینییەوە هەیە کە پێویستە بیدات، بەڵام هەندێك دەستەڵات تا ماوەی شەش ساڵ پاڵپشتی خانەنشینی دەکات. چەند مەرجێکی ئاسایی دیاریکراو هەن کە پێویستە ڕەچاو بکرێن، بەڵام دەستەڵاتە خۆجێیەکان کە ئەم پلانانە بەکار دەهێنن ئەوە وردەکارییەکان پێشکەش بەو مامۆستایانە دەکەن کە نیازیان هەیە ساڵی گونجاو بۆ خانەنشین کردن هەڵبژێرن (بەڵگەی مووچەی خانەنشینی تا

تەمـــەنی پەنجاو پێنج ساڵی دەست پێ ناکات).

ئەو مووچەیەی کە بەپێی پـلانی خانەنشین کردنـــی مامـــــۆستایان دەدرێت، دوو بەشە:

قستێکی دارایـــی، لــەگـــەڵ خــــودی مـــــووچەکەدا.

هەردووکیشیان بە پێی بەرزترین مووچە دەدرێن کە مامۆستا لە هەر ماوەیەك لە ماوەی سێ سەدو شەست و پێنج ڕۆژی یەك لە دوای یەکی ماوەی دوایەمین سێ ساڵی خزمەت کردن بەر لە خانەنشین کردن وەریگرتبێت.

مووچەکە (12,5٪)ی ئەو مووچە بەرزە دەنوێنێت لە ژمارەی ساڵانی خزمەت درابێت کە شایەنی ئەوەیە مووچەی لەسەر وەربگـــرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی مانگ و ڕۆژەکان.

ئەوپەڕی ماوەی خزمەت کە مامۆستا مافی ئەوەی هەیە مووچەی لەبارەوە وەربگرێت چل و پێنج ساڵە، لەوە بە زۆری چل ساڵی پێش ئەوەیە تەمەنی بگاتە شەست ساڵی، هەرچی خانەنشینـــی پێش وەختەیە ئەوە ڕەگـــــەزی پیشتیوانی بە بەشێکی چل ساڵەکە دادەنرێت بەر لەوەی بگاتە تەمەنی شەست ساڵی.

ئەو قستە پارەیەی کە خانەنشین وەری دەگرێت باجی لێ وەرناگیرێت و لە (37,5٪)ی بەرزترین مووچەی هەر هەموو ساڵێك لە ســـــاڵانی خزمەت پێك دێت بەر لە یەکی ئوکتۆبەری ساڵی 1956، بۆیە چەند زاراوەیەکی دیاریکراو هەن پێویستە لە کاتی حسێب کردنی خانەنشینیـــــدا ڕەچاو بکرێن لەوانەیش: وێـــڕای (3,3٪) لە بری هەر ساڵێکی پێش ئەو بەرواره.

**أـ ساڵانی کارکردنی حسێبکراو:** ساڵانی کار لە نێوان 18و 65 ساڵێدا.

**ب ـ ساڵانی خزمەتی بەشداری کردن**

(ساڵانی کارکردن لە 65وە تا 70 ساڵی).

**جـ ـ ساڵانی خزمەتی ڕاهێنان** (ساڵانی کارکردن لە هەر کارێکی فەرمـــــــی کە وەك چالاکییەك بێتــە ئەژماردن بۆ ئەوەی مووچەی لەسەر وەربگیرێت وەك: خزمەتی سەربازی یان نیشتمانــــــی، خــــزمەتـــی دەرەوەی پەسەندکـــراو، مامـــــــــۆستایانـــــی ئنگلتەرەو

وێڵز ئەوانەی لە سکۆتلەندە یان ئیرلەندی باکوور وانە دەڵێنەوەو، وانەگوتنەوە لە زانکۆکان یان لەو دیوی دەریاکان یان کارکردن لە ئێزگەی بەریتانیا بی بی ســی.

## 1/3: چۆنیەتـــی خـــەرج کردنــــــی مووچەی خانەنشینی:

پێویستە مامۆستا بەر لە خانەنشین بوون بە چوار مانگ نووسراوی پێویست پێشکەش بە بەشی مووچە لە وەزارەتی فێرکردن و زانستەکان بکات هەروەها پێویستە زانیاری و بەڵگەی پێویستیش پێشکەش بە دەستەڵاتی خۆجێیەتی بکات، دوای ئەوە بڕی پاداشتەکـــــە بە مامــــــــۆستاکە ڕادەگەیەنرێت و دواتر داواکاری پێشکەش بە ژمێریاری گشتی دەکرێت.

بەردەوام و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بە مووچەکاندا دەچنەوە ئەویش بە پێی یاسای گشتــــــی مووچەکان 1971، بە شێـــوەیەك ڕەچاوی هەر زیادبوونێکی باری گوزەران دەکرێت. ئەگەر ئاماژەکانی گـــوزەران بەرێژەی 4٪ بەرز ببێتەوە ئـــەوە پێویستـــە مووچەکان بەرز بکرێنەوە بۆ ئەوەی بەرزبوونەوەکە قەرەبوو بکرێتەوە.

ئەگەر مامۆستا دوای خانەنشین بوون وەك مامۆستا دەست بەکار بکاتەوە ئـــەوە دەتوانێت بـــڕی پـــارەی بۆ تەرخانکراوی خـــۆی بهێڵێتـــــەوە، بەڵام ئەگەر مووچەی ساڵانەی وەك ئەو مووچەیە بێت کە بەر لە خانەنشین بوون وەری دەگـــــرت ئەوکاتـــــە مووچەکەی ڕادەگیرێت.

لەگــــەڵ ئـــــــەوەیشدا ئەگەر مووچەیەکی کەمتر وەربگرێت ئەو کات مووچەیەکی ئەوتۆ وەردەگرێت بە شێوەیەك بگاتە ئەو ئاستەی لە کاتی خانەنشینیدا بەســـەری دەبـــرد، هەر ساڵێك تێ بپەڕێت دوای گەڕانـــەوە ســــــەر کـــار، دەشـــــێـــــت پێـــداچــــــوونەوەیـــــەك بــــەو تایبەتمەندییانە بــــەخۆوە ببینێت کە دەشێت وەریان بگــــــرێـــــت، بەڵام هەرچۆنێك بووە نابێت مووچەکەی کەم بێت.

ئەگەر مامۆستـــا بڕیـــاری دا بۆ کارکردن بگەڕێتەوە بەڵام بە سستمی (بەشێکی کات- نیوەچڵ)، ئەو کات کەمـــکردنــــــەوە یان

لەدەستدانی مووچە جێبەجێ ناکرێت، ئەو کاتە نەبێت کە سەرجەمی مووچەی خانەنشینەکە لەگەلّ مووچەکەدا لە مووچەی ئەوسای زۆرتر بێت.

لە حالّەتێکدا ئەگەر مامۆستا بڕیاری دا خانەنشین نەبێت و لە خزمەت بەردەوام بێت بەلاّم لە ئاستێکی نزمتر لەگەلّ نزمکردنەوەی مووچەدا، لەم حالّەتەدا دەتوانێت دەست بەرداری مووچەی خانەنشینییەکە نەبێت لەسەر بنەمای بەرزترین مووچەی پێشووتر بە مەرجێك وەزارەتی فێرکردن و زانستەکان ڕەزامەندی بنوێنێت، ئەگەر مامۆستا تێکڕایەکی گەورەتر بدات لەو بەشدارییانەی وەك بلّێیت هێشتە مووچەی بەرز وەردەگرێت، ئەو کات پێویستە بەشی گونجاو لە بەشداری خاوەندکار بدات، ئەمەیش وا دەکات باری دارایی خراپتر بێت.

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش خانەنشین بوونە تەنانەت بۆ یەك ڕۆژیش بووبێت. لێرەشدا مافی مامۆستا لە مووچەی خانەنشین بوون و بڕی پاداشت دەستەبەر دەکات. ئەوەی دواتر ڕوو دەدات دەکەوێتە بەر وتووێژی نێوان مامۆستاو دەستەلاّتی خۆجێیەتی فێرکردنەوە.

ئەگەر مامۆستای خانەنشینیش کارێکی لە دەرەوەی کەرتی فێرکردن دەست بکەوێت، ئەو کات هیچ کێشەیەك لە ئارادا نابێت.

## 2/3 مووچەو بەخششی دیکە

ئەگەر مامۆستا دوای پێنج سالّ خزمەت نەخۆشییەکی ئەوتۆ بکەوێت حالّی شڕ بێت، ئەگەر نەخۆشییەکە جەستەیی یان ئەقلّی بێت ئەو کات دەتوانێت مووچەیەکی باش وەربگرێت. دەرمالّەی ناتوانایی و بڕی پارەی دیاریکراو حسێب دەکرێت وەك بلّێیت مامۆستاکە بیست سالّ خزمەتی کردووە، ئەگەرچی خزمەتەکەی زۆر لەوە کەمترە، بە مەرجێك ئەوە پیش ئەو کاتە بێت کە تەمەنی بگاتە شەست و پێنج سالّی.

ئەگەر ئەوە بەدی نەهات ئەو کات ژمارەی سالاّنی خزمەتەکە کەمتر دەکرێتەوە.

ئەگەر مامۆستا کەمتر لە پێنج سالّ خزمەتی هەبوو، پێویستیشی کرد

لەبەر هۆکاری تەندروستی خانەنشین ببێت، ئەو کات بەخششی خزمەتی کورت وەردەگرێت بە ڕێژەی 8,3٪ (یەك لە دوازدە)ی تێکڕای مووچەی هەر ساڵێك لە ساڵانی خزمەت. وەرگرتنی بەخششـــی خزمەتی کورت پێویســـــت بەوە دەکات یەکســـەر گـــــرێبەستی کارکردنەکە کۆتایی پێ بهێنرێت، بە بێ ئەوە پێویست بە ئاگەدارکردنەوەی کۆتایی پێ هێنانی خزمەت بکات.

ئەگەر مامۆستا لە کاتی خزمەتدا کۆچی دوایی بکات ئەوە مافی ئەوەی دەبێت بەخششی کۆچکردنی بۆ خەرج بکرێت کە دەگاتە باشترین مووچە لە ماوەی سێ سەدو شەست و پێنج ڕۆژی بەردەوامی ســـێ ســـاڵی پێشووی خزمەتیدا وەری گـــرتبێت، یان بڕە پارەیەکی دیاریکــــراو کە دەبوو مامۆستا لەکاتی خانەنشین بوون بە هۆکاری ناتوانایی وەری بگـــــرێت کە کامیان زۆرتر بێت.

بەڵام مەرجەکە ئەوەیە کە کۆچ کردنەکە لە کاتی خزمەتـــی بەشداری کردندا ڕوو بـــدات، یان دوای دوازدە مانگ پاش واز لێ هێنانـــــی. مووچەیەکی بڕاوەیش هەیە کە خێزانی کۆچکردووەکە وەری دەگرێت، یان ئەو بێوە پیاوەی کە خۆی بەخێو ناکات، بە شێوەیەك بگاتە ئاستی مووچەی سێ مانگ، هەندێك ڕێ و شوێنی تایبەت بە بەخێوکەرەکانیش هەیە.

ئافرەتان و پیاوان کە ژنیان نەهێناوە یان مێردیان نەکردووە دەتوانن دەست نیشانی ئەو کەسە بە تەمەنانە بکەن کە دەکرێت لە مووچەکانیان سوودمەند بن.

پێویستە مامۆستا ئەو کاتـــــەی هێشتــــــە وانـــــە دەڵێتــــەوە لـــــە وەسیەتنامەی خۆیدا ئەو ڕێ و شوێنانە تۆمار بکات کە ڕێ بە جێبەجێکاران نیشان دەدات داوا لە بەشی مووچە لە وەزارەتی فێرکردن و زانستەکان بکەن مـــــووچەی خانەنشینی بۆ ببڕنەوە، ئەگەر بێت و کۆچی دوایی بکات.

پێویستە ئەو داواکردنە بە زووترین کات بێت، لە حاڵەتـــــــی مووچەی خانەنشینی باش و بەخششی خزمەتی کورت و بەخشـــش کۆچـــــی دوایی پێویستە داواکردنەکە لە ماوەی شەش مانگدا بێت.

### 3/3 بەشدارییەکـــانی مووچـــەی خانەنشینی

ئەو مامۆستایانەی بە شێوەیەکــــــی بەردەوام واز لە وانە گوتنــــەوە دێنن مافی ئەوەیان هەیە

هەمـــــوو ئەو بەشدارییانە وەربگرنەوە کە داویانـــــە سەرەڕای بڕێکـــــی کەمـــــی قازانجی مورەکەب، ئەویش کاتێك بۆ ماوەی سێ مانگی بەردەوام ئامادەنەبوون واز لە وانە گوتنەوە دێنن.

لەگەڵ ئـــــەوەیشـــــدا دەشێـــــــت مووچەی خانەنشینییەکە ڕەوانە بکرێت ئەگەر کارەکە لەگەڵ دەستەیەکی گشتیـــــدا بوو.

ئـــــەویــــــش لەچــــوارچێـــــــوەی ئاگەدارکردنەوەی بەشی مووچەی سەر بە وەزارەتی فێرکردن و زانستەکـــــان دەبێت بەر لە ســـــێ مانگ پێش گواستنەوە بە مەبەستی دڵنیا بوون لە گواستنەوەی مووچەی خانەنشینی.

ئەو مامۆستایانەی ئارەزوو دەکەن بۆ دەرەوە بگوێزرێنـــــــەوە پێویستە مافەکانیان لە بـــــارەی مووچـــــەی خانەنشینییەوە بپارێزن ئەویـــــش لە ڕێگەی پێوەندی کـــردن بە بەشـــــی مووچەوەو پێویستە بە هەڵویستـــــــی خۆیاندا بچنـــــــەوە لە بـــــارەی تـــایبـــەتمەنـــدییەکانی خــــزمەتـــی تـــەنـــدروستـــــی نەتـــــــەوەیی لـــەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتی پێش ئەوەی بچنە دەرەوە.

ئەو مامۆستایەی بەر لەو ساڵەی خانەنشین دەبێت کە مافی خۆیەتی مووچەی خـــــانەنشینـــــــی فەرمی وەربگرێت و نایەوێـــــــت بە دوای کارێکی دیکەدا بگەڕێت، پێویستە ناوی خۆی لە نووسینگەی ناوچەیی سەر بە وەزارەتی تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتی بنووسێت کە لە لیستی (اعتمادات) مــــووچەخۆرە.

ئەو هەنگاوە ئەوەی بۆ دەستەبەر دەکات هەمـــــوو بەشـــــدارییەکانی مووچەی بیمەی نەتەوەیی ڕەوانەی ئەو (اعتمادە) بکرێت، ئاکامیش مافی ئەوەی دەپارێزێت کەمتریـــــن ئاستی مووچەی خانەنشینـــــی فەرمی بۆ دەستەبەر بێت.

بەڵام ئەگەر مامـــــۆستا لەبەر ڕەوشت نزمی لەسەر کار دەربکرێت ئەو کات وەزارەتی فێرکردن و زانستەکان دەتوانێت هیچ بەخششێکی پێ نەدات، یان بە ئاستێکی نزمتر ئەو بەخششانە مسۆگەر بکات، ئەم بڕیارەیش لە دەستەڵاتی وەزیـــــری پـــــەروەردەو فێرکردنە.

**- ماویەتی -**

## شانۆی منداڵان

# ماڵی هاوبەش

ئا : فەلاح هاشم
و: شاهین نەجمەدین

**ئەگەرچی گۆڤاری ( پەروەردەو فێركردن ) گۆڤارێكی زانستی و رۆشنبیرییە و زۆرتر بایەخ بە لێكۆڵینەوەی زانستی لەبارەی ئەو بابەتانەوە دەدات كە پێوەندییان بە پەروەردەو فێركردنەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەقی پێوەندیدار بە پرۆسەی پەروەردەو فێركردن بڵاودەكاتەوە، بۆئەوەی بخرێتە بەرچاوی پسپۆران تا لەرووی چەمك و ناوەرۆكەوە لێی بكۆڵنەوەو لایەنە پەروەردەییەكانی روون بكەنەوەو بۆ پێوەندیدارانی شی بكەنەوە، لەبەر ئەوەیە ئەم دەقەیش دەخەینە بەرچاوی خوێنەران.**

**كاراكتەرەكان:**

**ـ مراوی**

**ـ مشك**

**ـ چۆلەكە**

**ـ قەلەڕەش**

شوێن: (دارستانێكی چڕو پڕە، ڕووبارێك لەلایەكی شانۆكە دەنگی خوڕەی ئاوەكەی دێت.. مراوی و مشك بەیەكەوە دێنە نێو دارستانەكە)

مراوی : (بۆ مشك) غاك .. غاك .. غاك، ئەڵڵاھ دە سەیركە ئەی مشكی هاوڕێم.. ئێرە شوێنێكی چەند خۆشە؟!

مشك: (بەسەرسووڕمانەوە) سیو .. سیو .. سیو، بەڕاستی شوێنێكی دڵگیرە.. ئاو و هەوایەكی پاك و دارستانێكی ڕەنگاو ڕەنگ.. ئەمە یەكەمجارە شوێنی ئاوا ببینم.

مراوی: سەیرکە .. سەیری ئەو ڕووبارە بکە.. ئاوەکەی چەند ڕوونە؟! لەڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا مەلەکردن زۆر خۆشە.

مشك: ئەی مراوی هاوڕێم؟! شتێکم هاتە خەیاڵ.

مراوی: دەتەوێ بڵێی چی؟!

مشك: دەڵێی چی لەو شوێنە خۆشە بۆ خۆمان خانوویەك دروست بکەین؟

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، بەڕاستی بیرێکی چاکە منیش حەز دەکەم.

مشك: سیو .. سیو، دەی با بۆ خۆمان شوێنێك دیاری بکەین و خانوویەکی لەسەر دروست بکەین. (هەردووکیان بـــەدوای شوێنێکی گونجاودا دەگەڕێن)

مراوی: من دەڵێم با خانووەکە لێرە دروست بکەین.. تۆ دەڵێی چی؟!

مشك: ئنـــجا بەڕاستــــی ئێرە شوێنێکی چاکە

(چۆلەکە دێت)

چۆلەکە: (جیو.. جیو .. جیو) ئەم کاتەتان باش!!

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، ئەم کاتەت بـــاش ئـــەی چۆلەکەی هاوڕێمان.

مشك: بەخێربێی چۆلەکە گیان.. ئەوە چۆن گەیشتیتە ئێرە؟!

چۆلەکە: من یان ئێوە؟! من باڵم هەیەو دەتوانم بۆ هەموو شوێنێك بفڕم.

مراوی: ئێمە بیرمـــــــان لەوە دەکردەوە بۆ خۆمان لێرە ماڵێك دروست بکەین.

چۆلەکە : ماڵ؟!

مشك: سیو.. سیو، بەڵا ماڵ.. ماڵێکی هاوبەش.. بۆ خۆمان دروست دەکەین.

چۆلەکە: (جیو.. جیو.. جیو) بەڕاستی بیرێکی چاکە.. دەڵێن چی ئەگەر منیش هاوبەشیان بکەم لەو ماڵە؟!

مراوی : غاك .. غاك .. غاك، من لەلایەن خۆمەوە زۆر پێم خۆشە!

مشك: هەروەها منیش.

چۆلەکە: سوپاستان دەکەم.. هیوادارم لێم ڕازیبن.. دەی با هەر لەئێستاوە دارو بەرد کۆکەینەوەو دەست بەدروستکردنی خانووەکە بکەین.

هەموو: دەی با دەست پێ بکەین.

(مۆسیقا.. دوای کەمێك کارکردن.. شانۆ تاریك دەبێ و پاشان دەبینین خانوویەکی خنجیلانە دروستکراوە)

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، ئەڵڵاھ .. بەڕاستـــــی خانوویەکی خنجیلانەیە!!

مشك: سیو.. سیو، چۆن خانوویەکی خنجیلانە نابێت؟! ئەگەر ئێمە هاوکاری و یارمەتی یەکتر بدەین دەتوانین هەموو شتێك بکەین.

مراوی : هاوڕێیان ئێستا تەنیا شتێکمان ماوە پێویستە لەسەری ڕێك بکەوین.

چۆلەکە: (جیو .. جیو .. جیو) ئەو شتە چییە؟!

مراوی : با لەنێوان خۆماندا کاری ڕۆژانەمان دابەش بکەین.

چۆلەکە: بێگومان.. پێویستە هەر یەکێك لە ئێمە بەگوێرەی توانای خۆی کارێك بکات.

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، زۆر چاکە.. من هەر لەئێستاوە هەویر دەکەم بە نان و چێشتیش لێدەنێم.

مشك : سیو.. سیو، منیش ناو ماڵ پاك دەکەمەوەو ئاو لە ڕووبارەکە دەهێنم و باخچەکە ئاو دەدەم.

چۆلەکە: منیش لەدارستانەکە چیلکەدار کۆدەکەمەوە.

مراوی: ڕازین؟!

هەموو: بەڵێ ڕازین.

(هەموو گۆرانی دەڵێن)

باخچەکەمان دڵگیرە
جێگەی منداڵی ژیرە
ئەوەی ژیرو خاوێنە
تیا دیارە وەك ئاوێنە
ئەم باخە ئەم بەهەشتە
جێی پەروەردەو ڕەوشتە
بۆ ئەم جگەر گۆشانە
خەریکی تێکۆشانە

مشك: سیو.. سیو، ئای ئەگەر دەمزانی ژیان ئەوەندە خۆشە هەر زوو بیرم لەماڵێکی هاوبەش دەکردەوە.

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، من بەو خانووە خنجیلانەیە زۆر دڵشادم.

چۆلەکە: سەیرکەن ئەو خانووەی کە ئێمە دروستمان کردووە هەر دەڵێی کۆشکی شاهانەیە..

مراوی: جاران چونکە بێ ماڵ و خانوو بووم نەمدەزانی بۆ کوێ بچم بەڵام ئێستا هەست بە حەسانەوە دەکەم.

مشك: هاوڕێیان بۆ ئەوەی ئەو خۆشیەمان لەدەست نەچێ پێویستە هیچ جیاوازییەك لەنێوانماندا نەبێ..

ئێستاش هەر کەس بچێتە سەر کاری خۆی.

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، زۆر چاكە.. من داوای لێبوردن دەكەم چێشتەكەم لەسەر ئاگرە.

مشك: سیو، سیو، منیش دەچم گۆزەكە لە ڕووبارەكە پڕ لەئاو دەكەم.

چۆلەكە: (جیو.. جیو.. جیو) منیش دەچم هەندێك چیلكەدار لەدارستانەكە كۆدەكەمەوە.

(لەلایەكی شانۆكەدا چۆلەكەكە بەتەنیا لەدارستانەكەیە)

چۆلەكە: (لەپێشە خۆیدا گۆرانی دەڵا) بەڕاستی چیلكەدارێكی زۆرم كۆكردەوە، بەڵام زۆر قورسە ناتوانم بیگەیەنمەوە ماڵا وا چاكە كەمێكی ببەمەوە.

(دەنگی قەلەڕەش)

قەلەڕەش: قغ.. قغ.. قغ، ئای.. ئەوە كێیە؟!

چۆلەكە: قەڵەڕەشی هاوڕێم ئەوە تۆی!؟

قەلەڕەش: ئەوە تۆ لەكوێیت ماوەیەكە دیار نیت؟!

چۆلەكە: ئەوە ماوەیە كارێكی زۆرم هەیە.

قەلەڕەش: بەڕاستی زۆر بیرتم دەكرد.

چۆلەكە: سوپاست دەكەم، منیش بیرتم دەكرد.. ماڵیشمان لێرەوە نزیكە.

قەلەڕەش: قغ.. قغ.. قغ، چی یە دەڵێی لەو دارستانە دەژیت؟

چۆلەكە: بەڵا لەگەڵ مشك و مراوی هاوڕێم.. فەرموو فەرموو بچینەوە ماڵا..

(بۆ لای ماڵەكەیان دەچن و لەدەرگا دەدەن)

مشك: ئەی چۆلەكەی هاوڕێم زۆر دواكەوتی.

چۆلەكە: (جیو.. جیو.. جیو) ڕاست دەكەیت.. بەڵام میوانێكی خۆشەویستم لەگەڵ خۆمدا هێناوە.

مشك: سیو، سیو، ئەو میوانە بەخێر بێت.

قەلەڕەش: قغ.. قغ.. قغ، سوپاست دەكەم.

مشك: فەرموو.. فەرموو..

(هەرسێكیان دەچنە ژوورەوە)

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، ئەی قەڵەڕەشی هاوڕێمان بەخێر بێیت.

قەلەڕەش: قغ.. قغ.. قغ، سوپاست دەكەم.. بەڕاستی ماڵێكی ڕێك و پێك و خۆشتان هەیە، ئەوە كێ بۆتانی دروستكردووە؟!

چۆلەكە: ئێمە.. هەرسێكمان دروستمان كردووە.

قەلەڕەش: ئاوا.. زۆرچاکە.. ئیتر چیتان دەوێ؟!

مراوی: بۆ خۆمان لێرە وەك خوشك و برایان دەژین.

قەلەڕەش: (بەدڵپیسیەوە) قغ..قغ..قغ، پیرۆزتان بێ.

مشك: سیو، سیو، سوپاست دەکەین.

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، با.. چێشتەکەتان بۆ ئامادە بکەم.

قەلەڕەش: قغ.. قغ.. قغ، نا.. خوشکم نا.. پێویست ناکات.

مراوی: نانا.. چێشتەکە ئامادەیەو ئێمە هەموو شتێکمان هەیە.

قەلەڕەش: ڕاستییەکەی من داوای لێبوردن دەکەم چونکە نانم خواردووەو تۆزێکیش کارم هەیە.

چۆلەکە: هێشتا زووە..

قەلەڕەش: قغ.. قغ.. قغ، ناوەڵلا.. پێویستە کارەکانم جێبەجێ بکەم.. ئەوەندە بەسە کە ئێوەم بینی، خواحافیز.

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، خوا حافیز.

(قەلەڕەش دەڕوات)

چۆلەکە: بوەستە منیش لەگەڵت دێم چونکە هەندێك چیلکەدار لەدارستانەکە ماوە پێویستە بیانهێنمەوە. (خۆی ئامادە دەکات)

قەلەڕەش: (لەگەڵ خۆیدا) قغ..قغ..قغ، سەیر.. سەیر ئەوانە چەند دڵخۆش و بەختیارن؟ ئەو چۆلەکەیە چەند زیرەکە.. ئەی تۆ قەلەڕەشە فەندی.. تاکەی ئاوا دەمێنیتەوە.. تاکەی؟!

چۆلەکە: (جیو.. جیو.. جیو) ئەوە چیتە هاوڕێکەم.. دەڵێی..

قەلەڕەش: (قسەکەی دەبڕێ) قغ..قغ..قغ، نا.. نا، هیچ نییە.. پێم بڵێ هاوڕێکانت لەگەڵتا چۆنن.. باشن؟!

چۆلەکە:سوپاس بۆ خوا هەرسێکمان دڵشادین.

قەلەڕەش: ئێوە هەمووتان بەیەکەوە کار دەکەن؟!

چۆلەکە: هەریەکێك لەئێمە کاری تایبەتی خۆی هەیە.

قەلەڕەش: ئاوا ؟!

چۆلەکە: بەڵێ.. ئێمە زۆر تەباین و بەهێمنی دەژین.

قەلەڕەش: قغ.. قغ.. قغ، باشە کاری تۆ چی یە ؟!

چۆلەکە: من هەموو ڕۆژێ لەدارستانەکە چیلکەدار کۆدەکەمەوە.

قەلەڕەش: سەیرە.. تۆ هەموو ڕۆژێ بەتەنیا دەچیتە دارستانەکە.. ئەی مشك و مراوی ئەوان چ کارێك دەکەن؟!

چۆلەکە: ئەوانیش لەماڵەوە کاری تایبەتی خۆیانیان هەیە.

قەلەڕەش: (بەدڵپیسی پێدەکەنێ) قغ.. قغ.. قغ، ئای بەستەزمان! تۆ خزمەتکاری ماڵەکەیت، من وامزانی ئێوە لەنێوان خۆتاندا کارەکانتان دابەشکردووە.

چۆلەکە: (بەتووڕەیی) جیو.. جیو.. جیو.. تکات لێدەکەم من خزمەتکار نیم، ئێمە هەرسێکمان هاوبەشین لەکاری ماڵەکە.. هەروەکو پێم وتی کارەکانیشمان دابەشکردووە، من چیلکەدار کۆدەمەوەو ئەوانیش چێشت لێدەنێن و ماڵەکە پاك دەکەنەوە.

قەلەڕەش: تۆ بەدرێژایی تەمەنت هەروا دەمێنیتەوە.. ئەی قوڕ بەسەر ئەو چیلکەدار کۆکردنەوەیە ڕۆژێك سەرت دەخوات.

چۆلەکە: جیو.. جیو.. جیو، پێم بڵێ چۆن؟

قەلەڕەش: قغ.. قغ.. قغ، مشك و مراوی لەماڵەوە پاڵکەوتوون و هیچ ترسێکیان نییە، بەڵام تۆ بە تەنیا دەچیتە دارستانەکەو ماندوو دەبیت و ژیانت دەکەوێتە مەترسی.

چۆلەکە: ئەی قەلەڕەشی هاوڕێم بیرت نەچێ ئێمە لەنێوان خۆماندا زۆر تەباین.

قەلەڕەش: قغ.. قغ.. قغ، ئەو قسەیە چییە؟ ئەو کارەی بە تۆی دەکەن زوڵمە زوڵم، باشە تۆ بۆچی بایەخ بە تەندروستی خۆت نادەی؟ هەروەك خزمەتکار چیلکەدار کۆدەکەیتەوەو ئەوانیش حەساونەتەوە.

چۆلەکە: ئەی قەلەڕەشی هاوڕێم من هیچ هەست بە ماندوو بوون ناکەم.

قەلەڕەش: قغ.. قغ.. قغ، تۆ شایەنی ئەوەی گاڵتەت پێبکەم، چونکە زۆر گێلی.. بەهەر حاڵ من لەڕێی خوا ئامۆژگاریت دەکەم، تۆش سەربەستی.. خواحافیز

(قەلەڕەش دەڕوات)

چۆلەکە: کەواتە قەلەڕەش ڕاست دەکات، مشك و مراوی وەکو خزمەتکار کارم پێدەکەن.. بێ ئەوەی من ئاگاداربم و هەست بکەم ئەوان گاڵتەم پێدەکەن.. تۆ بڵێی وابێ؟ لەوانەشە وابێ چونکە هەر لەو ڕۆژەی

ئەو خانووەمان دروست کردووە تەنیا من چیلکەدار کۆدەکەمەوەو پشتم شکاوە.. چیتر ناچمە دارستانەکەو چیلکەدار کۆناکەمەوە، بەدەست بەتاڵی دەگەڕێمەوە ماڵا، خۆ من خزمەتکار نیم!

(چۆلەکەکە دەگەڕێتەوە ماڵا)

مشك: سیو.. سیو، ها چیتە ئەی چۆلەکەی هاوڕێ؟! ئایا هیچ کەسێك لەدارستانەکە ئازاری داوی؟ یان نەخۆشی؟ دەی قسە بکە..

چۆلەکە: (بەتوڕەیی) جیو.. جیو.. جیو، لاچۆ لەبەر چاوم.

(مراوی دێت)

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، ئەوە چیتە ئەی چۆلەکەی هاوڕێم؟ بۆچی وا زوو لەدارستانەکە گەڕایتەوە؟! ئەی کوا چیلکەدارت هێناوەتەوە؟

چۆلەکە: من خزمەتکاری ئێوە نیم تاوەکو بە تەنیا بچم چیلکەدار کۆبکەمەوە.

مراوی: باشە کێ پێی وتوویت خزمەتکاریت؟! ئێمەش کاری خۆمان هەیە.. خۆ ئێمەش کاری خۆمان بەجێ ناهێڵین تاوەکو لەگەڵتا بچین چیلکەدار کۆبکەینەوە.

چۆلەکە: جیو.. جیو.. جیو، ئێوە هیچ کارێك ناکەن.. هەر تەنیا من چیلکەدار کۆدەکەمەوەو دەیخەمە سەرشانەکانم و ماندوو دەبم، جگە لەوەی لەدارستانەکە ژیانم لەمەترسیدایە.

مشك: سیو..سیو، باشە ئەی چۆلەکە کێ لە ئێمە تەمبەڵی کردووەو کار ناکات؟ بەتایبەتی کارەکەی تۆ زۆر لەکارەکەی ئێمە ئاسانترە.. دارستانەکە لێرەوە نزیکە ڕۆژانە چەند چیلکەدارێك دەهێنیتەوەو پاشان لێی پاڵ دەکەویت.. بەڵام ئێمە ڕۆژ تا ئێوارە کاری ناو ماڵەکە دەکەین.

چۆلەکە: بۆچی مراوی چ کارێك دەکات؟!

مشك: مراوی هاوڕێمان ئاردەکە دەکاتە هەویرو جوان دەیشێلێ، پاشان نان دەکات و قاپ و قاچاخەکان دەشوات و تاوەکو جەنابت نان بخۆیت.

چۆلەکە: باشە تۆ چی دەکەیت؟

مشك: سیو..سیو، منیش جلوبەرگ دەشۆم و هەڵیان دەخەم.. ئنجا ژوورەکان گسك دەدەم، پاشان گۆزەکە لە ڕووبارەکە پڕ ئاو دەکەم و باخچەکە ئاو دەدەم.. ئەوە کارەکانی من و مراوی هاوڕێمانە.

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، بەهەر حاڵ گویێ بگرە ئەی چۆلەکە، ئێمە هیچ یەکێکمان خزمەتکار نین.. ئێمە تەنیا هاوڕێی یەکترین و دەمانەوێ بەیەکەوە ژیانێکی خۆش ببەینە سەر.. ئەگەریش هەست دەکەی کە تۆ زۆر ماندوو دەبیت فەرموو تۆ کاری مشکەکە بکەو با مشکەکەش کاری تۆ بکات، منیش لەبەیانییەوە دەچمە دارستانەکەو چیلکەدار کۆدەکەمەوە.

چۆلەکە: جیو.. جیو.. جیو، زۆرچاکە من ڕازیم.

مراوی: ئەی مشکەکە تۆ ڕازیت؟!

مشك: سیو..سیو، منیش ڕازیم.

(مۆسیقا)

مراوی: غاك ..غاك ..غاك، دەی ئەمڕۆ هەرکەس دەستبەکارە تازەکەی خۆی بکات.. من وا دەچمە دارستانەکەو چیلکەدار کۆدەکەمەوە.

مشك:منیش دەچم گۆزەکە لەڕووبارەکە پڕ لەئاو دەکەم.

(مۆسیقایەکی توند)

چۆلەکە: (لەگەڵ خۆیدا) ئای باوکە چەند ماندوو بووم تاوەکو گۆزەکەم پڕ کرد؟! باشە چۆن بیگەیەنمەوە ماڵ؟ دەی با هەوڵێك بدەم! ئۆف!! ئای!! (گۆزەکە دەکەوێتە خوارەوەو دەشکێ) جیو..جیو..جیو، واچاکە بچم گۆزەیەکی تر بێنم، بەڵام پێویستە مشك و مراوی بەمە نەزانن.

(مۆسیقا)

(دەنگی مشك هاوار دەکات)

مشك: سیو..سیو، ئای باوکە قاچم! ئای باوکە قاچم!

چۆلەکە: ئەی مشکەکە چیتە؟

مشك: قاچم.. قاچم سووتا!

چۆلەکە: وەرە لێرە دانیشە، بەڵام نەجووڵێیتەوە؟

مشك: سیو..سیو، ئای باوکە قاچم!! ئای باوکە قاچم!!

چۆلەکە: جیو.. جیو.. جیو، من دەچم گۆزەکە پڕ دەکەم، ئەی کوا مراوی هاوڕێمان ئەی بۆچی تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە؟!

مشك: نازانم!! زۆر درەنگی بەسەرداهات.. لەڕێگای خۆت بەدوایدا بگەڕێ.

چۆلەکە: جیو.. جیو.. جیو، باشە وا دەڕۆم..

مشك: (لەگەڵ خۆیدا) سیو، سیو، وابزانم ئەو چۆلەکەیە گۆزەکەی شکاندووە، بۆیە گەڕایەوە تاوەکو گۆزەیەکی تر ببات!

(مۆسیقا)

چۆلەکە: ئەو مراوییە لەکوێیە؟ زۆر بەدوایدا گەڕام (لەناکاو) ئەوە چییە؟

چیلکەداری کۆکردووەتەوە بەڵام خۆی دیار نییە لەکوێیە؟ (بەدەنگێکی نزم) ئەی مشکی هاوڕێم وابزانم ڕێوییەکە مراوییەکەی خواردووە.

مشك: چۆن؟ چۆن؟ ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟

چۆلەکە: جیو.. جیو.. جیو، مراوییەکە.. مراوییەکە..

مشك: سیو..سیو، چییەتی؟

چۆلەکە: (دەگری) سیو.. سیو، هەمووی خەتای تۆ بوو... تۆ بوویە هۆی مردنی ئەو مراوییە.

چۆلەکە: جیو.. جیو.. جیو، براکەم من چیم کردووە؟

مشك: هەمووی خەتای تۆ بوو.. ئەگەر تۆ نەبوویتایە ئەوە ئەویش نەدەچووە دارستانەکەو ڕێوی نەیدەخوارد..

ئێستا چی بکەین؟!

چۆلەکە: دە هەستە نانەکەت بخۆ وا سارد بووەوە..

مشك: ناخۆم.. بەتەنیا تۆ بیخۆ، لەمەولا من چێژ لەخواردن وەرناگرم (دەگری)

چۆلەکە: جیو.. جیو.. جیو، هاوڕێکەم تکایە مەگری، چونکە گریان هیچ دادت نادات!

مشك: سیو..سیو، لاچۆ لەبەر چاوم.. من ئێرە جێ دەهێڵم..

چۆلەکە: بۆ کوێ دەچیت؟!

مشك: دەچمە دارستانەکە (دەڕوات)

چۆلەکە: با هەستم چێشتەکە گەرم بکەمەوە.. کوا شقارتە؟؟ ئەوەتا.. (دەنکە شقارتەیەك دادەگیرسێنێ، دەنگی قاپ و قاچاخ دێت) مەنجەڵە بچووکەکە لەکوێیە؟! (بەدوایدا دەگەڕێت).

(لایەکی تری دارستانەکە)

مشك: (دەگریت) سیو..سیو، ئای!! مراوی هاوڕێم تۆ لەکوێیت؟!

دەنگی مراوییەکە: غاك .. غاك .. غاك

مشك: ئای!! ئەمە کێیە؟ (پێدەکەنێت) ئەی هاوڕێی ئازیزم تۆ زیندوویت؟! زۆر سوپاس بۆ خوا.. ئێمە وامانزانی ڕێوی تۆ خواردووە.

مراوی: ڕێوییەکە ویستی بمخوات.. بەڵام خۆم لەدەستی ڕزگار کرد.

مشك: سیو..سیو، زۆر سوپاس بۆ خوا..

مراوی: منیش زۆر سوپاست دەکەم.

مشك: دەی با بچینەوە ماڵێ، چۆلەکەم بەتەنیا لەماڵەوە جێهێشتووە.

(مۆسیقا)

چۆلەکە: (هاوار دەکات) جیو.. جیو.. جیو، فریاکەون.. فریاکەون ماڵەکە سووتا..

مشك: سیو..سیو، ئای.. ئەمە چی ڕووی داوە؟!

مراوی: غاك .. غاك .. غاك، ئاگر.. ئاگر وا ماڵەکە دەســــووتێت.

مشك: (دەگری) هـــــــاوڕێیان فریاکەون وا ماڵەکە دەسووتێت.

مشك: دەی با هەموومان ئاگرەکە بگوژێنینەوە.

(شانۆ تاریك دەبێت.. پاشان ڕووناك دەبێتەوە بەڵام خانووەکە سووتاوە)

مراوی : غاك .. غاك .. غاك، ئەی هاوار هیچمان نەما.. خانووەکەمان سووتا.

مشك: بــــەداخەوە ئەو خانــــووە جوانەمان سووتا.

چۆلەکە: (بەخەمبارییەوە) جیــو.. جیو.. جیو، هەمووی گوناهی من بوو.. من دان بەو هەڵەی خۆم دەنێم.. نەفرەت لەو قەلەڕەشە بدات.

مشك و مراوی:قەلەڕەش؟!

چۆلەکە: بەڵێ قەلەڕەش..ئەو هانی دام و مێشکی تێکدام .. مـــــن زۆر پەشیمانم بەڵام هاوڕێیان بەڵێن بێ لەمەولا بە گوێـــــی هیچ کەسێکی ناحەزو ناپەسەند نەکەم.

مشك: سیو.. سیو، خەمبار مەبە هاوڕێی ئازیز.. ئێمە دەزانین دڵــت پاکە.

مراوی: غاك .. غاك .. غاك،دەی خەفەت مەخۆ.. با جارێکـــــی تر لەدروستـــــکردنی خانوویەکـــــی نوێ هاوکـــــاری و یارمەتـــی یەکتر بـــــــدەین.

مشك: بەڵام بەمەرجێ ئەوەی بەسەرمان هات ببێتە وانەیەك هەرگیز لەبیری نەکەین.

هەموو: زۆر چاکە..

(بە گۆرانییەوە دەســـــت دەکەن بەدروستکردنی خانوویەکـــی تر)

گۆرانی :

**بـــاخـــچەکــــــەمــــــان دڵـــــگـــیرە**

جێگای منداڵی خەریکی ژیرە تێکۆشانە
ئەوەی ژیرو خاوێنە تیا
دیارە وەك ئاوێنە
ئەم باخە ئەم بەهەشتە جێی
پەروەردەو ڕەوشتە
بۆ ئەم جگەرگۆشانە

*هۆنراوەی / کاکەی فەلاح

تێبینی/ ئەم هۆنراوەیە لەلایەن وەرگێڕەوە خراوەتە نێو شانۆییەکە.

# پێداچوونەوەیەك بە پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی ساڵی خوێندنی 2007 ـ 2008

ئا : بورهان عەبدوڵلا ئەرگوشی*

## پێشەکی:

خولی دڵنیایی Quality Assurance - QA کە لەلایەن ئەنیستیتیۆتی کوردستان بۆ کارگێری گشتی Kurdistan Institute of Public Administration-KIPA یەوە رێکخرابوو بۆ (31) راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەر یەکێکیان نوێنەرایەتی وەزارەتێکی دەکرد سەرەڕای ئەنجوومەنی وەزیران و دەستەی وەبەرهێنان. خولەکە لە 2007/7/15 دەستی پێ کردو لە 2008/8/19 کۆتایی پێ هات. ئەم خولە بریتی بوو لە (8) هەفتەی چڕوپڕی وانەی تیۆری و پراکتیکی دەربارەی QA. وانەبێژان و ماددەی خولەکە لەلایەن قوتابخانەی نەتەوەیی بەریتانی National School of Government دابین کرابوون. لەنێوان هەر هەفتەیەك و یەکێکی دیکەدا ئەرکێك بە بەشداربووان دەسپێردرا دەربارەی ئەو بابەتەی کە خوێندراوەو مەرج بوو بابەتی ئەرکەکە لەسەر ئەو کەرتە بێت کە بەشداربووەکە کاری تێدا دەکات، ئەم پێداچوونەوەیەش بریتییە لە ئەرکی هەفتەی چوارەمی خولی ناوبراو لەپێشەوەو لەبەر گرنگی بابەتەکەو زەقی کێشەی میلاك بەپێویستمان زانی لە بڵاوکراوەی (پەروەردە و فێرکردن) دا بڵاوبکرێتەوە.

## ناونیشانی پێداچوونەوە

پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایان لە قۆناغی ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی 2007-2008 لە هەرێمی کوردستان.

## ئامانجی پێداچوونەوەکە

بۆ دیاری کردنی چۆنیەتی جێبەجێکردنی دامەزراندنی مامۆستایانی نوێ بە پێی پێویستی وەزارەتی پەروەردەو کاریگەری لەسەر بودجەو جۆریتی فێرکردن لە کوردستان و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکان بۆ چاککردنی ئەدای نرخ بەرانبەر پارە (Value for money).

## هۆی پێداچوونەوەکە

کێشەی زۆری فەرمانبەران لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کێشەیەکی دیارو بەرچاوە کە بە هۆی ئەو بارودۆخانەی کوردستان لە ساڵانی دواییدا پێیدا تێپەڕبووە خەڵکێکی زۆر دامەزراوە بە شێوەیەك پترە لە پێویستی فەرمانگەکان و زۆر جاریش لە ڕووی کارامەیی و لێهاتووییەوە لە ئاستی پێویستدانین، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی بودجەی حکوومەت بۆ مووچە تەرخان بکرێت، کە جیاواز لە ستانداردی جیهانی نزیکەی 67٪ ی بودجە بۆ دابینکردنی مووچە دەڕوات، ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بودجەی پێویست بۆ پرۆژەکان.

وەزارەتی پەروەردەش وەزارەتێکی گەورەیەو یەکێکە لەو وەزارەتانەی ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری حکوومەت لە خۆ دەگرێت (پتر لە 120 هەزار) فەرمانبەرو مووچەخۆر لەخۆدەگرێت و بەپێی سەرچاوەکانی ژمێریاری وەزارەت ساڵی (2006) بڕی تەرخانکراو بۆ مووچە 90٪ بووەو لەنیوەی یەکەمی ساڵی (2007) وا ماوەتەوە بگرە کەمێك زیاتریش بووە بۆ 90.1٪ . واتە گرفتەکە لەوەزارەتی پەروەردە بە بەراورد لەگەڵ کەرتەکانی تر گەورەترە، هەروەها لەبەر ئەوەی بڕێکی زۆری بودجەی پەروەردە بۆ مووچەی مامۆستاو فەرمانبەران تەرخان دەکرێت ئەمە کاری کردووەتە سەر کەمبوونەوەی بودجەی پێویست بۆ لایەنەکانی تری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و کاریگەری نیگەتیڤانەی لەسەر جۆریتی فێرکردن و ئەو ڕاژەیە هەبووە کە وەزارەت پیشکەشی دەکات.
ئەمەیش وایکردووە وەزارەتی پەروەردە لە ژێر پاڵەپەستۆدا بێت کە ڕادەیەك بۆ زیادی میلاك دانێت و دووبارە ڕێکی بخاتەوە بە شێوەیەك بتوانێت بڕێکی پارە لەو بوارەدا بۆ بوارە پێویستەکانی دیکە گل بداتەوە.

## بواری پێداچوونەوەکە

پێداچوونەوەکە دوو لایەنی گرنگ و سەرەکی لە خۆ دەگرێت کە پێکەوە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر بڕی پارەی سەرفکراو هەیە لەلایەن خزمەتگوزاری پەروەردەیی نیشتیمانییەوە لەسەر دامەزراندنی مامۆستایان:
1- کارایی و کاریگەری لە دامەزراندنی مامۆستایان:
أ- کارایی لە دامەزراندنی مامۆستایان.

ب- کاریگەری مامۆستایانی تازە دامەزراو لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن.
ت- کاریگەرییەکانی سەر پرۆسەی دامەزراندن.
2- بە فیڕۆدانی بودجەی وەزارەت لە بواری دامەزراندندا.

## پەیڕەوی پرۆگرامی پێداچوونەوەکە

1- کۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر دامەزراندنی مامۆستایان لە هەریەکە لە ئاستەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان (پارێزگا)و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان (قەزا).
2- بەسەرکردنەوەو وردبین کردنی نووسراوو فەرمانەکانی تایبەت بە دامەزراندن و تۆمارەکانی خۆیەتی و میلاك لە هەر یەکە لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان هەروەها وردبین کردنی دۆسیەی کەسی مامۆستا تازە دامەزراوەکان.
3- چاوپێکەوتن و وەرگرتنی ڕای بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاکان و بەڕێوەبەری پەروەردەکان لە قەزاکان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دەربارەی پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایان.
4-دیاریکردنی چۆنیەتی دابەشکردنی مامۆستایان بەسەر ناوچەو قوتابخانەکاندا بە پێی پێویستی و پسپۆرییەکانیان.
5- دیارکردنی هۆیەکانی بە فێڕۆدانی بودجەی وەزارەت لە بواری دامەزراندندا.

## پێڕستی زاراوەکان

- وەزارەت:
وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە (ب . گ .پ ):
لە هەر پارێزگایەك لە هەرێمی کوردستان دەزگەیەك (ڕێکخراوێك)ی پەروەردەیی هەیە کە لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە سەرتاسەری پارێزگە

بەرپرسەو ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی قوتابخانەکان ناکات بەڵکو سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە قەزاکان دەکات (بۆ نموونە لە هەولێر 10 پەروەردەی قەزا هەیە).

- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە:

بریتییە لەو فەرمانگە (ڕێکخراو)ەی پەروەردە کە لەئاستی قەزا سەرپەرشتی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکات و ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ژمارەیەك ناوەندی پەروەردە و فێرکردن (باخچەکانی ساوایان، قوتابخانە بنەڕەتییەکان، قوتابخانە ئامادەییەکان و پیشەییەکان و پەیمانگەکان) دەکات.

- سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:

کەسانێکی خاوەن ئەزموون و شارەزان لە بواری پەروەردەدا کە هەر یەکەیان بەرپرسی ژمارەیەك قوتابخانەن کە سەرپەرشتییان دەکات کە کاریان ڕێنمایی کردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەو سەرپەرشتیاران پسپۆرییان جیاوازە بەپێی وانەکان و سەرپەرشتیاری تایبەتیش بە کارگێڕی قوتابخانە هەن.

- پسپۆری:

هەر مامۆستایەك لە قۆناغی ئامادەیی دادەمەزرێت خاوەن پسپۆرییەکی دیاریکراوە بە پێی ئەو بڕوانامەیەی بە دەستی هێناوەو دەتوانێت ئەو بابەتە بڵێتەوە کە شارەزایی لیٚ هەیەو خوێندوویەتی، پسپۆرییەکانیش ئەمانەن: (زمانەکان: کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، بابەتە زانستییەکان: بیرکاری، زیندەوەرزانی، کیمیا، فیزیا، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان: مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی مەدەنی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی) سەرەڕای بابەتەکانی وەرزش و هونەر.

- دەرماڵەی پیشەیی:

ئەو دەرماڵەیەی کە مامۆستا لە بری پیشەکەی وەردەگرێت و بریتیە لە (75000) دینار مانگانە تەنیا بۆ مامۆستایانی پلە (7 و 8)، خەرج دەکرێت.

- دەرماڵەی خۆجێیەتی:

ئەو دەرماڵەیەیە کە مامۆستا بە پێی جۆری خزمەت گوزاری لە شوێنی کارکردنی وەریدەگرێت و بە (20000) بیست هەزار دینار دەست پێدەکات و بە

پێی دووری لەسەنتەری شار بەرز دەبێتەوە بۆ 35000 و 50000 و 75000 دینار).

- دەرماڵەی هاتوچۆ:

ئەو دەرماڵەیەیە کە دەدرێتە ئەو مامۆستایەی کە دەوامی لە قوتابخانەیەکە کە لە شوێنی دانیشتن و ژیانی نییە و پێزیست بەوە دەکات ڕۆژانە هاتوچۆی بۆ بکات ئەم دەرماڵەیەش لە نێوان ( 20 ،35 ، 50 ، 65 ) هەزار دینارداییە بە پێی دووری و نزیکی.

- دۆسیەی کەسی:

ئەو دۆسیەیە کە سەرجەم بەڵگەنامەو نووسراوەکانی تایبەت بە مامۆستای تێدا هەڵدەگیرێت وەك:

بڕوانامەی دەرچوون و وێنەی پێناسەو ڕەگەزنامەو زانیاری دەربارەی شیانەکانی و شوێنی دانیشتن. سەرەڕای فەرمان و نووسراوەکانی تایبەت بە دامەزراندنی و، بە درێژایی کارکردنی هەر فەرمانێك دەربارەی دەربچێت وێنەیەکی لەم دۆسیەیدا هەڵدەگیرێت وەك ڕێز و سوپاس و سزاو بەرزکردنەوەو سەرمووچە .....هتد تا ڕۆژی خانەنشین بوونی.

- گواستنەوەی مامۆستایان:

بە مەبەستی ڕێکخستنی میلاکی مامۆستایان و نزیککردنەوەی ئەوانەی لە ناوچە دوورەکانن لە شوێنی دانیشتنیان دوای ساڵانی دیاریکراوی خزمەت و ڕەچاوکردنی داواکاری مامۆستایان لە گۆڕینی شوێنی دەوام کردنیان ساڵانە پرۆسەی گواستنەوەی مامۆستایان لە نێوان پەروەردەکان و قوتابخانەکان ئەنجام دەدرێ

## خشتەی زەمەنی پێداچوونەوەکە

پێداچوونەوەکە کە لە 1-3-2008 دەستی پێ کردووە لە 2008/5/10 راپۆرتەکە تەواوبووە.

## تیمی پێداچوونەوەکە

تیمەکە لە سێ کەس پێکدێت وەك ئەندامانی کاری دڵنیایی جۆری لەگەڵ (بورهان عەبدوڵلا عادل) وەك سەرۆکی تیمەکەو دەکرێت پێوەندی بەم ژمارەی تەلەفۆن و ئیمەیلە پێوە بکرێت:

Mob: o750 4454495

E – mail: burhan3h@yahoo.com

## شوێنی پێداچوونەوەکە

لەبەر ئەوەی کەرتی پەروەردە زۆر فراوانەو سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی داپۆشیوەو زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانیش قوتابخانەیان لێیە و سەرجەم قەزاکانیش بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی تایبەت بە خۆی هەیە، ئاسان نییە کار لەسەر هەموو شوێنەکان بکرێت، لەبەر ئەوە لە هەر پارێزگەیەك پەروەردەی سەنتەری شارو دەوروبەری وەك نموونە وەرگیراون بە شێوەیەکی چڕو بە شێوەیەکی کەمتریش هەندێك پەروەردەی دیکەیش بە مەبەستی بەراووردکردن کاریان لەسەر کراوە، هۆی سەرەکی هەڵبژاردنی پەروەردەکانی سەنتەری شارەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێبینی کراوە ژمارەیەکی بەرچاوی مامۆستایان بۆ دامەزراوە سەرەڕای ئەوەی کە لە رووی مامۆستایانەوە دەوڵەمەندترین ناوچەن، چونکە ژمارەی هەرە زۆری دەرچووی زانکۆکان خەڵکی سەنتەری شارەکانن و ساڵانە ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئەو ناوچانە بە هۆی تەواوکردنی ماوەی خزمەتیان لە ناوچە دوورەکان دەگەڕێنەوە سەنتەرەکان، لەلایەکی دیکەیشەوە لە کاتی هەبوونی شاغر لە قوتابخانەکانی ناو شاردا دەکرێت پارەی وانە بۆ مامۆستایان سەرف بکرێت لە دەوامی پێچەوانەی دەوامی ئەسڵی خۆی کە ئەوە لە گوندو ناوچە دوورەدەستەکان کارێکی ئاسان نییە و تێچوونی پتری دەوێت بەهۆی دووری نێوان قوتابخانەکان و کەمی هۆیەکانی هاتووچۆوە.

## ئەنجام و ڕاستییەکان

**یەکەم: داوا کردنی پلەو ڕەزامەندی وەرگرتن و ودامەزراندنی ڕاستەقینە:**

لە سەرجەم پەروەردەکان ئەو پلانەی بۆ دامەزراندن داواکراون و ئەوانەی لەلایەن وەزارەتەوە ڕەزامەندییان لەسەر دراوە لەلایەك و ئەو مامۆستایانەی بە فیعلی دامەزرێنراون جیاوازییەکی بەرچاویان لە نێواندا بەدی دەکرێت کە نیشانەیە بۆ

ناوردی و کەمتەرخەمی لە بواری پلاندانان و کارکردن و، ئاماژەیەکە بۆ نا بەرچاو روونی دەزگە پەروەردەییەکان.

**أ - لە ب . گ . پ . هەولێر (ب . پ . هەولێر -1، هەولێر - 2 ،دەشتی هەولێر، خەبات):**

لە سنووری ئەو پەروەردانەی سەرەوە بۆ ساڵی خوێندنی (2007 – 2008) داواکراوە 748مامۆستایان بۆ دابمەزرێنن، بەڵام دوای ورد بینی کردنی داواکانیان لەلایەن وەزارەتەوە ژمارەکە بۆ (647) کەم کراوەتەوە، کە کەمکردنەوەیەکی (لۆژیکییە) چونکە لە پسپۆرییە پێویستەکان هیچ کەمکرنەوەیەك نەکراوە وەك (بیرکاری و بابەتە زانستییەکان و وەرزش و هونەر. بەڵام لە هەندێك بابەتی وەك کۆمەڵایەتی و زمانی کوردی و عەرەبی بە رێژەیەکی کەم ژمارەی داواکانیان کەم کراوەتەوە چونکە بە پێی تۆمارەکانی وەزارەت و یاداشتەکانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی کێشەی میلاك لەو پسپۆرییانە نییە ئەگەر هەشبێت هی خراپ دابەشکرنی ئەو پسپۆریانەیە بەسەر قوتابخانەکاندا. بەڵام سەیر لەوەدایە بەبەراوورد لەگەڵ داواکانیان و ڕەزامەندییەکە ژمارەیەکی کەم مامۆستا دامەزراون کە بە هەموو پسپۆرییەکان ژمارەیان (288) مامۆستایە، واتە بە (360) مامۆستا کەمتر لەوەی ڕەزامەندییان لەسەر وەرگرتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پلەی شاغریان دەمێنێت و ژمارەیەك قوتابخانە لە هەندێك پسپۆری پێویست بێ بەش دەبن.

**ب - ب .گ . پ . سلێمانی (ب . پ . مەڵبەندی سلێمانی):**

لێرەدا کێشەکە جورێکی دیکەیە، بە هەمان شێوەی هەولێر جیاوازی لە نێوان ژمارەکانی (پلەی داواکراو، پلەکانی ڕەزامەندی لەسەر دراو، دامەزراوە ڕاستەقینەکان) هەیە، بەڵام جیاوازییەکە ئەمجارە لەوەدایە ژمارەی دامەزراوەکان لە هەر یەکە لە پلەی داواکراوو ڕەزامەندی لەسەردراوەکان لە وەزارەتەوە بەرز ترە، واتە لە دامەزراندندا تێپەڕاندنێك هەیەو ئەمەش کێشە لەگەڵ وەزارەتی داراییدا دروست دەکات. لە سلێمانی سەرجەم پلە داواکراوەکان (335) پلە بووە، کەچی لە وەزارەتەوە تەنیا (288) پلە ڕەزامەندی لەسەر دراوە، ئەویش بەهەمان شێوەی ئەوەی هەولێر لەبەر ئەوەی هەندێك پسپۆری پتر لە ڕادەی پێویست داواکران وەك : زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، کۆمەڵایەتی . بەڵام بەپێچەوانەی هەولێر کە

نەیانتوانیوە پلەکانیان پڕ بکەنەوە، بەڵکو مامۆستای پتریـان دامەزرانـدووە، کـە ژمارەیان (400) مامۆسـتایە، واتـە (160) مامۆسـتا بـەدەر لـە ڕەزامەنـدی دامەزراون، کە ئەمەش کارێکی نائاساییەو نیشانەی پابەندنەبوونە بە ڕێنماییەکان و بەڵگەی بێ سەرو بەری کارکردن و بێ پلانییە.

**جـ - ب . گ . پ . دهۆك ( ب . پ . قەزای دهۆك ):**

لێرەدا جیاوازی لە نێوان ژمارەکاندا بەدی دەکرێت بەڵام بەڕادەیەکی کـەمتر لـە هەردوو حاڵەتی پێشەوە. لێـرەدا کێـشەکە جـۆرێکی دیکەیـە. بـۆ دامەزرانـدنی مامۆسـتایان داوای (465) پلـەیان کـردووە کەچـی (340) مامۆسـتایان دامەزراندووە، بەڵام تەنیا ڕەزامەندی (331) پلەیان هەبووە، واتە (9) مامۆستا پتر دامـەزراوە لـەوەی ڕێگـەیان پێـدراوە، لەمـەیان هاوشـێوەی سـلێمانین، واتـە تێپەڕاندنیان هەیە کە نیشانەی پابەندنەبوونە بەڕێنماییەکان و ئەو کارەی کراوە لـە دەسەڵاتیاندا نییە، لەلایەکی دیکەیشەوە جیـاوازی نیـوان پلـە داواکراوەکانیـان و دامەزراوەکانیان، نیشانەی بێ پلانی و نابەرچاو ڕوونی ( هاوشێوەی هەولێر) کـە دامەزراندنەکانیان لە داواکردنەکەیان کەمترن.

بەشێوەکی گشتی لە هەرسێ خاڵی سەرەوەدا ئەوە ئاشکرا دەبێـت کـە میلاکـی مامۆستایان لەڕووی کەم و زیادییەوە گرفتی هەیە، دامەزراندنەکانیش بە پلانێکی گونجاو نەکراون و پێویستیەکانی قوتابخانەکان چارەسـەریان بـە وردی نـەکراوە لـە مامۆستایان و پەروەردەکان بە ڕێنماییەکانەوە پابەند نین.

**دووەم: پسپۆرییەکانی مامۆستا دامەزراوەکان**

**أ- دامەزراندنی مامۆستایان بەپێی پێویستی پسپۆرییەکانیان:**

لە هەموو پەروەردەکان تێبینی دەکەین کە لە هەندێك پسپۆری پتر لـە ژمـارەی پێویست مامۆستایان دامەزراندووە و لە هەنـدێکی دیکـە کـەمتر لـە ژمـارەی پێویست بەپێی داواکارییەکان و ڕەزامەندی وەزارەت.

ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مامۆستا ناچار بکرێت هەندێك وانە بڵێتەوە کـە پسپۆری خۆی نییەو کاریگەرییەکی نیگەتیڤانە دەکاتـە سـەر جـۆری خوێنـدن و دەبێتە مایـەی دابـەزینی ئاسـتی زانـستی و ئەمـەش پێـچەوانەی ئامانجـەکانی

وەزارەتە. سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی نائاسوودەیی ئەو مامۆستایانەو لە هەمان کاتدا دامەزراندنی وا بەفیڕۆدانی بودجەی وەزارەتە، چونکە بەڕاستی پێویستییەکان دابین ناکرێن ، واتە تەنیا جەخت کردنەوەیە لەسەر چەندایەتی و لایەنی چۆنایەتی پشت گوێ خراوە. وەك دیارە پسپۆرییەکانی وەك : زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر پێویستن، کەچی پتر لە ژمارەی داواکراو و ڕەزامەندی لەسەر دراو دامەزراون و بە پێچەوانەوە بابەتەکانی وەك : زمانی ئینگلیزی و بابەتە زانستییەکان (بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی) کەمتر لە ژمارەی داواکراوو ڕەزامەندی لەسەر دراو (ئەو پسپۆرییانە لەبەر ئەوەی پێویستن و بەڵگەی حاشا هەڵنەگر هەیە لەسەر کەمییان وەك خۆیان چۆن داوا کراون ڕەزامەندییان لەسەر دراوە) دامەزراون.

کێشەکە ئەوەی لە هەندێك پسپۆری کە زۆر پێویست نین ژمارەیان لە زیاد بووندایەو هەندێك پسپۆری کە زۆر پێویستن ژمارەیان لە کەم بووندایە بە ڕەچاوکردنی ژمارەی قوتابیان و قوتابخانەکان.

ڕەنگە هۆکارێکی ئەمە ئەوە بێت کە دەرچووانی هەندێك پسپۆری لە زانکۆکان لە هەندێکی دیکە پتر بن (دەرچووانی بەشەکانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی و کۆمەڵایەتی) لە دەرچووانی بەشەکانی (زمانی ئینگلیزی و بیرکاری و بابەتە زانستییەکان بە شێوەیەکی گشتی) پترن.

هۆکارێکی دیکەیش ئەوەیە کە زۆر لە دەرچووانی هەندێك بەش جگە لە بواری پەروەردە بە مووچەی پتر لە شوێنی دیکە دادەمەزرێن ( وەك دەرچووانی زمانی ئینگلیزی کە لە ڕێکخراوە بیانییەکان و کۆمپانیاکانی تایبەت وەك وەرگێڕ دادەمەزرێن، یان دەرچووانی بەشی زانستی وەك بایۆلۆژی لە وەزارەتی تەندروستی و نەخۆشخانە ئەهلییەکان لە بواری تاقیگە و شیکردنەوەی خوێن کار دەکەن).

بۆ زانینی کەم و کوڕی دامەزراندنی مامۆستایان بە پێی پێویستی پسپۆرییان سەیری خشتەکانی (ژمارە 1 و 2 و 3) بکە (کە لەگەڵ ئەم پێداچوونەوەیەدا پاشبەند کراون) . لە خوارەوەش هەندێك نموونەی زەق لەم ڕووەوە دەخەینە ڕوو:

**1- لە هەولێر**

لە پسپۆری کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان (34) پلەیان داواکردبوو، بـەڵام لـە وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر نەدرابوو، واتە مافیـان نـەبووە هـیچ مامۆسـتایەکی پـسپۆری کۆمەڵایەتی دابمەزرێنن، کەچی (60) مامۆستایان لەو پسپۆرییە دامەزراندووە!!.

لە پسپۆری ( زمانی ئینگلیزی ) داوای ( 157) پلەیان کردبوو لەبەر پێویستی زۆر بەو پسپۆرییە لە وەزارەت سـەرجەم داواکـەیان (157 پلـە) پەسـند کـراوەو ڕەزامەندی لەسەر دراوە، کەچی توانیویانە تەنیا (29) مامۆستا دابمەزرێنن واتـە بە جیاوازی (128) پلە.

**2- لە سلێمانی:**

لە پسپۆری (کۆمەڵایەتی) بۆ خۆیان داوای (20) پلەیان کردووە، لە وەزارەتیش تەنیا (10 پلە)یان پێ دراوە، کەچی (139) مامۆستای کۆمەڵایەتی دامـەزراون واتە بە جیاوازی (129) پلە زێدە ڕۆییان هەیە.

لە پسپۆری (کیمیا) داوای (25) پلەیان کردووەو هـەر 25 پلەکـە ڕەزامەنـدی لەسـەر دراوە لـە وەزارەتـەوە کەچـی تـەنیا یـەك مامۆسـتای کیمیایـان دانەمەزراندووە!!.

**3- لە دهۆك:**

لە پسپۆری (کۆمەڵایەتی) داوای (30) پلەیان کردووەو تەنیا ڕەزامەندی (10) پلەیان بەدەست هێناوە، کەچـی (63) مامۆسـتایان دامەزرانـدووە، واتـە (53) مامۆستای پسپۆری کۆمەڵایەتی زیاد دامەزراون.

لە پسپۆری (پەروەردەی وەرزشی) داوای (60) پلەیان کردووەو هەر (60) پلەکە ڕەزامەندی لەسەر دراوە کەچی تەنیا (3) مامۆستا لەو پسپۆرییە دامەزراوە واتە بە جیاوازی (57) مامۆستا کەمتر لە پێویست.

بە پێی ئەو ئامارانەی سەرەوە لە هەندێك پسپۆری کەمی مامۆستا وەك کێـشە بەردەوام دەبێت و لە هەندێکی دیکەیش زیاد بوون هەیە، وەك لە پێـشەوە باسـی لێوە کرا مامۆستا زیادەکان ناچار دەبن پسپۆری تـر بلێنـەوە کـە شـارەزاییان لێ نییە، لەلایەکی دیکەیشەوە بەشی ناوچەکانی دوورو سنوورییەکان دەخۆن ، چونکە ئەو پسپۆرییانەی لە ناو شارەکان و دەوروبەریان بە زیادە دادەمەزرێن، لـە ناوچـە دوورە دەستەکان پێویستییان بەو پسپۆریانەش هەیە.

**ب- وردی پسپۆرییەکان و گونجانیان لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندن:**

لــە دامـەزرانـدنی مـامۆسـتایان ڕەچـاوی وردی پـسپۆرییەکان نـەکراوە یـان بـە واتەیەکی دیکە ئەو کەسە شیاوانە دانەمەزراون کە بتـوانن بـە باشـی پرۆگرامـی بڕیار لەسەر دراو لە قوتابخانەکاندا بڵێنەوە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەشیان (جگـە لە کۆلێژەکانی پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەت) بۆ مامۆستایەتییان نەخوێنـدووە و بابەتەکانی ڕێگەکانی وانەوتنەوەو دەروونزانییان لە کۆلێژ نەخوێندووە واتە بە پێی مەرجـەکانی وەزارەت زۆر شـیاو نـین پـۆل بـەڕێوە ببـەن و هەڵـسوکەوت لەگـەڵ قوتابییاندا بکەن ، هەرچەندە ساڵانە مامۆستایانی دامەزراو لە قۆناغی ئامـادەیی (جگە لە دەرچووانی کۆلێژەکانی پەروەردە ) بۆ ماوەی (2.5) مانگ و لە پشووی هاویندا بەشداری لە خولی شیاندن بۆ کاری مامۆسـتایەتی دەکـەن کـە وەزارەتـی پەروەردە ئەنجامی دەدات بـەڵام هـەر بـە ڕاپـۆرت و هەڵـسەنگاندنی بەرپرسـانی پەروەردەیی ئەو خولانە کاریگەری زۆریان نییە بە هۆی کەمی ماوەو کۆنی زانیاری و سەرچاوەکانی. ڕێژەی دەرچووانی کۆلێژەکانی پـەروەردە لـە سـلێمانی لـە کـۆی سەرجەم دامەزراوەکان (13٪) و لە دهۆکیش (59.4٪)ـە.

وا لە خوارەوە هەندێك نموونەی ئەو پسپۆرییانە دەخەینە ڕوو کە دامەزراون لەگەڵ ئەوەی کە بۆ کارەکەیان شیاو نین و جۆری بڕوانامەو بواری خوێندنیان لەگەڵ کـاری مامۆستایەتی لە هەرێمی کوردستاندا ناگونجێت:

1- لە هەولێر:

یەك دەرچووی کۆلێژی یاسـاو ڕامیـاری - بەشـی ڕامیـاری دامــەزراوە. چـوار دەرچــووی کۆلێــژی زمـان بەشـی فارسـی دامــەزراون، هەرچــەندە لــە سـەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندنی هەرێمی کوردستان لە قۆناغەکانی خوێندنی پێش زانکۆیی هیچ بابەتێکی فارسی نییە.

2- لە سلێمانی:

دەرچووی (ڕاگەیاندن، شوێنەوار، جیۆلۆجی، ژمێریاری، کـارگێری، دەروونزانـی) دامەزراون. تەنیا لە بەشی ژمێریاری (10) کەس دامەزراون، لە کـارگێڕیش (7) کەس.

دەربارەی مامۆستایانی پسپۆری بـایۆلۆژی لـەکۆی (16) دامــەزراو (10)یـان دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵین واتە (37.5 ٪ پـسپۆری بـایۆلۆژین) بـە پـسپۆری وردی جیـاوازەوە (1 باخـداری، 6 خـاك، 1 کـشتوکاڵی کێڵگـە، 2 بەرهـەمی

گیانەوەر). هەر یەکە لەو پسپۆرییە وردانەی سەرەوە ناتوانن ڕێژەی (5 ٪)ی پرۆگرامی بایۆلۆژی لە قۆناغی ئامادەییدا داپۆشن ، جا چۆن دەتوانن بابەتەکە بە سەرکەوتوویی بڵێنەوە؟ ئەوانەی پسپۆریشیان بایۆلۆجی یە هەموویان دەرچووی کۆلێژەکانی پەروەردە نین، بەڵکو دەرچووی کۆلێژی زانستیشیان تێدایە، کە بۆ مامۆستایەتی ناخوێنن، بەڵام هەرچۆنێك بێت بۆ وتنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن لە دەرچووانی کشتوکاڵی باشترن.

3- لە دهۆك: دەرچووی : زمانی فەرەنسی ،کارگێڕی، (اصول الدین) دامەزراون. سەبارەت بە پسپۆری بایۆلۆژی بە هەمان شێوەی سلێمانی کە پێشتر ڕوون کراوەتەوە لە کۆی (60) مامۆستای دامەزراو (53) ی دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵین واتە (11.6 ٪ ) پسپۆری بایۆلۆژین . ئەوانەی دەرچووی کشتوکاڵیشن لە پسپۆرییەکەیاندا جیاوازییان هەیە کە بۆ کاری مامۆستایەتی شیاو نین و پسپۆرییەکانیان ئەمانەن:

بەشی بەرهەمی گیانەوەر، بەشی ئاو و خاك، بەشی ڕێنمایی کردنی کشتوکاڵی، بەشی بێستانکاری، بەشی دارستان، بەشی ئابووریی چاندن.

مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتیش دەرچووی جۆراو جۆرن و پسپۆریەکانیان بریتین لە مێژوو و جوگرافیاو ئابووری و کۆمەڵناسی و شوێنەوارو .. تاد. سەرەڕای ئەوەی تەنیا یەکێك لەو پسپۆرییانەی هەیە کەچی ناچار دەبن سەرجەمیان بڵێنەوە.

دەرچووانی ئامار لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری بە مامۆستای بیرکاری دامەزراون کەچی (ئامار) ڕێژەیەکی زۆر کەمە لە پرۆگرامی بیرکاری و ئەم جۆرە مامۆستایانە لە وتنەوەی وانەکانی بیرکاری لە جەبر و ئەندازە و سێگۆشەکاری و تەواوکاری و جیاکاری .. تاد .. زۆر سەرکەوتوو نین.

بە شێوەیەکی گشتی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە دامەزراندنی مامۆستایاندا ڕەچاوی پسپۆری مامۆستا نەکراوە بە شێوەیەك لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندن و کاری مامۆستایەتیدا بگونجێت.

**جـ - ئەو پسپۆرییانەی داوانەکراون و دامەزراون:**

لە هـەموو پـەروەردەکان هەنـدێك پـسپۆری داوانـەکراوە (کـە داواش نـەکرێت ڕەزامەنـدی لەسـەر وەرناگیرێـت) کەچـی سـەرەڕای ئـەوەش دامەزرانـدن لـەو پسپۆرییانەدا هەبووە. جا داوانەکردنەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دیارە پێویستییان پێ نەبووە، لەم حاڵەتەشدا زێدەڕۆییەو بە فیڕۆدانی بودجەیە، یان پێویستییان هەبووەو لە دیاریکردنی پێویستیەکەیان وردنەبوونەو بـە واتایـەکی دیکـە پلانیـان توکمـە نەبووە، لەم حاڵەتەشدا لاوازی کارگێڕی نیـشان دەدەن. بـۆ زانیـاری پـتر سـەیری خشتەی ژمارە(4) بکە کە لەگەڵ ئەم پێداچوونەوەیەدا پاشبەندکراوە.

**سێ یەم: کەم و کوڕییەکانی دامەزراندنی مامۆستایان لە بەشەکانی خۆیەتی و میلاك:**

**أ- لێژنەی (دامەزراندن و چاوپێکەوتن و دابەشکردنی مامۆستایان) لە بەشەکانی خۆیەتی و میلاك لە پەروەردەکان:**

سالآنە لێژنەیەك بۆ چاوپێکەوتنی ئەوانە پێکدەهێنرێت کە داواکاری پێـشکەش دەکەن تا بە مامۆستا دابمەزرێن. ئەو لێژنەیە چاوپێکەوتن لەگەڵ داواکاران دەکات بۆ دڵنیابوون لە شیاوییان بۆ کاری مامۆستایەتی لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و زمانەوانی و ئاستی زانستی.. تاد. دوای ئەوەی سەرجەم کارەکانیان تەواودەبێت لە وەرگرتنی بەڵگەنامە پێویستەکان لە داواکـاران و ڕەزامەنـدی دامەزرانـدنیان لـە وەزارەتەوە وەردەگیرێت، هەمان لێژنە مامۆستایان بەپێی پسپۆرییەکان و پێویستی دابەشی سەر پەروەردەکان دەکات و ئەگەر لێژنەکە لەسەر ئاستی پەروەردەی قـەزا بوو مامۆستایان دابەشی سەر قوتابخانەکان دەکات. هەبوونی لێژنە شـەفافیەتێکی پتر دەستەبەر دەکات و بەرپرسیاریەتی دابەشی سەر ژمارەیەکی پـتر دەبێـت و لـە ئەنجامـدا ڕێنماییـەکان بـە شـێوەیەکی باشـتر جێبـەجێ دەکـرێن و پێویـستی پەروەردەکان و قوتابخانەکانیش باشتر دابین دەکرێن و دادپەروەری پتریش سـەبارەت بە مامۆستایانی تازە دامەزراو پەیڕەو دەکرێت (نوێنەری یـەکێتی مامۆسـتایانی کوردستان لەو لێژنەیە ئەندامە). لە ساڵی خوێنـدنی (2007-2008) دانـان و کاری لێژنەکانی ئاماژەپێکراو لە پێشەوە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

**1- لە هەولێر:**

تـەنیا لەسـەر ئاسـتی بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی.پ.( لێژنـەی دامەزرانـدن و چاوپێکەوتن و دابەشکردنی مامۆستایان) دانرابـوو بـە سـەرۆکایەتی بەڕێوەبـەری

گشتی پەروەردەو ئەندامیەتی یاریدەدەرەکەی بۆ کاروباری کارگێڕی و بەڕێوەبـەری سەرپەرشتی کردنی پـەروەردەیی (قۆنـاغی ئامـادەیی) و بەڕێوەبـەری خۆیـەتی و میلاك و بەرپرسی خۆیەتی مامۆستایانی قۆناغی ئامـادەیی و نوێنـەری یـەکێتی مامۆسـتایانی کوردسـتان ـ لقـی هـەولێر. بـەڵام وەك دەرکـەوت لـە ئـەنجامی پێداچوونەوەماندا کە ئەو لیژنەیە بەباشی کارەکانی جێبەجێ نـەکردووە و ڕەچـاوی ڕێنماییەکان نەکراوە. لە پەروەردەکانی خوارتر (قەزاکان) هـیچ لیژنـەی هاوشـێوە دانەنراون.

## 2- لە سلێمانی:

لەسـەر ئاسـتی (ب.گ.پ) و پـەروەردەی مەڵبەنـدی سـلێمانیش پێـشتر هـیچ لیژنەیەك بۆ مەبەسـتی ئامـاژەپێکراو دانـەنراوە لەبـەر ئـەوەش نایەکـسانی لـە دابەشکردنی مامۆستایان بەسەر پەروەردەکاندا هەبووە، سەرەڕای کەم و کوڕی لـە دامـەزراندن و لە ڕووی شیاوی ئەوانەی داواکارییان پێشکەش کردووە.

## 3- لە دهۆك:

بە هەمان شێوەی سلێمانی کە لە خاڵی پێشەوەدا دیاری کـراوە هـیچ لیژنەیـەکی تایبەت بە (دامـەزراندن و چاوپێکەوتن و دابەشکردنی مامۆستایان) لەسەر ئاستی هەر یەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.پ.دهۆك و ب.پ.قەزای دهۆك دانەنراوە.

## ب- ڕێنماییەکانی دامەزراندن و دابەشکردنی مامۆستایان:

### 1- لە هەولێر:

هیچ ڕێنماییەك بۆ دامەزراندنی مامۆستایان دەرنەکراوە، هـەر لەبـەر ئـەوەش ئەوانەی بڕوانامەی جۆراوجۆریان هەیە دامەزراون، کە هەندێکیان بۆ مامۆستایەتی ناشێن.

سەبارەت بە ڕێنماییەکانی دابەشکردنی مامۆستایان، لـە سـنووری (ب.گ).پ. هەولێردا (10) بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قـەزا هەیـە، تـەنیا چـواریان لـەڕووی دانانی مامۆستایانەوە ڕێنمایی تایبەتیان بۆ دەرکراوە کە دووانیان لە ناو سەنتەری شارن (هەولێر1 و هەولێر2)، دووانەکەی دیکەیش لە دەوروبەری شـارن (دەشـتی هـەولێر و خـەبات). سـەبارەت بـە پـەروەردەکانی دیکـەیش هـەر کەسـێك ئـەو مەرجانەی تێدا نەبێت لەو پەروەردانە دادەنرێن. ڕێنماییەکانی تایبەت بـە چـوار پەروەردەی ناوبراو لە پێشەوە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆ دەگرن:

1- خێزاندار(تەنیا بۆ ڕەگەزی مێ)، پێویستە گرێبەستی مارەبڕین کە لـە لایـەن دادگاوە پەسند کرابێت، پێشکەش بکرێت.
2- خاوەن شەهید یان ئەنفالکراوی پلە یەك (باوك، دایك، برا، خوشك). پێویستە پشتگیری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بـە نووسـراوی فـەرمی پێـشکەش بکات.
3- مەرجی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ پسپۆرییەکانی (کۆمپیووتەر و وەرزش).
هەردوو مەرجی خاڵەکانی 1و2 پەروەردەی هەولێرـ1 ناگرنەوە کە دەکەوێتە نـاو جەرگەی شار.
ئەو مەرجانە لە سەر بنەمای پێویستی پەروەردە دانەنراون بـەڵکو پـتر ڕەچـاوی داب و نەریتی کۆمەڵ و واقعی سیاسی کوردستان کـراوە بـە تایبـەتی خاڵـەکانی 1و2. سەبارەت بە خاڵی سێیەم بۆ پسپۆری (کۆمپیووتەر) تا ڕادەیـەك گونجـاوە، چونکە لە ناو شارەکاندا تاقیگەی کۆمپیووتەر پتر دابین کراون و سەرچاوەی وەزەش بۆ کارپێکردنیان پتر دەستەبەر دەکرێت و ژمارەی مامۆستایانیش لـەو پـسپۆرییە کەمە. بەڵام بۆ (وەرزش) بە گونجاو نابینرێت چونکە مامۆستای پسپۆری وەرزش لە ناو شاردا ژمارەیان کەم نییە بە هۆی ئەوەی چەند ساڵێکە ئەو مەرجە جێبەجێ دەکرێـت و زۆر یانـەو دەزگـەی وەرزشـی لـە نـاو شـاردا هـەن کـە لـەو ڕووەوە یارمەتیدەربن و لە گوندەکانیش بارودۆخ لەبارە بۆ خوێندنی وانـەی وەرزش و ئـەو کۆسپانەی بۆ بابەتی کۆمپیووتەر لـە گوندەکانـدا دێنـە پێـشەوە بـۆ وەرزش زۆر کەمترن.
سەرەڕای هەبوونی ڕێنماییش بەڵام پابەندنەبوونیان پێوە بـەدی دەکرێـت و کـەم وکوڕی زەق هەبوون کە لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:
*بەدەر لەو ڕێنماییانـە (53) مامۆسـتایان دامـەزرانـدووە (27 مامۆسـتا لـە پەروەردەی خەبات ، 18 مامۆستا لە پـەروەردەی هـەولێر2 ،6 مامۆسـتا لـە پەروەردەی دەشتی هەولێر).
*لە پەروەردەی هەولێر1 (24) مامۆستای وەرزشییان دامەزراندووە کە تـەنیا پێویستیان بە (10) مامۆستای لەو جۆرە هەبووە.
*لەبەر ئەوەی مامۆسـتایانی (وەرزش) بـە ڕێژەیـەکی زۆر دامـەزراون جـاری وا هەبووە پتر لە مامۆستایەك لە یەك قوتابخانە دانراوە ( بۆ نموونە: دوو مامۆسـتای

وەرزشی تازە دامەزراو لە دواناوەندی نانەکەلی کچان دانراون لە ناو سەنتەری شاری هەولێر) کە زۆر قوتابخانە هەیە مامۆستای وەرزشی نییە.
*هەندێك لە مامۆستایانی تازە دامەزراو لە قوتابخانەکانی کەرتی تایبەت و نموونەییەکانی حکوومی دانراون لەناو شاری هەولێر (وەك دواناوەندی نیلۆفەری کچان، کە سەر بە کۆمپانیای فەزالەری پەروەردەیی تورکییەو دواناوەندی هەولێری نموونەیی).

## 2- لە سلێمانی:

هیچ ڕێنمایی تایبەت بە دامەزراندن و دابەشکردنی مامۆستایان دەرنەکراوە لەبەر ئەوە ژمارەیەکی زۆر مامۆستا دامەزراون کە جۆری خوێندن و بڕوانامەیان بۆ کاری مامۆستایەتی گونجاو نییەو سەبارەت بە دابەشکردنی مامۆستایانیش بێ سەروبەرییەکی زۆر بەدی دەکرێت و نایەکسانی لە پڕکردنەوەی پێویستی پەروەردەکان هەیەو کەم و کوڕی زۆریش دەستنیشان کراون وەك:
*ژمارەیەك مامۆستا (توانیمان 21 حاڵەت دەست نیشان بکەین) بە دوو فەرمانی وەزاری جیا لە دوو پەروەردەی جیاواز یان دووجار لە هەمان پەروەردە دامەزراون و دواتر مامۆستا دامەزراوەکە بە ویستی خۆی پەروەردەیەکی هەڵبژاردووە. دواتر ئەم حاڵەتانە بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێك لە فەرمانەکان چارەسەرکراون.
*ژمارەیەك مامۆستا(توانیمان 5 حاڵەت دەستنیشان بکەین) بە یەك فەرمانی وەزاری دامەزراندن دووجار ناویان هاتووە لە دوو بڕگە (زنجیرە)ی جیاوازو هەر جارەی ناوی لە پەروەردەیەك دانراوە.
*ژمارەیەك مامۆستا بە (فەرمانی وەزاری) شوێنی دامەزراندن (پەروەردەیەکی دیاریکراو)ی بۆ دەست نیشان کراوە لەبەر ئەوەی ئەو پەروەردەیە زۆر پێویستی بە مامۆستا هەیە، بەڵام لە (فەرمانی کارگێڕی) ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیدا شوێنی دانانی گۆڕاوە (لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا لە پەروەردەیەکی دوور بۆ ناو مەڵبەندی سلێمانی گۆڕاوە).ئەگەر ناوی ئەو مامۆستایانە لە کاتی بەرزکردنەویاندا بۆ دامەزراندن لە ناو مەڵبەندی سلێمانی دانرابانایە لەوانەیە ڕەزامەندییان لەسەر نەدرابا لە وەزارەت (توانیمان 10 حاڵەت دەستنیشان بکەین). لێرە تاکەکان ڕازی کراون لە شوێنی نیشتەجێبوونیان

دامەزرێن ئەگەر پێویستیش بە راژەیان نەبێت ، كەچی بەرژەوەندی و پێویستی پەروەردە پشت گوێ خراون.

*هەندێك مامۆستا بە فەرمانی وەزاری لەسەر میلاكی قۆناغی بنەڕەت دامەزراون (بە پێی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.پ. سلێمانی كاتێك بۆ دامەزراندیان بەرزكراوەتەوە بە هەڵە ئاماژە بە بڕوانامەكانیان كراوە گوایە دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایانن، كەچی لە ڕاستیدا دەرچووی كۆلێژی بازرگانین) دواتر لەلایەن خۆیانەوە بە مامۆستای قۆناغی دواناوەندی دایانمەزراندوون. (توانیمان2 حاڵەت دەست نیشان بكەین).

*(48) دەرچووی بەشەكانی كۆمەڵناسی و دەروونزانی بە مامۆستا دامەزراون و دواتر بە فەرمانێك ناوونیشانیان بۆ (توێژەری كۆمەڵایەتی) لە قوتابخانەكاندا گۆڕاوە، هەرچەندە توێژەری كۆمەڵایەتی پێویستن بەڵام ئەمە پێچەوانەی ڕێنماییەكانە چونكە تەنیا ڕێگە بە دامەزراندنی مامۆستایان دراوە بەڵام توێژەرانی كۆمەڵایەتی فەرمانبەرن. بەمەش ژمارەی زێدەڕۆییان لە (112) بۆ (160) پلە زیاد دەكات.

*ژمارەیەك مامۆستا (توانیمان 10 حاڵەت دەستنیشان بكەین) هیچ بڕوانامەیەكی دەرچوون لە ناو دۆسیەكانیاندا نەبوو، كە مەرجێكی سەرەكی دامەزرادنە.

***حاڵاتی سەیرتر هەبوون وەك:**

- ✓ مامۆستا دامەزراوە كەچی چەند ڕۆژێك پێش دامەزراندنی مۆڵەتی دایكایەتی وەرگرتووە!!.
- ✓ مامۆستای دەرچووی كۆلێژی (بەڕێوەبردن و ئابووری ـ بەشی گەشت و گوزارو هۆتێلكاری) بە پسپۆری زمانی ئینگلیزی ناوی بۆ دامەزراندن بەرزكراوەتەوە.

ئەو حاڵەتانەی سەرەوە گەواهی ئەوپەڕی بێ سەروبەری كاركردن و بێ توانایی كارمەندانی پەروەردە بە تایبەتی بەشەكانی خۆیەتی و میلاك دەدەن. سەرەڕای ئەوەی ئەوە دەسەلمێنن كە وەزارەت و فەرمانگەكانی پەروەردە سوودیان لە بواری IT وەرنەگرتووە، جگە لە كاری چاپكردن هەرچەندە وەزارەت پارەیەكی گونجاوی بۆ دابین كردنی ئامێر و ڕاهێنانی كارمەندان لەو بوارەدا تەرخان كردووە. لەلایەكی

دیکەیشەوە ئاماژەیە بۆ گەنـدەڵی و هەسـت نـەکردن بـە بەرپرسـیارەتی و دیـارە پرۆســەکانی چــاودێری و بەدواداچــوون و هەڵــسەنگاندن لەلایــەن بەڕێوەبەرانــەوە جێبەجێ ناکرێن.

**1ـ لە دهۆك:**

بە هەمان شێوەی سلێمانی هـیچ لێژنەیـەك بـۆ (دامـەزرانـدن و چـاوپێکەوتن و دابەشــکردن)ی مامۆســتایانی تــازە دامــەزراو دانــەنراوە لــە هەریەکــە لــە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.پ.دهۆك و ب.پ.قەزای دهۆك . بۆیـە بـە هـەمان شـێوە خەڵکی خاوەن بڕوانامەو شیانی جۆر بە جۆر دامەزراون کە هەموویان بۆ پەروەردە شیاو نین، بەڵام بە پێی وتەکانی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆك ئەم خاڵانـەی خوارەوە لە دامەزراندن و دابەشکردنی مامۆستایاندا ڕەچاوکراون (هەرچـەندە بـە نووسراو دەرنەکراون):

1- توانای بەباشی قسەکردن بە زمانی کوردی.
2- دەرچووانی کۆلێژ و زانکۆکانی کوردستان بن.
3ـ دیاریکردنی شوێنی دامەزرانـدن بـە پێـی پـشتگیری شـوێنی نیـشتەجێبوون دەبێت.

دەربارەی سێیەمین خاڵی مەرجەکانی پێشەوە گرفتـی پـەروەرد پـتر دەبێـت لـە جیــاتی چارەســەرکردنی چــونکە زۆربــەی دەرچــووان خــەڵکی ســەنتەری شــارو شارۆچکەکانن و ژمارەی مامۆستایانیش لەو ناوچانە باشترە بـە بـەراوورد لەگـەڵ ناوچە گوندنشینەکان و دوورەدەستەکان.

لە خوارەوە هەندێك کەم وکوڕی لە دامەزراندنی مامۆستایان لە دهـۆك دەخەینـە ڕوو:

*(50) مامۆستای تازە دامــەزراو تـاکو بـەرواری سـەردانمان بـۆ پێداچـوونەوە بڕوانامەی دەرچوونیان لە ناو دۆسیەکانیاندا نەبوو.

*مامۆستایەك سەرەڕای هەبوونی فەرمانی وەزاری دامەزراندن بـەڵام لـە دهـۆك دایانەمەزراندووە بە بیانووی ئەوەی کە بەبێ ئاگاداری خۆیان دامەزراوە (ئەمــەش لەلایەك پابەندنەبوونە بە فەرمانەکانی سەرەوەو لەلایەکی دیکەیشەوە قایل نەبوونە بەوەی کە خۆیان داوایان نەکردووە).

*مامۆستایەکی تازە دامەزراو دوای تێپەڕبوونی ماوەی کەمتر لە(1.5)مانگ کراوە بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانە کە ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانە چونکە بەلای کەمەوە پێویستە مامۆستا (3) ساڵ خزمەتی لە کاری مامۆستایەتی هەبێت ئینجا دەکرێتە یاریدەدەر.

*چوار مامۆستا دوای ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنیان بۆ پەروەردەکانی تر گوێزراونەتەوە، ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانە چونکە پێش چەسپاندن (دوای ساڵێك کارکردن بە باشی) فەرمانبەر ناگوێزرێتەوە.

**جـ- دابەشکردنی مامۆستایان بەسەر پەروەردەکاندا:**

هەروەك ئاشکرایە کە ناوچە سنوورییەکان و دوورەشارەکان کە زۆربەیان دوای ڕاپەڕینی1991 ئاوەدان کراونەتەوەو خەڵکیان بۆ گەڕاوەتەوەو لەبەر ئەوەی لە سەردەمی ڕژێمە یەك لە دوایەکانی عێراق و بە تایبەتی ڕژێمی بەعس دووچاری کاوڵکاری و ویرانییەکی زۆر ببوون. پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنیش زۆر زەرەرمەند ببوو و خەڵکی ئەو ناوچانە ناچارکران کە نەتوانن قۆناغەکانی خوێندیان تەواو بکەن . هەروەها دوای ڕاپەڕینیش بە شێوەیەکی کەمتر ئەو ناوچانە ناجێگیربوونێکیان بە خۆیەوە بینی بە هۆی تۆپبارانەکانی حکومەتەکانی تورکیا و ئێران و ئەو بارودۆخەی هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕبوو. لەبەر ئەوە دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگەکان لەو ناوچانە کەمترن بە بەراوورد لەگەڵ شارو شارۆچکەکان (هەرچەندە وەزارەتی پەروەردە هەوڵی داوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە بە کردنەوەی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان لەو ناوچانە، سەرەڕای وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگەکانی دیکەو هەندێك جار دەرچووانی ئامادەییەکان لە خەڵکی ناوچەکە بە مامۆستا دامەزراون دوای بەشداری پێ کردنیان لە خولێکی شیاندن، بەڵام تا ئێستاش نەتوانراوە هەموو پێداویستییەکانیان لە مامۆستایان دابین بکرێت). بۆیە بەردەوام پەنا دەبرێتە بەر دەرچووانی پەیمانگە و کۆلێژەکان لە خەڵکی شارەکان بۆ دامەزراندنیان وەك مامۆستا لەو ناوچانە. لە بەر ئەوەی ئەوانەش لە خێزانەکانیان و شوێنی دانیشتنیان دوور دەکەونەوە، بۆیە بەردەوام هەوڵ دەدەن بۆ شارەکان بگوێزرێنەوە. هۆیەکی دیکەیش ئەوەیە کە مووچەکەیان وەك سەرچاوەیەك بۆ ژیان و گوزەرانیان بە هۆی گرانی کرێی هاتوچۆو خواردن و

شوێنی حەسانەوەو .. تاد .. بەشیان ناکات (هەرچەندە وەزارەت لەو رووەوە لە دابین کردنی دەرماڵەی تایبەتی بۆ ناوچە دوورەکان و جارجارەش پاداشت کردنی مامۆستایان لەو ناوچانە هەندێك ئاسانکاری کردووەو لە هەندێك شوێنیش لە تەك بینایەی قوتابخانە خانوو بۆ مامۆستایان کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستی بە هەنگاوی گەورەتر و ئاوڕلێدانەوەی پتریشە).

کاتێك سەیری دامەزراندنی مامۆستایان دەکەین لە ساڵی خوێندن(2007-2008)دا هەمان گرفت دووبارە بووەتەوە. لەو پەروەردانەی دەکەونە ناو سەنتەری شارەکان یان دەوروبەریان ژمارەی مامۆستایانی دامەزراویان تێدا لە رادەی پێویست پتربووەو پتر لەوەی رێگەیان پێدراوە دایانمەزراندوون. تا دوور دەکەوینەوە ئەوە دەردەکەوێت کە پلە رێگە پێدراوەکان بەشێکیان ماونەتەوەو بە مامۆستا پڕنەکراونەتەوە.

تێبینی دەکەین لە هەولێر، لە قەزاکانی ناوشارو دەوروبەر (هەولێر1 و هەولێر2 و دەشتی هەولێر و خەبات) زێدەڕۆیی لە دامەزراندن کراوەو لە قەزای شەقڵاوە کە لە رووی دوورییەوە مامناوەندە بە رێژەیەکی کەمتر زێدەڕۆییان کردووە (تەنیا 2 پلە)، لە قەزای مەخموور کە هاوشێوەی شەقڵاوەیە سەرجەم پلەکانیان بە بێ کەم و زیاد پڕکردووەتەوە. بەڵام کاتێك بەرەو قەزا دوورەکان دەچین (وەك: مێرگەسۆر، سۆران، چۆمان) دەبینین کە پلەکانیان بە رێژەیەکی بەرچاو بە بەتاڵی ماونەتەوە.

لە سلێمانیش بە هەمان شێوە، لە قەزای مەڵبەندی و نزیکەکان (وەك: شارباژێرو دوکان و چەمچەماڵ) زێدەڕۆیی لە دامەزراندنی مامۆستایان هەیە. لە قەزاکانی (رانیە، پێنجوێن، سەیدسادق ،شارەزوور)کە ناوچەی دوورن یان بە رێژەیەکی زۆر لە سەردەمەکانی پێشوودا دووچاری وێرانکاری ببوون دەبینین دیسان زۆر لە پلەکانیان بە تاڵی ماونەتەوەو گرفتی کەمی میلاکیان بەردەوامە، جگە لە قەزای هەڵەبجەی شەهید کە قەزایەکی دوورەو زێدەڕۆییش لە دامەزراندن کراوە، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەو شارۆچکەیە لە زووەوە مەڵبەندێکی رۆشنبیری بووەو خەڵکەکەی پتر روویان لە خوێندن کردووە و پەیمانگەی تێدا کراوەتەوەو پێش ئەوەی کارەساتی کیمیابارانەکەی 1988 رووبدات یەکێك لە گەورەترین و کۆنترین قەزاکانی عێراق بووە.

لەدهۆکیش بە هەمان شێوە لە قەزاکانی ناو شارو نزیکەکان (دهۆك، سێمێل ،شێخان) زێدەڕۆیی لە دامەزراندن کراوە یان سەرجەم پلەکانیان پڕکردووەتەوە. کەچی لە قەزا دوورەکانی ( وەك: ئامێدی، زاخۆ، ئاکرێ) زۆر لە پلەکانیان ماونەتەوەو دیسان گرفتی کەمی مامۆستا بەرۆکی بەرنەداون.
بۆ زانیاری پتر دەربارەی دامەزراندن بە پێی قەزاکان سەیری خشتەکانی (ژمارە 5 و6 و7 ) بکە کە پاشبەندی ئەم پێداچوونەوەیەن.

**د- کات و ماوە و ڕۆتین لە دامەزراندنی مامۆستایاندا:**

1- **کات:** دامەزراندنی مامۆستایان لە هەولێرو دهۆك لە 11-10-2007 دەستی پێ کردووەو لە سلێمانیش لە 21-10-2007.
بەڵام دەوامی قوتابخانەکان لە 15-9 ی هەر ساڵێك دەست پێ دەکات ، کەواتە ئەو مامۆستایانە لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە بۆ دەوام کردن ئامادە نابن و دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لەو دەست پێ کردنەدا تەنیا ژمارەیەکی کەم مامۆستا دامەزراون نەك هەموویان تەواونەبوونی پرۆسەی مامۆستایان لەگەڵ سەرەتای ساڵی خوێندن مانای ئەوەیە کە پرۆسەکە بە کەموکوڕی دەست پێدەکات.
**2- ماوە:** ماوەی دامەزراندن دوور ودرێژ بووە.
لە هەولێرو دهۆك لە 11-10-2007 دەستی پێ کردووەو بە شەش وەجبە بە شێوەیەکی پچڕپچڕ و بەردەوامی هەبووە بە درێژایی ساڵی خوێندن و تەنانەت لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵیش دامەزراندن بەردەوام بووە.
لە سلێمانیش دامەزراندنی مامۆستایان لە 21-10-2007 دەستی پێ کردووەو بە درێژایی ساڵی خوێندن بەردەوام بووەو لە بەرواری 13-4-2008 یش دامەزراندن کراوە.

دەرکردنی چەند فەرمانێکی جیاجیا لە نێوان وەجبەکاندا دوورە لە شەفافیەت و دەرگای گومان لە چۆنیەتی دامەزراندنەکان دەکاتەوە بە تایبەتیش لە دیاریکردنی شوێنی دامەزراندن ئەو ماوە دوورو درێژەی پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایان هۆیەکی ناڕێکیی بەردەوامی میلاکەو پێویستە ئەوەش بزانین کە هەر دامەزراندنێك لەزۆربەی جاراندا دەبێتە مایەی گواستنەوەی مامۆستایانی دیکەو گۆڕانی مامۆستای یەك بابەت بۆ کۆمەڵێك قوتابی دیاریکراو جۆرە پشێوییەك

دروست دەکات لەپرۆسەکەداو ڕاهـاتنی قوتابیـان لەسـەر سـتایلێك و شـێوازێکی دیاریکراو دەشڵەژێنێت.

**3- ڕۆتین:** هەروەك لە سەرەتادا لەم (میکانیزمی دامـەزرانـدنی مامۆسـتایان) دا باسکراوە ڕۆتینێکی زۆر بـە دی دەکرێـت، زنجیرەیـەکی دوورو درێـژ لـە کـردەوەو هەنگاو لەخۆدەگرێت و سەرەڕای هەبوونی مەرکەزیەت . هەر لەبەر ئەوەش کەم و کوڕی زۆر هاتووەتە کایەوە بەتایبەتی لە دۆسیەی تازە دامەزراوانـدا و ژمارەیـەك لە دۆسیەکانیش دیار نین.

لە هەولێر و سلێمانی دۆسیەکان لەلایەن (بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی پـەروەردە)وە ڕێکخراون، لەبەر ئەوە دوای تەواوبوونی دامەزراندنەکان وەکو پێویست نەگەیەنراون بە پەروەردەی قەزاکان، بەڵام لە دهـۆك هـەنگاوێکیان کـەم کردووەتـەوە بـەوەی دۆسیەکان لە لایەن پەروەردەی قەزاکانەوە (شوێنی پێشکەش کردنی داواکـاری بـۆ دامەزراندن) ڕێکخراون، ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان کەمکردنەوەی ڕۆتینـە. زۆر جار بێزاربوون لە دواکەوتنی پرۆسـەی دامـەزرانـدن و ڕۆتـینی بوونەتـە هـۆی ئەوەی داواکار واز لە داواکارییەکەی بهێنێت بۆ دامەزراندن.

## پوختەی ئەنجامەکان

1- جیاوازییـەکی بەرچـاو لـە نێـوان ژمـارەی پلـەکانی داواکـراو لـە لایـەن پەروەردەکانەوە، یان ئەو پلانەی لەلایـەن وەزارەتـەوە ڕەزامـەنـدییان لەسـەر دراوە هەیە لەگەڵ ئەو پلانەی بە فیعلـی پڕکراونەتـەوە( ژمـارەی ئـەو مامۆسـتایانەی دامەزراون).

2- ڕەچاوی پسپۆری مامۆستا دامەزراوەکان نـەکراوە بـە شـێوەیەك کـە لەگـەڵ پێوەرە پەروەردەییەکان بگونجێن لە ڕووی بڕوانامەو ئەو بوارەی شارەزایی لێی هەیە و ڕادەی شیاوی بۆ کاری مامۆستایەتی.

3- هەندێك مامۆستا دامەزراون کە پسپۆرییەکانیان نە لەلایـەن پەروەردەکانـەوە داواکراون و نە لە لایەن وەزارەتیشەوە ڕەزامەندی لە سەر دامەزراندیان هەبووە.

4- بە شێوەیەکی گشتی هیچ ڕێنماییەکی ڕوون و ئاشکراو نووسراو لە وەزارەت و پەروەردەکان نییە بۆ دامەزراندنی مامۆستایان، ئەگەر هەشبێت بە وردی و زانستییانە دانەڕێژراون و بە باشیش کاریان پێ نەکراوە.

5- ڕێنماییەکانی دابەشکردنی مامۆستایان بە سەر پەروەردەکان و قوتابخانەکاندا یان نین یانیش لاوازن، وەکو پێویست کاریان پێ ناکرێت، لە دابەشکردنی مامۆستایاندا پێویستی پەروەردەکان لە ڕووی ژمارە و پسپۆرییەوە ڕەچاو نەکراوە.

6- بێ سەروبەرییەکی زۆر لە موعامەلاتی دامەزراندنی مامۆستایان لە هەریەکە لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگەکان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لە قەزاکان بەدی دەکرێت. کەم وکوڕی زۆر لە دۆسیەی مامۆستا تازە دامەزراوەکان بەدی کراوە. زۆر کاری بێ یاسایی و بەدەر لە ڕێنماییەکان کراوە کە بە ئەنجامی نەرێنی بە سەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا دەشکێنەوە.

7- کات و ماوەی دامەزراندنەکان گونجاو نین و پێویستی قوتابخانەکان بۆ مامۆستایان لە کاتی گونجاودا دەستەبەر ناکەن بەڵکو لە جێگیربوونی میلاکی قوتابخانەکان شپرزەیی و شڵەژانێك دێننە ئاراوە کە کاریگەری نەرێنی لە سەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەبێت.

**ئەو خاڵانەی سەرەوەش ئەوە دەسەلمێنن کە:**

1- بەڕێوەبردن لە گشت ئاستەکانی وەزارەتدا لە پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایاندا بە تایبەتی لە بەشەکانی خۆیەتی و میلاك لاوازە. لەو بارەیەوە پلانێکی توکمەو گونجاویان نییەو ئامانجەکانیان بە وردی دیارنین و پرۆسەکانی چاودێری و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن ئەنجام نادرێن.

2- گەندەڵی ئیداری هەیە، چونکە لە دامەزراندنی مامۆستایاندا پتر ڕەچاوی بەرژەوەندی تاکەکان کراوە (جا لەژێر هەر کاتێکردنێکدا بووبێت) لەوەی ڕەچاوی بەرژەوەندی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن کرابێت. لادان لە ڕێنماییەکان هەبووە و شەفافیەت پەیڕەو نەکراوە و ڕۆتینێکی زۆر هەبووە.

3- شیان و تواناکانی ستافی بەشەکانی خۆیەتی و میلاك لـە ئاسـتی پێویـستدا نییە، کەم تواناییان لە بەڕێوەبردنی تۆمارەکان و موعامەلاتی دامەزراندن و سوود وەرنەگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن بە ڕوونی بەدی دەکرێت.

4ـ بودجەی وەزارەت بەفیڕۆ دەڕوات، چونکە هەر دامەزراندنێك ئەگەر لە شوێنی خۆیدا نەبێت و تەنیا جەخت لە ژمـارەو چـەندایەتی بکاتـەوەو لایـەنی جـۆرێتی فەرامۆش بکات ئەوە ئەو مووچانەی بۆیان سەرف دەکرێت شوێنی خۆیان نـاگرن و کاریگەری نەرێنییان لەسەر بودجەی پێویست بۆ بوارەکانی دیکە دەبێت.( دەبێـت ئەوەشمان لـە بـیر بێـت کـە زۆری فەرمانبـەرو مووچـەخۆر کێـشەیەکی گـەورەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە).

## ئەنجامەکان بۆ نرخ بەرانبەر پارە

1- دەکرێت لە هەندێك پسپۆری (وەك زمانی کوردی و زمانی عەرەبی و ئـایین و بابەتە کۆمەڵایەتیەکان) دامەزراندنی مامۆستایان ڕابگیرێت، بەتایبەتی لە ناوچەی شارو شارۆچکەکان، چونکە کەمی مامۆستا لەو پسپۆرییانە بەدی ناکرێت ئەگـەر هەشبێت زۆر کەمە و لە ئەنجامی خراپ دابەشکردنیانەوە هاتووەتە کایەوە. ئەگەر دووبارە ڕێکخستنەوەو دابەشکردنەوەیان بکرێت هەلی چارەسەربوونی ئەو گرفتە بە ڕێژەیەکی بەرز دێتـە ئـاراوە. بـەپێی ئامـاری پـەروەردەیی پـار سـاڵی خوێنـدن (2006-2007 ) مامۆسـتایانی ( زمـانی عـەرەبی) ژمارەیـان (3086) مامۆستا بووە، کە ڕێژەکەی نزیکەی (16.5٪ )ـە لە کۆی گشتی مامۆستایانی قۆناغی دواناوەندی لە هەرێمی کوردستان، بـەڵام بـەپێی هـەمان ئامـار ژمـارەی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی ژمارەیان (1850) مامۆستابووە، کە ڕێژەکـەی لە کۆی گشتی مامۆستایان لە(10٪) کەمترە. هەرچەندە ژمارەی بەشە وانەکانی بابەتی زمانی ئینگلیزی لە هەفتەیەکدا لە بەشە وانەکانی زمانی عەرەبی پترە.

ژمارەی وانەکانی عەرەبی لە سەرجەم پۆلەکانی قۆناغی دواناوەنـدی (4) بەشـە وانەیە، بەڵام بەشە وانەکانی زمانی ئینگلیزی بـۆ سـەرجەم پۆلـەکانی قۆنـاغی دواناوەندی لە یەك هەفتەدا(5) بەشە وانەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکەین کە مامۆستایانی زمانی عەرەبی پتر لە پێویست دامەزراون و مامۆستایانی زمانی ئینگلیزیش کەمتر لە ڕادەی پێویست دامەزراون، ئەو زیادە دامەزراندنەی مامۆستایانی زمانی عەرەبی بە فیڕۆدانی پارەی وەزارەتە کە شوێنی خۆی ناگرێت هەمان شتیش بۆ بابەتەکانی دیکە هەیە.

2- هەندێك پسپۆری هەن بەهیچ شێوەیەك بۆ کاری مامۆستایەتی ناشێن بە هۆی نەبوونی بواری پسپۆرییان لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندندا وەك دەرچووانی بەشەکانی ژمێریاری، یاساو ڕامیاری، زمانی فارسی، زمانی فەرنسی.

دامەزراندنی ئەو جۆرە مامۆستایانەش بە فیڕۆدانی بودجەی وەزارەتەو تەنیا بڕینەوەی مووچەیە بۆ کەسانێك بەبێ ئەوەی پەروەردە سوودیان لێ وەربگیرێت (لە وڵاتی ئێمە مامۆستا بە گرێبەست دانامەزرێت، بەڵکو وەك مووچەخۆر هەتا خانەنشین بوون یان وازهێنان بە شێوەیەکی هەمیشەیی دادەمەزرێت).

جا دەکرێت ئەو جۆرە دامەزراندنانە ڕابگیرێت و بەمەش ڕادەیەك بۆ بەفیڕۆدانی بودجەی وەزارەت دادەنرێت.

3- هەندێك پلەی دامەزراندنی مامۆستایان بە پسپۆرییەکی دیکە پڕ دەکرێنەوە بە بیانووی ئەوەی بۆ هەمان پسپۆری دەشێن. وەك دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژی کشتوکاڵی بە مامۆستایانی بایۆلۆژی یان دەرچووانی بەشی ئامار بە مامۆستایانی بیرکاری. ئەو پسپۆرییانە ڕێژەیەکی زۆرکەم لە پرۆگرامەکانی ئەو بابەتانە دادەپۆشن کە بۆیان دادەمەزرێن.

بەم شێوەیەش ناتوانن ببنە بەدیلی ئەو پسپۆرییانەی کە بۆیان دادەمەزرێن و لە واقعیشدا پلەکان پڕ دەکرێنەوە و لە تۆمارەکانی پەروەردەش بە مامۆستای ئەو پسپۆرییانە دادەنرێن و بەشێوەیەکی نەرێنی کاردەکەنە سەر جۆرێتی فێرکردن.

جا دەکرێت ئەو جۆرە دامەزراندنانەش ڕابگیرێت بۆ ئەوەی پارەی وەزارەت لە شوێنێك سەرف نەکرێت کە ئامانجەکانی وەزارەت نەهێنێتەدی.

4- دەکرێت دامەزراندنی مامۆستایان لە ناوچە شارنشینەکان یان دەوروبەرەکانیان یان ئەو شوێنانەی بەپێی ئامارەکانی پەروەردە ژمارەی مامۆستایانیان گونجاوە ڕابگیرێت یان ڕادەیەکی بۆ دابنرێت بەرانبەر بەوە دامەزراندن لە ناوچە پێویست و بێ بەشەکان و دوورەدەستەکان زیاد بکرێت،

چونکە زیاد دامەزراندنی مامۆستایان لەو ناوچانەی کە پێویستیان نییە دیسان بەفیڕۆدانی بودجەی وەزارەتە لە سەر حیسابی ناوچەکانی دیکەو پێویستیەکانی دیکە لە هەمان ناوچەو سەرجەم ناوچەکان جگە لە بواری دامەزراندن.

## ڕاسپاردەکان

لە سەر بنەمای ئەو پێداچوونەوەیەی کردوومانە ئەم ڕاسپاردانەی لای خوارەوە پێشکەش دەکەین:

**یەکەم: پێویستە لە سەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە(ب.پ.) لە قەزاکان:**

1- ساڵانە لە کۆتایی ساڵی خوێندندا پێویستی قوتابخانەکانی سنووری خۆیان لە مامۆستایان بە وردی دەستنیشان بکەن بەپشت بەستن بە ڕاپۆرت و یادداشتەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بە لەبەر چاوگرتنی ژمارەی ئەو مامۆستایانەی: خانەنشین دەبن، دەگوازرێنەوە، واز لە دەوام دەهێنن ، ئەوانەی مۆڵەتی جۆراوجۆر وەردەگرن (هی : خوێندن، نەخۆشی، بێ مووچە..تاد)و دواتر یەکخستنی پێویستی سەرجەم قوتابخانەکان و بەرزکردنەوەی بۆ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی.پ. لە پارێزگا).

2- وەرگرتن و بەرزکردنەوەی داواکاری بۆ دامەزراندن بە پێ ی مەرج و پێوەرەکانی وەزارەت لە رووی بڕوانامە و پسپۆری و....تد. وە دوای ئەوەی لە رێ ی چاوپێکەوتنەوە دڵنیادەبن لە شیاوی داواکاران بۆ کاری مامۆستایەتی. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم خاڵە باشتر وایە لیژنەیەك پێك بهێنرێت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری پەروەردە و ئەندامیەتی سەرپەرشتیاری یەکەم و بەرپرسی خۆیەتی و نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان.

3- رێکخستنی دۆسیەی کەسی داواکاران بە وردی و بە شێوەیەك کە سەرجەم زانیاری و بەڵگەنامە پێویستەکان بە بێ کەمو کوڕی لە ناویاندا هەڵگیرابن. هەر دۆسیەیەك تەواو نەبێ داوای خاوەنەکەی بەرزنەکرێتەوە بە مەبەستی دامەزراندن.

4- دەرکردنی رێنمایی (بە نووسراو) تایبەت بە دابەشکردنی مامۆستایان بەسەر قوتابخانەکاندا بە رەچاوکردنی بەرژەوەندی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پێش هەموو شتێك و پابەندبوون بە جێبەجێ کردنی ئەو رێنماییانە.

**دووەم: پێویستە بەڕێوە بەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگاکان ئەم کارانە ئەنجام بدەن:**

1-یەکخستنی داواکاری سەرجەم پەروەردەکان دوای وردبین کردنیان لەگەڵ تۆمارەکان و زانیارییەکانی هەر یەکە لە بەشی ئامارو سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و دووبارە ڕێکخستنەوەیان ئەگەر پێویست بێت و دواتر پەسندکردنیان و بەرزکردنەوەیان بۆ وەزارەت.

2-دەرکردنی ڕێنمایی(بە نووسراو) پێویست بە دابەشکردنی مامۆستایان بەسەر پەروەردەکانداو پابەندبوون بە جێبەجێ کردنیانەوە.

**سێیەم: پێویستە وەزارەتی پەروەردە ئەم کارانە ئەنجام بدات:**

1- یەکخستنی سەرجەم داواکارییەکانی دامەزراندن لە سەر ئاستی پارێزگەکان دوای وردبین کردنیان لەگەڵ تۆمارەکانی وەزارەت و زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئامار لە وەزارەت و ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی لە وەزارەت و دواتر پەسندکردنیان و وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی. پاشان ئاگەدارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگەکان لە ئەنجامەکان.

2- دەرکردنی ڕێنمایی پێویست لەسەر دامەزراندنی مامۆستایان بە پێی پێوەر و مەرجەکانی وەزارەت و پابەندبوونیان پێیانەوە.

3- دەرنەکردنی هیچ فەرمانێکی وەزاری تایبەت بە دامەزراندنی مامۆستایان ئەگەر پێویست نەبێت و لەسەر داوای پەروەردەیەك نەبێت.

4-بە هیچ شێوەیەك زێدەڕۆیی لەپلە تەرخان کراوەکانی وەزارەت بۆ دامەزراندنی مامۆستایان نەکرێت.

**چوارەم:** پێویستە هەریەکە لە (وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی.پ.لە پارێزگە و ب.پ.لە قەزا) پەرە بە توانای ستافەکانی خۆیەتی و میلاك بدەن، بەتایبەتی لە ڕێکخستنی تۆمارەکان و بەڕێوەبردنی زانیارییەکان. زۆر پێویستە توانایان لە بواریITدا بەرزبکرێتەوەو هەوڵ بدرێت تۆمارەکان و دۆسیەکانی مامۆستایان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی ڕێك بخرێن و داتابەیسی تایبەت بە سەرچاوە مرۆییەکان دابنرێن.

**پێنجەم:** پێویستە لە سەرجەم ئاستەكاندا لە پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایاندا شەفافییەت پەیڕەو بكرێت و یاساو ڕێنماییەكان بە وردی جێبەجێ بكرێن و سەرجەم داواكاران هەلی یەكسانیان پێ بدرێت و بە پێی شیان و توانا كانیان و بەپێی بەرژەوەندی پەروەردە هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكرێت.

**شەشەم:** لە گشت ئاستەكاندا لە پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایاندا پێویستە بایەخ بە هەریەكە لە چاودێری كردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بدرێت.

**حەوتەم:** پێویستە پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایان لە كاتی گونجاودا دەست پێ بكات و بۆ ماوەیەكی دیاریكراویش درێژەی هەبێت بەشێوەیەك كە مامۆستایانی تازە دامەزراو بتوانن لە قوتابخانەكاندا لەسەرەتای ساڵی خوێندندا دەست بەكار بن.

**هەشتەم:** پێویستە وەزارەتی پەروەردە بڕیارو ڕێنمایی پێویست بۆ دووبارە ڕێكخستنەوەی میلاكی مامۆستایان لە سەرتاسەری هەرێم دەربكات ، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.پ. لە پارێزگەكانیش پابەندبن و دووبارە ڕێكخستنەوەی دابەشكردنی مامۆستایان بكەنەوە لە نێوان ب.پ. لە قەزاكان، پەروەردەی قەزاكانیش دووبارە ڕێكخستنەوەی میلاكی مامۆستایان بكات لە نێوان قوتابخانەكاندا بە لە دوویەك بردنی زیادو كەمەكان. بەمەش ڕێژەیەكی بەرچاو لە گرفتی كەمی میلاك چارەسەر دەبێت بە تایبەتی لە هەندێك پسپۆریدا.

**نۆیەم:** پێویستە وەزارەتی پەروەردە دامەزراندنی مامۆستایان لە ناو سەنتەری شارە سەرەكییەكان (پارێزگەكان) ڕابگرێت و كەمی مامۆستایانیان بەو مامۆستایانە چارەسەر بكات كە لە ناوچەكانی دیكەوە بە هۆی تەواوكردنی ماوەی خزمەتیان لەو شوێنانە دەگوازرێنەوە. بەمەش هەلی دامەزراندن لە ناوچە دوورەكان پتر دەبێت و كەڵەكەبوونی مامۆستایانیش لە ناو شارەكاندا ڕادەیەكی بۆ دادەنرێت.

**دەیەم:** پێویستە وەزارەتی پەروەردە گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی خوێندن باڵادا بكات بە مەبەستی دارشتنی پلانێكی گونجاو بۆ زیادكردنی دەرچووانی ئەو بەشانەی وەزارەتی پەروەردە وەك مامۆستا پێویستی پێیان هەیەو بە پێی پێوەرە دیاریكراوەكان.

## ژمارەی مامۆستایانی دامەزراو لەقۆناغی ئامادەیی
## لەساڵی خوێندنی 2007ـ 2008

لە پارێزگای هەولێر (پەروەردەکانی هەولێر1 و هەولێر 2 و دەشتی هەولێر و خەبات) بەپێی پسپۆرییەکان

**خشتەی ژمارە (1)**

| ژ | پسپۆری | پلەکانی داواکراو لەلایەن پەروەردەوە | پلەکانی پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتەوە | ژمارەی مامۆستایانی دامەزراو بە فعلی | جیاوازی نێوان پلەکانی پەسەندکراو و مامۆستایانی دامەزراو |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **زمانی کوردی** | 37 | 19 | 20 | 1 |
| 2 | **زمانی عەرەبی** | 97 | 49 | 38 | -11 |
| 3 | **زمانی ئینگلیزی** | 157 | 157 | 29 | -128 |
| 4 | **کۆمەلایەتی** | 34 | | 60 | 60 |
| 5 | **بیرکاری** | 115 | 115 | 40 | -75 |
| 6 | **زیندەوەرزانی** | 45 | 45 | 16 | -29 |
| 7 | **کیمیا** | 41 | 41 | 8 | -33 |
| 8 | **کۆمپیوتەر** | 92 | 92 | 14 | -78 |
| 9 | **وەرزش** | 36 | 36 | 55 | 19 |
| 10 | **هونەر** | 94 | 94 | 1 | -93 |
| 11 | **پیشەیی** | | | 3 | 3 |
| | **کۆی گشتی** | **748** | **648** | **284** | **-364** |




## ژمارەی مامۆستایانی دامەزراو لەقۆناغی ئامادەیی لەساڵی خوێندنی 2007ـ 2008

لە پارێزگای سلێمانی (پەروەردەکانی مەڵبەندی سلێمانی و قەزای شارباژێر) بەپێی پسپۆرییەکان

**خشتەی ژمارە (2)**

| ژ | پسپۆری | پلەکانی داواکراو لەلایەن پەروەردەوە | پلەکانی پەسەندکرا و لەلایەن وەزارەتەوە | ژمارەی مامۆستایانی دامەزراو بە فعلی | جیاوازی نێوان پلەکانی پەسەندکراو و مامۆستایانی دامەزراو |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | زمانی کوردی | 25 | 13 | 45 | 32 |
| 2 | زمانی عەرەبی | 50 | 25 | 33 | 8 |
| 3 | زمانی ئینگلیزی | 60 | 60 | 54 | -6 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 4 | کۆمەڵایەتی | 20 | 10 | 149 | 139 |
| 5 | زیندەوەرزانی | 30 | 30 | 16 | -14 |
| 6 | فیزیا | 15 | 15 | 15 | 0 |
| 7 | کیمیا | 25 | 25 | | -25 |
| 8 | بیرکاری | 45 | 45 | 25 | -20 |
| 9 | کۆمپیوتەر | | | 24 | 24 |
| 10 | وەرزش | 25 | 25 | 15 | -10 |
| 11 | هونەر | 40 | 40 | 9 | -31 |
| 12 | ژمێریاری | | | 10 | 10 |
| 13 | کارگێڕی | | | 4 | 4 |
| 14 | جیۆلۆجی | | | 1 | 1 |
| | کۆی گشتی | 335 | 288 | 400 | 112 |



**ژمارەی مامۆستایانی دامەزراو لەقۆناغی ئامادەیی**
**لەساڵی خوێندنی** 2007ـ 2008

لەپارێزگای دهۆك (پەروەردەی قەزای دهۆك) بەپێی پسپۆرییەکان

**خشتەی ژمارە (3)**

| ژ | پسپۆری | پلەکانی داواکراو لەلایەن پەروەردەوە | پلەکانی پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتەوە | ژمارەی مامۆستایانی دامەزراو بە فعلی | جیاوازی نێوان پلەکانی پەسەندکراو و مامۆستایانی دامەزراو |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **زمانی کوردی** | 40 | 15 | 55 | 40 |
| 2 | **زمانی عەرەبی** | 45 | 10 | 22 | 12 |
| 3 | **زمانی ئینگلیزی** | 20 | 20 | 46 | 26 |
| 4 | **کۆمەڵایەتی** | 30 | 10 | 63 | 53 |
| 5 | **زیندەوەرزانی** | 30 | 30 | 60 | 30 |
| 6 | **فیزیا** | 30 | 30 | 15 | -15 |
| 7 | **کیمیا** | 29 | 29 | 14 | -15 |
| 8 | **کۆمپیوتەر** | 27 | 27 | 18 | -9 |
| 9 | **بیرکاری** | 75 | 75 | 40 | -35 |
| 10 | **وەرزش** | 60 | 60 | 3 | -57 |
| 11 | **هونەر** | 70 | 25 | 3 | -22 |
| 12 | **دەروونزانی** | | | 1 | 1 |
| | **کۆی گشتی** | 456 | 331 | 340 | 9 |




وا لەخوارەوە بە خشتەیەك ئەو پسپۆرییانە دەخەینە ڕوو کە سەرەڕای ئەوەی داوانەکراون یان ڕەزامەندییان لەسەر وەرنەگیراوە و مامۆستایان لێ دامەزراندووە:ـ

**خشتەی ژمارە (4)**

| ژ | پەروەردە | پسپۆری | ژمارەی ئەو مامۆستایانەی دامەزراون | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | کۆمەڵایەتی | 60 | 63 |
| | | پیشەیی | 3 | |
| 2 | سلێمانی | کۆمپیوتەر | 24 | 39 |
| | | ژمێریاری | 10 | |
| | | کارگێڕی | 4 | |
| | | جیۆلۆجی | 1 | |
| 3 | دهۆك | دەروونزانی | 1 | 1 |
| | کۆی گشتی | | 103 | 103 |

پلەکانی تەرخان کراو و پڕکراوە و ماوەو (تجاوز) لەدامەزراندنی مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی لەپارێزگای هەولێر بەپێی قەزاکان (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان)

**خشتەی ژمارە (5)**

| ژ | بەڕێوەبەرایەتییەکان | پلەی پێدراو | پلەی بەکارهاتوو | پلەی ماوە | پلەی تجاوز |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ب.پ.هەولێر1 | 4 | 29 | 0 | 25 |
| 2 | ب.پ.هەولێر2 | 77 | 82 | 0 | 8 |
| 3 | ب.پ.خەبات | 83 | 79 | 4 | 7 |
| 4 | ب.پ.دەشتی هەولێر | 94 | 95 | 0 | 1 |
| 5 | ب.پ.شەقڵاوە | 140 | 142 | 0 | 2 |
| 6 | ب.پ.مەخموور | 37 | 37 | 0 | 0 |
| 7 | ب.پ.سۆران | 461 | 366 | 95 | 0 |
| 8 | ب.پ.چۆمان | 133 | 104 | 29 | 0 |
| 9 | ب.پ.مێرگەسۆر | 184 | 100 | 84 | 0 |
| | کۆی گشتی | 1213 | 1034 | 212 | 43 |



پلەکانی تەرخان کراو و بەکارهاتوو و ماوەو (تجاوز) لەدامەزراندنی مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی لەپارێزگای سلێمانی بەپێی قەزاکان (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان)

**خشتەی ژمارە (6)**

| ژ | بەڕێوەبەرایەتییەکان | پلەی پێدراو | پلەی بەکارهاتوو | پلەی ماوە | پلەی تجاوز |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ب.پ.مەڵبەندی سلێمانی | 288 | 400 | 0 | 112 |
| 2 | ب.پ.شارباژێڕ | 121 | 141 | 0 | 18 |
| 3 | ب.پ.دوکان | 217 | 246 | 0 | 29 |
| 4 | ب.پ.چەمچەماڵ | 92 | 142 | 0 | 50 |
| 5 | ب.پ.شارەزوور | 67 | 6 | 61 | 0 |
| 6 | ب.پ.سەید سادق | 76 | 5 | 71 | 0 |
| 7 | ب.پ.پێنجوین | 66 | 59 | 7 | 0 |
| 8 | ب.پ.هەڵەبجەی شەهید | 70 | 278 | 0 | 107 |
| 9 | ب.پ.ڕانیە | 547 | 260 | 278 | 0 |
| | **کۆی گشتی** | **1544** | **1537** | **417** | **316** |



پلەكانی تەرخان كراو و بەكارهاتوو و ماوەو (تجاوز) لەدامەزراندنی مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی لەپارێزگای دهۆك بەپێی قەزاكان (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەكان)

**خشتەی ژمارە (7)**

| ژ | بەڕێوەبەرایەتییەكان | پلەی پێدراو | پلەی بەكارهاتوو | پلەی ماوە | پلەی تجاوز |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **قەزای دهۆك** | 331 | 340 | 0 | 9 |
| 2 | **ب.پ. سمێل** | 99 | 99 | 0 | 0 |
| 3 | **ب.پ.شێخان** | 118 | 122 | 0 | 4 |
| 4 | **ب.پ.زاخۆ** | 260 | 103 | 157 | 0 |
| 5 | **ب.پ.ئامێدی** | 283 | 86 | 197 | 0 |
| 6 | **ب.پ.ئاكرێ** | 261 | 304 | 53 | 0 |
| 7 | **ب.پ.تلكیف** | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 8 | **ب.پ.شنگال** | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 9 | **ب.پ.تلعفر** | 51 | 52 | 0 | 0 |
| | **كۆی گشتی** | **1403** | **1106** | **407** | **13** |



**Kurdistan Regional Government. DG Quality Assurance training programme**

National School of Government

Kurdistan Regional Government

| Feedback on assignments | |
|---|---|
| Assignment: | Post module 4 |
| Participant: | Burhan Addulla Adil Argoshi |
| Ministry: | Ministry of Education |
| Comments: | An excellent assignment.<br>I am really impressed.<br>The subject you have chosen is very worthwhile. Your terms of reference are very good. You select and use appropriate techniques and methodologies and do some excellent analysis to reach sound conclusions.<br>Your recommendations are excellent.<br>Reading your report it became clear to me that there was one possible strategic option that could solve a lot of the problems – that is to work with the Ministry of Higher Education to develop a programme of teacher training. This may involve say one extra year but those that complete it would receive a teaching certificate. This would save all the vetting/interviewing of people and would give you better trained and committed teachers, people trained to a standard and a fairer system. You could also allow people onto the teacher training programme who want, and are qualified, to teach certain subjects in line with your estimated strategic plan of required teachers. You could also encourage people from outlying towns etc by making the teacher training more accessible to people. This is definitely something worth exploring.<br>Did you show you report to the Minister? Was he impressed?<br>Will your recommendations be actioned?<br><br>Well done though – an excellent piece of work that opens up many opportunities for improvement. |
| Trainer: | Nigel Freeman |

یەکێك لەبەڵگەکانی هەڵسەنگاندنی (دەزگەی پەیمانگەی نەتەوەیی حکومی - بەریتانی) تایبەت بە بەشداربووانی خولی دڵنیایی جۆری کە لە (20 - 24/ کانوونی دووەمی/ 2008) لە لەندەن ساز کرابوو.

***بەڕێوەبەری گشتیی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی**

# پرۆسەی پێوانە و هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران

ئا : ئازاد عەزیز سلێمان*
پێداچوونەوە: بورهان عەبدوڵلا عادل**

( بەشی یەکەم )

پرۆسەی پێوانە و هەڵسەنگاندن لە هەر ئاستێکی پلە وپایەدا، پێگەیاندنی نەوەیەکە کە ئاوێتەی پڕ لە هەڵوێستی، کارایی، رەخنەگر و چوست وچالاکی ،بەرپرسیار، بە هەڵوێست ،تەسلیم نەبوو بە کولتووری دواکەوتوو و موقەدەسی کۆمەڵگا، پێوانە و هەڵسەنگاندن گەشەکردنی هزرو بیرە، دەست خۆشییە بۆ ئەوانەی بەتوانا وکاران سزادانیش نییە بۆ ئەوانەی کەم توانان.

پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان ساڵانە لەلایەن سەرپەرشتیارانی پسپۆری بەپێی میکانیزمێکی کارپێکراو ئەنجام دەدرێت لە ئەنجامی (2) سەردانی پێش

وەخت بەر لە دەست پێکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن، سەردانی مامۆستایان ئەنجام دەدرێت:

1ـ سەردانی یەکەم: بەمەبەستی ڕێنمایی کردن وئاراستەکردنی مامۆستایە.

2ـ سەردانی دووەم: بۆ بەدواداچوونی ڕادەی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان ئەنجام دەدەرێت.

بۆیە لەدوای ئەم دوو سەردانە هەڵسەنگاندنێك لەلای سەرپەرشتیار بۆ مامۆستاکە ئەنجام دەدرێت کەبەپێی فۆرمێکی ئامادەکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەییەوە کە بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە پارێزگەکان دابەش دەکرێت، لەوێشەوە بۆ پەروەردەی قەزا و ساڵانە لە کۆتایی مانگی (3)دا پرۆسەی هەڵسەنگاندن دەست پێ دەکات، ناوڕۆکی فۆرمەکەش چەند تەوەریەك لە خۆدەگرێت کە هەموو لایەنەکانی (کەسایەتی، پلان دانان، شێوازی وانە وتنەوە ، بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن .........تاد) لە خۆدەگرێت.

بەهۆی بایەخی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە سەرووی هەموویانەوە بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە بەرنامەی بەڕێوەبەرایەتیەکەدایە کە فۆرمێکی یەکگرتوو بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت کە سوود لە شێوازی هەڵسەنگاندنی وڵاتانی پێشکەوتوو وەرگیراوە بۆ دارشتنی فۆرمەکە و لەچەند ڕۆژی داهاتوو فۆرمەکە ئامادە دەکرێت لە ساڵانی داهاتووشدا سەرجەم مامۆستایانی کوردستان بەیەك فۆرم و بەیەك شێواز لەسەرتاسەری هەرێم پرۆسەکە ئەنجام دەدەن و هەرسەرپەرشتیارێك وەك ئەرکی سەرپەرشتیکردن پێویستە لە (50-60)مامۆستا ساڵانە هەڵبسەنگێنن.

# لێرەدا هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی پارێزگەی (هەولێر) بڵاودەکەینەوە:

فۆرمی ژمارە( 1 )
فۆرمی هەلسەنگاندنی بەڕێوەبەر

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدڕاڵ
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی (          )

یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆری          ژمارە:          بەروار:

ناوی بەڕێوەبەر/          کۆلیژو پسپۆڕیو سالی دەرچوون/
بەرواری یەکەم دامەزراندن/          بەرواری دەست بەکاری وەك بەڕێوەبەر/
ناوی قوتابخانە/          جۆری دەوام/
ژمارەی هۆبەکان/          کۆی گشتی قوتابیان/
ئەو وانانەی کە دەیلێتەوە/          بەرواری دوایین سەردان/

| ز | بوارەکانی هەلسەنگاندن | نمرە ٪ | نمرەی هەلسەنگاندن |
|---|---|---|---|
| 1 | کەسایەتیولێهاتوویی شیاوی لەرووی بەڕێوەبردن. | 10 | |
| 2 | توناو شارەزایی لە دارشتنی پلان و کارنامەی سالی خوێندن وە رێکخستنی دابەشی کارەکـان و رێنمـایی‌کردنی و سەرپەرشـتی‌کردنی بـۆ گەیـشتن بـە ئامـانجێکی پەروەردەیی گونجاوو لەبار بوو. | 10 | |
| 3 | شـارەزایی لـە یاسـاو رێنمـایی یـەکان و سیـستەم و پـەیڕەوی قوتابخانـەکان وە پابەندبونی بە جێبەجێ کردنیلە ئەرك و کارەکانیدا. | 10 | |
| 4 | پابەندبونی بە دەوامی خۆیو سەرپەرشتی دەوامی ئەوانەی لەگەلیدا کاردەکەن وە بە دواداچوونی دەوامیقوتابیان و رێنمایی‌کردنیان بۆ رەفتاری چاك. | 10 | |
| 5 | رادەی گرنگیـدانی بـە بینایـەی قوتابخانـەو دابینکـردن و پاراسـتنی کـەل وپـەلیو بایەخدانی بە پاك و خاوێنی قوتابخانە. | 10 | |
| 6 | گرنگیدانی بە تۆمارەکانی قوتابخانەو سەرپەرشتی کردنی رێکخستنیان. | 10 | |
| 7 | رادەی بـە دواداچـوونی چـۆنیەتی بەڕێوەچـونی خوێنـدن لـە رووی(جێبـەجێ‌کردنی پرۆگرامەکان، پلانی مامۆستا، ئەزموونەکان) بۆ بەرزی ئاستی زانستی. | 10 | |
| 8 | بایەخـدانی بـەکارو چـالاکی‌یە پـەروەردەیی و زانـستیو هونـەریو وەرزشـیو رۆشنبیریو پەرتوکخانەو بەدواداچونی کاری لیژنەکان لەم بوارانە. | 10 | |
| 9 | پەیوەنـدی بـە مامۆسـتایان و کارمەنـدان و خـودانی قوتابیـان وە گرنگیـدانی بـە ئەنجومـەنی باوکـان و دایکـان و مامۆسـتایان و توانـای بەسـتنەوەی قوتابخانـە بـە ژینگەو دروستکردنی گیانی هاوکاری. | 10 | |
| 10 | پەیوەندیو هاوکاری لەگەل سەرپەرشتیارانی پسپۆڕیو جێبەجێ‌کردنی راسپاردەو رێنمایی‌یەکان. | 10 | |
| | کۆی نمرەکان | | |

پوختەی هەلسەنگاندنی بۆ سالی خوێندن:   200/   200 بریتییە لە(                    )

تێبینیو راسپاردەکان:

. ..........................................................................................................
. ..........................................................................................................
. ..........................................................................................................
. ..........................................................................................................

ناوو واژۆی سەرپەرشتیاری پسپۆری کارگێری

# حکــومەتــی هەرێمــی کوردســـــتان

وەزارەتــــی پــــــەروەردە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی

بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ئامادەیی ..........

یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی .......... ( زۆر نهێنی )

ژمارە:

بەرواری پێشکەش کردن:

پسپۆر:

## فۆرمی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیار

ناوی چواری سەرپەرشتیار :................................

بەرواری یەکەم دامەزراندنی:................................

بەرواری بوونی بە سەرپەرشتیاری:..........................

بڕوانامەو ساڵی دەرچوون :................................

ڕەگەز :...................................................

شوێن و بەرواری لەدایك بوون:................................

ژمارەی ئەو قوتابخانەی لەئەستۆیدایە :......................

ژمارەی ئەوماموستایانەی لەئەستۆیدایە :......................

ژمارەی ئەوماموستایانەی هەڵسەنگاندنی بۆ کردوون :..........

| ژ | بواری هەڵسەنگاندن | (٥٠) نمره تایبەت بە سەرپەرشتیاری یەکەم | | (٥٠) نمره تایبەت بە ب. سەرپەرشتی کردن | | کۆی گشتی نمرەکانی هەڵسەنگاندن | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نمره | بەنووسین | نمره | بەنووسین | نمره | بەنووسین |
| ١ | کەسایەتی لەرووی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکانی لە گەڵ قوتابخانەودەووروبەر | | | | | | |
| ٢ | شارەزایی لە بواری پسپۆریەکەی خۆیداو توانای لەبەدواداچوونیدا | | | | | | |
| ٣ | توانایی لە بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی ماموستایاندا | | | | | | |
| ٤ | توانایی لەبواری هەڵسەنگاندنی ماموستایان لە کۆتایی ساڵ دا | | | | | | |
| ٥ | توانای لە داڕشتن و جێ بە جێ کردن و بەدواداچوونی پلانی ساڵانە | | | | | | |
| ٦ | ڕادەی بایەخدانی بەبوارەکانی( مافی مرۆڤ) وژینگە پارێزی وهەستی نیشتمان پەروەری | | | | | | |
| ٧ | ڕادەی بایەخدانی بە چالاکیە پەروەردەیی یەکان( وانەی ڕاهێنان ، کۆڕ، سیمینار،کۆبونەوەگشتیەکان ) | | | | | | |
| ٨ | پێشنیاز و بۆچوونەکانی بۆ پێشخستنی پرۆگرامەکان و پرۆسەی پەروەردە لە ( بلاَوکراوە ) و ( نووسین لە رۆژنامە وگۆڤارەکان ) و( توێژینەوە ) دا | | | | | | |
| ٩ | ڕادەی بایەخدانی بەڕێنماییەکان و هاوکاری کردن و دەزگای سەرپەرشتی کردن | | | | | | |
| ١٠ | ڕادەی بایەخدانی بە( تۆماری تایبەت )و( تۆماری سەردانی سەرپەرشتیاران )وتۆمارکردنی ڕێنمایی و تێبینی پێویست لە هەردوو تۆمارەکەدا | | | | | | |
| | کۆی نمرەکان | | | | | | |

ئەنجامی هەڵسەنگاندن بەژمارەکی :................................

ڕاسپاردەکانی سەرپەرشتیاری یەکەم :................................

ڕاسپاردەکانی بەرپرسی پسپۆری:................................

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یەکەم     بەرپرسی پسپۆری     بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی

فۆرمی ژمارە(7)

## حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدراڵ

وەزارەتی پەروەردە ژمارە/

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی (          ) بەروار/

یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆری بەرواری سەردانەکان/ / / 200- / / 200

## فۆرمی هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی(کۆمەڵایەتی )

**ناوی مامۆستا/** **قوتابخانە/** **پسپۆری/**

| ز | بڕگەکان | بواری هەڵسەنگاندن | نمرە٪ | نمرەی هەڵسەنگاندن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕواڵەت و کەسایەتی مامۆستا | ا/ ڕێککاری لە ناو پۆل.<br>ب/پەیوەندی بە قوتابیانەوە.<br>ج/ڕواڵەتی گشتی.<br>د/پەیوەندی بە کارمەندانی بواری پسپۆری خۆی. | 20 | |
| 2 | کارنامەی مامۆستا | ا/داڕشتنی پلانی ڕۆژانەو ساڵانە.<br>ب/ تەواوکردنی پرۆگرامی خوێندن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا.<br>ج/ شێوازی خستنە ڕووی بابەتەکەو بەستنەوەی بە ژیانی ڕۆژانەو ڕوداوەکانی سەردەم.<br>د/ڕادەی بەشداری پێکردنی قوتابییان لە چالاکی ڕۆژانەی ناو پۆل و ڕەچاوکاری جیاتاکی قوتابیان. | 20 | |
| 3 | لێهاتویی مامۆستا لە | ا/گرنگیو بایەخدانی بە ئەزموونەکانی ڕۆژانەو تۆمارەکانی بە دواداچوونەوە.<br>ب/تواناو لێهاتویی لە داڕشتنی پرسیاری ئەزموونەکان.<br>ج/ڕاستکردنەوەی تێنووسەکانی تاقیکردنەوە.<br>د/لەبەرچاوگرتنی ماوەی وانەکەو پێداچوونەوە بە ئەرکەکانی ماڵەوە. | 20 | |
| 4 | تواناو چالاکییەکانی زانستیو پەروەردەیی مامۆستا | ا/ڕادەی بەکارهێنانی ئامرازو هۆیەکانی فێرکردن و پاراستنیان.<br>ب/وردبینیلە بابەتەکانی بواری پسپۆریخۆیو ڕادەی بایەخدانی بە سەرچاوە دەرەکییەکان.<br>ج/بەشداریکردنی لە لیژنەو خولە پەروەردەییەکان.<br>د/ ڕادەی گرنگیدانیبەچالاکییە هەمەجۆرەکان وەک(گەشتی زانستی،پێشەنگاکان،ڕاپۆرت،دیواربەند...هتد). | 20 | |
| 5 | پابەندبوونی مامۆستا | ا/ڕادەی جێبەجێکردنی ڕێنماییو ڕاسپاردەکانی سەرپەرشتیاری پسپۆری.<br>ب/ئامادەبونی لە کۆڕە زانستییەکان و وانەی مەشقکاری.<br>ج/ڕادەی سود وەرگرتن و بایەخدانی بە پەرتوکخانەی ناو قوتابخانە .<br>د/پەیوەندی بە دەستەی کارگێڕی ناو قوتابخانە. | 20 | |
| | **پوختەی هەڵسەنگاندنی بۆ ساڵی خوێندنی: 200/ 200 بریتیە لە(          )** | | **کۆی نمرەکان** | |

**تێبینیوراسپاردەکان:**

1. ............................................................................................................ .
2. ............................................................................................................ .
3. ............................................................................................................ .
4. ............................................................................................................ .

**ناوو واژۆی سەرپەرشتیاری پسپۆری**

# پارێزگای هەولێر

هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و بەرێوەبەر وياريدەدەری قوتابخانە وخوێندنگاكان لە سنووری پارێزگای هەولێربەشێوەيەكی گونجاو وبەپێ رێنماييەكانی كار پێ كراو ئەنجامدراوە بەشێوەيەك لە سەرتاسەری پارێزگای هەولێر لە سەرجەم پەروەردەی قەزاكان سەرجەم مامۆستايان بينراون وە سەرپەرشتيارانی پسپۆری بەشێوەيەكی رێك بەسەر قوتابخان وخوێندنگاكان دابەش كراون وە هۆكاری ئەمەش دەگەرێتەوە:

1ـ بۆ ئەوەی بەرێوەبەری سەرپەرشتيكردنی پەروەردەيی كارەكانی بەرێك وپێكی راپەڕاندوەوە (بەرپرسانی پسپۆری) لە پارێزگای هەولێر بەئەركی خۆيان هەڵساون.

2ـ بوونی ژمارەی پێويست و گونجاو لە سەرپەرشتيارانی پسپۆری لە سنووريپارێزگای هەولێر.

3ـ نەبوونی ئاستەنگی دارايی لە رووی سەردانيكردنی سەرپەرشتياران بەوواتايەكی تر (سەردانەكانيان كراوەن و سنووردار نەكراوە بۆ (8) سەردانی لە مانگێكدا).

4ـ پابەندبوونی سەرپەرشتيارانی پسپۆری لە قەزاكان بەبڕيارو راسپاردە و رێنماييەكان.

**لە خوارەوە هۆكاری هەڵنەسنگاندنی (2352) مامۆستای پسپۆری لە سنوری پارێزگای هەولێر بۆتان دەخەينەروو:.**

1ـ (576) مامۆستا بەهۆی مۆڵەتی دايكايەتی هەڵنەسەنگينراون.

2ـ (372) مامۆستا بەهۆی ئەوەی دوای نيوەی ساڵ دەستيان بەكاركردووە هەڵنەسەنگينراون.

3ـ (323) مامۆستا بەهۆی ئەوەی كەياريدەدەری قوتابخانەن لەپسپۆری خۆيان هەڵنەسەنگينراون (لەبواری كارگێری هەڵسەنگێنراون).

4ـ (228) مامۆستا بەهۆی ئەوەی كە بـــەرێوەبـــەرن لە پســـپـــۆری خـــۆيـــان هەڵنەسەنگێنراون (لەبواری كارگێری هەڵسەنگێنراون).

5ـ (66) مامۆستا بەهۆی ئەوەی مامۆستای سەرەتایین و تەنسیب کراون هەڵنەسەنگێنراون.
6ـ (24) مامۆستا بەهۆی مۆڵەتی خوێندن هەڵنەسەنگێنراون.
7ـ (50) مامۆستا بەهۆی ئەوەی تەنسیب کراون لە دام و دەزگاکان هەڵنەسەنگێنراون.
8ـ (114) مامۆستا بەهۆی ئەوەی مۆڵەتی نەخۆشیان وەرگرتووە هەڵنەسەنگێنراون.

9ـ (68) مامۆستا بەهۆی ووتنەوەی پسپۆری تر واتا پسپۆری خۆیان ناڵێنەوە بۆیە هەڵنەسەنگێنراون.

10ـ ( 58) مامۆستا بەهۆی مۆڵەتی منداڵ بوون هەڵنەسەنگێنراون.
11ـ (207) مامۆستا بەهۆی ئەوەی تەنها یەکجار بینراوەن هەڵنەسەنگێنراون.

12ـ (50 ) مامۆستا بەهۆی مۆڵەتی بێ مووچە هەڵنەسەنگێنراون.

13ـ (96) مامۆستا بەهۆی ئەوەی تەمەنیان گەورە بووە هەڵنەسەنگێنراون.

14ـ (7) مامۆستا بەهۆی ئەوەی کە کراون بەرابەری پەروەردەیی لە پسپۆرییە جیاوازەکان هەڵنەسەنگێنراون.

15ـ (10) مامۆستا بەهۆی ئەوەی کراون بە (ئەمینداری پەرتووکخانە) هەڵنەسەنگێنراون.

---

کۆی گشتی (2352) مامۆستایە

## پێشنیاز و راسپاردەکان:

1ـ ئەو مامۆستایانەی پلەی (نایاب)یان هەیە ئاگاداری پەروەردەی گشتی پارێزگاکان بکرێت کە (رێز وسوپاس)یان ئاراستە بکرێت.

2ـ ئەو مامۆستایانەی لاوازن ناوەکانیان یەك بخرێن وە بخرێنە خولێکی بەهێز کردن لە رێگای پەیمانگای راهێنان وگەشەپێدانی پەروەردەیی.

3ـ ئاگاداری پەروەردەکان بکرێتەوە کە مامۆستایانی پسپۆری ئەوانەی کەکراون بە (ئەمینداری پەرتووکخانە) یان (رابەری پەروەردەیی) فەرمانیان هەڵبوەشێتەوە تەنها ئەوانەی دەرچووی (دەروونزانی وکۆمەڵناسی)ین کە بۆ رابەری پەروەردەیی ئاسایی بێت.

4ـ ئەو سەرپەرشتیارانەی کە رێژەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لە (نصاب)ی خۆیان کەمترە ئاگادار بکرێنەوە لە پەروەردەیەکی نزیك لە خۆیان کە سەرپەرشتیاریان نی یە بەشەکەی تەواو بکات بۆ ئەوەی رێژەی سەرپەرشتیار بە شێوەی ئێستا کە هەیە رێکبخرێن لە سەر ئاستی پارێزگا.

5ـ داوا لە پەروەردەکان بکرێت کە وێنەیەك لە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بخرێنە ناو دۆسیەی کەسی مامۆستا وگرنگی پێ بدرێت بۆ کاتی پالاوتنی مامۆستایان بۆ هەر شوێنێك سوودی لێ وەربگیرێت.

**هەولێر**

**ئامارەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بۆ ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨**

| ژ | بابەتەکان | ژمارەی سەرجەم مامۆستایان | ژمارەی هەڵسەنگێراو | ڕێژەکەی | ژمارەی هەڵنەسەنگێراو | ڕێژەکەی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کارکێری | 1199 | 1077 | ٪٨٩,٨٢ | 122 | ٪١٠,١٧ | |
| 2 | کوردی | 1002 | 701 | ٪٦٩,٩٦ | 301 | ٪٣٠,٠٣ | |
| 3 | عەرەبی | 1108 | 782 | ٪٧٠,٥٧ | 326 | ٪٢٩,٤٢ | |
| 4 | ئینگلیزی | 795 | 612 | ٪٧٦,٩٨ | 183 | ٪٢٣,٠١ | |
| 5 | کۆمەلایەتی | 1499 | 927 | ٪٦١,٨٤ | 572 | ٪٣٨,١٥ | |
| 6 | بیرکاری | 808 | 589 | ٪٧٢,٨٩ | 219 | ٪٢٧,١٠ | |
| 7 | زیندەوەرزانی | 533 | 349 | ٪٦٥,٤٧ | 184 | ٪٣٤,٥٢ | |
| 8 | کیمیا | 418 | 311 | ٪٧٤,٤٠ | 107 | ٪٢٥,٥٩ | |
| 9 | فیزیا | 382 | 288 | ٪٧٥,٣٩ | 94 | ٪٢٤,٦٠ | |
| 10 | دەروونزانی | 62 | 41 | ٪٦٦,١٢ | 21 | ٪٣٣,٨٧ | |
| 11 | کۆمپیوتەر | 126 | 86 | ٪٦٨,٢٥ | 40 | ٪٣١,٧٤ | |
| 12 | وەرزش | 381 | 231 | ٪٦٠,٦٢ | 150 | ٪٣٩,٣٧ | |
| 13 | هونەر | 64 | 48 | ٪٧٥,٠٠ | 16 | ٪٢٥,٠٠ | |
| 14 | تورکمانی | 15 | 6 | ٪٤٠ | 9 | ٪٦٠ | |
| | سەرجەمیان | 8392 | 6048 | ٪٧١,٨٥ | 2344 | ٪٢٨,١٥ | |

| | نایاب | زۆرباش | باشە | ناوەند | پەسەند | لاواز | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 296 | 2169 | 2674 | 774 | 120 | 15 | |
| ڕێژەی | ٪٤,٨٩ | ٪٣٩,٨٦ | ٪٤٤,٢١ | ٪١٢,٧٩ | ٪١,٩٩ | ٪٠,٢٤ | |



## پوختەی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیارانی پسپۆری پارێزگای (هەولێر) ساڵی خوێندنی (2007 – 2008)

| ز | پسپۆری | ژمارەی سەرپەرشتیاران | ئاستی سەرپەرشتیاران | | | | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | لاواز | پەسەند | باش | زۆرباش | نایاب | |
| 1 | سەرپەرشتیاری یەکەم | 8 | – | – | – | 6 | – | |
| 2 | بەرپرسی پسپوری | 13 | – | – | – | – | – | هەڵنەسەنگێنراون |
| 3 | کارگێری | 51 | – | 1 | 12 | 19 | 7 | |
| 4 | کوردی | 16 | 1 | 1 | 6 | 5 | 2 | |
| 5 | عەرەبی | 15 | – | – | 8 | 5 | 1 | |
| 6 | ئینگلیزی | 12 | – | 1 | 1 | 8 | 2 | |
| 7 | کۆمەلایەتی | 15 | – | – | 4 | 9 | 1 | |
| 8 | بیرکاری | 16 | – | – | 3 | 7 | 5 | |
| 9 | زیندەوەرزانی | 12 | – | – | 3 | 7 | 2 | |
| 10 | کیمیا | 13 | – | – | 1 | 9 | 3 | |
| 11 | فیزیا | 14 | – | – | 4 | 9 | 1 | |
| 12 | هونەر | 2 | – | – | – | 1 | 1 | |
| 13 | وەرزش | 9 | – | – | 1 | 5 | 2 | |
| 14 | کۆمپیوتەر | 2 | – | – | – | 2 | – | |
| 15 | دەروون زانی | 5 | – | 1 | – | 1 | 3 | |
| 16 | پیشەیی | 1 | – | – | – | 1 | – | |
| 17 | تورکمانی | 1 | – | – | – | 1 | – | |
| 18 | سریانی | 1 | – | – | – | – | – | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | **کۆی گشتی** | 206 | 1 | 4 | 43 | 95 | 30 | |

## سەرنج و تێبینی:

1ـ (13)بەرپرسانی پسپۆری هەڵنەسەنگێنراون.
2ـ (12) سەرپەرشتیاری پسپۆری کارگێری هەڵنەسەنگێنراون بە هۆی ﴿ ( 8) یان تەنسیب کراون + (1) یان مۆڵەتی نەخۆشی + (3) یان لە وەرزی دووەم دەست بەکاربوینە﴾.
3ـ (1) سەرپەرشتیاری پسپۆری زمان ی کوردی بەهۆی مۆڵەتی نەخۆشی هەڵنەسەنگێنراوە.
4ـ (1) سەرپەرشتیاری پسپۆری زمانی عەرەبی بەهۆی مۆڵەتی خوێندن هەڵنەسەنگێنراوە.
5ـ (1) سەرپەرشتیاری پسپۆری بیرکاری بەهۆی مۆڵەتی نەخوشی هەڵنەسەنگێنراوە.
6ـ (1) سەرپەرشتیاری پسپۆری کۆمەلاَیەتی بەهۆی دەست بەکار بوونی لەوەرزی دووەم هەڵنەسەنگێنراوە.
7ـ (1) سەرپەرشتیاری پسپۆری وەزش بەهۆی گواستنەوەی بۆ پەروەردەیەکی تر هەڵنەسەنگێنراوە.
8ـ (1) سەرپەرشتیاری پسپۆری سریانی هەڵنەسەنگێنراوە.
9ـ (2) سەرپەرشتیاری یەکەم هەڵنەسەنگێنراون بەهۆی (1) وەرزی دووەم دەست بەکاربووە (1) بە دوا داچوونی بۆ نەکراوە.

---

**کۆی گشتی: (33) سەرپەرشتیاری پسپۆری و بەرپرسی پسپۆری هەڵنەسەنگێنراوە**

- ماویەتــی -

*ب. سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ئامادەیی و پیشەیی
**ب.گ. سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی

# وانەوتنەوەی سەرکەوتوو: 10 پێداویستی سەرەکی

ن: ریچارد لێبلانك*
لە ئینگلیزییەوە: د.هیمداد عەبدولقەهار محەمەد

وانەوتنــــــەوەی ســــــەرکەوتوو پێوەندییەکی زۆر پتەوی بە سۆز هەیە وەك چۆن پێوەندی بە ئەقڵەوە هەیە.

وانەوتنەوەی سەرکەوتوو تـەنیا ئـەوە نییە قوتابیان هان بـدەیت کـە فێـربن، بەڵکو فێریان بکەیت چۆن فێر بـن، بـە شێوەیەك کە واتابەخش و پەیوەسـت و جۆرێك بێت لە بیرنەکرێت.

وانەوتنـــەوەی ســـەرکەوتوو واتـــە بایەخدان بە پیشەکەت و سـۆزت بـۆی هەبێت و لەگەڵ گواستنەوە و گەیاندنی

ئـەو سـۆزە بـۆ هـەمـوو کەسـێك بـە تایبەتی بۆ قوتابییەکانت.

1ـــ وانەوتنــــەوەی ســـەرکەوتوو دەربـارەی کەرەسـتەیە و مامەڵـەکردن لەگـــەڵ قوتابیـــان وەك بەکارهێنــــەر و سوودمەندانی زانیاری.

وانەوتنــــەوەی ســـەرکەوتوو واتـــە بەکارخستنی هەموو توانای خـۆت بـۆ ئـــەوەی بـــەردەوام لـــە سەرلیـــستی بوارەکـــەی خـــۆت بیـــت و سەرچـــاوە بخوێنیتەوە تایبەت بە پسۆری خۆت و خوێندنـەوەی دیکـەیش و ئەنجامـدانی هەموو شتێك بۆ ئەوەی لـە پێـشەوەی بوارەکەت بمێنیتیـەوە، بـەڵام زانیـاری تەنیا تایبەت نییە بە گۆڤاری زانستی.

وانەوتنەوەی سەرکەوتوو بریتییە لـە دروستکردنی پردێك لە نێـوان تیـۆر و پراکتیکدا، واتە گرێدانی هـەردووکیان بەیەکەوە، بە واتایەکی دیکە پێویـستە لە ناو مەیداندا کاربکەیت نـەك تـەنیا بە شێوەیەکی تیۆری، پێویستە پرس و ڕاوێژ بە پسپۆر و خاوەن ئەزموونـەکان بکـەیت و هــەوڵ بـدەیت سـوود لـە ئەزموونەکان وەربگریت.

2ـ وانەوتنەوەی سـەرکەوتوو بریتیـە لــە گــویْ لێگــرتن و پرســیارکردن و هــەبوونی کاردانــەوە هــەروەها ڕەچــاو کردنـــی ئـــەو ڕاســـتییەی کـــە هـــەر قوتابییـــەك و هـــەر پۆلێـــك جیـــاوازە لەوانی دیکە.

وانەوتنەوەی سەرکەوتوو بریتییە لـە ســــوودوەرگرتن لـــــە کاردانـــــەوە و وەڵامــەکانی قوتابیــان و پەرەپێــدانی توانا و لێهاتوویی پێوەندی زارەکی ئەو قوتابییانەی بیْ دەنگـن. وانەوتنـەوەی ســەرکەوتوو بریتییــە لــە هانــدانی قوتابیــان بــۆ ئــەوەی بــەرەو ئاسـتی پێویست برۆن و لـە هـەمان کاتیـشدا بریتییە لەوەی کە هەموو کاتێك مـرۆڤ بـێن و ڕێـز لـە کەسـانی تـر بگـرین و پیشەگەربین.

3ـ وانەوتنــەوەی ســەرکەوتوو تــەنیا نابێت بەرنامەیـەکی جـێگیر و نـەگۆڕ بێت بەڵکو پێویـستە توانـای گـۆڕانی تێــدا بــەدی بکرێــت و جێگـــەی ئـــەزموونی تـــازەی تێـــدا ببێتـــەوە هەورووەها پێویسته متمانـە بـەخۆبوون هەبێت بۆ کاردانەوە و گۆڕان بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێت.

وانەوتنەوەی سەرکەوتوو بریتییە لە هەستکردنی بە ئاسوودەیی کاتێك ڕێژەیەکی دیاریکراو لە وانەیەکدا جێبەجێ دەکەیت.

وانەوتنەوەی سەرکەوتوو بریتییە لە لادان لە پرۆگرامی خوێندن و بەرنامەی کار هەر کاتێك بینیت کە ڕێگەیەکی سەرکەوتووتر و باشتری فێربوون هەیە.

وانەوتنەوەی سەرکەوتوو بریتییە لە ڕاگرتنی هاوسەنگییەك لە نێوان مامۆستا وەك دیکتاتۆرێکی دەسەڵاتدار لەلایەك و هاندەر و پاڵنەر لە لایەکی دیکەوە.

4- وانەوتنەوەی سەرکەوتوو پێوەندی بە شێوازەوە هەیە.ئایا وانەوتنەوە پێویستە خۆشی بەخش بێت؟ ئایا ئەمە واتای ئەوەیە کە وانەوتنەوە بابەت و ناوەڕۆکی تێدا نییە؟ نەخێر.

وانەوتنەوەی کاریگەر بریتی نییە لە بەستنەوەی هەردوو دەستەکانت بە مێزی ناو پۆلەکەوەو چاو بڕینە سەر تەختە و کەرەستەکانی دیکە لە کاتی وانەوتنەوەدا.

مامۆستای سەرکەوتوو پێویستە هەموو ژوورەکە و هەموو قوتابیان بەکاربهێنێت و وایان لێبکات ببن بە بەشێك لە وانەکەی. دەبێت مامۆستایان وا خۆیان بێتە بەرچاو کە ئەوان بەڕێوەبەر(مایسترۆ)ی تیپێکی ئۆرکیسترای مۆسیقین و هەر قوتابییەك ئامێرێك دەژەنێت و هەر یەکەیان ئاستێکی دیاریکراوی هەیە.

5- ئەمەیان زۆر گرنگە وانەوتنەوەی سەرکەوتوو پێویستە پێکەنین و خۆشی تێدا بێت.

واتە دەبێت مامۆستا خۆی زیاتر بکاتەوە نەك بەردەوام توند و جدی بێت.

وانەوتنەوەی سەرکەوتوو دەبێت نوکتە و پێکەنینی تێدابێت هەرچەندە لەسەر حسێبی خۆت بۆ ئەوەی شەرمیان نەمێنێت و قوتابیان هەست بە ئاسوودەیەکی پتر بکەن لە کەش و هەوای ناوپۆلدا و هەست بکەن کە تۆش وەك ئەوان مرۆڤێکیت، کە بەشی خۆت هەڵە و کەموکوڕیت هەیە.

6ـ وانەوتنەوەی سەرکەوتوو بریتییە لـە بایەخـدان و هانـدان و پەرەپێـدانی مێشك و بەهرەی قوتابیان.

هـەروەها وانەوتنـەوەی سـەرکەوتوو بریتییـە لـە تـەرخانکردنی کـات بـۆ هــەموو قوتابییــەك و بەســەربردنی چــەندین ســەعاتی بــێ بەرانبــەری سەیرکردن و هەڵەچـنی تاقیکردنـەوە و نمرەدانان و دانانی بەرنامـەی کـۆرس و پلانی وانەکان و ئامادەکردنی کەرەستە بۆیــان، بــۆ ئــەوەی فێربــوون و سوودمەندبوون مسۆگەر بێت.

7ـ وانەوتنەوەی سەرکەوتوو بـەهۆی بەڕێوەبەرایەتییەکی بەهێز و خاوەن دید پاڵپـشتی دەکرێـت ـ هەمـــــو پاڵپــشتییەکی دامــەزراوەیی وەك سەرچــاوە و کارمەنــد و پاڵپــشتی دارایی.

8 ـ وانەوتنەوی سـەرکەوتوو بـەردەوام بەهێز دەبێت کاتێك دیدێکی بەرفراوان بۆ دابینکردنی کارمەندی تەواو هەیە، ئەمــەش پێویـستە لـەو کارانـەی کـە ئەنجام دەدرێن نەك تەنیا ئەوانـەی کـە باس دەکرێن ڕەنگیان دابێتەوە.

9ـ وانەوتنەوەی سەرکەوتوو بریتییـە لە چاودێریکردنی ئاست بەرز و ئاسـت نزم و کارکردن بە گرووپ و بە پێزانینی هاوەڵ و هاوکارەکانت.

وانەوتنــەوەی کاریگــەر پێویــستە پاداشت بکرێـت و ئـەوەی کاریگـەر و سـەرکەوتوو نییـە پێویـستە بـە هـۆی بەشداری پێکـردن لـە خـولی ڕاهێنـان چارەسەر بکرێت.

10- لەکۆتاییــشدا وانەوتنــەوەی سەرکەوتوو بریتییە لە خۆشی وەرگرتن و ڕابــواردن و خــۆ پاداشــتکردن بــە شێوەیەکی ناوەکی کاتێك دڵنیایت کـە قوتابییــەکانت دڵخۆشــن بــەوەی کــە شتێکی تـازە فێـر بـوون و دەبـن بـە مرۆڤێکی باشتر بە هۆی ئەو پێکەنین و گەشــانەوەی لەســەر ڕوویــان دەردەکەوێت.

مامۆستای سەرکەوتوو و باش ئەوەیە کە تەنیا بۆ پارە وانـە ناڵێتـەوە، یـان لەبەر ئەوەی ئەرکێکە و دەبێت بیکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی خۆشی تێدا دەبینن و لەبـەر ئـەوەی خۆیـان دەیانـەوێت مامۆستا بن.

ماڵپەڕی:
www.honolulu.hawaii.edu
* بەڕێوەبەری ناوەندی لاس بۆ
کاروباری زمان و وەرگێڕان
las.translation@yahoo.com

سەرچاوە:
ئەم بابەتە لە ئینتەرنێت وەرگیراوە:
The Teaching Professor

# جیهانگیری و پەروەردە

و: پەروەردە و فێرکردن

**پێشەکی:**

سەدەی بیست و یەك بە سەدەی جیهانگیری دەژمێررێت. کە سەدەی زاڵبوونی جیهانگیرییە بەسەر ڕەوشی مرۆڤایەتیدا.

جیهانگیری (ڤایرۆسێکی ئایدۆلۆژییە) لە گەمارۆی ئەقڵ دەدات (دروشمی سەردەمە) و ئامرازی شارستانیەتی نوێی زانستە بۆ بلاوکردنەوەی هزرو بەهاکانی. بەم جۆرە حەتمییەتی جیهانگیری جۆرێك

لەبیرکردنەوەی تازەو جۆرێك لەگوزەران کردنی تازە بەسەر خەڵکدا، هەروەها جۆرێکی تازەی بەرهەمهێنان بۆ سوود لێوەرگرتن لێی دەسەپێنێت.

جیهانگیری سستمێکی جیهانی تازەیەو ئامرازو ڕێگەو توخم و میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەیە. بەم جۆرە لەڕێی شێوازی جۆراوجۆرەوە هاتووەتە ناو جیهان وەك: سەتەلایت و ئەلکترۆنیات و کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و شێوازی پێوەندیکردنی تازە و زانستە فیزیاوی و جینات و ژینگەو سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان.

## پێناسەی پەروەردە

که باس لەپەروەردە دەکرێت زەحمەتە پێناسەیەکی دیارکراوو گشتگیری لەبارەوە بخرێتە ڕوو، چونکە پێناسەی جۆراوجۆر هەن و بەقەد جیاوازی فەلسەفەو دیدی پەروەردەیی جیاوازییان هەیە، ئەگەر لەم تۆژینەوەیەدا وا پێویست بکات پێناسەیەکی بۆ بخرێتە ڕوو ئەوە دەشێت هەندێك تیشك پێشکەش بکرێت کە ئاماژەیان پێ دەدرێت.

پەروەردە خۆی کرداری گونجاندنە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، یان کارلێکردنی نێوان تاك و ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا دەژی. کرداری گونجاندنیش یان ئەو کارلێکردنە واتای خۆ گونجان دێت لەگەڵ ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی و دیاردەکانی، کە کارێکی درێژخایەنە و تەنیا بە کۆتایی ژیان کۆتایی دێت.

هەروەها پەروەردە ئامرازی گۆڕانکارییە لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا، ئەگەر جیهانی ئەمڕۆ لەیەك جیهانی بگەڕێ، ئەوە ئەرکی سەرشانمانە لەو ڕۆڵە بگەڕێین کە پەروەردە لەو یەك جیهانییەدا دەیگێڕێت.

## ئامانجی پەروەردە

ئامانجی پەروەردە ئەوەیە مرۆڤ بەدوای بەدیهاتنی خودی خۆیدا بگەڕێت و بایەخ بەو جیاوازییانە بدات کە کەسێك لەوی دیکە جیا دەکاتەوە. لەڕووی ئەو دەستکەوتە فیکری و کردەییانەی وەدەستیان دێنێت و ئەوەی لەپەروەردەدا بایەخی پتر بێت دۆزینەوەی هاوڵاتییەکی خێرخوازو چاك گونجاندنیەتی لەناو ئەو ژینگەو دەوروبەرەی تێیدا دەژیت. ئامانجی پەروەردەیش پەروەردەکردنی مرۆڤە لەڕووی ئەقڵی و ڕەوشتی و جەستەیی

و سـۆزداری و مرۆییـەوە، بەگرێـدانی بـەزۆر هۆکـار لـەهۆکارەکان و پێوەندییـەکانی دەوروبـەرەوە. (کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و نیـشتمانی و ئـایینی و ئـابووری و سیاسـی و زانستی و تەکنیکی) بەم جۆرە تاك بـۆ ژیانێکی کاریگەر لـەناو کۆمەڵگـەداو لەناو ژیانێکی خێزانی و ژیـان لەگـەڵ ئەوانی دیکە بەسـەرکەوتوویی ئامـادە دەکرێت.

ئەرکی پەروەردە: گواستنەوەی جۆری هەڵـسوکەوتی تاکـە لـەناو کۆمەڵـدا، گواسـتنەوەی پاشـخانی ڕۆشـنبیری نەوەکانی ڕابوردووە بۆ نەوەی داهاتوو، گـۆڕینی ئـەو پاشـخانەو ڕاسـتکردنەوەیەتی لـەڕووی پێکهاتەکەیـەوە. دەسـتکەوتنی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانـە لەلایـەن تاکـەوە کـە لەبـەهاو داب و نـەریت و سـتەم و بیروبـاوەڕ و ئاکـارو هەڵـسوکەوتی نـاو کۆمـەڵ سەرچـاوە دەگـرن و تـاك تێیـدا دەژیـت، ڕوشـنکردنەوەی هزرەکـان لـەڕێی زانیارییە تازەکانەوە.

## بنەما ڕاستەقینەکانی پەروەردە

هارون ڕەشید دەڵێت: (وەڵام ئەوەیـە کە دەیبینیت نەك ئـەوەی دەیبیـسیت) لێرەدا باس لەبنەما جێگیرە ڕوحـی و ڕەوشـتی و شارسـتانیەت و پێداویستییەکانی بەرژەوەندی داهـاتوو دەکەین.

- میکانیزمی تازەکردنەوەی هاوچەرخ و ئەزموونە پـەروەردەیی و زانـستی و فیکـری و ڕەخنەییـە بووژاوەکـان و شێوازە تەکنەلۆژییە پێشکەوتووەکان و زانیاری و کەلتوورە جیهانییەکەی.

- بەدەنگـەوەهاتنی مەترسـییەکانی ئایینده و شێوازە ژیرەکـانی لـەپێناوی مامەڵـەکردن و سـوود وەرگـرتن لەجیهانگیری نوێ.

## نوێبوونەوە پەروەردەییەکان

گـرنگترین ئـەو سـیما تازانـەی کـە لەڕۆژگاری تازە دەرکەوتوون و بوونەتە هـۆی گۆڕانکـاری خێـرا لەهـەموو بوارەکانی ژیاندا ئەمانەن: تەقینـەوەی زانیـاری، سـەرهەڵدانی تەکنـەلۆژیای تازە، ئاسانی هاتووچۆو پێوەندیکردن، گەشەکردنە جۆراوجۆرەکـان لەهـەموو بوارەکـانی ژیانـدا، بۆیـە دەبێـت تازەکردنـەوە لەسیاسـەتی پـەروەردەو بـەڕێوەبردنی پـەروەردە و لـەبونیادی

فێرکــــردن و پرۆگـــرام و ڕێگــەکانی وانەگوتنـــەوەو ڕێگـەکانی خوێنـــدن و پەروەردەی بەردەوام ئەنجام بدرێت.
کەواتە ئەمە (جیهـانگیری ڕاسـتەقینە نییە) بەپـشت بەسـتنمان بـە بنـەماو کۆمەڵگـەکانی سـەدەی ڕابـوردوو بـۆ ســەیرکردنی ئایینـــدەو تێگەیـــشتن لــەجیهانگیری نــوێ لــەڕێی ئەمانــەی خوارەوە:
ـ چاوخشاندن بەو واقیعەی کۆمەڵگەی تێدایە بەهەموو ئەو سیمایانەی پێـی دەناسرێتەوە، چ خراپ چ باش چ یـەك یەك بێت و چ دووانەیی چ وەك یـەك و چ دژیەك.
ـ ئەو بیرکردنەوەی باڵی بەسەر ناوەوەی میللەتـدا کێـشاوە لەسـەر ئاسـتی سەرکردەکان یان دەستە بـژێرەکان یـان توێژەکان یان جەماوەر.

ـ ڕازیبـوون بـە شارسـتانییەت: هـیچ شارســتانییەتێك ناتوانێــت لەیــەکێك لەگۆشــەکانی دنیـــادا بەگۆشـــەگیری بمێنێتەوە، چونکە کـاتی ئـەوە هـاتووە هـــەموو شارســـتانیەتێك پارێزگـــاری لەخۆی بکـات و لەسارسـتانییەتەکانی دی فێر بێت. دەبێت دینامیکی بێت و خێرا گەشە بکـات و پـێش بکـەوێت، دەنا هـیچ شـوێنێکی بـۆ پێـشبڕکێ و گەیشتن بەوانی دی نابێت.

**مەترسییەکانی بەردەم پەروەردە**

**گرنگترین ئـەو مەترسییانەی دێنـە بەردەم پەروەردە ئەمانەن:**

هیــوا خوازییـــەکانی پــــەروەردە لەسەدەی بیست و یەکدا، کە گرنگترین دەرئەنجامـــــەکانی دروســـــتکردنی مرۆڤێکی ئازادو بەدیهێنانی تـاکێکی فێربووی پێگەیشتووە، لەهەموو بوارە ئەقڵی و جەسـتەیی و کۆمەڵایـەتی و هەڵـــچوونی و ڕووحییەکانـــدا. کـــە مرۆڤێکی باوەڕداری هۆشمەندی بەتوانا دروست دەکات، تا توانای بنیاتنـان و بەخشــشی لەچوارچـێوەی ڕوون بـینی هـــەبێت و بتوانێـــت لەچوارچـــێوەی بەرپرسێتی خۆیـدا ئامـانجی خـوازراو بەدی بێنێت.

ـ دان نان بە واقیعی هاوچەرخەدا کـە لاوازییە لەبنیاتنانی ڕۆشنبیری گـشتی و دەستکەوتە زانیارییەکان و لەرزۆکی داهێنانەکان و چاودێری نەکردنی توانا زانـستی و ئـەدەبی و هونەرییـــەکان و شێوانە لەدیدی کۆمەڵایەتیدا، لەبواری ســـەیرکردنی پـــسپۆرییە زانـــستی و ئەدەبییەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی درز تێکـــەوتن و شـــێواندنی ئـــەو سیمایانەی دام و دەزگە پـەروەردەیی و دامەزراوەکانی فێرکردن هەڵیانگرتووەو بەدیارترین کۆڵەگەو بناغەی بەهێز بـۆ

بنیاتنانی ڕۆشنبیری و دەزگەی زانیاری دەژمێررێن.

- ڕووبەڕووبوونەوەی دەرگە واڵاکردن: گەشەکردنی هۆیەکانی پێوەندیکردن و بەردەوامبوون وای لەکرانەوە کردووە ببێت بە کارێکی حەتمی کە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. کرانەوەش یارمەتی کاری بەکۆمەڵ و گونجان و بە ئاگەیی زۆرترو گواستنەوەی تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی چاکتر و ئاسانتر دەدات.

ـــــ ڕووبەڕووبوونەوەی زێدەڕۆیی نەخۆشییەکانی بیرۆکراتیەت لەڕێی داهێنان و هەوڵدانی خودی بۆ بەرهەم و دروست کردن و گەشەکردنی کەسی و بەکۆمەڵ.

ـــ ڕووبەڕووبوونەوەی دام و دەزگەیی لەڕێی دانانی پلانێکی پەروەردەیی تازەی پشت ئەستوور بەڕابوردوو بۆ بنیاتنانی ئایندەی سستمێکی پەروەردەیی وا کە بتوانێت مرۆڤی سەدەی بیست و یەك بنیات بنێت.

ـــــ مەترسییەکانی بەڕێوەبردنی پەروەردەو فێرکردن: بوونی ژینگەی پەروەردەیی خوێندەوارو بوونی ناوەڕۆك و ناواخنێکی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری، بوونی پەروەردیاری جیاکار کە لەناو قوتابیان بژیت، گەشە پێکردنی هەستی هەستکردن بەوی دیکە، مەترسییەکانی پەروەردەی هاوشێوەو بەڕێوەبردنی پەروەردە.

ـــــ مەترسییە پەروەردەیی و خێزانییەکان: چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ لەم کۆمەڵگەی تازەی ناو جیهانگیری تازە، مرۆڤ لەبەرانبەر مەترسی هاوچەرخدا دەژیت کە لەبەردەمیدا کەسێتی خۆی لەدەست دەدات، کە گرنگترینیان چۆنیەتی پەروەردەکردن و مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو منداڵانەی ڕووبەڕووی ئەم جیهانە و هەموو ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی دەبنەوە.

ـــ ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی ڕۆشنبیری نەتەوەیەك دەبنەوە کە لەئەنجامی قەیرانی گشتی نەتەوەییەوە سەریان هەڵداوە لەبوارەکانی سیاسەت و هزرو کۆمەڵدا وەك: بوونی سستمی پەروەردەیی ناکۆك بەپێی ئایدۆلۆژیای هزری سیاسی پەیڕەوکراو لەهەر دەوڵەت و ولاتێکدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی پەروەردەیەکی سیاسی ڕوون و لەسەر ڕێك کەوتوو بۆ تاکی نێو کۆمەڵ، هەروەها باسی کاریگەری هێرشی فیکری و ڕۆشنبیری و بۆشایی بیروباوەڕ، بەرزبوونەوەی ڕێژەی

نەخوێندەواری لەناو کۆمەڵدا، قەیرانی مامۆستاو پیشەی پەروەردەو فێرکردن.
ـــ گـــەورەترین ئـــەو مەترســـییانەی رووبـــەڕووی بەرپرســـانی ســـستمە پەروەردەییـــەکانی لەســـەدەی بیـــست و یەك دەبنـــەوە، جـــەخت کـــردن و قـــووڵ کردنەوەی چـــەمکەکانی لەیـــەك نزیـــك کردنـــەوەو هاریکـــاری نێـــوان تـــاك و کۆمـــەڵ و گەلانـــە، بۆئـــەوەی بتـــوانن دیـــدێکی جیهـــانی پێـــك بهێـــنن و کارامەیی کاریگەر دروست بکـەن، بـۆ سەرپەرشتیکردنی ئاییندەو دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ بۆ بەڕێوەبردنی کارەکـانی ئەم ئاییندەیە.

## پێناسەی جیهانگیری

جیهـــــانگیری Globalization دەگەیەنێت و لەڕووی زمانەوە بەگشتی کردنـــی شـــتێك یـــان چـــەمکێك یـــان بەهایەك یان کەلوپەلێك یان هەڵوێست و فراوانکردنـــــــــی بازنـــــــــەی کاریگەرییەکەیـــەوە دێـــت بۆئـــەوەی هـــەموو گـــۆی زەوی بگرێتـــەوە، بـــەو پێیەی Globe گۆی زەوییە.

بورهان غەلیون دەڵێـت: جیهـانگیری دینامیکیـــەتێکی تازەیـــەو لـــەناو پێوەندییـــە نێـــو دەوڵەتییەکانـــدا ســـەر هەڵدەدات ئەویش لـەڕێی بـەدیهاتنی پلەیەکی بەرزی چڕی و خێرایی لەکاتی کـردەی بڵاوبوونـەوەی زانیارییـەکان و دەستکەوتە تەکنیکی و کردارییەکانی شارســـتانییەت، کـــە ڕۆڵـــی هۆکـــاری دەرەکی زۆرتـر دەبێـت لـەدیاریکردنی چارەنووســـی لایەنـــە نەتەوەییـــەکان، ئەوانەی ئەم بازنە تێکەڵ بووەو دواتـر پـــەراوێزەکانیان پێـــك دێـــنن. بـــەڵام ئەحمەد ئەبو زەید دەڵێت: جیهـانگیری کار بۆ بەیەك کردنی بیروباوەڕو بـەهاو چەشـــــنە ڕەوشـــــتی و شـــــێوازەکانی بیرکردنـــــەوە لـــــەنێوان میللەتـــــە جۆربەجۆرەکانی جیهـان دەکـات، وەك ڕێگەیەك بۆ دابینکردنـی پانتاییـەکی فراوانی تێگەیشتنی ئـاڵوگۆڕپێکراو و نزیك کردنەوە لەنێوان مرۆڤدا، لەگـەڵ دابینکردنی ئاشتی جیهانی.

**بۆیـــە لـــەم پێناســـانەدا دەتـــوانین جیهـــانگیری لـــەدوو وشـــەدا کـــورت بکەینەوە:**

چڕی گواسـتنەوەی زانیارییـەکان و خێراییان بەڕادەیـەك وامـان لێ دێـت هەسـت بکـەین لەگونـدێکی سـەر زەمینی Global Village داین.

ئەوەی لەشوێنێك ڕوودەدات هەواڵەکەی لەتەنیـــــشتی بڵاودەبێتـــــەوە، هـــــەر ڕووداوێك لەهەر بەشێك ڕووبدات ئـەوە کاریگـــــــەری لەبەشــــــەکەی دی دەردەکەوێت.

## ئامانجەکانی جیهانگیری

بـــۆ تێگەیـــشتن لـــە ئامانجـــەکانی جیهانگیری و مەبەستەکانی، دوو ڕووی دەبینین، یەکێکیان سپی ڕۆشنەو ئـەوی دی ڕەشی تاریك. بۆیە لێـرەدا دەبێـت چاکەو خراپییەکانی ئـەم جیهانگیرییـە نوێیە بزانین:

1ـ خراپییەکانی جیهانگیری: نووسەرو هزرڤانـــــــەکان زاراوەکـــــــەی دی جیهانگیرییان ورووژاندووە کـە ئـەویش (بەئەمریکی کردنە) لەڕێ ڕاگـەیانراوو سیاســەت و پلانــەکانی ئــەمریکاوە لەجیهانـــدا، ڕۆژێـــك یـــەکێك لـــە فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکان ڕایگەیاند و هۆشداری دا کە جیهانگیری: ئەگەرچی بەرائـــەت لەشـــتە گـــشتییەکانی جیهانگیریـــدا دەردەکـــەوێت، بـــەڵام شـــــەیتانەکان خۆیـــــان لـــــەناو وردەکارییەکانیدا حەشارداوە لەوانە:

ـــــ قـــسەکەی ســـەرۆك بـــوش لـــە 1990/1/24 کـە گـوتی: سـەدەی بیستەم ئەمریکی بوو و دەبێت سەدەی بیست و یەکیش ئەمریکی بێت.

ـــــ قـــــسەی بریژنیـــــسیکی لــــە 1990/8/10 کــە دەڵێــت: هــیچ هێزێکــی گــەورەی جیهــانی جگــە لەئەمریکا نییە، ئەم هێزە گەورەیــەش دەبێت موتڵەق و گشتی بێت لـەڕووی سیاسەت و ئـابووری و سـەربازییەوە، ئێمــە تاکــە هێـــزین لەهـــەموو لایەنەکاندا.

ـ لـەکتێبی (هاوسـەنگی سـبەینێ)ی (ڕۆبەرت شتراوس)دا هاتووە کە ئەرکی سەرەکی ئەمریکا خۆی لەیەکخستنی گۆی زەویدا دەنوێنێت، بەسەرکردایەتی ئــەو لەگـــەڵ زاڵبـــوونی ڕۆشـــنبیری ڕۆژئاواییـــدا، ئـــەم ئەرکـەش دەبێـت بـەخێرایی بەرانبـەر ئاسـیا جێبـەجێ بکرێت یان هـەر هێزێکـی دیکـە کـە لەناو ئـەم شارسـتانیەتە ڕۆژئاواییـەدا نییە.

## ئەرکی میللەتی ئەمریکا لەناوبردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکانە

فرانسوا بایرواى وەزیری پەروەردەو فێرکردنی باڵای فەرەنسا پێی وایە: ئامانجی جیهانگیری تێکشکاندن و لەناوبردنی ناسنامە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییە نەتەوەییەکانی میللەتانە.

مامۆستا حوسنی عایش لەوانەیەکدا کە لەیانەی ئەرسۆدۆکس لە عەممان پێشکەشی کردووە کە وانەیەکی دەوڵەمەندەو گەنجینەیەکە لەمانا، پێمان وایە بۆ کاریگەری کردنە سەر جیهانگیری لەڕێی کارتێکردن لەگۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتی گرنگە. ناونیشانی وانەکە (ترس لەوەی مرۆڤ ببێ بە ئامێر، یان بەپێچەوانەوە)یە. ئێمە لێرەدا خاڵە گرنگەکانی ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی ڕوویان داوەو ئەو کۆسپ و گرفتانەی لەئەنجامدا دەرکەوتوون باس دەکەین:

ــ جێهێشتنی ئەفسوونی سروشت و خولیابوونی ئەفسوونی تەکنەلۆژیا، جێهێشتنی خێزانی درێژکراوە بۆ خێزانی (ئەتۆمی)، ئینجا چوون بۆ خێزانێکی دژە بۆ کراو، پاشان چوون بۆ خێزانێکی ڕاوکراو یان گوێزانەوە لە لادانی کۆمەڵایەتی بۆ دەرهاویشتەی تەکنەلۆژی، جێهێشتنی جیهانێکی نەگۆڕ و ماقووڵ بۆ جیهانێکی هەڵاتوو و شێت و بەرگری خودی یان سروشتی بۆ بەرگری پزیشکی، چوون لەشارستانیەتە کشتوکاڵییەکانەوە بۆ شارستانیەتێکی تەکنەلۆژی مەعریفی.

- بۆ کاریگەرییە نێگەتیڤەکان لەڕووی ڕەوشتی و پەروەردەییەوە، ئاماژە بە خوێندنەوەیەکی خێرای ڕۆژنامەی (الرأی) ڕۆژی یەك شەممە 2001/2/25 دەکەین کە دەڵێت لەپاش چەند ڕۆژێك دەست دەکرێت بە لەدایك بوونی یەکەمین منداڵی کۆپی کراو لەکۆتایی ساڵدا و دەڵێت گۆژمەی نەشتەرگەرییەکە نیو ملیۆن دۆلارەو گرێ بەست لەگەڵ (20) ئافرەت کراوە بۆ بەخشینی هێلکەدان، هەروەها (50) ئافرەتی دی دانراون بۆئەوەی ببنە زڕداك.

لێرەدا کوا ڕەوشت و پەروەردەکردن، ئەگەر لەبنەما پەروەردەیی و ئاینییەکان دوورکەوێتەوە؟ ئەم جیهانگیرییە تەکنەلۆژییە تازەیە چییە؟ دکتۆر حەربی عریقات لە وتارێکدا باس لەگرنگترین کاریگەرە خراپەکانی دیاردەی جیهانگیری دەکات کە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەدەستیانەوە دەناڵێنن وەك: زۆربوونی

ڕێـــژەی بێکـــاری، نزمبـــوونی کرێـــی کارکردن، خراپبوونی ئاستی گـوزەران، فراوانبـــوونی بۆشـــایی نێـــوان هـــەژارو دەوڵەمەنـدەکان، کەمبوونـەوەی ڕۆڵـی دەوڵـــەت لـــەبوارەکانی تەندروســـتی و فێرکـــــردن و نیـــــشتەجێ بـــــوون و ژێرخانەکانی دیکە.

2ـ باشییەکانی جیهانگیری:

کاتێـــك ئـــەم گرفـــت و گۆڕانکارییـــە کۆمەڵایەتییانە دەورووژێن ئەمە واتای ئەوە نییە لە پێشکەوتنی پۆزەتیڤانـەی تەکنـەلۆژیا لـەئارادا نـەبێت، چـونکە باشـی زۆر لەمـەدا هەیـە کـە لێـرەدا بواری باسـکردنیان نییـە. تەکنـەلۆژیا بۆنموونە بیابان دەگۆڕێت بۆ دەریاچە کە لەهەمان کاتدا دەتوانێت دەریاچەکەش بکاتە بیابان.

لەبواری تەکنـەلۆژیا و پێـشکەوتنی پەروەردەییدا، پێویستە ئەو ڕێنماییانـە لەبیر نەکەین کە شا عەبدوڵڵا بۆ سوود وەرگـرتن لـەجیهانگیری بـە چـەمکە تەکنەلۆژییەکەیەوە پێشکەشی کـردووە کـــە جـــەخت لەســـەر بـــەکارهێنان و بڵاوکردنـــەوەی کۆمپیووتـــەر لەهـــەموو قوتابخانەکانـــدا دەکـــات. ئەمـــەش یارمەتیدەرە بـۆ چـاککردنی پرۆسـەی پەروەردە لای قوتابیان و مامۆسـتایان و گەشە بە چەمکی کرداری خوێندن و فێربـــوون دەدات و هـــەروەها جـــەخت لەسـەر فێربـوونی زمـانی ئینگلیـزی دەکاتـــەوە لەقوتابخانەکانـــدا، ئەمـــەش دەلالەت لەکرانـەوە بەسـەر جیهـان و چەق نە بەستن بەسەر خـود دەکـات، و ئاسـۆ پـەروەردەیی و ڕۆشـنبیرییەکان بەرفراوان دەکات، چونکە ئەم زمانە بـۆ مامەڵـە کـردن لەگـەڵ تەکنـەلۆژیا و پێشکەوتندا شیاوە.

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئـــەم کێـــشەو گۆڕانکارییـە پـۆزەتیڤ و نێگەتیڤانـە دەمانخەنــــە بــــەردەم پرســــیارو پرسیارکردن، پێشکەوتن چییە؟ ئێمـە لــەکوێی جیهــانگیری و کاریگەرییــە کۆمەڵایەتییەکانــــەوەین کــــە بەســـەرمانەوە هەیـــەتی، هـــەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمـەڵ؟ وەك هەندێك هزرڤان دەڵێن: ئێمە بەرانبـەر بەدوو دووڕیان ڕاوەستاوین:

**یەکیان:** دووڕیانێکـە کـە مەترسـی ئەوەی هەیە مـرۆڤ ببێـت بـە نیمچە ئامێرێك.

**دووەمیـــان:** مەترســـی گـــۆڕانی ئامێرەکەو بوونی بە نیمچە مرۆڤێك.

بـــەر لەدەرکـــەوتنی جیهـــانگیری قوتابخانـــەی لێکۆڵینـــەوە لەئاییندەکان دەرکەوت: کە هەندێکیان کار بۆ چـەند دیمەنێك یان سـیناریۆیەکی ئاییـندەیی چاوەڕوانکراو دەکـەن، بەپـشت بەسـتن بەڕووداوە هەنووکەییەکان، بـێ ئـەوەی هیچ کەسێك خۆی تـێ هـەڵبقورتێنێت. هەنـدێکی دیـش لێکۆڵینـەوە لەسـەر تواناکانمان دەکەن بـۆ کـارتێکردن لـەم ســـیناریۆیایانە، واتـــا توانـــای ئارەزووەکانی ئێـستا بـۆ وێنەکێـشانی ئاییندە، واتا دەستێوەردان لەوەی دێت، جیهـــانگیریش بەهـــەموو وزەکـــانی کـــارکردن و کـــارتێکردنی خـــۆی کـــە هەیەتی هەوڵ دەدات کـار لەئاییـندەی گۆی زەوی بکات. بۆیە ئایا ئێمە ئـەو توانایـــەمان هەیـــە ئاییـــندەی خۆمـــان دروست بکەین بێ ئەوەی کـارتێکردنی ئەقڵدارە جیهانییەکانمان بەسەرەوەبێت؟

بۆ تێگەیشتن لەواقیعی جیهانگیری و کاریگەرییـــەکانی بەســـەرمانەوە لـــەم ســـەردەمەی ئێـــستاماندا، بەتایبـــەتی لەڕووی پەروەردەوە، پێویستە درك بەو مەترســـی و کۆســـپانە بکـــەین کـــە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، وەك:

ـــ دوورکەوتنـــەوە لـــە دەمـــارگیری و تەریقەتکاری و تایفەگەری، چونکە ئەم ناوچەیە خاوەنی شا دەماری شارستانی و ڕۆشنبیری ناوەندییە و دەبێت فرەیـی و شەفافیەت و کرانەوەی سـەردەمیانە تێیدا ڕەنگ بداتەوە.

ـ گەشەپێدانی بیرکردنـەوە لەشـێوازی پـەروەردەیی پێـشکەوتوو کـە لەگـەڵ ڕووحـــی زانـــست و بیرکردنـــەوەی ڕەخنەگرانـــەو ئـــازادی بـــیروڕا یـــەك بگرێتـــەوە هـــەروەها ڕزگـــاربوون لەپاشماوەکانی ڕابوردووی بـێ کـەڵك و پارێزگاری کردنی سامانە شارستانی و ئایینی و ڕۆشنبیرییەکان.

ـ پێویستی بۆ بیرکردنـەوەی تـازە کـە کار بۆ بەرهەمهێنانی مێژوویەکی نوێ و فێرکردنێکـی نـوێ و پرۆگرامێکـی نوێ دەکات.

ئەمیش لـەڕێی پێکهێنـانی بونیـادی کۆمەڵایـــــــەتی یـــــــەکگرتوو و شارسـتانییەوە کـە توانـای جـووڵان و تێکەڵ بوونی لەگـەڵ ئـەوانی دیکـەدا هەیـە، بەهـەموو جیاوازییەکانیانـەوە لـــەڕووی بیرکردنـــەوە و تایفـــەو ئایینیانەوە.

ـ دانانی پرۆگرامـی نیـشتمانی پتـەو نەك دانانی دروشمـی خـەیاڵاوی بـەتاڵ بەرانبـــەر هێرشـــەکان بەهـــەموو جۆرەکانیانەوە، ڕۆشنبیری و ئاکاری.

- تێکەڵ کردنی کولتووری نەتەوەیی بە پێویستییەکانی ئێستەو دەرگەکردنەوە لەبەردەم سستمە پەروەردەییە جیهانییەکاندا بەشێنەیی و زانستی، هۆشمەند و پێگەیشتووانە.

— پەیڕەوکردنی ڕێبازی پەروەردەیی هاوچەرخ، پرەنسیپی کۆمپیووتەری کۆمەڵایەتییانە، بەچەشنێك کە لەگەڵ ڕۆشنبیری کۆمپیووتەری فێربوونێکی فرەلایەنی گشتگیر بەڕێوە بڕوات.

— چاندنی گیانی درەگە کردنەوە لەبەردەم ناوەوەدا بەشێوەیەکی هەمەلایەن لەنێوان هەموو ئاراستە جیاوازەکان کە دیموکراسییەتی ڕاستەقینە پەیڕەو بکەن و هەموو تەوژمێك یان لایەنێك قبوڵ بکات و هەر یەکێك کەمترین تەنازول بۆ بەرژەوەندی گشتی و واقیعی هەنووکەیی چارەنووسی هاوبەش بکات.

- بایەخ دان بە ئەقڵە پەروەردەییەکان و ڕێگرتن لەکۆچ کردنیان و ڕازیکردنیان و دابینکردنی هەلی کارکردن و هاندانیان بۆ کارکردن و گەشەکردن و هاندانیان بۆ گەشەپێکردنی هزری داهێنان لەپەروەردەدا، لەڕێی خوڵقاندنی بوارێکی زانستی و پێشخستنی ژینگەی لێکۆڵینەوە (سامانە مرۆییەکان، مادی، کارلێکردنی پیشەیی، بەردەوامبوونی کۆمەڵایەتی...).

- تەرخانکردنی بودجەیەك لەبودجەی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی پەروەردەو تۆژینەوەی زانستی ڕاستەقینە، تا ئابووری ببووژێتەوەو پێش بکەوێت.

- پارێزگاری کردن لەناسنامە، چونکە هەموو نەتەوەیەك ناسنامەی هەیەو، هەرچەندە ئەم ناسنامەیە بە بەش بەش پێش بکەوێت لەڕووی گونجانی لەگەڵ یاساکانی گۆڕان و گۆڕیندا ئەوە وەك بناغەیەك دەمێنێتەوە لەدیاریکردنی سستمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و مرۆییە گشتییەکاندا، کە پێوەندییان بەم میللەتەوە هەیە. پەروەردەش بەشێکە لەم پێناسەیە، یان هەر پێناسەیەك بەپێی پێویستییەکانی خۆگونجان لەگەڵ ئامانجەکانی یان لەهەموو سەردەمێکدا. لەگەڵ بارودۆخی سروشتی بۆ چەسپاندن و پتەوکردنی بەهاو داب و نەریت و خووڕەوشتی دیارکراو کاردەکات.

## دیاردەی گونجاندن و جیهانگیری

ئەم دیاردەیـە کـەلێنی خـستە نێـوان هزرڤـــان و توێژەرانـــەوە لەجیهانـــدا، هەنـدێکیان پێیـان وایـە جیهـانگیری نیعمەتێکە سامان و گەشـەی ئـابووری و پێشکەوتن و شارستانییەت لەگەڵ خـۆی دەهێنێت، کەچی ئەوانی دیکە پێیان وایە نەهامەتییەکە، واتا هـەردوو جەمـسەری دژ بەیـــەکی گونجـــان و جیهـــانگیری، کۆمەڵێك هەڵوێست دەرکەوتن کە هەوڵی کۆکردنـەوەی چـالاکییەکانی پەلـەکردن بـەرەو بـازاڕ و کرانـەوەو چـالاکییەکانی بونیادەکە دەدەن کە لەژێر شارستانیەت و کولتوور و سـیفەتە تایبەتییـەکانی هـەر کۆمەڵێکـدا هـەوڵ دەدەن بـەرەو خـود و ڕەگ بچن.

## کۆتایی

جیهـانگیری واقیعێکـە کـە ناکرێـت مامەڵەی لەگەڵدا نەکەین، چونکە نـە ئـــەو بەیانییـــە دەرکەوتوویـــەو نـــە تەڵەیـەکی لەخـشتەبەر، بۆیـە ئـەرکی سەرشانمان ئەوەیە لەگەڵ ئـەو کۆتانـەی کـــە دەســـەپێن و ئـــەو بوارانـــەی دەیانڕەخسێنن بژین. لێرەشـدا واقیعـی (بـــازاڕی جیهـــانگیری) و کاریگـــەری بازرگانی کردن بە زانیارییەوە فێرکـردن و فێربـوون لەپـەروەردەدا بڵاوبـووەوەو قوتابخانە پەروەردەییەکان دەستیان بـە پێشبڕکێ کرد بـۆ نـاردنی بیروبـاوەڕ و بـــەها و کارەکـــان، لـــەجیهانێکی پەروەردەیی گۆڕاودا، وایشی لێهـاتووە بـازاڕی جیهـانگیری لەجیهانـدا بـۆ گواستنەوەی بیرۆکەی سوود و بەرهـەم و بازرگـانی و جیهانـە تایبەتییەکـەی بڵاوبێتەوە.

ئـەمڕۆ جیهـان گونـدێکی بـچووکە Global Village و دەبێـــت یەکگرتوو و پێکـەوەلکاو بێـت لـەناو کۆمەڵێك بنەمای پەروەردەیی نـەگۆڕو ڕاستەقینەدا. بەم جۆرە لایەنی چـاکەو خراپەی جیهانگیریـان دێتـەڕێ و کـار لەپەروەردە دەکات.

جیهـانگیری بۆئـەوەی بـەدی بێـت و لەگـەڵ پـەروەردەی هاوچـەرخدا یـەك بگرێتـــەوەو لەگـــەڵ دەوروبـــەرمان و کۆمەڵگەکەماندا بگونجێـت و دەبێـت لـــەناو چوارچـــێوەی (بنیاتنـــان و خۆگونجاندن)دا، بەپێی ئـەو ژینگەیـەو قەناعەتەی تێیدا دەژی جێی ببێتەوەو نابێـت یـەکێك خـۆی لـەوی دیکـە دانووسێنێت و یەکێك ببێتە پاشـکۆی

ئەوی دی، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك ژینگەیەکی دروست و پەروەردەیەکی مەزن و کولتووریێکی نەمرو دەوڵەمەندییەکی تاکانەو گەنجینەیەکی بەهاداری تایبەت بە خۆی هەیە.

**سەرچاوەکان:**


ـــ جەمیل، سیار، جیهانگیری و ئایندە، ستراتیژیەتی بیرکردنەوە، ئەهلی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، عەمان،2000.

ـــ ناسر، ئیبراهیم، پێشەکی لەپەروەردەدا، خانەی عەمار، عەمان، 1999.

ـــ الطویل، هانی عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبردنی فێرکردن و خوێندن، چەمك و ئاسۆ، خانەی وائیل بۆ چاپ، عەمان 1999.

ـ عەلی، نەبیل، ڕۆشنبیری عەرەبی و سەردەمی زانیارییەکان، ژمارە 265 چاپخانەی الوطن، کویت، 2001.

ـ هیرست، بول، تومسون، گراهام. مەسەلەی جیهانگەری، وەرگێرانی ئیبراهیم فەتحی، المجلس الاعلی للثقافة 1999.

ـــ فیژرسون، مایك، ڕۆشنبیری جیهانگیری، نەتەوەو جیهانگیری و تازەگەری، و: عەبدولوەهاب عەلوب. المجلس الأعلی للثقافة 2000.

ـ أبو زعرور، محەمەد سەعید بن سهو، جیهانگیری، ناوەرۆکی، سەرهەڵدانی، ئامانجەکانی، هەڵبژاردنی بەدیل. خانەی ئەلبیارق، عەمان 1998.

ـ الخضري، محسن ئەحمەد الخضیري، جیهانگیری، پێشەکییەك بۆ فیکرو ئابووری و بەڕێوەبردنی سەردەمی نا دەوڵەتی، کۆمەڵەی نیلی عەرەبی، میسر،1999.

ـــ المجذوب، ئوسامە، جیهانگیری و هەرێمایەتی، قاهیرە، خانەی میسری لوبنانی 2000.

ـ فەرحان، ئیسحاق ئەحمەد، قەیرانی پەروەردە لەنیشتمانی عەرەبی، خانەی فرقان، عەمان، 2000.

ـ المرزوقي، ئەئەبو یەعرب، ئاسۆی بووژانەوەی عەرەبی و ئایندەی مرۆڤ لەبەردەم ڕەشەبای جیهانگیریدا، بەیروت، لوبنان 1999.

گۆڤارە وەرزییە جیهانی و عەرەبییەکان

ـــ ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد، جیهانگیری، دیاردەو هۆکارەکان، گۆڤاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەرگی 26، ژمارە 1، بەهار 1998.

ـــ سابیر حەماد، ڕۆشنبیرەکان و پەیرەوی سیاسی، جەدەلیەتی دوورخستنەوە و ڕاکێشان، گۆڤاری

ڕۆشنبیری، زانکۆی ئوردن، ژمارە 51 ئەیلوول کانوونی یەکەم 2000.
ـــ سلیمان تەڕوانە، جیهانگیری و جیهانگیریەتی بەدیل، ڕۆژنامەی (الرأي)، عەمان.
ـــ یووسف یووسف، جیهانگیری و دوژمنانی سبەینێ، (جریدە الرأی)، عمان 2001/2/24.
ـ حوسنی عایش، مەترسی گۆڕانی مرۆڤ بۆ ئالەت و بەپێچەوانەوە، (جریدە الرأی)، عمان 2001/2/22.
ـ عمارین،مازن ئەدیب، پێوەندییەکان و گۆڕانی ڕۆشنبیری، (جریدە الرأی)، عمان 2001/3/17.
ـــ العتیلی، موئەیەد، لەسایەی جیهانگیریدا دەوڵەمەندی زیاد دەکات و هەژاری فراوانتر دەبێت، (جریدە الرأی)، عمان 2001/12/26.
ـ عەبدولمونعیم محیەدین عەبدولمونعیم، پەروەردە لەنێوان نەتەوەو جیهانگیریدا، گۆڤاری کۆلێژی پەروەردە،تەنتا، میسر، ژمارە26، 1999.

- Jarvis peter, Global Trends in lifelong learning and the response of the univerties comparative Education, Jun,, vol.35 lesue 2, p249, 9p.

- Gurgos Buenfi, nidla rosa, Intenational economic, integration: international education, QSF, Jan / Fed 2000 , 13 Issae, 24p.

# کاریگەری سرکەی سێو لەسەر کێشی لەش و ئاستەکانی شەکری کلۆکۆزو , کۆلیسترۆڵ لە نێرەکانی کەروێشکی ماڵی

ئەسكەندەر مستەفا عبدولڕەحمان*

## پێشەكی

سركەی سێوapple cider vinegar لە خۆراكە شلە گەنیوەكانە. لەبواری بەیتاریدا بۆ دابەزینی كێشی لەش و ئاستەكانی كۆلیسترۆل لە زەرداوی خوێن بەكاردێت , هەروەها بۆ لابردنی ژەهرەكان و پاككردنەوەی گەدە بەكار دێت .لە لێكولێنەوەكانی پێشوودا بەكارهێنانی سركەی سێو كاریگەرییەكی باشی لەچاكبوونەوەی ئاوسانی جومگەكان و ئازارەكانی ڕۆماتیزم لای مرۆڤ هەبوو (1) , هەروەها سركەی سێو تاڕادەیەك بووە هۆی چاكبوونەوەی ئاوسانەكانی جومگەكان لای جورج (2) . لێكۆڵینەوەیەكی دیكە دەریخستووە كە سركەی سێو دەتوانێت لە بری سستمێكی خۆراكی دیاریكراو كاربكات وەك لە هەندێك باری نەخۆشیدا ,ئەوەش بووە هۆی دەوڵەمەندكردنی توانای سركەی سێو لە سوود وەرگرتنی لەش بۆ هەندێك خۆراكی ڕۆژانەی بەكارهێنراو(1) .لێكولێنەوەیەكی دیكە دەریخستووە كە سركەی سێو كاریگەرییەكی سوودبەخشی هەیە لە زیندەكردارەكان Metabolism (3) .پێكهاتەكانی سركەی سێو لە پێكهاتەی خودی بەری سێو دەچێت، هیچ لە پێكهاتەكانی ون ناكات، جگە لە گۆڕانی شەكر بۆ ترشی سركێك ( پێی دەوترێت سركە) , بەردەوام سركەی سێو سلیلۆزو بەكتین و چەوری پرۆتینی و ریشاڵەكانی تێدایە و بە گەلێك توخمی دیكەیش دەوڵەمەندە.

ئەم لێكولینەوەیە بووە هۆی زانینی كاریگەری هەندێك لە خەسڵەتەكانی سركەی سێو بۆ كێشی لەش و ئاستەكانی كلۆكۆزو كۆلیسترۆڵ لە زەرداوی خوێنی نێرەكانی كەروێشكی ماڵی.

## کەلو پەل و ڕێگەکانی کارکردن

نێرەی کەروێشکی ماڵی پێگەیشتوو *Orctolagus cuniculus* لە تەمەنەکانی نێوان ( 6 – 8 ) مانگ بەکارهات، کێشەکانیشیان لە نێوان (850-950) گرام بوو. کەروێشکەکان لە ناو قەفەزی تایبەتی بە خێو کران و خرانە ژێر باری تاقیگەی پێوانەیی لە پلەی گەرمی نێوان ( 2 – 22 پلەی سەدی) پێش دەست بەکاربوون لە گەڵیاندا، بۆ ماوەی دوو هەفتە کەروێشکەکان لە تاقیگە مانەوە، بە ڕێژەیەکی زۆر خۆراکی پەلەوەریان پێ درا. کەروێشکەکان لە سێ کۆمەڵەی جیا دانران، هەر کۆمەڵەیەك لە 6 کەروێشك پێکهات ( 6 کەروێشك / کۆمەڵەیەك ), تاقیکردنەوەکان لە ڕێگەی دەمیانەوە بوو بۆ ماوەی سێ هەفتە. کۆمەڵەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون :

1ـ کۆمەڵەی یەکەم ڕۆژانە ئاوی دڵۆپێنراویان پێ درا بۆ ماوەی 21 ڕۆژ بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵ ژمێرران.

2ـ کۆمەڵەی دووەم ڕۆژانە سرکەی سێوی خەستی ( 0.5 مل / کگم کێشی لەش) پێ درا لە ڕێگەی دەمیان بۆ ماوەی 21 ڕۆژ.

3ـ کۆمەڵەی سێیەم ڕۆژانە سرکەی سێوی خەستی ( 1 مل / کگم کێشی لەش ) پێ درا لە ڕێگەی دەمیانەوە بۆ ماوەی 21 ڕۆژ.

پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەریان لە ڕۆژی دەست بەکاربوون هەرسێ کۆمەڵە کەروێشکەکان کێشران. لە کۆتایی هەفتەی یەکەم و دووەم و سێیەمی بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان خوێن لە خوێنهێنەری لێواری گوێچکەی هەرسێ کۆمەڵە کەروێشکەکان وەرگیرا, زەرداوی خوێن بە ئامێری سنترفیوج لە خوێن جیاکرایەوە.

ئاستی کلۆکۆزی زەرداوی خوێنیان لەڕێگەی چەند کردارێکی شیکردنەوەوە پێورا (Randox Kit Laboratories Litd United Kingdum) بەڕێگەی ئۆکساندنی ئەنزیمی کلۆکۆز بەبوونی ئەنزیمی ئۆکسیدێز بە پێی کارلێکی تریندەر, لە ژێر درێژی شەپۆلی (500 نانۆمەتر ) بە پێی خەستی کلۆکۆز, هەڵمژینی نموونەکان خوێنرایەوە وەکو ئەم هاوکێشەی خوارەوە :

**خەستی کلوکۆز ( ملگم / 100 مل خوێن = (od نموونەکە / od گیراوەی پێوانەیی) × خەستی گیراوەی پێوانەیی( 100 ملگم/100مل )**

**ئاستی کۆلیسترۆڵ لەناو زەرداوی خوێن پێورا بە چەند ڕێگەیەکی شیکردنەوە ( Biomerieux Vitex, Inc. USA ) بەڕێگەی ئەنزیمی کۆلیسترۆڵ و کهوولەکانی کۆلیسترۆڵ دەگۆڕێت بۆ بۆیەی کینۆنیمین quinoneimine. لەژێر درێژی شەپۆلی ( 500 نانۆمەتر ) هەڵمژینی سامپلەکان بە پێی خەستی کۆلیسترۆڵ خوێنرایەوە وەکو ئەم هاوکێشەی خوارەوە :**

**خەستی کۆلیسترۆل ( ملگم / 100 مل خوێن = (od نموونەکە / od گیراوەی پێوانەیی) × خەستی گیراوەی پێوانەیی( 100 ملگم/100مل )**

زانیارییەکان بە پێی سەرژمێری شیکرانەوە بە بەکار هێنانی ناوەندی ژمێریاری و هەڵەی پێوانەیی , جیاوازی نێوان کۆمەڵە جیاوازەکانیش دیاریکران بە بەکار هێنانی تاقیکردنەوەی دنکن Duncan test، ئەنجامی جیاوازی سەرژمێرییەکە لە ئاستی پەسند بوو ( $p<0.05$).

### ئەنجامەکان

بەهۆی کاریگەری سرکەی سێو ی خەستی ( 0.5و 1مل/کگم کێشی لەش) لە سەر نێرەکانی کەروێشکی ماڵی لە کۆتایی هەفتەی دووەمی تاقیکردنەوەکە بووە هۆی کەمبوونەوەی کێشی لەش بەشێوەیەکی واتایی بە جیاکردنەوەی لە کۆمەڵەی کۆنترۆل . زیادبوونی کاریگەری سرکەی سێوی خەستی (1مل/کگم

کێشی لەش) لەسەر ونکردنی کێشی لەش لە هەفتەی سێیەم بە جیاکردنەوەی لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵ و کۆمەڵەی کاتێکراو بە سرکەی سێوی خەستی (0.5مل/کگم کێشی لەش) (شێوە 1).




**شێوە (1) کاریگەری کارتێکراو بە سرکەی سێوی خەستی ( 0.5و1مل/کگم کێشی لەش) ڕۆژانە بۆ ماوەی 21 ڕۆژ بۆ کێشی لەش لە نێرەی کەروێشکەکانی ماڵی**

**بەهای بە تێکڕا دانراو ± هەڵەی پێوانەیی**

**پیتە جیاوازەکان واتای جیاوازە لە ئاستەکان ( $p<0.05$ )**

کاریگەری سرکەی سێو خەستی ( 5و0 و 1 مل /کگم کێشی لەش ) بۆ ماوەی 21 ڕۆژ ڕۆژانە لە سەر نێرەکانی کەروێشك بووە هۆی دابەزینی ئاستی واتایی کلوکۆز لە زەرداوی خوێن لە هەفتەی یەکەم و لەو کاتەدا ئاستی دابەزینی

کۆمەڵەی کارتێکراو بە خەستی ( 1 مل/ کگم کێشی لەش ) زیاتر بوو لە کۆمەڵەی کاتێکراو بە خەستی ( 0.5 مل / کگم کێشی لەش ) , وە هۆکاری دابەزین بەردەوام بوو تا کۆتایی ماوەی تاقیکردنەوەکان (شێوە 2).




**شێوە (2) کاریگەری کارتێکراو بە سرکەی سێوی خەستی ( 0.5و1مل/کگم کێشی لەش) ڕۆژانە بۆ ماوەی 21 ڕۆژ بۆ ئاستی کلۆکۆز لە نێرەی کەروێشکەکانی ماڵی**

**بەهای بە تێکڕا دانراو ± هەڵەی پێوانەیی**

**پیتە جیاوازەکان واتای جیاوازە لە ئاستەکان ($p<0.05$)**

کاریگەری سرکەی سێو خەستی ( 5و0 و 1 مل /کگم کێشی لەش ) بۆ ماوەی 21 ڕۆژ ڕۆژانە لە سەر نێرەکانی کەروێشك بووە هۆی دابەزینی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە زەرداوی خوێن لە هەفتەی یەکەم بە جیاکردنەوەی لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵ. لەو کاتەدا ئاستی دابەزینی کۆمەڵەی کارتێکراو بە خەستی ( 1 مل/

کگم کێشی لەش ) زیاتر بوو لە کۆمەڵەی کارتێکراو بە خەستی ( 0.5 مل / کگم کێشی لەش ) , هۆکاری دابەزینی ئاستی کۆلیسترۆڵ تا کۆتایی ماوەی تاقیکردنەوەکان ( شێوە 3 ) بەردەوام بوو.




**شێوە (3) کاریگەری کارتێکراو بە سرکەی سێوی خەستی ( 0.5و1مل/کگم کێشی لەش) ڕۆژانە بۆ ماوەی 21 ڕۆژ بۆ ئاستی کۆلیسترۆڵ لە نێرەی کەروێشکەکانی ماڵی**

**بەهای بە تێکڕا دانراو ± هەڵەی پێوانەیی**

**پیتە جیاوازەکان واتای جیاوازە لە ئاستەکان ( $p<0.0$ )**

## گفتوگۆ

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سرکەی سێو بە توانایە بۆ دابەزینی کێشی لەشی نێرەکانی کەروێشکی ماڵی ئەویش لەوانەیە لە ئەنجامی کەمی چوونە ژوورەوەی کلۆکۆز بێت بۆ ناو خانەکان بەمەش خانەکان لە خۆراك بێ بەش دەبن، بۆیە بۆ دەرپەڕاندنی وزە پشت بە سەرچاوەی دیکە دەبەستێت وەکو تێکشکاندنی چەورییەکان و شانە ماسولکەییەکان ( 5 ). لەوانەشە ئاوێتە چالاکەکانی ناو سرکەی سێو هاندەر بێت بۆ زیاد دەردانی گلۆکاکۆن و ئەبینفرین لە دواییشدا شیکردنەوەی چەوری و گلایکۆجین (6). لەوانەشە پێکهاتەکانی سرکەی سێو کاربکاتە سەر زیندەکردارەکانی کاربۆهیدرات و چەوری و پرۆتینەکان کە دەبێتە هۆی دابەزینی کێشی لەش دابەزینی ئاستی کلۆکۆز لە زەرداوی خوێنی نێرەکانی کەروێشك بە کاریگەری سرکەی سێوی ( 0.5 و 1 مل / کلگم کێشی لەش ) لەگەڵ لێکۆلینەوەکانی پێشوو دەقاو دەق بوو کە لەسەر جورج کرابوون، بۆ دابەزینی ئاستی کلۆکۆز لە زەرداوی خوێنی بە کاریگەری سرکەی سێوی خەست و ڕوون , ڕاگەیەنرا هاندانی کرداری شیکردنەوەی کلۆکۆز لە زەرداوی خوێنی جورج و ڕاگرتنی کرداری دروست کردنی کلوکۆز لە ڕێگەی Gluconeogenisis(7 ). لەوانەشە ڕاگەیاندنی توانای سرکەی سێو لە دابەزاندنی ئاستی کلۆکۆز لە زەرداوی خوێن بۆ لەش سوودبەخش بێت لە بەرهەمەکانی هەرس بە یەکگرتنی لەگەڵ هەندێك پێکهاتەی ڕیشاڵی سرکەی سێو لە گەڵ کلۆکۆز و پێکهێنانی مادەەی ئالۆز کە ڕیخۆڵەکان توانای مژینیان نەبێت و بەمەش ئاستی لە خوێندا دابەزێت . لە لێکولینەوەکانی پێشوودا ڕاگەیەنرا کە زیاد بوونی لینجی پێکهاتەکانی گەدەو ڕیخۆلە لە ئەنجامی خواردنی پێکهاتە ڕیشاڵییەکان و بەکتینی ناو ڕووەك بەمەش ڕاگرتنی مژینی کلۆکۆز لە لایەن ڕیخۆڵەکان ( 8 ) . سەرەڕای ئەمەش لەوانەیە سرکەی سێو ئاوێتەی چالاکی تێدابێت، بۆ ڕاگرتنی چالاکی ئەنزیمی ئەلفا و ئەمیلیز و سوکەرییز لە ڕیخۆڵە چالاك بێت کە دەبێتە هۆی راگرتنی زیندەکردارەکانی کاربۆهیدرات و مژینی گەدەیی ( 9 ) . هەروەها لەوانەیە پێکهاتە ڕیشاڵییەکانی ناو سرکەی سێو

دەردانی هۆرمۆنەکانی گلۆکاکۆن و ئەلسۆماتۆستاتین ڕاگرێت کە دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکر لە خوێندا (10).

لێرەدا دابەزینی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە زەرداوی خوێنی کەروێشکە نێرەکان بە کاریگەری سرکەی سێو ئەنجامی ئەم لێکۆلینەوەیە دەچەسپێنێت کە سرکەی سێو بەتوانایە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، هەروەها ئەنجامەکانی ئەم لێکۆلینەوەیە دڵنیامان دەکاتەوە کە سرکەی سێو ئاستی کۆلیسترۆڵ لە خوێنی نێرەی کەروێشکەکان دادەبەزێنێت , ئەمەش دەقاو دەق بوو لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لە دابەزینی ئاستی کۆلیسترۆڵ لە ناو خوێنی جورج بە کاریگەری سرکەی سێوی خەست و ڕوون ( 7 ) . لەوانەیە توانای سرکەی سێو زۆر گرنگ بێت بۆ دابەزینی ئاستی کۆلیسترۆل لە خۆیندا بەهۆی لەخۆگرتنی سابوونین، ئەویش بە یەکگرتنی لەگەڵ کۆلیسترۆڵ لەناو بۆشایی گەدە ئاوێتەی نەتواوە دروست دەکات کە دەبێتە هۆی ڕاگرتنی مژینی کۆلیسترۆڵ و پاشان فڕێدانی لەگەڵ پاشەڕۆکەکان بۆ دەرەوە ( 11) .لەوانەشە سابوونین لەگەڵ ترشەکانی زەرداو چەورییە هاوکێشەکان لە ناو ڕیخۆڵەکان یەك بگرێت و ڕاگرتنی مژین دەبێتە هاندەری جگەر بۆ گۆڕینی کۆلیسترۆل بۆ ترشەکانی زەرداو ( 12 ) . لەوانەشە پێکهاتەکانی سرکەی سێو وەکو بەکتین کارلە زیاد کردنی زیندەکردارەکانی کۆلیسترۆل بکات لە ناو جگەرو بیگۆڕێت بۆ ترشەکانی زەرداو و راگرتنی ئەنزیمی ئەلفا هیدرۆکسی ڕیلەیز لە ناو جگەر پاشان دابەزینی ئاستی کۆلیسترۆل لە خوێندا ( 13 ) .ئەم لێکۆلینەوەیە بە هەشت هەفتە ئەنجام دراله بەرواری 3 /6 / 2008 تاکو 30 / 7 /2008 , لە کۆتاییدا ریزو سوپاسی ئاراستەی ئەو دوو بەرێزە دەکەم کە یارمەتییان دام لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆلینەوەیە لە رووی زانستی و زمانەوانی ئەوانیش:

1ـ بەڕێز دکتۆر ئیسماعیل سالح ئیبراهیم کاکەیی سەرۆکی بەشی بایۆلۆژی لە کۆلیژی زانستی زانکۆی کۆیە (زانستی)

2ـ بەڕێز مامۆستا سادق ئەحمەد عوسمان شارەزای زمانی کوردی لە وەزارەتی پەروەردە ب. گ . پرۆگرام و چاپەمەنییەکان (زمانەوانی)

## سەرچاوەكان

***1.Ross, G.M. and Poluhowich, J.J.1984. The effect of apple cider vinegar on adjuvant arithritic rats. Nutr.Res. 4: 737-741.***

2.Wolman, P.G. 1987. Management of patients using unproven regiments for arthritis. J. Am. Diet. Assoc. Chicago 111. 87(9): 1211-1214.

3.Jacobs-Susan. 1984. Cultured club fantastic fermented foods. Vegetrian Life and Times, Inc.80: 44-45.

4.Steel, R.G.D. and torrie, J.H. 1980. Principles and procedures statistics. 2nd ed. New York. Mc Gray-Hill Book Company Inc. 78-80, 107-109, 125-127.

5.Holm, B. 1997. Diabetes mellitus in the dog . Part(1), Eur. J. Comp. Anim. Pract. 7: 61-66.

6.Edwards, C.R.W. and Bouchier, I.A.D. 1991. Davidsons principles and practice of medicine. 16th ed., Churchill Livingstone, Edinburgh: 658-666.

7- ياسين، مهدي صالح، يعقوب، ماهر بطرس ويونس، نوال ذنون. 2000. تاثير خل التفاح على المتغيرات الحياتية في ذكور الجرذان المختبرية. مجلة علوم الرافدين العدد 4 المجلد 12.

1.Nelson, R.W., Duesberg, C.A., Ford, S.L., Feldman, E.C., Davenport, D.J., Kiernan, C. and Neal, L. 1998. Effect of dietary insoluble fiber on control of glycemia in dogs with naturally acquired diabetes mellitus. J.Am.Vet.Assoc. 212: 380-386.

2.Amin, R., Abdul-Ghani, A.S. and Suleiman, M.S. 1987. Effect of Trigonella feonum-graecum on intestinal absorption. Diabetes. 36(Suppl. 1). 798.

3.Ribes, G., Sauvaire, Y., Baccou, J.C., Vallette ,G., Chenon, D.,Trimble, E.R., and Loubaieres-Mariani, M.M. 1984. Effect of fenugreek seeds on endocrine pancreatic secretions in dogs. Ann. Nutr. Metab. 28: 37-43.

4.Petit,R.R., Sauvaire, Y.D., Hillaire-Buys,D.M., Leconte, O.M., Baissac, Y.G., Ponsin, G.R. and Ribes, G.R. 1995. Steroid saponins from fenugreek seeds : extraction, purification, pharmacological investigation on feeding behaviour and plasma cholesterol. Steroids, 60: 674-680.

5.Sauaire, Y., Baissac, Y., Leconte, O., Petit, P. and Ribes, G. 1996. Steroid saponins from feugreek and some of their biological properities. Waller and Yamasaki, Plenum Press, New York. 37- 46.

6.Morita, T., OH-Hashi, A., Takei, K., Ikai, M., Kasaaka, S. and Kiriyama, S. 1997. Cholesterol-lowering effect of soybean, potato and rice proteins depend on their low methionine content in rats fed a cholesterol-free purified diet. J. Nutr. 127: 470-477.

**پوختە**

لێکۆڵینەوە لەسەر دوو خەستی سرکەی سێو Apple cider vinegar (0.5و1.0مل/کگم کێشی لەش)کرا بۆ کێشی لەش و ئاستەکانی کلۆکۆزو کۆلیسترۆڵ لە زەرداوی خوێنی نێرەکانی کەروێشکی ماڵی **Oryctolagus cuniculus**. کەروێشکەکان بۆ سێ کۆمەڵە دابەشکران، کۆمەڵەی یەکەم

ئاوی دلۆپپێنراویان پێ درا لە ڕێگای دەمیانەوە بە کۆمەڵەی کـۆنترۆل ژمێـردران، کۆمەڵەی دووەم سرکەی سێوی خەستی ( 0.5 مل/کگم کێشی لەش ) پێ درا لە ڕێگەی دەمیانەوە بۆ ماوەی 21 ڕۆژ، کۆمەڵەی سێیەم سـرکەی سـێوی خەسـتی (1.0 مل/کگم کێشی لەش )ی پێ درا لە ڕێگەی دەمیانـەوە بـۆ مـاوەی 21 ڕۆژ. کاریگەری هەردوو خەستی سرکەسێو (0.5و1.0مل/کگم کێشی لەش) بووە هۆی کەمکردنەوەی کێشی لەش. هەروەها بووە هـۆی نزمبوونـەوەی ئاسـتەکانی گلۆکۆزو کۆلیسترۆڵ لە زەرداوی خوێنی نێرەکانی کەروێشکی ماڵی.

ABSTRACT

The effect of two different concentrations (0.5 and 1.0 ml/Kg body weight) of apple cider vinegar were investigated in body weight and serum glucose and cholesterol levels in male rabbits *Oryctolagus cuniculus*. Rabbits were divided into three groups. The rabbits of the first group were treated orally with water and served as a control group. The rabbits of the second group were treated orally with apple cider vinegar (0.5 ml /kg body weight) daily for 21 days. The rabbits of the third group were treated orally with apple cider vinegar (1ml/kg body weight) daily for 21 days. The results revealed that treatment with both concentrations of apple cider vinegar showed a significant decrease in the body weight of male rabbits. Also a decrease were noticed in the levels of serum glucose and cholesterol in the rabbits which treated with both concentrations of apple cider vinegar.

***پسپۆری زیندەوەرزانی**

**هەڵسوڕێنەری کاروباری شارەزای**

**زانست و زیندەوەرزانی لەوەزارەتی پەروەردە**

# ڕابەرێ هاریکار
# بۆ مامۆستاییێن زمانێ ئینگلیزی

ئا : ڕەشید تەیب

**پشکا دوویێ :**
**ئەڤ بابەتە بەشەکە ژکتێبەکا ڕابەری هاریکار بۆ مامۆستاییێن زمانێ ئینگلیـزی، کو ژئالییێ مامۆستای پسپۆرێ زمانێ ئینگلیـزی ( ڕەشـید تـەیب )یڤـە هـاتبوو ئامادەکرن و، تەڤاڤیا وێ وەکو ئەڵقە دێ ل سەر ڕووپەلێن ئەڤێ گۆڤارێدا هێتـە بەلاڤکرن... هەرچەندە ئەگـەر وەکـو دەق ژێ کـەموکوڕی هـەبن لێ وەکـو ڕێکـێن وانەگۆتنێ کارەکێ سەرنجڕاکێش و مفادارە.**

**یەکا** 2

**وانا** 2

**ئارمانج :** کریار د لاریێ دا. راهێنان ل سەر گرتنا پێنڤیس. راهێنانا ل سەر نڤیسینێ ل چەپ بو راست. زمانی ب کار ئینای:
come here , listen , look

تە پێویستی هەیە ب : وێنێ فوکسی, students, Book لاپەرە 8

CD لێدان 4- 5 Activity Book لاپەرە 6

## Starter پێداچوون

*قوتابى پەرتووکێت خو ڤەکەن students لاپەرە 7

*بێژە وان گوهـ بدەنە CD

*CD لێدە ژمارە (چیروکا یەکا 2 وانا 1 )

*زاروك ئیشارەت بکەنە وێنێت دروست وەکى گوهـ ددەنىَ.

*CD لێدە ژمارە (5) و بێژە زاروکا ووشىَ بێژن و چەپلەى لێدەن.

## یارى:

*زاروك students Book ڤەکەن لاپەرە 8

*ئیشارە بکە وێنىَ ئێکىَ یىَ زاروکىَ ئیشارەت دکەت ب دەستەکى.

*تو بخو ئیشارەت بکە ب دەستىَ خو و بێژە come here

*بێژە come here ناڤەکى بێژە و بێژە زاروکى بهێتە نك تە.

*بێژە زاروکى کو بچتە ڤە و روینێت.

*ئەڤىَ چەندىَ بکە دگەل گەلەك زاروکا.

*ب ئیشارەت ب دەستەکى جارەکا دى و بێژە come here

*بێژە زاروکا کو ب دەستەکى ئیشارەت بکەن وەکى تو دبێژى come here

*ئیشارە بکە و ێنىَ دوویىَ یىَ زاروکىَ دەستەکىَ خو دانا یە پشت گوهىَ خو (مانای گوهـ بدى ددەت listen).

*دەستىَ خو دانىَ پشتى گوهىَ خو ب هەمان شێوە و بێژە listen

*بێژە زاروکا دەستىَ خو دانە پشت گوهىَ خو وەکى تو دبێژى lesten

*ئیشارە بدە وێنىَ سىَ یىَ زاروکىَ ئیشارە ددەت و بەرى ددەت ب هەر دوو چاڤێت ڤەکرى (مانا بەرىَ خو دکەتىَ)

*ئیشارەت بدە هەر دوو چاڤێت ڤەکرى بەرىَ خو بدە دوور و بێژە LOOK

*بێژە زاروکا کو ئیشارە بدەن و بەرىَ خو بدەنە دوور وەکى تو دبێژى LOOK

*ڤىَ چەنىَ گەلەك جارا بکە و بێژە زاروکا هەمان تشت بکەن.

*بێژە زاروکا دىَ یاریەکىَ کەن دگەل بکار ئینانا ڤان تشتا.

بێژە وان کو فوکس دىَ وان ووشا بێژیت و دىَ وان ووشا بێژیت و دىَ ئەو

(زاروك) وان ئيـــشارە و بزاڤـا كــەن ب دروستی.

*فوكس دێ بێژيت (بێ ل دويف ئێك) (لا على التعين) بو نموونە , Listen come here , Look ,come here

*ببينە كا زاروك بزاڤێت دروست دكەن بو هەر ووشەكێ.

بو نموونــە دەســـتێ خـو دانـە پـشت گوهێ خو, ئيشارە دكەن ب دەســتەكی يان ئيشارە دكەن و بەرێ خو دوو دكەن ب هەر دوو چاڤێت ڤەكری.

*ئيشارە بدە زاروكێت بزاڤێت خەلەت دكەت.

*بێژە وان باش روينێن بەردەوام بە ل سەر ڤێ يارییێ.

*زاروكێ دووماهییێ يێ ل ڤێ يارییێ ئەو دەرێێ دەرچوويە.

*پەرتوكا چالاكيا Activity Book

**خێچ كێشان (ديفچوون)**

*زاروك Activity Book ڤەكەن لاپەرە 6

*ئيشارەت بدە خيتێت مــەوج و بێــژە زاروكا ئەڤە شەش ريبارن.

*ئيشارە بدە تـشتێت نـاف ريبـارا دا وەك: ماســی, بەلــەم, ســونە, ســوت, زەورەق يان بەلەمێت درێژ, مەلەڤان.

*بێــژە وان كــو ناڤێــت وان تــشتا ب كوردی بێژن.

*پەرتوكا خو بلندكە و خيتەكێ چێكە د ناف ريبارێ ئێكێ دا ب تپلێ و هەر سێ ماسيا بگەهينە ئێك.

*بێژە زاروكا كـو خيتــەكێ چـێكەن د ناف ريبارێ ئێكێ دا ب تپلــێ و هــەر سێ ماسيا بگەهينە ئێك.

*بێژە زاروكا كو قەلەمێت خو بگرن.

*ل ناف پــولێ دا بزڤـرە و ببينــە كـا قوتابيان قەلەمێت خو دروست گرتينــە و دروست روينشتينە.

*بێژە زاروكا كو ب قەلەمی خيتــەكێ د ناف ريبارێ ئێكێ دا چێكەن و هــەر سێ ماسيا ب گەهينە ئێك.

*بزڤرە د نــاف پــولێ دا و ببينــە كـا قوتابی ب دروستی خيتا دكێشن.

*پـــەرتوكا خـــو بلندكــە و ب تپلـــێ خيتەكێ بكێشە د ناف ريبارێ دوويــێ .و بەلەما بگەهينە ئێك.

*بێژە قوتابيا وەكی تە بكـەن د نـاف پەرتوكێت خودا.

*بێژە قوتابيا كو قەلەمێت خو بگرن.

*بێــژە وان کــو ب قەلــەمی خێتــەکێ بکەن و ناف ریبارێ دوویێ و هەرسـێ بگەهینە ئێك.

*هەمان تشت دگەل هەر چوار ریبــارا بکە.

*خێتــا چــێکە ب تپلــێ کــو تــشتا بگەهینە ئێك.

*بێژە قوتابیان ب تپلێ تشتا بگەهینە ئێك.

*بێژە قوتابا کو ب قەلــەمی تــشتا بگەهینە ئێك.

**صندوق 4 پێدانا ئاموژگارییێت ئاسان ب ئینگلیزی**

زاروك ئاموژگـــــاری ێربوینـــــە ب ئینگلیــزی , sing , hands , ware your , stand up , look , sit down , come here , listen

*دا کوکی بکە کــو تــو ڤــان ئاخفتنــا هەمی روژێ بکار تینی د نــاف پــولێ دا.

*ئەڤە دێ هاندەرەك بیت کــە قوتــابی هەست بکون ئەو بێ زمانێ ئینگلیزی فێر دبن.

*ئەڤــە دێ هانــدەرەك بیــت کــو ئــەو هەســت بکــەن ئــەو بــێ ئینگلیێــزی تێدگەهن.

**یەکا 2**
**وانا 3**

ئارمانج: گوتنا لاژەکێ دگەل کـاری. راهێنان ل سەر قەلەم گرتنێ , راهێنان ل سەر دیفچوونا خیتــا ژ لایــێ ســەرێ پولا خارێ ژ لایێ پەری.

زمانی بکار ئینای:-

**look , listen , say hello**

تە پێویستی هەیە ب: **students Book** لاپــەرە 9, **CD** لێــدان ژمارە 6

**Activity Book** لاپەرە 7

**Starter پێداچوون :-**

*مەرهەبایێ ب قوتابیان بکــە دەمــێ تێنە ژور بێژە hello ناڤا بێژە.

*بێژە وەلام بدە ب hello و ئەو ناڤا بێژن.

*بێــژە come here و بێــژە وان ئیشارە بکەت ب تپلێت خو.

*بێژە Listen و دەستێ خو ببە پشت گوهێ خو.

*بێژە Listen و بێژە قوتابیان و دەستێ خو ببەنە پشت گوهێ خو.

*بێژە Look و ئیشارە بکە و بەرێ خو بکە دوور.

*بێژە Look و بێژە قوتابیان ئیشارە بکەن و چاڤێت خو ڤەکەن و بەرێ خو بدەنە دوور.

*ڤان فورمانا بێژە لا علی التعیین و بێژە قوتابییان ئیشارەت و حەرەکا بکەن.

**گوھ بدێ و بێژە**

*بێژە زاروکا کتێبێت

students Book ڤەکەن لاپەر 9

*ئیشارە بدە وێنێ

*بێژە Look

*ئیشارەت بدە کەسانێت وێنێ دا, داخاز بکە ل زاروکا کو بێژنەڤە کا ئەڤ کەسانە کینە, وەك فوکس, نازە, ئازاد.

*بێژە زاروکا کو دێ ئەو گوھ دەنە لاوژەکێ.

*دەستێ خو دانە پشت گوهێ خو و بێژە Listen

*CD لێدە ژمارە 6

*زاروك گوھ ددەنێ

**تێکستا CD**

Look , listen
Look , listen
Look , listen and say hello

Hello Naza, hello Azad , hello Foxy

*CDلێدە جارەکادی.

*راگرە CD پشتی هەر ریزەکێ.

*زاروك گوھ ددەنێ دهەر ریزەکێ ڤەدگێرنەڤە.

*زاروك گوھ د دەنێ و ڤەدکێرنەڤە جارەکا دی.

*هەمی لاوژێ لێدە ڤە جارەکا دی.

*زاروك تێنە ناڤدا و لاوژێ د بێژن دگەل CD .

*زاروك تێنە ناڤدا و لاوژێ د بێژن دگەل CD جارەکا دی.

*زاروك هەول ددەن لاوژێ بێژن بێ ی CD.

*لاوژێ بێژە بەلێ چەپلا زێدەکەن.

Look(چەپلە, چەپلە) listen (چەپلە, چەپلە)

Look (چەپلە, چەپلە) listen(چەپلە, چەپلە)

Look , lesten and say hello

Hello Naza , hello Azad , hello Foxy

*بێژە زاروکا کوڤێ بێژن جارەکا دی دگەل تە و چەپلەی لێدەن.

*پولێ دابەشکە دوو بەش.

*بێژە نیڤا پولێ لا وژێ بێژن و چەپلێ لێدەن.

*بێژە نیڤا دی یا پولێ کو بێژن و بکەن: وەك دەستێ خو دانە پشت گوهێ خو, ئیشارەت کەن و چاڤێت خو ڤەکەن و بەرێ خو بکەنە دوور.

*گروپا بگورە و ئەڤێ چەندێ دووبارە بکە.

*بێژە شەش زاروکا بێنە دەف سەبورێ بێژێ لاوژێ بێژنەڤە, بەلێ ڤێ جارێ تەپە تەپێ ل پێت خو بینن ل جاتی چەپلە لێدان ب دەستی.

*داخاز ل گروپەکا دی یا شەش زاروکا بکە بێنە پێشیا پولێ کو هەمان کار بکەنەڤە.

*داخاز ل گروپا دی یا شەش زاروکا بکە بێنە پێشیا پولێ و لاوژێ بێژن و چەپلەی لێدەن.

*بێژە هەر سێ گروپا کو پێگڤە لاوژێ بێژن, گروپەك دگەل هندێ تەپە تەپا پێیا بینیت و گروپەك کاری بکەت و گروپەك چەپلەی لێدەت.

## کتێبا چالاکیا Activity Book

*بێژە قوتابیا کتێبێت خو بێت Activity Book ڤەکەن لاپەرە 7

*ئیشارەت بدە وێنا ئێکێ یێ تەیارا کاغەزی.

*پەرتوکا خو بلند کە و خیتا بکێشە ب تپلێ ل سەر رێزا ل سەری تەیارێ بو بنێ تەیارێ.

*بێژە قوتابیا کو هەمان تشت بکەن وەکی تە.

*بێژە وان قەلەمێت خو بگرن و باش دانیشن.

*بەرێ خو دبدە قوتابیان و دەست و روینشتنا وا یا دروست ببینە.

*بێژە وان کو خیتا بکێشن ل سەر تەیارا ئێکێ ب قەلەمی ل سەری بو خارێ.

*ئیشارە بدە تەیارا دوویێ و ب تپلێ خشتای جێكە ل سەر خیتا زڤروك (موجی) ل سەری بو خارێ.

*بێژە قوتابیا كو وەكی تە بكەن خیتێ حێكەن ب تپلێ.

*بێژە قوتابیان كو ب قەلەمی خیتی جێكەن ل سەر خیتێت زڤروك ل بنێ تەیارا دوییێ ل سەری بو خارێ.

## یەكا 3
## وانا 1

ئارمانج: ناسینا كارا و كرنا وان, راهێنانا سەر گرتنا قەلەمی, راهێنان سەر نڤیسینا چەپ بو راست و چێكرنا بازنا.

زمانێ نوی:
دگەل ناڤی sit down , very good
hello , look

تەپێویستی هەیە ب: students Book لاپەرە 10
CD ژمارە/ 7ـ 8
Activity Book لایەرە 8

### Starter پێداچون

*بێژە زاروكا كو دی لاوژێ بێژنەڤە.
*پولێ دابەشكرنا سێ گروپا.
*گروپەك لاوژێ بێژیت و چەپلا لێدەت.
*گروپەك دی لاوژێ بێژیت و تەبەتەپێ ب پێ یا ل عەردی بكەت.
*گروپا دی لاوژێ بێژیت و كار بكەت.

### ببینە و گوهـ بدێ

*قوتابی students Book ڤەكەن لاپەرە 10
*ئیشارەت بدە وێنا و بێژە Look
*بێژە قوتابیا ئیشارەت بكە نە سانێت وێنا دا.
*بێژەوانا ناڤێت وان كەسا بێژن وەك فوكس ئازاد نازە.
*بێژێ بەرێ خو بدەنە وێنا.
*بێژێ گوهـ بدەنە CD بو لێدە ژمارە 7

### تێكستا CD

(وێنێ 1)
hello naza , hello azad: Foxy
hello Foxy : azad , naza

(وێنێ 2)

sit down azad , set down naza : Foxy

(وێنێ 3)

Look : Foxy

(وێنێ 4)

very good Foxy : naza

*پەرتوکا خو بلندکە و ئیشارەت بدە وێنا دەمێ هوین گوهێ خو ددەنەCD.

*CD لێدەنەڤە جارەکادی.

*بێژە قوتابیان ئیشارەت بکەنە وێنا دەمێ گوهێ خو ددەنێ.

*لێدە چەند جارەکا.

**گوهـ بدێ و چەپلەی لێدە.**

*CD لێدە ژمارە 8

*بێژە قوتابیا کو ووشا بێژن و چەپلەی لێدەن دگەل چەپلەلێدانا CD.

## پەرتوکا چالاکیا Activity Book

**وەك هەف کرن و بازنە چێکرن:**

*قوتابی کتێبێت خو ڤەکەن لاپەرە 8

*ئیشارەت بدە وێنێت رەخێ چەپێ وەك سێف, کورەکێ دانیشتی, پشیلەکا خو خرڤەرکی, کچەکا دخوینیت, قازەکا دجیت, تەیارا کاغەز.

*لێ بخوازە کو ئەو بێژنەتە ئەتشت چنە ب کوردی.

*ئیشارەت بکە سێڤا دەستە چەپ و هەر چوار شکلێت ( وێنێت ) راستێ , هرمی، ئەناناس, سێف و تەری.

*بێژە وان ئیشارەت بدەنە وێنێ راستێ ئەوێ وەکی وی هەمی ل چەپێ.

*زاروك ئیشارەت بدەنە سێڤێ.

*پەرتوکا خو بلندکە.

*ب تپلا خو خیچەکێ بکێشە ل سێڤا چەپێ بو سێڤا ل دەستێ راستێ.

*بێژە قوتابیا کو ب تپلێت خو خیچەکێ بکێشن ل سێڤا چەپێ بو سێڤا راستی.

*ب تپلا خو بازنەی چێکە دور سێڤا راستێ.

*بێژە قوتابیان کو بازنەی ب تپلا خو چێکەن دور سێڤا راستێ ل پەرتوکێت خو.

*بێژە وان دەسدەنە قەلەمێت خو.

*ل ناف پولێ بزڤرە و تأکید کە وان قەلەمێت خو دروست گرتینە ؟ و ب دروستی روینشتینە؟

*بێژە وان کو ب قەلەمى خیچەکێ بکێشن ل سێڤا چەپێ بو سێڤا راستێ.
*ل ناف پولێ بزڤرە و تأکید کە کا خیچا وان ل سێڤا چەپێ بو سێڤا راستێ یە ؟ و نەك بو فێقیێ دیە.
*تأکید کە کو بازنێت وان چێکرین دور سێڤێ یە نەك دور فێقیێ دی یە.
*پەرتوکا خو بلندکە.
*ئیشارەت بکە کورێ روینشتی ل رەختێ چەپێ.
*خیچەکێ ب تیلێ بکێشە ل کورێ روینشتی ل رەخێ چەپێ بو کورێ روینشتی ل رەخێ راستێ.
*بێژە وان کو وەکى تە بکەن.
*ب تیلا خو بازنەکێ چێکە دور کورێ رەخێ راستێ.
*بێژە وان وەکى تە بکەن.
*بێژە وان خیچەکێ ب قەلەمى بکێشن ل کورێ چەپێ بو کورێ راستێ.

*بێژە وان بازنەکێ چێکەن دور کورێ راستێ.

*بێژە وان ب قەلەمى خیچەکێ چێکەن ل کورێ چەپێ بو کورێ راستێ.
*ب قەلەمى بلا بازنەکى چێکەن دور کورێ راستێ.

*تەئکید کە کا ئەو خیچێ دبەن ل کورێ چەپێ بو کورێ رونشتى نك , بو کورێ راوەستاى یان بو کورێ پێنى ل توپێ ددەت یان بو کورێ توپێ د گریت.

*تاکید کە (ببینە) هەر وەسا کو ئەو بازنەى دور کورێ روینشتى چێدکن نە کورێن دى.

*هەمانە شت بکە بو هەر چار وێنێت دى.

**یەکا 3**

**وانا 2**

ئارمانج : یاریەك بو ناسین و کرنا کارەکى, راهێنان ل کسەر گرتنا قەلەمى راهێنان سەر نڤیسینا چەپ بو راست.

زمانى بکار هاتى:

sit down , stand up

تە پێویستى هەیە ب: وێنێ فوکس.
لاپەرە 11 students Book

Activity Book لاپـــەرە 9

**Starter پێداچوون**

*بێژە قوتابیان hello

*هاند بدە کو ڤەگێرن hello

*وێنـــێ فـــوکس بلنـــد کـــە ,فـــوکس بێژیت sit down.

*حەرەکێ بکە دەســتێت خــو وەك ئیشارەت بو روینشتنێ.

**یاری :**

*قوتـــابی پـــەرتوکێت خـــو ڤەکـــەن students Book لاپەرە 11

*ئیشارەت بـــدە وێنـــێ ئێکـــێ بێـــژە Look بێژە زاروکا ئەڤە چ دکەن؟

*ئیشارەت بدە وێنێ دوویـــێ بێـــژێ ئەڤە چ دکەن؟

*بێـــژە stand up وب دەســـتێت خـــو حـــەرەکێ بکـــە بـــو قوتابیـــان دارابنەڤە.

*بێـــژە sit down و ب دەســـتێ خـو حـــەرەکێ بکـــە بـــو قوتابیـــان دا دانیشن.

*ڤان هەردوو کارا چەند جارەکا بکە دگەل حەرەکا بو زاروکا دابکەن.

*وێنێ فوکس بلند کە:

Foxy says Foxy says stand up

*ئیشارەت بدە زاروکا دانیشن.

*بێژە زاروکـــا دی ئـــەو ڤـــێ یـــاریێ کەن.

*ئەگەر تو بێژی یان sit down Foxy says stand up Foxy دەبی قوتابی وی کاری بکەن.

*ئەگەر تو بتنێ بێژی stand up یان sit down پێ نەڤێت قوتابی رابن و رونێن دەبی ب ئاخفتنا فوکس بیت ئەگەر فوکس مەبێـــشتە وان ران یان روینن ئەو دی ژ لاریێ دەرکـــەڤن و ئەو یاریێ تەمام ناکەن.

*بێـــژە زاروکـــا ئەگـــەر ئـــەو ژ لایـــێ درکەفتن دەبی دەستێت خو دابنە سەر ئێك و رەحـــەت رویـــنن , و زاروکـــی دەردچـــیت ئـــەو یـــێ هـــەتا دیمـــایێ بمینیت.

*بێـــژە وانـــا جێتخـــو فرەکـــەن داکـــو بشێن بزاڤێ بکەن و بلڤن با ئاسانی.

*یاریێ دەسپێبکە.

*بێژە Listen

*ڤێ یاریێ چەند جارەکا بکە.

**پەرتوکا چالاکیا Activity Book**

**دیفجوون Trace**

*بێـــژە زاروکـــا پـــەرتوکێت **Activity Book** ڤەکـــەن لاپەرە 9

*بێژە Look , ئیشاەت بدە وێنێ مشکی و پەنیری بێـژە وان مـشکی پەنیر دڤێت.

*خیتـەکێ بکێـشە ل مـشکی بـو پەنیری ب تیپلێ.

*تیپلا خـو بلنـد و نـەڤی بکـە دا ل دویف خیتێ بچن.

*بێژە قوتابیان کـو ل دویـف خیتـێ بچن ل مشکی بو پەنیری.

*بێژە وان قەلەمێت خو دەستێ خـو بگرن و تاکید کە کە گرتنا قەلـەمی و روینشتنا وان یا دروستە.

*بێـــژە زاروکـــا کـــو ب قەلـــەمی ل دویــف خیتــێ بــچن ل مــشکی بــو پەنیری دەسپێبکەن ل وێـنێ قەلـەمی دوێنی دا.

*ئیشارەت بدە وێنێ تەیری و وێنـێ هێلینێ, بێژە ئەف تەیرە حەز دکەت بچیتە هێلینێ.

*ئیشارەت بـدە وێنـێ کریـشکێ و وێنێ کونێ, بێژە ئەف کریشکە حەز دکەت بچیتە د کونێ دا.

*بو هەر وێنەکێ دەستە چەپ (بەق, تـەیر, کریـشك ) بێـژە زاروکـا کـو بتپلێ ل سەر خیتا بـچن و پـاش ب قەلەمی سەرا بچن.

*د ناف پولێ دا بزڤرە و تأکیـد کـە کا زاوك ڤێ هندێ دروستی دکەن.

**دیفجوون Trace**

*ئیشارە بدە وێنێ کلـوی و گیـایی بێـژە زاروکـا کلـوی دڤێـت بـچیتە گیای.

*ئیشارەت بدە مێـشا هنگڤینـی و کلـوی بێـژە مێـشێ دڤێـت بـچیتە هنگڤینی.

*ئیـــشارەت بـــدە وێنـــێ کتکـــێ و گومشکا داڤـا بێـژێ کتکـێ دڤێـت بچیتە گومشکا داڤا.

*ئیشارە بدە بـەقێ و گـەڤری نـاف برکێ دا ڤـێ بـەقێ دڤێـت بـچیتە کەڤرێ د ناف برکێ دا.

*بێژە زاروکا کو بـو هـەر دوو وێنـا ئەو دەبێ.

*ل دیـــف خیتـــێ بـــچن ب تپلـــێ دەسپێبکەن ل وێنێ قەلەمی.

*ل دویف خیتـێ بـچن ب قەلـەمی دەسپێبکەن ل وێنێ قەلەمی.

*د ناف پولێ بزڤـرە و تەئکیـد کـە ئەو بدروستی چێکەن.

- ماویەتی -

# شێواز و ڕێگەکانی وانەگوتنەوە

و: پەروەردە و فێرکردن

**پێشەکی:**

سەرەتا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە وانەگوتنـەوە لـە پرۆگرامـی نوێـدا چییە؟ چـونکە لـەناوەرۆك و شـێوازدا گۆڕانێکی زۆری هەیە لەگەڵ پرۆگرامی کۆن و جاران. پرۆگرامـی کـۆن لەسـەر یەك تەوەر کار دەکات ئەویش زانیـاری گەیاندنە، کە ئامانجی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەییـە، بەشـێوەیەکی گـشتی و لەبەر ئەوەی فێرخواز چەشنی دەفرێکی بەتاڵـە لەپرۆسـەی فێربوونـدا توانـای بەشداریکردنی نییە. لەپرۆگرامی کۆندا مامۆسـتا دەوری سـەرەکی هـەبووە لەکرداری فێرکردندا، هەر لەسـەرەتاوە هـەتا کۆتـایی، هـەر خـۆی بابـەتی خوێندنی ڕێـك دەخست، بەپاڵپـشتی شارەزایی تایبـەتی خـۆی و سروشـتی بابەتەکە، بەبێ ڕەچاوکردنی پێویـستی و ئارەزوو و تواناو ئامادەکاری و مەیل و شارەزایی و پێشینەی فێرخواز، بۆیە تاکە ڕێگـە بـۆ وانەگوتنـەوە تـەلقینی بەردەوام و دووبارەکردنـەوەی بابـەت و بەدیارخستن و ئەزبـەرکردن بـوو، تاکـە

ڕێگــەی هەڵــسەنگاندنیش گوێگرتنــە، ئــەنجامیش فێربوونــە. بــەڵام ئێــستا چــەمك و فەلــسەفەی پــەروەردەیی لەفەرهەنگ و ڕۆشنبیریدا وەکو هەموو فەرهەنگەکانی دیکە گۆڕانی بەسـەردا هـاتووە، لەپرۆسـەی فێرکردنـدا مـرۆڤ تەوەری سـەرەکییە ، ئێـستا چـەمکی پەروەردە بەواتای ئامادەکردنی مرۆڤـە بـۆ ژیـان، بـەواتای فێرخـواز جگـە لەلایــەنی فــەرمی پــەروەردەیی کــە (قوتابخانــەو پەیمانگــەو زانکــۆ)یــە، تەوەری سەرەکی ڕەگەزەکانی پرۆسـەی پەروەردەییە جۆراوجۆرەکانە، بەهەردوو بەشی پـەروەردەیی گـشتی و ڕەفتـاری تایبەتییــە لەمامۆســتاو بابەتــەکانی خوێنــدن و ڕێگــەکانی وانەگوتنــەوەو چــۆنیەتی هەڵــسەنگاندنە. ســەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤ کەسایەتییەکە هـەموو لایەنەکانی کاملە، لەلایەنی دەروونی و فسیۆلۆژی و هەڵچوون و کۆمەڵایەتی و ڕووحــی و عـەقڵییــەوە، لەبەرئــەوە پێویــستە پرۆگرامــەکان ئـەم لایەنانـە بەهەند هــەڵبگرن و لەڕێگـەی لایـەنی مەعریفییــەوە پاڵپــشت بەچـالاکی و شارەزایی و لەناخیدا بچەقێنن.دەبێـت لــەکرداری فێربوونــدا ســەیری گــشت لایەنەکانی کەسـییەتی مـرۆڤ بکرێـت لەگەڵ جیاوازیکردن لەنێوان کەسەکانی یەك پۆلدا.

## پیشەی وانەگوتنەوە

لێرەدا دەبێـت پەنجـە بـۆ خـاڵێکی گرنگ لە پیشەی وانەگوتنەوە ڕاکێشین، ئەویش جاران بەهرەدارترین مامۆسـتا ئەو کەسە بوو کـە پـڕ زانیـاری بێـت، بەڵام ئـەمڕۆ بـەهرەدارترین مامۆسـتا ئەو کەسەیە کە زۆرترین زانیاری هەیەو لەقوتابییەکانی دەگات، لەپێداویـستی و ئـــــارەزوو و ئامادەکـــــاری و بۆچوونەکانیان لەنێوان ڕەفتارخوازەکـان و بۆماوەییــەکان (ژینگــە خوازەکــان) جیاوازی هەیـە لـە پێناسـەی پیـشەی وانەگوتنەوەدا، ڕەفتـار خوازەکـان وای بۆ دەچن کە دەشێت هەر کەسایەتییەك بـۆ پیـشەی جیاجیـا ئامـادە بکـەن ، بۆنموونـــە دەتـــوانن مامۆســـتای سەرکەوتوو لەڕێگەی مەشق و ڕاهێنان و بەبێ ڕەچاوکردنی لایـەنی بۆمـاوەیی کەسییەتی ئامـادە بکـەن، ئـەوان وای دەبینن کـە دروسـتکردنی کەسـییەتی لەسەر بنـەمای خـودی یـان وەرگـیراو دەبێت، نەوەك بۆماوەیی.

هەرچـی بۆماوەییــە ژینگــەخوازەکان ڕایان وایە کـە مامۆسـتای بـاش ئـەو

کەسـەیە کـە هونـەری وانەگوتنـەوە لەکەسـانی بـەر لـەخۆی وەربگرێـت، باوەڕیان بە بۆماوەیی هەیە.

لەنێوان هەردوو بۆچوونەکاندا چەندین درزو خـــالّی لاواز دێنـــەگۆڕێ، لەبەرئـــەوەی پێویـــستە پیـــشەی وانەگوتنەوە لەسەر وەرگیراو (المکتسب) و بۆماوەیی بنیات بنرێت، لێرەدا بەوە پێناسە دەکرێت کە وەرگیراوە، هونەری وانەگوتنەوە لکێنـراوە بـە کەسـایەتی مامۆسـتاوەو هـەر مامۆسـتایەکیش شێوازێکی تایبـەتی خـۆی هەیـە کـە لەوێوە دەتوانێت ڕێچکە هەڵبگرێت.

## شێوازو ڕێگەکانی وانەگوتنەوە

ڕێگــەکانی وانەگوتنـــەوە زۆر و هەمەچەشـنەن، هەیانـە قوتـابی وەك پرۆژەیـەك لەدامەزرانـدن و ئەرکـەکان وەردەگرێت، هەشیانە لەسـەر بنـەمای پیـــشاندان و دۆزینـــەوەو خوێندنـــەوەو هۆیـــەکانی ڕوونکردنـــەوەو وێنـــەو فیلمەکانی فێرکـردن دروسـت دەبێـت، هـەروەها هەشـیانە لەسـەر بنـەمای قسەکردن و بیـستن دەبێـت، بەشـێوەی کۆڕو موحازەرە، لەکۆتاییـدا شـێوازی هاوچەرخ پەیدابوو، لەفێربوونی خـودی و بابەتی فێرکردنی تازە.

## شێوازەکانی بنیاتنراو لەسەر کاری قوتابی

**پرۆژە:**

چـالاکییەکی پەروەردەییـە قوتـابی بـەهاوکاری مامۆسـتا ڕەنگرێـژی بـۆ دەکـەن، بـۆ گەیـشتن بـەئامانجێکی دیاریکراو، قوتـابی چـەند چـالاکییەك دەنوێنێت، کە لایەنی پۆزەتیڤانـەی لێ وەردەگیرێـت، سـەرباری شـارەزایی و لێزانین و زانیاری و ڕاستییەکان.

(کلباتریـــك)، ناسـراوترین قوتـابی (جۆن دیوی) و باشترین کەس بـوو کـە بـاوەڕی بـە فەلـسەفەی فێربـوون بەکارکردنـەوە هەیـە کـە چـالاکی مەبەسـتدار لـەجغزی کۆمەڵایەتیـدا دەسوڕێتەوە، دەڵێت: ڕێگەی پرۆژەکـان لەسەر چوار خاڵ دەبێت:

1ـ دەستنشانکردنی مەبەست
2ـ سوور لەسەربوون
3ـ جێبەجێکردن، لێرەدا قوتابی فێـرە سیفەتی ڕەخنەی خودی دەبێت.
4ـ بڕیاردان لەسەر ئەنجامەکان

## ئەرکەکانی قوتابخانە

ئەو کردارو ئەرکانەیە کە مامۆستا داوا لەقوتابی دەکات لەدەرەوەی پۆل ئەنجامیان بدات، وەك یارمەتیدەرێك لەدەستنیشانکردنی ئەو ئامانجانەی کە بەنیازە جێبەجێیان بکات لەوانەکانی ڕابردوو یان داهاتوودا، سوودی ئەم ئەرکانەش هاوکاری کردنی قوتابییە لەدیاریکردنی بیروکارەکانی بۆ گەیشتن بەئەنجامەکانی، هەروەها بایەخ دانە بەشارەزایی قوتابی لەدەرەوەو ناوەوەی قوتابخانە، هەروەها سوود وەرگرتنیشە لەو هەڵانەی کە مامۆستا تووشیان دەبێت، لەوانەش:

*پێدانی سەرە قەڵەم بێ ئەوەی ڕاڤە یان ڕوونی بکاتەوە.

*درێژەدان بە چۆنییەتی ئامادەکردنی ئەرکەکان، ئەمەش وا دەکات کە قوتابی زۆر بیر نەکاتەوە.

*دیاری نەکردنی کاتێکی تەواو بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان.

*داڕشتنی ئەرکەکان بەزمانێکی ئەوتۆ کە قوتابی تێی ناگات.

*پێدانی هەندێك ئەرك و فرمان وەك سزادانێکی قوتابی ئەمەش لەپەروەردەی نوێدا قەدەغەیە.

## ئەو شێوازانەی لەسەر بنەمای خستنەڕوو و دۆزینەوەن

خوێندنەوە، خستنەڕوو، (استقراء)، گواستنەوەی بیرە لەگشتەوە بۆ (لق)، لەموجەڕەدەوە بۆ هەستیار، ئەرکێکی زەحمەتە لە وانەگوتنەوە بە منداڵ، لێرەدا خوێندن باشترین خۆ گونجاندنە لەگەڵ جووڵەی بیرو لۆژیکی بیرکردنەوەو تێگەیشتن (ئیستیقراء) بەپێچەوانەی پێوەرەکانە، ئەویش بیرکردنەوەی قوتابییە لەبەشەوە بۆ گشت، هەروەها لەسادەییەوە بۆ ئاوێتەبوون و لەهەستیارەوە بۆ موجەڕەد، لەدیارەوە بۆ نادیار، بۆنموونە، ئاسن و فافۆن و زێڕ بەگەرمی لێك دەکشێن، بەگشتی کانزاکان بەگەرمی لێك دەکشێن.

مامۆستاکان بەگشتی ڕێگەی ئیستیقرا بۆ خوێندن بەکاردەبەن، پێ بەپێ لەگەڵ قوتابی دەڕۆن هەتاکو دەگەنە گشتگرەکان کە نموونە بەشەکان و نموونە هاوشێوەکانن.

مامۆستای زمانی عەرەبی کە نموونەیەك لەسەر کارا (الفاعل) دێنێتەوە، پاشان نموونەیەکی دیکەو هی دیکەش، قوتابی دەبێت بەدوای ئەو پرەنسیپانەدا بگەڕێت کە کارایان

لەسەر بنیات دەنرێت و دەگەنە ئەو ئەنجامەی كە كارا ناوێكە لەدوای فرمانەوە دێت، ئەو جۆرە مامۆستایانە ئیستیقرا بەكاردێنن.

**پێوەرەكان:**

دەتوانرێت پێوەر بەكاربرێت وەكو هۆیەك بۆ جۆرەها رێگەی وانەگوتنەوە، مامۆستا دەتوانێت وەكو هۆیەكی بیركردنەوەو بەرئەنجام بەكاری بێنێت، پێوەر گواستنەوەی بیرە لەگشتەوە بۆ (لق) (بەش).

ئەو مامۆستایەی كە لەكاتی وانەگوتنەوەدا یاسا لەپێش قوتابیان دادەنێت بواریان دەداتێ بۆ نموونە هێنانەوە لەسەر یاسا رۆیشتن، ئەو مامۆستایە شێوازی پێوەر بەكار دەبات.

زۆربەی پەروەردەكاران لەو باوەڕەدان كە شێوازی پێوەر بۆ قوتابیانی ئامادەیی و زانكۆكان بەبارترە، هەرچی قوتابی قۆناغی سەرەتاییە ناتوانن بگەنە بەرئەنجام بەتایبەتی قوتابیانی پۆلی یەكەم و دووەم، لەبەر ئەوە هەردوو شێوازی خوێندنەوەو پێوەریەكیان تەواوكەری ئەوی دیكەیەو پێكەوە لكاون، خوێندن بەبێ پێوەر نابێت و پێوەریش بەبێ خوێندن نابێت.

## هۆیەكانی ڕوونكردنەوە

ئەو وێنە هێڵكارییانەن كە مامۆستا ئامادەیان دەكات و پێوەندییەكی گرنگیان بەخوێندنەوەوە هەیە و لەدیاردەو شتە ڕووداوەكان نزیكت دەكاتەوە. هۆیەكانی ڕوونكردنەوە، یان هۆیەكانی فێركردن لەزۆربەی وانەكاندا بەكاردێن و هەموو مامۆستایەكیش بەكاریان دەبات، مامۆستا هەوڵ دەدات لەرێگەی هۆیەكانی ڕوونكردنەوەوە شتەكان نزیك بكاتەوەو ئەویش وێنەكێشان و هێڵكاری فێركردنە.

## گرنگی وێنەكانی ڕوونكردنەوە

*دەتوانرێت بەزووترین كات ئامادە بكرێت، لەكاتی ئامادەكردنی دەفتەری پلانی وانەگوتنەوە یان لەكاتی ڕاڤەكردنی وانەكاندا بەكاردەهێنرێت.

*لەبەرئەوەی ڕوون و ئاشكرایە بۆیە قوتابی زوو وەری دەگرێت.

*هەستی قوتابی بۆ بەدواداچوون ڕادەكێشێت.

## وێنە و فیلمی فێرکردن

هەموو جۆرە وێنەیەك لەکرداری وانەگوتنەوەدا بەکاردێت، دەتوانرێت وێنەی فۆتۆگرافی یان سینەمایی و تەلەفزیۆنیش بەکاربهێنێت، وێنەکان دەبنە پاڵپشتێك بۆ وانەگوتنەوە، هەروەها دەتوانرێت سوود لەوێنە بەکارهێناندا وەربگیرێت بۆ کاری وانەگوتنەوە، وێنەی باش چالاکی باشتر دەداتە قوتابی بۆ فێربوون، هەروەها زانیاری ڕێکوپێکتر دەدات، چونکە زانیاری بەئاسانتر دەگەیەنێتە قوتابی، هەروەها کاتیش بۆ قوتابی و مامۆستا دەگێڕێتەوە، پێوەندییەکی زۆری بەشارەزایی قوتابییەوە هەیە، سەبارەت بەفیلمی فێرکاری بەکورتترین کات مەبەستەکان دەپێکێت، بەفیلم دەتوانین کۆمەڵێك زانیاری نوێی پێوەندیدار بگەیەنینە قوتابی و لەزۆر سەرچاوەشەوە.

هەروەها وێنە ڕووداوی گرنگ تۆمار دەکات، بۆنموونە تۆمارکردنی نەشتەرگەرییەکی گەورە.

لەفیلمەکانی فێرکردندا، کە بەهەردوو لایەنی دەنگ و ڕەنگەوە دەبێت، بۆیە هەموو هەستەکان بەشداری تێدا دەکەن، لەبەر هەندێك کرداری فێربوون ئاسانترو سووکترو دڵگیرتریشە لەلای قوتابی.

## ئەو شێوازانەی لەسەر ئاخافتن و بیستن بنیات دەنرێن

وانەگوتنەوە، موحازەرە لەمامۆستاوە بۆ قوتابی شێوازێکی کاریگەرە بۆ گەیاندنی بۆچوون و زانیاری و ڕاستییەکان، ئەم شێوازە لەسەردەمی سەرهەڵدانی پەروەردەی ڕێکەوە بەکارهاتووە، لەگواستنەوەی بیروبۆچوونەکان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، هەتاکو ئێستاش ئەم شێوازە لەلای زۆربەی مامۆستایان بەکاردێت، لەهەموو شێوازەکانی دیکە ئاسانترە، زۆربەی مامۆستایان هەوڵ دەدەن هەلیان بۆ بڕەخسێت بۆئەوەی لەژینگەیەکی بێ ژاوەژاو و زانیاری و بۆچوونەکانیان بگەیەننە قوتابی، لێرەوە قوتابی بەشەوقەوە هەست لەمامۆستا ڕادەگرێت کە چی دەڵێت.

شێوازی موحازەرە لەگەڵ فیکرە تەقلیدییەکەی پەروەردەدا کۆکە، چونکە پەروەردە بەچەمکە تەقلیدییەکەی ئامانجی گەیاندنی زانیارییەکانە بۆ قوتابی، سەرەتا مامۆستا بابەتەکە ئامادە دەکات و

لەکەشێکی ئارامەوە دەیگەیەنێتە قوتابی، لەگەڵ هەبوونی جیاوازی تاکەکەسی زانیارییەکان بەیەکسانی دەگەیەنێت، ئەم شێوازە بۆ ئەو پۆلانە دەشێت کە ژمارەی قوتابیانی زۆرن و هەوڵ دەدرێت سەرنجی قوتابی ڕابکێشێت، ئەگەر مامۆستاکە توانای ئەوەی هەبوو خۆئامادەکردن بۆ وانەگوتنەوە مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی مامۆستای موحازەرەی باش ئەوەیە کە نووسرابێتەوە، یان بەلایەنی کەمەوە مامۆستا خۆی بۆ ئامادەکردبێ و چەند سەرەقەڵەمێکی نووسیبێت بۆ قسە لەسەرکردن، هەروەها ڕێکوپێکی لەگواستنەوە، لەبەشێکەوە بۆ بەشێکی دیکە.

## کۆڕگرتن

شێوازێکی گرنگە مامۆستایان جاران و ئێستاش لەپۆلەکاندا بەکاری دێنن، چەند قوتابییەکی تایبەتمەند ڕادەسپێررێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێك، شێوازی کۆڕگرتن و موحازەرە لەبۆچوونەکانی پەروەردەی نوێ گونجاوە، لێرەدا فێربوون بەو واتایە دێت کە فێرخواز چالاکی بنەڕەتی بنوێنێت، کە خۆیان بابەتەکە لەچەند سەرچاوەیەکەوە ئامادە دەکەن، لەبەر هەندێك مامۆستایان بایەخێکی زۆری پێ دەدەن، چونکە لەگەڵ هەندێك بنەمای پەروەردەی نوێدا دەگونجێت.

## شێوازە
## هاوچەرخییەکانی فێرکردن

**فێربوونی خودی:** ئامانجی پەروەردەیی ئەوە ناگەیەنێت کە قوتابیان پڕ زانیاری و ڕاستییەکان بکات، بەڵکو بەهرەو توانای بەردەوامیان بدرێتێ، بۆئەوەی توانای بەدواداچوون و کرداری پەروەردەییان ئەنجام بدەن، پاش تەواوکردنی خوێندن، بۆیە دەبێت بەرەو خود فێربوون بچێت، بەو مەرجەی قوتابی توانای بەشداربوونی هەبێت لەدەستنیشانکردنی ئامانجەکان، فێربوونی خودی ئەم لایەنە باشانەی هەیە:

*هەر قوتابییەك خێرایی تایبەتی خۆی هەیە، بێ ئەوەی بنەماو کاتی بۆ دیاری بکرێت.

*قوتابی بەشداری چالاکی پێویست دەکات لەکرداری فێربووندا، کەتە فێربوون کردارێکی خودییە نەوەك دەرەکی.

*قوتابی دەتوانێت بەدوای سەرچاوەی هەمەجۆردا بگەڕێت.

*فێربـوونی خـودی، یارمەتیـدەرە بـۆ دۆزینـــەوەی خواســـت و بـــەهرەکانی قوتابی.

*فێربوونی خودی، ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانە دەداتە مامۆستا بـۆ ڕێنمـایی کردنـی قوتـــابی و ئامـــادەکردنی بابـــەت و ئـــامێری فێرکـــاری پێویـــست بەفێربوونەوە.

*قوتـــابی لـــەمیانی ئـــەم شـــتانەوە، هەڵسەنگاندنێك بۆ خۆی بکات کـە چ فێربـووەو ڕەخنـەش لـەخۆ بگرێـت، لـــەکاتی خوێنـــدن و چـــالاکی کـــردن لەکاتێکی دیاریکراودا.

## بابەتە نوێیەکانی فێربوون

هەموو ئەو کۆمەڵە شتانە دەگرێتەوە کـە لەپرۆسـەی خوێنـدن و فێربوونـدا بەشدارن. ئـەو بابەتانـەن کـە چـەندین چالاکی پرۆسەی خوێندن لەخۆ دەگـرن، هەروەکو: ئامانجەکان، شێوازو چـالاکی و هۆیەکانی هەڵسەنگاندن و ڕێنماییـە زەرووریيەکانی خوێندن.

ئەو بابەتانە دەگرێتـەوە بـەفێربوونی خودی، یان بـۆ فێربـوونی تاکەکەسـی دەسـت دەدەن، ئـەو بابەتانـەش چەند توخمێکی سەرەکی و بنـەڕەتیان هەیـە وەکـو: لاپـەڕەی ناونیـشان، بیرۆکـەی گـشتی، ئامانجـەکان، تاقیکردنـەوەی فێربـــوون، پاســـاوەکانی خوێنـــدن و ئامانجـــەکانی، چـــالاکی زانـــستی، هەڵـــسەنگاندن و تاقیکردنـــەوەی هەڵـسەنگاندن، هـەروەها گـرنگترین ســوودی پــەروەردەیی ئــەو بابەتانــە ئەوەیــە، ئــەو قوتابییانــەی درەنــگ فێردەبن هەست بەدارمان ناکەن، لەبەر ئـەوەی ئاسـتی وەرگـرتن لای قوتـابی لەگەڵ هاوڕێکەی بەراورد ناکرێت، بۆیە قوتـــابی لـــەترس و دڵـــەڕاوکێ دوور دەخاتەوە، چـونکە خوێنـدن خودییـەو کاتێکی دیاریکراوی بۆ نییـە. گـرنگ ئەوەیـە قوتـابی کۆتـایی بەپرۆسـەکە بێنێت بەوکاتەی کە بۆی تەواو دەکرێت نەوەك کە بـۆی دیـاری دەکرێـت، بـەو تواناو هێزەی کـە هەیـەتی، هـەروەها لەبەرئەوەی خوێندن خودییە هاندانێکە بـۆ قوتـــابی بـــۆ بەرپرســـیاریەتی و بەشداری کردنی پۆزەتیڤانـە لەچـالاکی زانستی.

**پوختە:**

گرنگ ئەوەیە کە مامۆستا بزانێـت جۆرە ئاوێتـە بوونێـك هەیـە لـەنێوان، ڕێگەو شێوازو هۆیەکاندا، ئـەم ئاوێتـە بوونەش پشت بەچـەند گۆڕانکارییـەك دەبەستێت، وەکو، ڕوونی ئامانجـەکان، نـــاوەڕۆك، ئاســـتی قوتابیـــان، زۆری سەرچـاوەکان، توانـاو ئارەزووەکـانی قوتـابی، بـەڵام ڕێگـەیان شـێوازی وانەگوتنەوە لایەنی پۆزەتیڤانـە هەیـە،

باشترین ڕێگـەش ئـەو ڕێگەیەیـە کـە سروشـــتی نـــاوەڕۆك و قوتـــابی و ئامانجەکان پێك بگەیەنێت.

**سەرچاوە:**
www.tarbya.net

# کارامەیی لە بیرکردنەوەدا

**و: پەروەردە و فێرکردن**

## پێناسەی بیرکردنەوە

زنجیرە چالاکییەکی ئەقڵییە کە مێشك ئەنجامی دەدات کاتێك کە تووشی گرفتێك دەبێت ، بەڕێگەیەك یان چـەند هەسـتەوەرێك پێـشوازی لێـدەکرێت . بیرکردنـەوە چەمکێکی دامـاڵڕاوە ، چـونکە چـالاکییەکانی مێـشك نـابینرێن و ئـەوەی کـە دەشبینرێت بەرئەنجامی کرداری بیرکردنەوەیـە ، بـەڵام کارامـەیی لەبیرکردنـەوەدا چـەند کردەیـەکی دیـاریکراون ، بـۆ چارەسـەرکردن و ڕێکخـستن و شـیکردنەوەی زانیارییـەکان بـەکاردێت و پاشـانیش دەستنیـشانکردنی گرفتـەکان و بریـاردان لەسەرچارەکردنیان.

### گرنگی فێربوونی کارامەکان

*منداڵ پڕ زانیاری پێویست و هەموو جۆرە گۆڕانکارییەك دەكات كە لە ئاییندەدا بەرەو ڕووی دەبێتەوە.
*منداڵ لەسەر گوزارشت کردن لە بیروڕاکانی ڕادێنێت.
*منداڵ جۆرە نەرم و نیانی و هەمەڕەنگییەك وەردەگرێت.
*لەباوەڕ بەخۆبوون پشتگیری منداڵ دەكات.

### گرنگترین خەسڵەتی ژینگەی ئامادەکراوی قوتابخانە بۆ فێربوونی بیرکردنەوە:

1ـ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە لەئامانج و فێربوونی بیرکردنەوە و پێداویستییەکانی تێدەگات.
2ـ دابینکردنی پرۆگرام و کتێبی پێویست کە هاریکاری بیرکردنەوە دەکەن.
3ـ هەل ڕەخساندن بۆ توێژینەوەو ئەزموونگەرایی.
4ـ هەل ڕەخساندن بۆ سەربەستی گوزارشت و بەشداریکردن.
5ـ دابینکردنی بابەتی خاوی پێویست بۆ فێربوون.
6ـ دابینکردنی کات و شوێنی گونجاو بۆ فێربوونی کارامەییەکان.
7ـ ڕاهێنانی مامۆستا لەسەر خوێندن و وانە گوتنەوەی کارامەیی و بیرکردنەوە.
8ـ بوونی چالاکی بەدەر لەتوانای منداڵ.
9ـ پێویستە ژینگەی قوتابی پارێزراوبێت و منداڵ هەست بەهیچ جۆرە گەف لێکردنێك نەکات کەدەکرێنە سەر کەسایەتی ئەو.
10ـ هاندان و ڕێزگرتن لە دەستپێشخەری تاکە کەسی.
11ـ ڕێز گرتن لەکەسایەتی قوتابی و پارێزگاری کردن لە شکۆمەندییەکەی.

| ئەنجامی بدە | ئەنجامی مەدە |
|---|---|
| ناسین و تێگەیشتنی تایبەتمەندی و پێویستییەکانی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ. | بەراورد لەنێوان وەڵامی قوتابییەکاندا مەکە. |
| هاندانی بیرکردنەوەی منداڵان | دەفتەری تێبینییەکان لەگەڵ خۆتدا |

| | |
|---|---|
| بەدەستەواژەی وەکو ( وەڵامەکەت نزیکە ، هەوڵدانێکی باشە ، تۆ هاوکاریت هەروەها دەتوانیت بەوردی وەسفی کارەکانی منداڵ بکەیت. | بۆ پۆل مەبە ، لەجیاتی ئەوە تێبینی پۆزەتیڤانە بۆ منداڵ دەربڕە. |
| دان بەهەڵەکانتدا بنێ ئەگەر هەڵەت کرد ، بۆ منداڵانیش ڕوون بکەوە کە ئەمە کارێکی باشە. | هەوڵ بدە هەندێك ڕەفتاری ڕێگر لەبەردەم بیرکردنەوە دەرمەبڕە ، بەتایبەتی ڕەزامەندی تەواوەتی لەسەر وەڵامەکان وەك و ( ڕاستە یان چەوتە ). |
| با ئامانجی هەڵسەنگاندنەکان بۆ فێربوون بێت نەوەك بۆ بەراورد کردن. | کەمکردنەوە لەوشەو دەستەواژەی هاندانی وەکو ( زۆرباشە ، ئافەرین هەندێك جار دەبنە ڕێگر لەبەردەم بیرکردنەوەدا. |
| زانیارییەکانت بۆ قوتابی ئاشکرا بکەو سەرچاوەکانیش بۆ قوتابی بڵێ کاتێك پرسیارت لێ دەکات و لەسەر بەکاهێنانیان ڕایان بێنە. | دەستەواژەی هاندانی نادیار لەلای قوتابی بەکار مەهێنە. |
| هەڵی بیرکردنەوە بەدەنگێکی بەرز بڕەخسێنە وەکو ( بۆچی ، ڕات چییە ، بۆمان ڕاڤەکە ، ئایا شتی زیاترت هەیە بیڵێیت. | لەوەڵامەکانی منداڵان توند مەبەو گاڵتەیان پێ مەکە.<br>پرسیاری ئەوتۆکە کەمندال وەڵامی هەڕەمەکی بداتەوەو بێ سوود بێ وەکو: باشترین سەوزە چییە؟ |
| ببە نموونەیەك بۆ منداڵان و لەوەڵامدانەوەدا لەسەرەخۆ بە ، تاکو بەهای بیرکردنەوەو ڕامان دەرکەوێت | وشەو زاراوەی نادیار و پەنهانکراو بۆ پرسیاری منداڵان بەکار مەبە. |
| ڕێزو ستایش دیار بێخە بۆ دیاریکردنی ڕاستی جیاوازی نێوان | پەلە لەمنداڵان مەکە بۆ وەڵامدانەوە. |

| | |
|---|---|
| منداڵان. | |
| هـــەموو کاردانـــەوەو بۆچـــونەکان وەربگرە هەرچەندە لەلای تۆ ئاسان و سادەبن. | |
| زاراوەو گوزارشـــتی پەیوەســـت بـــە کارامەیی بیرکردنەوە بەکار بێنە ، بۆ نموونە پرسیاری تێبینییـەکان جیـاواز لەگەڵ پرسیاری ڕاڤەکردن. | |
| شـــێوازی کاریگـــەر بـــەکار بێنـــە بەتایبەت لەگەڵ ئـەو منداڵانـەی لـە قۆناغی ئاست نزمی واندا بە ئامانجی پەرەپێدانی ئاستی پاڵنەرەکان ، ئـەم ڕێگەیە بۆ ئـەو منداڵانـە باشـە کـە دوودڵ و ئاست نزمن. | |
| بۆ بیرکردنەوەو وەڵامدانەوە کـاتێکی باش بڕەخسێنە. | |
| هاندانی گفتوگۆی ناوپۆل و ئاراستەی ئامانجی دیاریکراویان بکە. | |
| هاندانی منداڵ بۆ باوەڕ بـەخۆبوون و گوزارشت لەخۆ کردن بدە. | |
| فێربوونی چالاك هان بدە ، ئـەو فێـر بوونـــەی کـــە ســـنووری دانیـــشتن و گـــوێگرتن دەبـــەزێنێت ، پاڵپـــشتی منداڵی باوەڕ بەخۆ بوو بکە. | |
| بایەخ بە هەوڵ و کۆشـشەکان بـدرێت نـــەوەك لەســـەر ئەنجامـــەکان ، ئـــەو منداڵـــەی کـــە پلـــەی بـــەرزی لـــە هەڵسەنگاندندا بەدەسـت نـەهێناوە، | |

| | |
|---|---|
| پێویستە بەدوای پۆزەتیڤەکانی ناو وەڵامەکانیدا بگەڕێین. | |

**سەرچاوە:**

www.almualem.net

# دووبارە بنیاتنانەوەی سستمی پەروەردەیی

**ن: والتەر ئیگنەر**

**و. ئا: پەروەردە و فێرکردن**

کەم کەس لە ئێمە بەڕاستی باوەڕمان بەوە هەیە کە تێکەڵاوکردنی تەواوی ئەو منداڵانەی خاوەنی پێویستی تایبەتن لەناو پرۆگرامەکانی پەروەردەی گشتی لەقوتابخانە گشتییەکان کارێکی پێویستەو زۆر هەن گومانیان لەم ئامانجە هەیە، هۆکاری گرنگیش لەمەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی زۆرمان لەناو سستمێکی قوتابخانەی وادا پەروەردەبووەو پێگەیشتووە کە منداڵی خاوەن پێویستی تایبەت لە منداڵی خاوەن ناپێویستی تایبەت جیادەکاتەوە، ئەوە شتێکی سروشتی دەخاتە بەرچاو

ئەگەر ئەم جیاکردنەوەیە لەبەرژەوەندی(منداڵی سەقەت) بووایە ئەم پەیامە کۆنە لە (سستمی گۆشەگیرکردنی ئاساییەوە هاتووە) و بە (سستمی گۆشەگیرکران لەقوتابخانە)دا پەیوەستە، تا ئەمڕۆش ئەقڵ و هۆشمان پەردەود پۆش دەکات و گومان دەخاتە دڵمان، دەرچوویش لەبازنەی هەڵوێستە گوماناوییەکان پێویستی بە زانیاری پسپۆران و ئەزموونی شارەزایان نییە، بەڵکو بەسادەیی پێویستیمان بەجڵەو گرتنە دەستی هەستی لۆژیکیانەی خۆمان هەیە کە زۆرترین ئەقڵ و دڵمان دەکاتەوە و گۆڕانێك لەبیرو باوەڕو هەستەکانماندا دروست دەکات. منداڵ شت پتر لە هاوڕێیانی فێر دەبێت و زۆربەیان درك بەمە دەکەن، ئەوان شارەزایی خۆیان بەکاردێنن و لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییە ژیانی خۆیان بنیات دەنێن و لەناو کۆمەڵەی تێکەڵاوی جۆراوجۆر چاکتر کاردەکەن.

چونکە بەر لەهەموو شتێك ژیان تێکەڵەیەکەو جۆراوجۆرە کەواتە چ شتێك ڕێ لەقوتابخانە دەگرێت ئەوها نەبێت؟ زۆربەی باوکان و دایکانی ئەوانەی خاوەنی پێویستی پەوەردەیی تایبەت نین، بەتایبەتی سەقەتەکان دەیانەوێت منداڵەکەیان بن بە پیاوێکی بەرپرس و پایەی خۆیان لەناو هاوڕێیان و کۆمەڵدا هەبێت. بەپێی ئەم بنەمایەش کرداری فێرکردنی کۆمەلایەتی لەپۆلەکانی خوێندن بووەتە کارێکی زۆر گرنگ و ئەوە فێری منداڵان دەکات چۆن پێکەوە بژین و پێکەوە پێبگەن. بەشێکی زۆری کەس و کاری منداڵانی خاوەن پێویستی تایبەت پێیان وایە منداڵەکانیان لەمەڵبەندەکانی تایبەت بەکارامەیی تایبەت وەك خۆیان دەیانەوێت وا فێرنابن و کەمێك هاندان پاڵپشتی لەلایەن هاوڕێیان یان هاوشانەکانیانەوە لەقوتابخانە تایبەتییەکان هەیە کە منداڵی سەقەت ناتوانێت ببێت بەبەشێك لەکۆمەڵی ناوخۆیی دەوردراو بەکۆمەڵێك هاوڕێ. لەڕاستیدا منداڵانی خاوەن پێویستی پەوەردەیی تایبەت دەشێت کەم لە هاوڕێ خاوەن پێویستی پەروەردەیی تایبەت فێربن، بەڵام لەپاڵ

ئەم ڕاستییەدا ڕاستییەكی تاڵتر هەیە، ئەویش ئەوەیە كە سستمی گۆشەگیری پەروەردەیی منداڵانی خاوەن ناپێویستی پەروەردەیی تایبەت وا پەروەردە دەكات تا بن بە پیاو، بێ ئەوەی تێكەڵاوی ڕۆژانەیان لەگەڵ ئەوانەی خاوەن پێویستی تایبەتی هەبێت، بۆیە ئێمە وەك كۆمەڵ دەمانەوێت دەرفەتی سوود وەرگرتن لەم وانە كۆمەڵایەتییە لەڕێی (پێكەوە فێر دەبین و گەورە دەبین) لەدەست خۆمان بدەین. دانایی لەوەدایە كە منداڵی سەقەت لە هاوڕێ و دراوسێ دوور نەخەینەوە كاتێك بۆ قوتابخانە دەیبەین، شتێكی ئاساییە ئەگەر هاتو منداڵ بچێتە قوتابخانەیەكی نزیك ماڵی خۆی، بەڵام لایەنێكی مرۆیی كارتێكەر هەیە كە لێ تێگەیشتنی ئاسانە، ئەویش لێك ببینەوەو بە كامە پێوەری منداڵان هەڵبژێرین و لە یەكدییان جیابكەینەوە؟ ئایا بەهۆی جیاوازی ڕەگەزی، یان جیاوازی ڕەنگ، یان دروستبوونی (پەروەردەی ئایینی) لێكیان بكەینەوە؟ ئەمە دانایی تێدا نییە، یان لۆژیكیانە نییە (سەقەتی) وك پێوەر بۆ گۆشەگیری لەناو سستمی پەوەردەیی بەكار بێنن. ئەو كاتەی بەم شێوەیە بیر دەكەینەوە هەر زوو سەرنجی ئەوە دەدین پەروەردە كە هەمووان پێكەوە كۆدەكاتەوە (تێكەڵاوكردنی هەمووان گرفت نییە، بەڵكو دەبێت وا سەیری بكەین كە ئەمە پەروەردەییە) و ئەمە كارەكەمان بۆ ئاسان دەكات بۆ ئەوەی خۆمان ئامادە بكەین و بەتاڵبین بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی مەترسییەكانی ئایندە، لەوكاتەی سستمی قوتابخانەكانمان لەناو سستمێكی قوتابخانەی كۆكراوە كۆدەكەینەوەو تواناكان لەناو سستمی تایبەت بۆ سستمێكی ئاسایی دابەش دەكەین و، ڕۆڵی مامۆستای پەوەردەی تایبەت ڕێك دەخەین بۆ ئەوەی یارمەتی مامۆستایان لە فێركردنی گشتی بدەین تا ڕۆڵی كاراتر لە پۆلەكانی خوێندندا ببینن، ئەو پۆلانەی تێكەڵكردنیان تێدایە و ڕێگەی فێركردنی خولقێنراویان تێدا بەكار دێت (یەكێك لەم ڕێگەیانە فێركردنی ئاراستەكراوە بۆ ئاستە دیاركراوو جۆربەجۆرەكان) كە ژمارەیەك قوتابی بە ئاستی جیاوازی تێدا دەتوانن لەهەمان بابەت كە

مامۆستا بۆیان ڕاڤە دەکات فێربن، لەگەڵ بوونی ئاماژەی ئەوەی کە زۆرێك لە مامۆستایان ئەم ڕێگەیە لەماوەی مەشق کردنیان بەکار دێنن، بەڵام لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بەکاری ناهێنن. من ناڵێم پێویستیمان بە پەروەردەی تایبەت نییە. بەڵام ئەم پرسیارە لۆژیکیانە دەکەم! ئایا پێویستیمان بە پەروەردەی تایبەت هەیە؟ بەر لەوەی پەلە لە وەڵامدانەوەکەتان بکەن هەمدیسان دەپرسم: ئەگەر هاتوو بوارتان لە وڵاتەکەتان هەبوو سەر لەنوێ سستمی قوتابخانەکانتان بەتەواوی و لەبناغەدا بنیاتبنێنەوە، ئایا دووبارە قوتابخانە تایبەتەکان دەگێڕنەوە. سەرتان سوڕنەمێنێت ئەگەر وەڵامەکانتان (نەخێر بوو).ئەمە وەڵامێکی دانایانەولۆژیکیانەیە.

**سەرچاوە:**
www.tarbya.net

# تاقیکردنەوەی باش

**ن: ئەحمەد محەمەد بنولحوسێن***
**و.ئا: پەروەردە و فێرکردن**

کۆمەڵێك خاڵی سەرەکی هەن کە دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەدا هەبن بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکە

جێی ڕێز بێت و متمانە بە ئەنجامەکەی بکەین و سوودی لێ وەربگرین. هەروەها خاڵی ناسەرەکیش هەن کە وا چاکە لەتاقیکردنەوەدا هەبن، بەڵام ئەمە مەرجێکی پێویست نییە، سێیەم جۆری سیمای تایبەتیش هەیە لە تاقیکردنەوەی ورد یان دەربڕدا، هەر ئەم جۆرە تاقیکردنەوە چاکەشە بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستەی لەپێناویدا ئەنجام دەدرێت شیاوە، تاقیکردنەوەش هەمە لایەن نابێت ئەگەر هاتو زانیاری لەبارەی ڕادەی شیاوی بۆ هەڵسەنگاندنی تێدا نەبێت.

کۆمەڵێك نیشانەی بنەڕەتی هەن کە دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی هەر تاقیکردنەوەیەکدا هەبن بۆ ئەوەی متمانە بە ئەنجامەکەی بکەین و سوودی لێ ببینن، هەروەها نیشانەی نابنەڕەتیش هەن کە وا چاکە لەتاقیکردنەوەدا هەبێت، بەڵام مەرجێکی پێویست نییە.

سێیەم جۆری نیشانەی تایبەتیش لەتاقیکردنەوەی ورد یان دەربڕدا هەیە.

تاقیکردنەوەی سەرکەوتووش چاکترینیانە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی لەپێناویاندا ئەنجام دراوە.

بەتەواوەتیش هەمە لایەن نابێت ئەگەر زانیاری شیاوی بۆ هەڵسەنگاندن تێدا نەبێت.

## یەکەم : نیشانە بنەڕەتییەکان

### أ ـ بابەتیانە:

بەواتای وەلاوەنانی بۆچوون یان حوکمی تاکە کەسی ئەو مامۆستایە دێت کە کاری ڕاستکردنەوەی تاقیکردنەوەکە ئەنجام دەدات. یان ڕانەوەسانی نمرەی ڕاستکراوە لەسەر ئەو کەسەی دەفتەری تاقیکردنەوەکە ڕاست دەکاتەوە، یان جیاوازی تێ نەکەوتنی نمرەکانی بە گۆڕانی مامۆستای ڕاستکەرەوە.

هەروەها بەواتای ئەوە دێت کە وەڵامەکە پێشتر دیاری کرابێت و نابێت دوو مامۆستا کە کاری ڕاستکردنەوە ئەنجام دەدەن لەڕاستکردنەوەدا جیاوازییان هەبێت وەك لەپرسیارە بابەتییەکاندا وایە. مبابەتیانەیش نیشانەیەکی سەرەکییە لە

نیشانەکانی تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی چاك کە جێگیری ئینجا ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکەی لەسەر دەوەستێت، هەروەها شتێکی پێویستە بۆ هەموو ئەزموونەکان ئەوانەی زارەکییانەو ئەوانەی دەنووسرێن، بەڵام پێویست بوونی بۆ ئەزموونی (بەنووسین) پترە، هۆیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودیەتی پێوە دیارە، واتە دانان و ڕاستکردنەوە بە بیروڕاو ئارەزووی ڕاستکەرەوە کاریگەری دەبێت. ڕاستکەرەوە کاتێك پرسیاری تاقیکردنەوە دادەڕێژێت پرسیارەکان لەسەر بنەمای میزاج و ئارەزووەکانی خۆی دادەنێت و پێی وایە ئەم بەشەی بابەتەکە گرنگە بۆیە پرسیارێك یان ژمارەیەك پرسیار لەو بەشە دێنێتەوە، لەهەمان کاتدا پێی وایە بەشێکی دیکە گرنگ نییە بۆیە پشت گوێی دەخات، کە ئەمە بۆچوونێکە ڕەنگە کەس لایەنگیری نەکات، هەمیشەیش چەند بەشێك لە وەڵامدانەوەی قوتابیان هەن لەگەڵ ڕێساکانی ئەودا ناگونجێن یان بیری لێ نەکردوونەتەوە.

مەرجی دەست خەتی قوتابی و شێوازو دانانی وەڵام و پاکی نووسین و چاکی ڕێنووس و ئەو کەشەی دەوریان داوە کاریگەر دەبێت.

شتێکی سروشتییە پەروەردیاری سەر ڕاست قایل نابێت هەروا لەخۆیەوە پلە دابنێت یان یەکێکی خۆش بوێت و زوڵم لەوی دیکە بکات.

بۆیە هەوڵ دەدات ڕێگەی وا بدۆزێتەوە کە لەمە دوور بکەوێتەوە، ئەمەش بە سروشتی تاقیکردنەوە بەندەو پێوەندی بەدانان و ڕاستکردنەوەوە هەیە.

ئەوەیش بە پرسیارەوە دانانەوە پەیوەست بێت، ئەوە دەبێت پرسیارەکان نموونەیی بن و لەهەموو بەشەکانی بابەتەکەوە هاتبن و، دیارکراو بن و لەسەر لێ شێوان و تەم و مراوی بوونەوە دووربن، هەروەها لەگەڵ ئاستی قوتابیان و لەگەڵ زمانی قوتابیاندا بگونجێنن، لەهەمان کاتدا لەسەر شێوازی تازە (ڕێگەی بابەتییانە) دانرابن.

ئەوەیش پێوەندی بەڕاستکردنەوەوە هەبێت، ئەوە دەبێت نموونەی

وەڵامی تایبەتی ڕێگەی بە نووسین وەڵامدانەوەی لەبەردەستدا هەبێت و خوێندنەوەیەکی بەچاوی بەر ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان کرابێت.
پێویستیشمان بەدوو هەنگاوە کە لە پرسیاری بابەتیدا نییە.
بە بەکارهێنانی پرسیاری بابەتیش دەتوانین بابەتییانە بەڕێژەی 100٪ بەدی بهێنین.

### ب / ڕاستگۆیی :

تاقیکردنەوەی سەرکەوتوو ئەوە دەپێویت کە پێوانەکەی بۆ دانراوە.

ئەمەش ڕاستگۆیی پێ دەڵێن، واتە ئەو ئەرکە هەڵدەسەنگێنێت کە بۆ هەڵسەنگاندن ئامادەکراوەو هیچ شتێکی دیکەی جیاواز هەڵناسەنگێنێت پێویستیشی بە پرسیار دانان نییە بۆ ئەوەی زیرەکی ڕاستی هەر پرسیارێکیش لەسەر ڕادەی ئەو لایەنە دەوەستێت کە بۆ پێوانەکردنی دانراوەو ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەیش بە ڕاستگۆیی هەر پرسیارێکەوە پەیوەستەو تاقیکردنەوەی ڕاستگۆش ئەو تاقیکردنەوەیە کە بۆ پێوانەکردنی بەسەر کۆمەڵێکی دیایکراو لە قوتابیاندا بەکار دێت، ڕەنگە بۆ کۆمەڵێکی دیکە نەشێت، چونکە کۆمەڵێك هۆکار هەن کار لەڕادەی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە دەکەن وەك ئاستی قوتابیان یان ئەو مامۆستایەی وانە بەو کۆمەڵە قوتابییە دەڵێتەوە و بەوانی دیکەی نالێتەوە، بۆیە وا چاکە هەر مامۆستایەك تاقیکردنەوەی نموونەیی بۆ قوتابییەکانی ئامادە بکات، چونکە ئەو مامۆستایە چاکتر ئاگەی لە ئاستی زانیاری قوتابییەکانتی هەیەو تاقیکردنەوەکەشی ڕاستگۆیانە دەبێت.
هەروەها ئەزموونکردنی تاقیکردنەوەکە لەقۆناغی ئامادەکردن و پیادەکردن و گۆڕینی چەند جارێك پلەی ڕاستگۆیی بەرز دەکاتەوە، ئەمەش لەڕێی دوورخستنەوەی لەو هۆکارانەی کار لەپلەی ڕاستگۆیی دەکەن. بەمجۆرە تاقیکردنەوەکە لە بەشەکان و ئامانجەکانی تا ڕادەیەکی باش نزیك دەکەوێتەوە کە لەپێناویدا دانراوەو پلەیەکی زۆری ڕاستگۆیی وەردەگرێت. بۆ گەیشتن

بە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە یەکێك لەم ڕێگەیانەی خوارەوە بەکاردێت:

1 ـ ڕاستگۆیی ناوەرۆك.
2 ـ ڕاستگۆیی (چۆنیەککردن).
3ـ ڕاستگۆیی پێشبینیکراو (پێشبینیکردن)

**گرنگترین تایبەتمەندی ڕاستگۆییش ئەمانەن:**

ـ لەسەر دوو هۆکار دەوەستێت کە لە تاقیکردنەوە مەبەست، یان ئەو ئەرکەی پێویستە ئەنجامی بدات، هەروەها ئەو جۆرە یان ئەو کۆمەڵەی تاقیکردنەوەکەیان لەسەر ئەنجام دەدرێت.

ـ ڕاستگۆیی سیفەتێکی جۆرەکییە واتە تایبەتە بەبەکارهێنانی دیاریکراو (بەو ئامانجەی تاقیکردنەوەکەی لەپێناودا دانراوە).

بۆیە تاقیکردنەوەی ڕادەی زانیاری وەرگرتن لە بابەتێك ڕاستگۆ دەبێت ئەگەر هاتوو زانیاری قوتابی لەم بابەتەدا هەڵبسەنگێنێت.

ـ ڕاستگۆیی خەسڵەتێکی ڕێژەییە یان هەنگاو بە هەنگاوەو هەڵپەسێرراو نییە، کەواتە تاقیکردنەوەی ناڕاستگۆ بوونی نییە.

ـ ڕاستگۆیی خەسڵەتێکە بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەوە پەیوەستە نەك بە خودی تاقیکردنەوەکەوە، وەڵامی ئێمە بۆ ئاسانکردن و کورتکردنەوە بە تاقیکردنەوەکەوە پەیوەست دەکەین.

ـ ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە بە جێگیرییەوە بەندە واتە لەسەر دانانی هەمان دەرئەنجام لەهەموو دووبارەکردنەوەیەکی بەسەر پۆلێکی دیاریکراوەدا.

شایانی باسە (ئەبو لبدە) لە کتێبی (مبادیء القیاس)دا بەم جۆرەی خوارەوە ئاماژە بە جۆرەکانی ڕاستگۆیی دەکات:

**ڕاستگۆیی ناوەرۆك**

ـ لۆژیکی یان ڕاستگۆیی چەمك
ـ رووکەش یان ڕووی دەرەوە
ـ ئەزموونی یان ڕووپێوی کە بۆ (پێشبینی کراو، پێکەوە هاتوو) دابەش دەکرێت.

**ڕاستگۆیی هۆکار ئامێز:**

هۆکاری گـــرنگ هـــەن کــــار لە ڕاستگۆیی دەکەن، لەوانە:

- هۆکاری پەیوەست بە قوتابیان.
- شێوانی قوتابی لە تاقیکردنەوەدا.
- ڕەوشتی خراپ لەوەڵامدانەوەدا.
- هــــۆکـــاری پـــەیــــــوەســـت بەتاقیکـــردنـــەوەوە.
- زمانی تاقیکردنەوە.
- تەمومژاوی پرسیارەکان.
- ئاسانی پرسیارەکان یان گرانییان.
- پێوەندی نێوان پرسیارەکان و ئەوەی قوتابی فێری بووە.
- هـۆکاری پەیوەست بە بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەوە.
- هۆکاری ژینگەیی (گەرمی و ساردی و ژاوە ژاو ).
- هۆکاری پێوەندیدار بەچـاپ کردنەوە.
- هۆکاری پەیوەست بە ڕێنماییە نادیار یان ناجێگیرەکانەوە.
- بەکارهێنانی تاقیکردنەوە بۆ کارێك ئەو ئامانجەی لێ نەخوازرێت.

**ج: : جێگیری**

مەبەست لەجێگیری تاقیکردنەوە ئەوەیە کە ئەگەر لەهەمان بارودۆخدا تاقیکردنەوە بۆ هەمان ئەو کەسانە ئەنجام بدرایە کە ئەنجامیان داوە هەمان ئەنجام وەدەست بهێننەوە، ئەمەش بەژماردنی هۆکاری پێوەندی نێوان ئەو پلانەی قوتابیان لەجاری یەکەم و ئەو پلانەی لەجاری دووەمدا وەدەست هێنراوە دەپێورێت. ئەگەر لە هەردوو تاقیکردنەوەدا پلەکان جێگیرو وەك یەك بوون ئەوە دەگوترێت جێگیری تاقیکردنەوە کە (تۆراندایك) لەمانەی خوارەوەدا کۆی کردونەتەوە:

1ـ سیمای گشتی بەردەوامی تاك
- ئاستی توانای تاك لەیەکێك یان لە پتر لە سیما گشتییەکاندا.
- کارامەییە گشتیەکان.
- تـوانای بۆ تێگەیشتن لە ڕێنماییەکان.
- سیمای تایبەتی بەردەوامی تاك
- سیما جۆرییەکان ســـەبارەت بە تاقیکردنەوە.
- چەند جۆرێکی دیاریکـــــراو لە پێکهاتەکانی تاقیکردنەوە.
- کاریگەری هۆکارەکانی ڕێکەوت کە بە ڕادەی زانینـــــی تاقیکردنـــەوە پەیوەستن.
- سیمای گشتی کاتی تاك
- تەندروستی
- ماندوویی
- پاڵنەرەکان
- پەشێوی هەڵچوون
- لۆژیکی تاقیکردنەوە

ـ تێگەیشتن لە شێوازی کارکردن لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە

ـ بارودۆخە دەرەکییەکان

**سیمای تایبەتی کاتی تاک:**

ـ تێگەیشتن لە کارە پێویستە تایبەتییەکانی تاقیکردنەوە.

ـ فێڵە جۆرییەکان.

ـ ئامادەیی ئەقڵی.

ـ نا جێگیری یادەوەری.

ـ کات و جۆری نووسین بە دەست.

ـ هۆکاری بەخت و ڕێکەوت.

**پێوانەکردنی جێگیری :**

جێگیری بە کـــــــۆمەڵێك ڕێگەی ئەزموونی و ڕووپێوی پێوانە دەکرێت کە ئەمانەی خوارەوەمان لا گرنگە:

1 ـ دووبارە پیادەکردنەوە.

2 ـ وێنە چوون یەکەکان.

3 ـ نیوەکان ( الانصاف ).

4ـ پێوانەکردنی جێگیـــــــری بەهۆی هاوکێشەی پێوانەییەوە.

**سەرچاوەکانی ناجێگیریش ئەمان:**

1 ـ ڕاستکەرەوە.

2ـ ناجێگیری ناوەرۆکی تاقیکردنەوەکە.

3ـ ناجێگیری خودی تاقیکردنەوەکە.

**جیاوازی :**

تاقیکـــردنـــەوەی جـیاواز، دەشێت جیاوازییەکـــــان لـەنێـوان قـوتابییە سەرکەوتووەکان و لاوازەکاندا دەربخات، بۆیە پێویستە هەموو پرسیارەکان کە تاقیکردنەوە دەیانگـــــرێتەوە جیاوازبن، واتە هەر پرسیارێك وەڵامدانەوەی بەبێ جیاوازی قوتابیان دەبێت.

ئەمەش پێویستی بەمەودایەکی فراوان لەنێوان ئاسان و گراندا هەیە، بەچەشنێك ئەمـــــە ببێتە هـــــۆی دابەشکردنێکی ناوەنجی لە نێوان پلەی بەرزو کەمتر لەپلەکان و دارشتنی پرسیارەکان لەهەموو ئاستەکانـــــــی گرانیدا، بەچەشنێك قوتابیان پلەی جۆراوجۆر بەدەســــــت بێنن، ئەمەش نموونەیەکی ڕوونکەرەوەیە بۆ ئەمە ئەم پرسیارەی خوارەوە لە کاتی خوێندندا بە قوتابیان بدە: ئایا ڕاستگۆیـــــــی چاکەیە؟ بە بەڵێ یـــان نەخێر وەڵام بدەوە.

لەشیکردنەوەی وەڵامی قوتابیاندا ئەوە دەردەکەوێت کە هەموویان بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە لەکاتێکدا دەبێت لە پرسیاری جیاوازدا وەڵامەکان بەپێی جیاوازی قوتابیان جیاواز بن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم پرسیارە زۆر ڕوونەو هیچ سیمایەکی جیاوازی تێدا نییە. پرسیارێکی دی دەدرێتە هەمان ئەو قوتابیانە:

ڕاستگۆیی بە شتێکی پێویست دژمێررێت لە هەڵوێستەکانی ژیاندا ڕێژەی ئەمە باس بکە ؟

لەم پرسیارەدا قوتابیان وەڵامیان لە نێوان 50 – 100٪ واتە جیاوازی تێ دەکەوێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پرسیارەکە جیاوازی لەگەڵ پرسیارەکەی دیکەدا هەیە کە مەرجێکی سەرەکییە بۆ هەر پرسیارێك ئەم پرسیارە وەلاوە بنرێت چونکە سوودی نییە.

بۆ بەدیهێنانی جیاوازیش لەپرسیاردا دەبێت ئەنجامی هەموو پرسیارەکان لەڕێگەی هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی ڕادەی ئاستی و گرانی پلەی جیاوازی نێوانیان لەواقیعی ژمارەیەك وەڵامی ڕاست و هەڵەو تەرك کراوەکان لەهەر پرسیارێکدا شی بکرێتەوە یان پێوەندی نێوان ئەنجامی هەر پرسیارێك و ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکە هەموو بدۆزرێنەوە.

ه : ئاسانی پیادەکردن و ڕاستکردنەوەو دەرهێنانی ئەنجام:

پرۆسەی پیادەکردنی تاقیکردنەوە کۆمەڵێك هۆکار کاری تێدەکەن، لەناویاندا هەن پێوەندییان بە خودی تاقیکردنەوەکەوە هەیەو بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی هەیەتی، هەشە پێوەندی بەڕاستکەرەوەوە هەیەو بەو قوتابیانەوە پەیوەستە تاقیکردنەوەیان پێ دەرێت، بۆیە پێویستە مامۆستا ڕەچاوی کەشی دەروونی و کۆمەڵایەتی شیاوی قوتابیان بکات، بەمەبەستی ئەوەی بتوانن بە وردی تاقیکردنەوەکەیان ئەنجام بدەن.

هەروەها دەبێت مامۆستا ئەو ئامانجە دیاری بکات کە بۆی دانراوە بە هەبوونی پێوەندییەکی مرۆیی کە جێی متمانەی نێوان مامۆستاو قوتابی بێت و دەبێت مامۆستا بوار بداتە یەکە یەکەی قوتابیان و چاکترین تواناو وەڵامدانەوەیان بۆ دەربخات، بۆ ئەوەی باشترین ئەنجام وەدەست بێنن، کە بتوانێت لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەی قوتابیاندا بەراوردیان پێ بکات.

ئەوەی یارمەتی ئەم کارە دەدات ئەوەیە کە هەر یەکێك لەمامۆستاو قوتابیان بە ڕێنماییەکان پابەندبن بەرانبەر بە قوتابیان بیخوێننەوە بەر لەوەی دەست بە وەڵامدانەوە بکرێت، بۆ ئەوی کارەکە لای قوتابیان تێکەڵ نەبێت، بە تایبەتی کە قوتابیان پتر کاریان بە پرسیارەکان هەیە نەك ڕێنماییەکان و هەندێکیان هەندێك جار هەر نایانخوێننەوە. کاتێکیش ڕێنماییەکان ئاسان و ڕوون بن و مامۆستا خۆی بیانخوێنێتەوە بەچەشنێك هەر بەشێك لەبەشەکان ڕوون بن، بۆ دوور کەوتنەوە لە خراپ گەیشتن و

تێکەڵبوون لەلای قوتابیان، پێویستــــــــــە مامۆستــــــــا وەڵامـــــــی پرسیارکردنی قوتابیان لە بـــــــــارەی پرسیارەکانەوە بداتـــــــــــتەوە، ئەوانەی پێوەندییان بە ڕێنماییەکانەوە هەیە بۆ ئەوەی ئەگەر هەر نادیارییەکیان تێدا بێت لابرێت، پێویستە هەمیشە قوتابیان هەست بکەن کە ئەوەی ڕێنمایی و سەرپەرشتـــــــــــی دەکات مرۆڤێکە بایەخیان پی دەدات و ئاگەی لێیانە، بەمەش مامۆستا دەتوانێت چاکترین ئەجام لە تاقیکردنـــــــــتەوە وەدەست بێنێت.

ڕاستکردنەوە بە پێــــــی نموونـــەی دیاریکراوی وەڵامەکەو بە پێی خشتەی مەزندەکردنی پلەکان ئەنجام دەدرێت، شیکردنـــــەوەی ئەم پلانـــــــــەش بەهەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت و لێرەدا تاقیکردنەوە وەسفێکی چاکـــــــــتی ڕاستەوخۆی ڕادەی کـــــاری تاکەکەمان پێ دەبەخشێت کەناوی دەنێین (پلەی خاو)، کە بریتییە لە ژمارەیەك پرسیـــار لەو پرسیارانەی قوتابـــــی بە ڕاستی وەڵامی داونەتەوەو خۆی لەخۆیدا هیچ واتاو دەلالەتێکی نییەو ناکرێت لێك بدرێتەوەو تەنیا ئەگەر هاتو لەگەڵ خشتەی پێوەرەکاندا بەراورد نەکرێت کە لە قۆناغـــی ئامادەکـــردنــی تاقیکـــــــــردنەوەدا هەنگاوێکـــــــــــی گرنگـــــە، گۆڕانی پلە خاوەکان بۆ پلە پێوەرییەکان، یان تەمەنـــــی درێژی زانیاری وەدەســـت هێنراو، کە دەشێت بۆ ئاستە دیارەکانی زانیارییە وەدەست هاتووەکان بگۆڕرێت وەك پێشتر ڕوون کرایەوە چەند هەنگاوێکی گرنگ هەن کە بۆ کاری تاقیکردنەوەی سەرکەوتوو پێویستن:

1 ـ دیارکردنی ئامانجەکان.
2 ـ ماوەی تاقیکردنەوەکە.
3ـ دانانی پرسیار.
4ـ ڕێکخستنی ڕیزبەندی پرسیارەکان.
5ـ دانانی ڕێنمایی بۆ پرسیارەکان.
6ـ ئامادەکـــردنی کلیلی کردنەوەی پرسیارەکان.
7ـئەزموونکردنی تاقیکردنەوەکە.
8ـ گۆڕینی تاقیکردنەوەکە.
9 ـ پیادەکردنی تاقیکردنەوەکە.
10ـ هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکە

**سەرچاوەکان :**

بۆ ئەم وتارە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


- مبادی القیاس النفسي والتقیم التربوي ، سبع ابو لبدة 1405 هـ
- التقویم التربـــوي ، سعید بامشحسوس وآخرون 1400 هـ
- التقویم والقیاس النفسي والتربوي ، رمزیة الغریب 1920 م

- علم النفس التعليمي ، محمد خليفة بركات 1963 م
- الاحصاء في التربية وعلم النفس ، عبدالعزيز القوصي ، 1956 م
**سەرچاوە:**
www.riyadhedu-gov.sa

# گەڕان بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانە

**و: پەروەردە و فێرکردن**

ئا لەم کاتەدا هەموو ساڵێك لەزۆربەی ماڵەکاندا پرسیاری ئەوە دەکرێت کە:

- ئایا منداڵەکەم لەهەمان قوتابخانە بهێڵمەوە؟
- لەسەر چ بنەمایەك قوتابخانە بۆ منداڵەکەم هەڵبژێرم؟
- چۆن قوتابخانەی منداڵەکەم هەڵبژێرم؟

ئەمەو زۆر پرسیاری دی...

بێگومان بڕیاری هەڵبژاردنی قوتابخانە بۆ منداڵ لەلایەن کەس و کارەوە بەبڕیارێکی چارەنووسساز دەژمێررێت و کار لەپێکهاتنی ئایندەی دەکات و پێویستی بە لێکۆڵینەوەو پرسیارو گەڕانی زۆر هەیە، چونکە قوتابخانە ئەو شوێنەیە کە

منداڵ لێیەوە بنەماکانی فێربوون و کارامەیی ئەو چەمکانەی زانیارییەکانی لەداهاتوودا لەسەر بنیات دەنێت وەدەست دێنێت. ڕەنگە جێی سەرسوورمان بێت کە هۆکارە یارمەتیدەرەکان بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانە بۆ منداڵ زۆر کەم هەبن. ئەمەش هانمان دەدات پتر لێی بکۆڵینەوە، تا بتوانین کۆمەڵێك ئامۆژگاری و هەنگاوی پراکتیکی و تێبینی بخەینەڕوو، بەهیوای ئەوەی یارمەتیدەر بن بۆ هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانەی بۆ منداڵەکەت دەگونجێت.

بەر لەدەست پێکردن: ئەم بڕیارە پێویست بە تەرخانکردنی کات و بیرکردنەوەی باش هەیە، بۆیە دەبێت کەسایەتی ئایندەی منداڵەکەت بکەیتەوە و بزانیت چییە، ئەم خەیاڵکردنە یارمەتیت دەدات لەوەی ئاخۆ تۆ چیت لەقوتابخانە دەوێت کە بەشداری زۆر لەپێهێنانی کەسێتی منداڵەکە دەکات.

**ئامانجەکانت:**

کەسایەتی منداڵ سەرکەوتنی لەداهاتوودا دیاری دەکات، نەك ئەو زانیارییانەی هەیەتی. چونکە زانیاری لەبەردەستدایە و هەر چ کاتێك بتەوێت بەردەست دێت، بەڵام دیاریکردنی ئەو زانیارییانەی تاك دەیەوێت و جیاکردنەوەی باش و خراپ و چاك بەکارهێنانی جیاوازییەکە دروست دەکات.

پرسیار: لەخزم و هاوڕێ و ناسیاو مامۆستاکان و ئەو قوتابییانەی خاوەنی شارەزایی پەروەردەیین بکە کە بۆ یەکێك لەقوتابییەکانی ئەم قوتابخانەیەی هەڵبژاردووە، بۆ ئەوی دیکە لەم قوتابخانەیە ماوەتەوە.

سەربەخۆ دەست بە گەڕان بکە بۆ ژمارەیەك قوتابخانە کە بۆت هەڵبژێرراوە، یان بۆت پێشنیاز کراوە، هەتا ئەگەر چاوت بە هیچ یەکێك لەبەرپرسەکانیشی نەکەوت ئەوە دەتوانیت بگەیتە باری سەرنج لەبارەیانەوە دوو قوتابخانە، یان سێ، هەڵبژێرە بۆئەوەی لێیان بکۆڵییەوە.

دەست بەکاربە....

## 1ـ لە ژینگە وردبەوە:

ـ ئەوە گـــــرنگـــە کە گــۆڕەپانـــی قوتابخانەکە پاك و فراوان بێت و شوێنی یاریکردن و دانیشتنـــــی تێدابێت، و بەدەرنەبێت لە ڕووبـەری پرسەو زایی و جوانکاری.

ـ گـــۆڕەپـــانـــی یاریکـــردن چـــۆنـــە (زەوییەکـــــەی پارێـــــزراوە، هەروەها یارییەکان، جـۆری لمەکەی، پەرژینی بۆ نەهاتنە ژوورەوەی گیانـــــدار و ئاژەلان هەیە؟

ـ شوێنی ئاوی چۆنە (پاك و وشکە، ئایا کرێکاری تێدایە بۆ یارمەتیدانی مندالەکان؟

ـ ئایا دەرگەی چوونە ژوورەوەو چوونە دەرەوەی پارێزراو و چاودێری کراوە؟

ـ ئایا کەلوپەلـــــی بەکارهاتـــووی تێدا لەگەل تەمەنی مندالەکان دەگونجێت؟

تا چەندیش پتەو و چاکە؟

## 2ـ سەیری پۆلەکان بکە:

ئەگەر ویستت بچیتە ناو پۆلەکان وا باشە مۆلەت وەربگریت:

ـ ئایا ڕووبەرەکانی لەگەل ژمارەی قوتابیاندا دەگونجێت؟

ـ ئایا دلڕفێنن پاك و خاوێنن، پارێزراون؟

ـ ئایا ڕێك و پێکن و هاتوچۆی تێدا بەئاسانی ئەنجام دەدرێت؟

ـ ئایا جوانکـــاری و بەرهەمە هـــــونەرییەکانـــی نـــاوی بەرهەمـــی قوتابیانن یان ئامادەکراون؟

## 3ـ سەیری مامۆستاکان بکە:

ـ ئایا لەگەل مندالەکان بە نەرمی و خۆشەویستی دەجوولێتەوە.

ـ ئایا دەتوانن بۆ ئاستی مندالان دابەزن و تێکـــەلیان بن، تەنیا ڕۆلی مامۆستا دەگێڕن؟

ـ ئـــــەوەی مامـــۆستا دەیکات هەلبسەنگێنە نەك ئەوەی دەیلێت یان فێری قوتابیانی دەکات؟

## 4ـ سەیری قوتابییەکان بکە:

ـ ئایا دلخۆشن؟

ـ ئایا ئامادەیی بۆ چارەکردنی گرفتە تایبەتییەکانیان نیشان دەدەن؟

ـ ئایا بۆ دەربڕینی خودی خۆیان متمانەیان بەخۆیان هەیە؟

ـ ئایا لەفێربووندا بە ئۆقرەن؟

## 5ـ لەکاتی دیتنی بەرپرسدا:

ڕەنگە پێش وەخت نامیلکەیەکت لەبارەی ڕاڤەکردنی سستمەکانی قوتابخانە وەدەست هێنا، بەڵام بەر لەوەی بڕیار بدەیت پێویستیت بەزانیاری زۆر هەیە وەك:

- چی لەتۆمارکردنەکان پەیڕەو دەکرێت؟ قیستەکان چەندن (ئەگەر هەبێت)

چۆن دەدرێن؟ ئایا هەڵبژاردن لەقبوولکردندا هەیە؟

- دەوامی مامۆستایان چۆنە، ئامادەیی و شارەزاییان چۆنە؟

ئایا خول و پرۆگرامیان بۆ دەکرێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی و نوێکردنەوەی شارەزاییان و زیندووکردنەوەی کۆنەکانیان؟

پرۆگرامەکانی ڕۆژانەی قوتابخانە: ماوەی یاری و خواردن و وانەگوتنەوە چەندە؟

## 6ـ شێوازە پەیڕەوکراوەکانی فێرکردن چین؟

- لەو قوتابخانانە دوورکەوە کە شێوازی کۆن بۆ فێرکردن بەکاردێنن و لەو پرۆگرامانە بگەڕێ کە یارمەتی منداڵەکەت دەدەن بۆ گەشەکردن لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی و ئەقڵییەوە؟

- ئایا پرۆگرامی دیکە لەقوتابخانەکە هەیە؟ ئەو چالاکییە نامەنهەجییانەی پێشکەش دەکرێن کامانەن؟

- قوتابخانە چۆن لەگەڵ گرفتەکانی ڕەوشت دەجوولێتەوە، ئایا ڕابەری پەروەردەیی تێدایە؟

## 7ـ پێوەندی کەس و کارو قوتابخانە چۆن ڕێك دەخرێت؟

- سستمی بەردەوامی لەنێوان کەسوکارو مامۆستاو ئیدارە چۆنە؟

- سستمی ئەنجوومەنی دایکان و باوکان چۆنە؟

- ئەو بەرپرسیاریەتییە چییە کە کەسوکار لەهاوکاریکردنی لەگەڵ قوتابخانەدا بەکاری دێنێت؟

## 8ـ منداڵەکەت لەگەڵ خۆت ببە

بیروڕای منداڵەکەت بەهەند وەربگرە، چونکە هەر ئەوە دەچێتە قوتابخانە بۆیە

لەگەڵ خۆت ببیە بۆ قوتابخانە بۆئەوەی کاتێکی چاك بۆ خۆی تێدا بەسەر ببات:

- لێی بپرسە ئاخۆ لەکاتی یاریکردن و بەشداریکردن لەهەندێك چالاکییدا هەستی بەئاسوودەیی کردووە؟

- ئاگادار بە چونکە زۆربەی منداڵان لەشوێنی نامۆو لەگەڵ کەسانی نائاشنادا هەست بە ئاسوودەیی تەواو ناکەن بۆیە پێویستە لەکاردانەوەی منداڵەکەت بەرانبەر قوتابخانە تێ بگەیت؟

- گفتوگۆی لەبارەی ئەوەی بینویەتی لەگەڵ بکە و بزانە کامە شت سەرنجی ڕاکێشاوەو کامەی سەرنجی ڕانەکێشاوە؟

- ئەگەر تەواو لەهەڵبژاردنەکەت دڵنیابوویت، ئەوە هەوڵ بدە هۆکارەکانی بۆ ڕوون بکەیەوەو هانی بدە بە ئەزموونەکەدا تێپەڕێت، ئەوەی بۆ دووپات بکەوە کە خۆشت دەوێت و کامەرانی و بەرژەوەندی ئەوت لا گرنگە؟

کەواتە ئێستا بڕیاری خۆت بدە: ئەم بڕیارە گرنگە لەژیانی خۆت و منداڵەکەت شایانی ئەو ماندووبوونەیە کە دەیکێشێت و ئەوەندە ئاسان نییە. ئەگەرچی سادەش دێتە بەرچاو، کاتی شیاو وەربگرە، شەرم مەکەو دوو دڵ مەبە، پرسیارکردن مافی خۆت و منداڵەکەتە..

دڵنیابە کە هەر چەندی باوکان گرنگی بەجۆری ئەو قوتابخانەیەی بۆ منداڵەکانیان هەڵیدەبژێرن بدەن، ئەم قوتابخانانە هەوڵ دەدەن بەرەو ئاستی باشتر بچن.

- بیر لەوە بکەوە کە ئەوەی بۆ منداڵی کەسێك شیاوە بۆ منداڵەکەی تۆ شیاو نییە.

- ئەوەت لەبیربێت کە دەکرێت (تووتی) فێری ژماردن بێت و مەیموون بە پیتەکان فێر بێت.

- منداڵی نێوان (2-3) ساڵی هەر (15) منداڵ پێویستییان بە دوو مامۆستا هەیە، بەڵام منداڵانی تەمەن (4-5) ساڵی هەر (20) منداڵ پێویستی بەدوو مامۆستا هەیە.

- ئەوکاتەی خەریکی کاری خۆم دەبم و بایەخ بەهەموو منداڵێك دەدەم و

ئاگام لەدنیای دەوروبەرم دەبێت ئەو بابەتەی دەیڵێمـــــــەوە خۆشم دەوێت، شکۆمەندیم لەهەموو هەڵسوکەوتەکانم بەرجـــەستـــــە دەکەم، ئا ئەوکاتـــــە منداڵەکـــان ئەمـــــە دەبینـــــن و بۆ لاساییکردنەوە خۆیان ماندوو دەکەن. ئەوەی فێریان دەکەم زۆر گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە لە بەرچاویان چۆنم و چۆن دێمە بەرچاویان.

ئەویش یەکەمیان: کەسایەتی لاواز یان ئەوەی ململانێی ناوەوەی هەیە دەبێتە خراپترین دوژمن بۆ سەر خۆی و منداڵی کەسایەتی لاوازیش لەجیاتی گەڕان بەدوای چارەکردنی گرفتەکانی لەنـــــاوەوەی خۆیـــــدا دەباتـــــە بـــەر سەرزەنشتکردنی جیهانی دەوروبەری.

**مامۆستا:**

پاش دروست بوون، زۆر زەحمەتە کەسایەتی بگۆڕێت. ئەمەش مەترسی دوو بنەمای پێ زانراو پتر دەکات،

**سەرچاوە:**
www.bareedmm.com

# پرۆسەی فێرکردنی نائاسایی و نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەرێمی کوردستان

**وشیار حەمەد حاجی***

ئامانجی سەرەکی فەلسەفەو ستراتیژیەتی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕوون و ئاشکرایە کە لە هەوڵەکانیدا بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی دیاردەی ترسناکی نەخوێندەواری لەهەرێمی کوردستان بەردەوامەو بەئامانجی هاوسەنگ بوونی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی قوتابیان و خوێندکاران و هۆشیارکردنەوەی خێزان و بەستنەوەی کۆمەڵگە بەپەروەردەوە کە دایکان و باوکان و خێزان تەواوکاری ئەکتیڤکردنی ئەم پرۆسەیەن ، بەهۆی ئەو ڕێژە بەرزەی کە لە ڕووپێوی پەروەردەیی ساڵی 2000 دا دەرکەوتووە کە لە 34٪ لە هەردوو پارێزگەی هەولێرو دهۆك و لە27٪ لە پارێزگەی سلێمانی لەکۆمەڵگەکەماندا نەخوێندەوارن.

وەزارەتی پەروەردە توانیویەتی سەرکەوتووانە چەندین پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورە جێبەجێ بکات و دروشمی (بەرەو کۆمەڵگەیەکی خاڵی لەنەخوێندەواری) بێنێتە زەوینەی پیادەکردن و واری بەئەنجام گەیاندن و بەرهەمهێنان، بەتایبەتیش لەکۆمەڵگەیەکدا کە ئەو ژمارە زۆرەی نەخوێندەوارانی هەبێت. جێبەجێکردن و بنبڕکردنی دیاردەی نەخوێندەواری کارێکی زۆرگرنگە و لە هەمان کاتیشدا زۆر زەحمەت و دژوارە، لەگەڵ ئەمانەشدا بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤی کورد، کە ئێستا لەپرۆژەکانی فێرکردنی گەورەدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرنامەو پرۆگرامەکانی قۆناغەکانی خوێندنی سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە و ناوەرۆکی جەخت دەکاتە سەرلایەنەکانی (ڕۆشنبیری گشتی و پەروەردەیی و فێرکردن و تەندروستی و یاساو ڕێساکانی کۆمەڵگە و ژینگە)، جگە لە نامیلکەکانی هۆشیاری( خۆراکی دروست، ژیانی دروست، خۆراکی شیاو، بەشداری ژنان لەکۆمەڵگەی لادێ ، زیادە مەسرەفی) و بەرنامەی هۆشیاری هەمەچەشنە و چالاکی جۆراوجۆر. تا ئەمڕۆ نزیکەی دوو سەدو هەشتاو سێ هەزارو سەدو هەشتا کەسی نەخوێندەوار لەهەر سێ پارێزگەی هەولێر و دهۆك و سلێمانی لە

نەخوێندەواری رزگاریان بووە ، بەم شێوەیە: (**103565**) کەس لەپارێزگەی هەولێرو (**74366**) کەس لەپارێزگەی دهۆك و(**105249**) کەس لەپارێزگەی سلێمانی بەرووناکی وزانست وڕۆشنبیری وهۆشیاری جۆراوجۆرو ژیانی هاوچەرخ و پێشکەوتوو ئاشنابوون ، واتە ڕێژەی نەخوێندەواران دابەزیوە بۆ 20٪ ، کە بەو هۆیەوەش کۆمەڵگە پێش دەکەوێت و دەردێکی کوشندەش لەناو دەچێت کەپەتای نەزانین و نەخوێندەوارییە. ئەو ستراتیژییەتەی کە وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان پەیڕەوی دەکات ئەم بەرنامانەی وەزارەت بەو ئاراستەیە بەردەوام دەبێت.

## پوختەی سەرجەمی پرۆژەکان 2000 تاکو2008
## لەهەرسێ پارێزگەی هەولێرو دهۆك وسلێمانی

| ژ | ناوەرۆك | پارێزگەی سلێمانی | پارێزگەی هەولێر | پارێزگەی دهۆك | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ژمارەی بنکەکان | 3362 | 2982 | 2102 | 8446 |
| 2 | ژمارەی فێرخوازان | 105249 | 103565 | 74366 | 283180 |

وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی جێبەجێکردنی فەلسەفە و ستراتیژیەتی پرۆسەی (فێربوون بۆ هەمووان ) . ساڵی 2004 بەهەماهەنگی و هاوکاری ڕێکخراوی یونیسێف پرۆژەی خوێندنی ( فێرکردنی خێرا) ی دەست پێکرد کە سەرەتا لە هەردوو پارێزگەی هەولێرو سلێمانی وەکو ئەزموون لە (10) قوتابخانەو خوێندنگە بۆ (1500) قوتابی و خوێندکار دەستی پێکرد و سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لە ڕوانگەی دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی ژیانێکی سەربەرز و بەختەوەر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ گەڕانەوەی ئەو کەسانەی کە وازیان لە خوێندن هێناوەو بەهەر هۆکارێك بێت لەخوێندن دابڕاون ، ئەمڕۆ هەلێکی زێڕینی بۆ وەرگرتنیان ڕەخساندووە ،ئەم پرۆسەیە ئەو فێرخوازانە دەگرێتەوە کە لەتەمەنی نێوان (12- 22) ساڵی بۆ کوڕان و(12-24) ساڵی بۆ کچان ،ئەو منداڵ و هەرزەکارانە مافی خوێندنیان پێدراوە کە لەبەر هەر هۆیەك بێت دابڕاون یان وازیان لەخوێندن هێناوە ومافی

خوێندیان لە قوتابخانەو خوێندنگە فەرمییەکاندا نەماوەو تەمەنیان لـە یاسـاکانی فەرمی وەزارەت بەدەرە ، یان ئەوکەسانە دەگرێتەوە کـە دەرفـەتی خوێنـدنیان بـۆ نەڕەخساوە و تەمەنیشیان گونجاوە، هـەموو ئـەو کەسـانە هـەلی خوێنـدنیان بـۆ ڕەخساوە کە دەتوانن لە قوتابخانەو خوێندنگەکانی فێرکردنی خێرا بخوێنن و درێـژە بەفێربوونیان بدەن، (9) ساڵی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی بـە (5) سـاڵی خوێنـدن تەواو دەکەن، پۆلەکانی (1-2) ی بنەڕەتی بە یەك ساڵ، (3-4) بە یـەك سـاڵ ، (5-6) بە یەك ساڵ و(7-8) بە یەك ساڵ و پۆلی (9) ی بنەڕەتی بە یـەك سـاڵ ،بە هاوکاری ڕێکخراوی یونیسێف پرۆگرام و بەرنامـەی خوێنـدنی تایبـەتییان بـۆ ئامادەکراوە وێـڕای کردنـەوەی چـەندین خـولی مەشـق و ڕاهێنـان و ڕابـەران بـۆ بەڕێوەبەرو مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی فێرکردنی خێرا کراوەتەوە، بۆ پاڵپشتی و سەرخستنی ئەم پرۆسەیە و چەندین شاندیش لە وەزارەتی پـەروەردە لە دەرەوەی وڵات مەشقیان پێکراوە.

مەبەست و ئامانجی وەزارەتی پەروەردە دابینکردنی مافەکانی تاکەکانی کۆمـەڵ و هاندانیانـە بـۆ فێربـوون ونەهێـشتنی دابـڕاوان لـەدەرەوەی بازنـەی قوتابخانـەو خوێندنگەکان و ڕەخساندنی هەلێکی باش و گونجاوە بـۆ ئـەوەی ئـەم دەرفەتـەیان لەبەردەمدا واڵا بێت و هاوشانی هاوەڵانیان بـە مـاف وداخـوازی و ئاوەتـەکانیان بگەن و بەسەربەستی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا بەشداری بکەن، گەڕانەوەیان بـۆ قوتابخانە و خوێندنگە دەسکەوتێکی دیکەیە بۆ کۆمەڵگە، چـونکە دەبێتـە هـۆی کەمبوونەوەی دیاردە ناشایستەکان وەکـو دیارکـەوتنی منـداڵ وگەنجـەکان لەسـەر شەقام یان کارپێکردنی منداڵان و چەندین دیاردەی دیکە، بـەم پێیـەش وەزارەتـی پەروەردە ئەو ئەرکەی سەرشانی بە دروستی ڕێڕەوی خۆی دەگرێت و وڵاتیش بەرەو کەناری ئـارامی و دابینکردنـی مافـەکانی کەسـی و نیـشتیمانی و کۆمەڵگـەیی دەچێت. لە هەمان کاتیشدا تاکی نەخوێندەوار نامێنێت یان بەلایەنی کەمەوە ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات.

## ژمارەی قوتابخانەو خوێندنگەکانی فێرکردنی خێرا لە هەرێمی کوردستان 2009-2008

| ژ | پارێزگە | ژمارەی قوتابخانەو خوێندنگە | | | ژمارەی فێرخواز | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی | کوڕ | کچ | کۆی | کوڕ | کچ |
| 1 | هەولێر | 30 | 20 | 10 | 1562 | 1125 | 437 |
| 2 | سلیمانی | 16 | 11 | 5 | 740 | 513 | 227 |
| 3 | دهۆك | 16 | 10 | 6 | 700 | 400 | 300 |
| 4 | گەرمیان | 15 | 7 | 8 | 500 | 130 | 200 |
| | کۆی گشتی | 77 | 48 | 29 | 3502 | 2338 | 1164 |

بۆ ئەم ساڵی خوێندنیش لەسەرجەم پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان (77) قوتابخانەو خوێندنگەی فێرکردنی خێرا کراوەتەوە کە(3502) قوتابی وخوێندکار لەخۆدەگرێت . ئەم بەرنامەی هاندانە ڕەخساندنی دەرفەتێکە بۆتاکەکانی کۆمەڵگەو هاوولاتیان بگەنە ئامانجەکانیان و بتوانن بخوێنن و ئاستی زانست و زانیارییان بەرزبێتەوە وکۆمەڵگەش ببووژێتەوە.

جیاوازی نێوان خوێندنی نەوجەوانان و خوێندنی خێرا : قوتابخانەی نەوجەوانان بۆ تەمەنی نێوان (9-15) ساڵییە ئەوانەی کە لە خوێندن سستن یان ئەوانەی کە تەمەنیان لە تەمەنی یاسایی خوێندنی ئاسایی گەورەتر و بە فەرمی لەو قوتابخانانە وەردەگیران وماوەی خوێندنیان تێدا (4) ساڵە، هەر بۆ پشتیوانی سەرخستنی پرۆسەی فێرکردنی خێرا بڕیاردرا کە قوتابخانە و خوێندنگەکانی نەوجەوانان نەمێنێت و لەگەڵ فێرکردنی خێرادا یەك بخرێن و هەمان پرۆگرام و بەرنامەو سستمی خێرای بەسەردا جێبەجێ بکرێت.

### ژمارەی بنکەو فێرخوازان (ڕزگاریان بووە) لە پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەواری ماوەی نێوان 2000-2007

| ساڵ | ژمارەی بنکە | ژمارەی فێرخواز | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|---|
| 2000 ـ 2003 | 1502 | 63000 | ٪34 |
| 2003-2004 | 2840 | 80202 | ٪30 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2005-2004 | 1451 | 52801 | ٪28 |
| 2006-2005 | 1413 | 46064 | ٪26 |
| 2007-2006 | 600 | 21913 | ٪24 |
| 2008-2007 | 640 | 19200 | ٪22 |
| **کۆی گشتی** | 8446 | 283180 | - |

خوێندن و فێربوون لە پرۆسەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی خێرا (ئارەزوومەندانەیە) ، لەڕوانگەی جێبەجێ کردنی فەلسەفەی پەروەردەیی هاوچەرخ کە وەزارەتی پەروەردە ئێستە لە هەرێمی کوردستان پەیڕەوی دەکات، یەکێك لە تەوەرە گرنگەکانی لە ڕوانگەی دەستەبەربوونی مافەکانی تاکی کوردو ئەکتیڤ کردنی ڕۆڵی خێزان و بەشداربوونی کارایان لە پەروەردەو فێرکردن هاوشانی قوتابخانە و خوێندگە و، نەشونمای تاکەکان و پێشخستنی شێوازی ژیانیان و پێگە قایمکردنی کەسایەتی فێرخوازان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی سەردەمیانەی ئەمڕۆی شارستانیەت و هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتییە نیشتیمانییەو ناساندنی ئەرك و ڕۆڵیان لە هەماهەنگی و بەدواداچوونیان بۆ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵ، بەتایبەتیش بواری پەروەردەو فێرکردن، وەزارەتی پەروەردە لەڕێگەی پرۆسەی فێرکردنی نائاسایی و نافەرمی چەندین هەنگاوی پرەکتیکی وکردارەکی ناوە بۆ خزمەتی گەلەکەمان و بەتایبەت خێزان و تاکەکانی کۆمەڵگە، لەوانەش جێبەجێکردنی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری کە بەردەوامە لە سەرجەم شار و شارۆچکە ولادێکانی کوردستان کە لەتەمەنی نێوان (15 -45 ) ساڵیدان و بەهەر هۆکارێك بووبێت دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوەو نەیانتوانیوە بچنە بەرخوێندن، ئەمەش وای کردووە ببێتە دیاردەیەکی ترسناك وکاریگەری زۆری نواندووە لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵ و بەپێی ڕووپێوی پەروەردەیی و ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردە دەرکەوتووە کە ڕێژەی 34٪ کۆمەڵگەکەمان نەخوێندەوارن، بۆیە بەرنامە و پلانەکانی وەزارەت بەو ئاراستەیەدا چڕکراوەتەوە بۆ ڕزگاربوونی تاکەکان و هاووڵاتیان لە نەخوێندەواری ونەزانین و ساڵانە لەسەدان بنکەو بەهەزاران فێرخواز ڕوو لە بنکە و قوتابخانە و خوێندنگەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورە دەکەن، ئارەزوومەندانە وەك ئەرکێکی نیشتیمانی خۆیان ناونووس دەکەن و

بە ڕووناکی زانست و زانیاری و هۆشیاری هەمەجۆر ئاشنادەبن و درێژە بەفێربوون وخوێندن دەدەن، بۆ ئەم مەبەستەو پێشکەشکردنی ئاسانکاری زیاتر بۆ فێرخوازان ئاستەکانی خوێندنی قۆناغەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورە لەپۆلەکانی (1 – 6 )ی قۆناغی بنەڕەتی خوێندن بە (3) ساڵی خوێندن تەواودەکەن و دەشتوانن قۆناغەکانی دیکەی خوێندن ئازادانە ببڕن و درێژە بەخوێندنیان بدەن.

سستمی فێربوون بۆ هەمووان و فێربوونی بەردەوام بناغەی فێربوونی نافەرمییەو بەتەواوکاری فێرکردنی ئاسایی وفەرمی دادەنرێت و تۆخمێکی سەرەکییە لە کارلێکی لەگەڵ گەشەپێدانی بەردەوامدان و پێشکەوتنی هزرو بیر، پەیوەستە بە نەشونماپێکردنی توانستەکانی تاکەکان و پێشخستنی کارامەییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانی بەرهەمهێنان و بەشداربوونی کارای تاکەکان لەگۆڕانکاری و وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و شارستانییەکان. فێرکردنی نائاسایی بەرنامەی کاروباری پرۆسەکانی ( نەهێشتنی نەخوێندەواری ، فێرکردنی گەورە ، فێرکردنی خێرا ، خوێندنی تەوزیمی ) لەخۆ دەگرێت . بۆیە وەزارەتی پەروەردە لەم ڕوانگەیەوە پرۆسەکانی پێکەوە گرێداوە و بەرنامەڕێژی لەم پێناوەدا کردووەتە ئامانجی بنەڕەتی و بەپێی توانا کار بۆ پێکانی ئەو ئامانجانەی دەکات.

ڕایدەگەیەنین کە وەزارەتی پەروەردە بەردەوامە لەبایەخدان بە پرۆسەکان و دابینکردنی بودجەو پێداویستییەکانی پرۆژەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورە هەروەها کردنەوەی قوتابخانەو خوێندنگەی فێرکردنی خێرا لەهەرێمی کوردستان. هەلومەرجی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کە بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو بووژانەوەو بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤی کورددا تێپەڕ دەبێت و پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتیش بواری پەروەردەو فێرکردن، فەلسەفەو سستمی نوێخوازی و پێشکەوتنی سەردەمیانە پەیڕەو دەکات کە هاوشانی ژیانی ئەمڕۆی سەردەمیانە پەیڕەو دەکات و هەنگاوی سەرکەوتووی هاویشتووە. بۆئەوەی گیانی هاوکاری و هاوئاهەنگی و هەست بەبەرپرسیارێتی پتر قووڵ ببێتەوە و بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردەواری پیادە بکرێت ، ئەم هەڵمەت و هەنگاوانەی وەزارەتی پەروەردە پێویستی بەهاوکاری هەموو لایەکە کە بتوانین ئەم دیاردانەی نەخوێندەواری و نەزانین و دابڕان لەخوێندن و دوورکەوتنەوەو ساردبوونەوە لەخوێندن بەرەو کەمبوونەوەو نەمان ببەین ، با هەوڵەکانمان یەک

بخەین و بەیەکەوە لەخێزان و کەسانی دەوروبەرمانەوە دەست پێ بکەین وهانیان بدەین کە بچنە بەرخوێندن و بۆ ناونووس کردن ڕوو لەبنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەوران بکەن، هەروەها ئەو منداڵ و هەرزەکارانەی کە لەخوێندن دابڕاون ڕوو لەقوتابخانەو خوێندنگەکانی ( فێرکردنی خێرا) بکەن.

نەبوونی بەرنامە یان لاوازی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ( سەنتەرو ڕێکخراو و سەندیکاکان ) لە هەرێمی کوردستان لەئەنجامدانی چالاکی و بەشداربوون لەو بنیاتنانە، نەیانتوانیوە لەکردنەوەی بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری هاوبەشی بکەن یان ناونووسکردن وبایەخدان بەو منداڵ و هەرزەکارانەی کە لە خوێندن دابڕاون یان لەنێو توێژەکانی خۆیاندا نەخوێندەوارن. لە وڵاتانی پێشکەوتوو تا وڵاتانی عەرەبیش سەنتەرو ڕێکخراوەکانیان زۆر چالاکن خۆبەخشانە بەشی زۆری چالاکییەکانیان بۆ ئەو جۆرە خزمەتانە تەرخان کردووە و بەرنامەی هۆشیاری هەمە چەشنە بڵاودەکەنەوەو هەماهەنگی و هاوکاری وەزارەتەکانیان دەکەن کە بەمەش خزمەتێکی گەورە بۆ وڵات و کۆمەڵگەکەیان پێشکەش دەکەن. بەڵام مخابن لەهەرێمی کوردستاندا بەرنامەو ئەجێندای لەم جۆرە زۆر کەمەو دەگمەنە، بەواتا وەزارەتی پەروەردە بەتەنیا ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە.

***بەڕێوەبەری فێرکردنی نائاسایی**

**لەدیوانی وەزارەتی پەروەردە**

# بنەماو ڕێنمایی تایبەت بەتاقیکردنەوەکان بۆ ساڵی خوێندنی (2008 ـ 2009)

**ئا : لیژنەیەك لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان**

**دەستپێك:**

